د. قاسملوو روحی ناسیۆنالیزمی مۆدێڕن و دیمۆکراتیکی کوردە!

نووسینی: محەممەد سلێمانی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەزبەری ٢٧٢٦ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

پێڕست:

* پێشەکییەک بۆ ئەم نامیلکەیە... محەممەد سلێمانی ٥

٢٥ وتار بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی شەهید د. قاسملوو...... لاپەڕی.... ٧

١- دکتۆر قاسملوو هێمای ڕێبەرێکی نەتەوەیی و مێژووی کوردە!.....

٢- دکتۆر قاسملوو بەهەق وەک" زانکۆی ڕۆشنبیری بزووتنەوەی کورد وایە"!.....

٣- بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دکتۆر قاسملوویەوە دەناسرێتەوە.....

٤- دکتۆر قاسملوو چەمکی "فرەنەتەوەی بوونی ئێرانی" هێنایە گۆڕێ!.....

٥- دکتۆر قاسملوو مەرجەکانی نەتەوەبوونی لە ئێراندا سەلماند!.....

٦- دکتۆر قاسملوو بەکردەوە شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەهێزکرد.....

٧- دەگووترێ دکتۆر قاسملوو بەبێ ئیزنی ڕێبەری وتووێژی ڕێکخستووە!.....

٨- دکتۆر قاسملووی بە مرۆڤێکی پتەو و قایم لە بڕیاردەرکردن ناسرابوو.....

٩- قاسملوو لە داهێنانی چەمکە فیکرییەکاندا زۆر چالاکبووە!.....

١٠- ڕیبەری نەتەوەی دەڵێت ماف نادرێ، دەبێت بیستێنی!.....

١١- دکتۆر قاسملوو سەرچاوی سەربەخۆی سیاسی و تەشکیلاتی حیزبە.....

١٢- قاسملوو بزووتنەوەیەکی مۆدێرنی خستە سەرپێ!.....

١٣- دکتۆر قاسملوو لایەنگری ئاشتانەی پرسی کوردی کردوە.....

١٤- ئەو ڕێبەرێک بوو بە هەڵوێستەکانی خزمەتی بە پرسی کورد کردوە.....

١٥- خەڵکی کورستان متمانەی ڕێبەری نەتەوەیان بە قاسملوودا!.....

١٦- د.قاسملوو روحی سەربەخۆی سیاسی و ئابووری حیزب بوو!.....

١٧- قاسملوو باوەڕی بەهێز و پشتیووانی خەڵکی کوردستان هەبوو.....

١٨- قاسملوو پێش هەرکەسێکی تر لە قەیرانی سۆڤیەت گەیشتبوو.....

سەرچاوە
Serchawe

١٩- قاسملوو دیپلۆمات کارێکی گرینگ و ناسراوی کوردبوو.....

٢٠- د.قاسملوو تەشکیلاتی حیزبی لە بەستراوەی سیاسی ڕزگارکرد.....

٢١- دکتۆر قاسملوو دژی هەڵپەرستی و خۆبەزلزانین بوو لە نێو حیزبدا.....

٢٢- لە هەشتاکاندا بیرۆکەی کۆنگرەیی نەتەوەی هاتەئاراوە!.....

٢٣- د.قاسملوو بەگرینگرین پیاوی مێژووی سیاسی هاوچەرخی ئێران ناویکردوە.....

٢٤- تێڕوانینی حیزب لە کۆنگرەی ٨ بەولاوە گۆڕانی بەخۆیەوە بینی.....

٢٥- سیمای دێموکڕات و کادرێکی باشی حیزب لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی قاسملووی!.....

---

١٠ وتار بە بۆنەی ٣٧ ساڵەی شەهید د. قاسملوو...... لاپەڕی.... ٩١

١- ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە بەجیهانیی کردنی کێشەی کوردو بێلوتفی زۆرمان!....

٢- دکتۆر قاسملوو سیمایەکی کاریگەر و تێکۆشەری سیاسی و دیپلۆماتکارێکی بەئەزموونی نەتەوەی بوو!.....

٣- دکتۆر قاسملوو روحی ناسیۆنالیزمی مۆدێڕن و دێمۆکراتێکی کوردە!.....

٤- سڵاو لە ڕێبازی پڕ لە شانازی دکتۆر قاسملووی ڕێبەر.....

٥- دکتۆر قاسملووی مەزن لەو پەڕی بەهێزیدا، وڵامی "لەبەیەک" ی ئاشتی بە خۆمێنی دایەوە!....

٦- گەڕانەوە بۆ بنەمافیکری و ئەخلاقیەکانی ڕێبەری مێژووی هاوچەرخی شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.....

٧- سڵاو لە روحی گەورەی ڕێبەرمان، دکتۆرقاسملووی مەزن.....

٨- ڕێبەرێک کە هەردەم لە لوتکا و بە پێشەنگی بزووتنەوەی سیاسی و شۆڕشگێری کوردستان دەمێنێتەوە.....

٩- دکتۆر قاسملوو ئەخلاقی سیاسی و شۆڕشگێری هێنایە نێو بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کوردستان و دژی هەڵپەرستی و خۆبەزلزانی و مرۆڤی زمان فەلسەفی و بێکردار بوو لە نێو خەباتدا.....

١٠- دکتۆر قاسملوو نموونەی ڕێبەرێکی بوێر لە هەڵوێسگرتن و بڕیاردانی سیاسی، سەرچاوەی بیرو هزری فرەهەندی سیاسی و جیهان بینی نوێ بوو.....

---

١٢ دیمانە: بە بۆنەی ٢٠ ساڵەی شەهید د. قاسملوو...... لاپەڕی.... ١١٧

١- د.قاسملوو لە ڕوانگە و بیری کاک **بابا عەلی مێهرپەروەر**.....

٢- قاسملوو سەرمەشق و سەرچاوەی ئیلهامە بۆ خەبات لە پێناوی دێموکڕاسی دا!.....

٣- **د.میرۆ عەلیار**: باس لە پەروەندەی تیرۆری د.قاسملوو دەکات.....

٤- **جەعفەر حامیدی**: وڵامی پرسیارەکانی خاکەلێوە دەداتەوە.....

٥- پێناسەی کاک **مراد قادری** لە سەر کەسایەتی د.قاسملوو.....

٦- د.قاسملوو لە ڕوانگەی کاک **ئەمیر ئەلیاسی** یەوە.....

٧- **گەلاوێژ محەممەد**: باسی ڕۆڵ و پشتیوانی د.قاسملوو لە خەباتی ژنان دەکات.....

٨- **چەکۆ ڕەحیمی**: بەشداریی د.قاسملوو لە کلاسی دەورەکانی سیاسیدا، تەنیا بۆ بەشدارانی دەورە گرنگ نەبوو.....

٩- **کەریم پەرویزی**: لە بیری گۆڕینی ئامانجی دوارۆژی حیزبدا بوون و ویستوویەتی کە "سوسیالیزمی مەوجوود" بگۆڕدرێ بۆ سوسیالیزمی دێموکراتیک.....

١٠- **لوقمان مێهفەر**: دکتور قاسملوو خەباتگێڕێکی سەرسەختی ڕێگای سەربەخۆیی ئێران بوو.....

١١- **کاوە بەهرامی**: دوکتور قاسملوو پێی وابوو پێویستە پێشمەرگە تا بۆی دەکرێ لە کوشتنی جاشو پاسدارو هێزەکانی ڕێژیم.....

١٢- پێناسەی بەڕێز **مریەم عەلی پور** لە سەر تیرۆر کرانی د.قاسملوو دەدوێت.....

پێشەکییەک بۆ ئەم نامیلکەیە

محەممەد سلێمانی

ئەم کۆمەڵە بەرهەمە پێکهاتووە لە ٣٥ وتار، کە تایبەتن بە ژیان و کەسایەتیی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران، هەروەها بە هزر و بیرۆکە فکرییەکان و هەندێک لە چەمک و بنەما گرنگەکانی ئەو.

نووسەری ئەم ٣٥ وتارە شانازیی ئەوەی هەیە کە دکتۆر قاسملووی لە نزیکەوە زیارەتی کردووە، دەرفەتی ئەوەم هەبووە لە کۆبوونەوە سیاسی و تەشکیلاتییەکانیدا بەشداربم. ئەم ئەزموونە ڕاستەوخۆیە وای کردووە بتوانم بە قووڵاییەکی زیاتر بچمە ناو بیر و هزری ڕێبەرمان و، کەسایەتی و دیدگا فکری و سیاسییەکانی باشتربناسم، و لە نووسینەکانمدا تێڕوانینێکی نزیکتر و وردتر لە میراتە فکرییەکەی پێشکەش بکەم. ئەم نووسینانە هەوڵێکن بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوەی هەندێک لە بیر و دیدگا فکری و سیاسییەکانی دکتۆر قاسملوو؛ بە تایبەتی لەبارەی ئازادی، دیموکراسی، مافی نەتەوەکان، پێکەوە ژیان و چارەسەری دیموکراتیکی پرسی کورد. مەبەست لە کۆکردنەوەی ئەم وتارانە تەنیا یادکردنەوەی ناو و مێژووی کەسایەتییەکی سیاسی نییە؛ بەڵکو هەوڵێکە بۆ بەردەوامکردنی گفتوگۆ و خوێندنەوەی ئەو میراتە فکرییەی کە لە کار و بیرکردنەوەکانی ئەو بەجێماوە. لەو پەیوەندییەدا، بە پێویستییەکی زۆر دەزانم سوپاس و پێزانینی خۆم

ئاراستەی کاک ڕەحمان نەقشی بکەم؛ ئەو کەسەی بە دڵسۆزی و ماندووبوون، زەحمەتی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی کۆی وتارەکانی منی گرتە ئەستۆ. بە هاوکاری و هەوڵی ئەو، کۆی وتارەکان گەیشتە ٣٥ وتار و ئەم کۆمەڵەیە شێوەیەکی تەواوتر و ڕێکخراوتر بەخۆوە گرت. لە کۆتاییدا، هیوادارم ئەم کۆمەڵە وتارە بتوانێت بەشێک لە هزر و میراثی فکریی دکتۆر قاسملوو بۆ خوێنەر ڕوونتر بکاتەوە و ببێتە دەرفەتێک بۆ خوێندنەوە، گفتوگۆ و لێکدانەوەی زیاتر لەسەر بیر و چەمکە فکرییەکانی نەمر دکتۆر قاسملووی مەزن.

سەبارەت بە ڕۆڵی ڕێبەری گەورەی شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ ١٢ کەسایەتی دیاری سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیمانەمان پێک هێناوە و ئەو بەڕێزانەش ڕوانینی خۆیان لەو پەیوەندیەدا خستۆتەڕوو.

٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦

محەممەد سلێمانی

نووسینی: محەممەد سلێمانی

٢٥ وتار بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی شەهید د. قاسملوو

دکتۆر قاسملوو هێمای ڕێبەرێکی نەتەوەیی و مێژووی کوردە!

وتاری: ١

لە بیرەوەری ٢٥ ساڵەی تیرۆرکردنی سکرتێری گشتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دکتۆر قسملوو و هاوڕێیانی بە دەستی پیاوکوژانی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران لە وقیەن پێتەختی ولاتی ئوتریش لە سەر مێزی وتوویژ (٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ هەتاوی) دا. پێم باشتربوو ئەمساڵ بە شێوەیەکی ئەو تۆڕێز لە گەورەی و شکۆی بەرزی گەورە پیاوی مێژووی نوێی گەلی کورد، شەهید دکتور قاسملووی نەمر بگرین کە شایانی ئەو مرۆڤە تێکۆشەرو خەباتگێڕەی شۆڕشی نوێی کوردستان بێت. ئەو ٢٥ وتارە وەک وفایەک پێشکەش بەگیانی بەرزی دکتۆر قاسملووی نەمر دەکەم و بەو هیوای هەموو لایەک کار بۆ ئەوەی بکەن کە بکوژانی بدرێنە دادگاو سزای گەورەیان وەربگرن و سیماشارەوەکانی ڕێژیمی ئاخوندیش لە دۆخی ئێستادا بۆ جارێکی تر روی ڕاستەقینەیان ئاشکرابکرێ.

ورد بوونەوە بە نێو لاپەڕەکانی ژیان و خەباتی تێکۆشەرێکی ناسراوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕاستیدا گرینگی و بایخی سیاسی و مێژووی هەیە و ڕۆڵی ئەو مرۆڤە ئەوەندە دیار و بەرچاوە کە جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سی دەیەی ڕابردوودا بە سیمای ئەو دەناسرێتەوە. ئەو مرۆڤە گرینگەی مێژووی هاوچەرخی ئێران شەهید د.قسملوویە. ئەمساڵ بەمەبەستی دەربڕینی ڕێزو وەفای بەرز بۆ گەورەیی و نەمری ڕێبازەکەی، بە پێشکەشکردنی چەند "کۆمەڵە وتارێکدا" تیشکە بخەینە سەر ژیانی پڕ لەبەرهەم و نیەتی تۆخکردنی خەباتی نەتەوایەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا. کۆی ئەو بابەتانەش پێشکەش بە هاوڕێیان و ڕێبواران و هاوبیرانی بەوەفای لە نێو بزووتنەوەی نیشتیمانی کوردستان و ئەندامانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دەکەین و هیوای بەردەوامی و گەشەساندنی زیاتری خەباتی سیاسی کورد دەخوازین.

ئەوەندەی لەسەر ژیان و خەباتی ئەو مرۆڤە گەورەیە بنووسرێ و بگووترێ و تیشک بخینە سەر تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هێشتا هەر کەمە و ناکرێت لە گەڵ فیداکاری و لەخۆبردووی ئەو پیاوە لە پێناوی ئازادی نەتەوەکەیدا مقایسە

بکرێ و دڵی ئەویندارانی ڕێگا و ڕێبازەکەی ئاسودە بکات.

ژیان و خەباتی پڕبەرهەم و بێوچانی سکرتێری گشتی حیزب وانە و ئەزموونی گەلێک بەنرخی لەخۆیگرتووە و ئەگەر بێت و بەشێوەی سادقانە و دوور لە دەمارگرژی و هەستی تۆڵە ئەستاندوە بە قوڵی بڕۆیە نێو لاپەڕەکانی تێکۆشانی سیاسی قاسملوویەوە و هەڵسەنگاندنی بابەتیانەی لەسەربکرێ، بێگوومان سوودی زۆر بە نەوەی نوێ و داهاتوو دەگەیەنێت و وانەی ئەتۆمان فێردەکات کە بە چ ڕێگایەکی گونجاودا گەلی کورد بتوانێ بەرگری لە خاک و بەهانیشتیمانیەکانی بکات و هێڵە گشتیەکانی تایبەت بە قۆناخی سەربەخۆی سیاسی کوردستان گەشەی پێبدرێ و بیری دەوڵەت سازی بەهێز و تۆکمەتر بەکەین و کەڵکی تەواو لە قۆناخانەی خەبات وەربگرین کە لە بەرژەوەندی کورد دا دێنە ئاراوە.

قاسملوو یەکێکە لەو سەرکردەدیار و ناودارانەی کورد کە بۆ کورد ژیاو و هەر لە پێناوی بەختەوەری و سەربەستی کوردستانیشدا ژیانی بەنرخی خۆی فیدای ئامانجی سیاسی و نەتەوایەتی گەلەکەی کرد. بۆ هەموو لایەک روون و ئاشکراویە کە دکتۆر قسملوو وازی لە ژیانی تایبەتی هێناو هەتا پلەوپایەی بەرزی خوێند و ناو و ناوبانگیشی وەلانا و گرینگی بە خەباتی سیاسی خەڵکی کوردستاندا و لە ئاکامیشدا هەر ئەو ڕێگایەی هەڵبژراد. ئەو وەک مرۆڤێکی داکۆکیکاری مافی سیاسی نەتەوەکەی، دەستی لە هەموو دەسکەوتێکی شەخسی و بنەماڵەی کە زۆریش بەلایەوە پڕبایەخبوون وەلابنێ، لە پێناو ئامانجی سیاسی گەورەتردا.

قاسملوو وەک مرۆڤێکی خاکی و خەڵکی ژیانی تایبەتی خۆی بەژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی گۆڕینەوە و، هاوکات ژیانێکی زۆر سادە لە گەڵ هاوڕێ و هاوسەنگەرانی لە شاخەکانی کوردستان دەژیا و بەشێکی زێڕینی ژیانی خۆی تەرخانی ئازادی نەتەوە بندەستەکەی کرد و هەر لەو ڕێگایەشدا بەسەربەرزی سەری نایەوە.

دکتۆر قاسملوو لە داوێنی بنەماڵەیەکی شۆڕشگێر و نیشتیمانپەروەر لە گوندی قاسملووی سەر بە پارێزگای ورمێ لە شەوی یەڵدای ساڵی ١٣٠٩ هەتاوی چاو بە دونیای پڕ لە نابەرانبەری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەڵێناوە.

خوێندنی باڵا کە تا ئاستی دکتۆرە لە بەشی زانستی ئابووری و سیاسی لە پراگ (چیکۆسلاڤاکی پێشوو) وەردەگرێ و پاشان لە یەکێک لە زانستگاکانی پراگ لە زانکۆ دەرس دەڵێتەوە.

ئەو پیاوە بەرز و دەگمەنەی مێژوو توانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران پاش دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای،

بکاتەوە بەو هێزە گەورە و بە دەسەڵاتە، نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرە لە ئاستی دونیا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و خەڵکی کوردستان بە چاوی ئومێد و شانازییەوە پشتیووانی لێبکەن و هەڵوێستە سیاسی و نیشتیمانیەکانی بە دەستپێکردنی سەرفەسڵی قۆناخێکی نوێ لە مێژووی سیاسی کوردستان سەیربکەن و هەرلەوکاتەیشدا بە جیگای هیوا و ئومێدی گەلی کورد لە سەر نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا دەرکەوت(کوردستان).

ئەو بەبەهەق ژیانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانبوو. دیتمان پاش شەهیدبوونی چ کارەساتێک بەگشتی بەسەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژیانی ڕێکخراوەییدا هات لە کوردستان.

هێزە سیاسیە ئێرانی و کوردستانیەکان دەبینین بە چ شکڵێکی لاواز تێدەکۆشن و، بەداخەوە دەورێکی ئەتۆیان لەسەر هەلومەرجی سیاسی وڵات بە شێوەی ڕابردوو نەماوە و هەست بەدوورکەوتنەوەیەیان دەکرێت.

دەوری مرۆڤی کارێزما و هەڵسوڕاوی سیاسی و نیشتیمانی لە سەر رەوتی خەبات ناکرێ بە هێندوەرنەگیرێ. ئەوەی دکتۆر قاسملوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەیەکی گەلیک کورتدا ئەنجامیدا و گۆڕانی قوڵی بەسەر کەشو هەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتەدا هێنا و لێک تێگەیشتنی لەسەر مافی سیاسی کورد کردە بناخەی ئەو شۆڕشە نوێیە کە سەری هەڵدا لە پاش شکەستی حیزب و تێکچوونی کۆماری کوردستاندا.

سەرچاوە
Serchawe

دکتۆر قاسملوو بەهەق وەک" زانکۆی ڕۆشنبیری بزووتنەوەی کورد وایە"!

وتاری: ٢

ڕۆلی قاسملووی لە سەر جووڵانەوەی نیشتیمانی کوردستان بووەتە بەشێکی گرینگ لە خەباتی سیاسی گەلی کورد و کۆمەڵگای کوردستانیش زۆر بەسانای ناتوانێت تێکۆشانی پڕلە شانازی و بەنرخی دکتۆر قاسلوو لە بیربکات و وانەو ئامۆژگاریەکانی لە سەر شکڵ و فۆرمی تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بەرچاو نەگرێ بەمەبەستی بە هێزترکردنی خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی کە بنەماکانی لەسەر بەرژەوەندی گشتی دارێژراوە.
کاتێک لە وڵاتێکدا جووڵانەوەیەکی بەهێزی سیاسی ڕێبەرێکی بوێر و بلیمەت کە شارەزای وردی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی گێتی و ئەو ناوچەیەبێ، کە ڕێبەرایەتی خەباتی تێدا دەکا و پشت بە هێزی لەبڕاننەهاتووی گەل ببەستێت و پشتیوانی گەلی خۆی لە پشت بێ. محاڵە شۆڕش لەو هەرێمەدا بەرەوکاڵبوونەوە و لاوازی هەنگاو بەرەوداوە بهاوێژێت و خەڵکی وڵاتەکەی تۆشی نائومێدی بکا یان بەپێچەوانە گەل لە ڕەوتی تێکۆشانی سیاسیدا، لە هاوکاری و پشتگیری بێبەشیبکات.

دکتۆر قاسملوو بەهەق وەک" زانکۆی ڕۆشنبیری بزووتنەوەی کورد لە مێژوودا دەرکەوت" و هەوڵیدەدا لە ڕێگای ئەو تێکۆشانە نوێ و تەشکیلاتیەی بە پشتیووانی خەڵکی کوردستان دەستی پێکردەوە خەباتی کورد بە ئاکامی خۆی بگەیەنێت. بنەمای فیکری دکتۆر قاسملوو ئەوەبوو کە مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەکانی گەلی کورد بە شێوەی گشتی لە دەستووری ئێراندا ڕەنگبداتەوە و بۆ هیچ لایەک قبوڵ ناکرێ مافمان لەبەرچاونەگیری و وەک هاوولاتی پلە دووهەم سەیر بکرێین. دێمۆکراسی سیاسی و دەدپەروەری کۆمەڵایەتی و پشتیووانیکردن لە فیکری مودیریەتی بەکۆمەڵ لە نێو حیزب و ئۆرگانەکانی تری حیزبیدا، بەگرینگترین لە پایە فیکریەکانی دکتۆر قاسملوو دەژمێردرێن لە نێو بزووتنەوەی نوێی گەلی کورد دا. بەڕاستی ڕێبەرێکی بێهاوتا و بلیمەتی سەردەمیخۆیبوو. ڕیشەی بیروباوەڕە دیموکراتیکەکانی بەباشی بە نێو خەڵک و چین و توویژە کۆمەلایەتیەکاندا بڵاو بۆتەوە و ڕێژەی بەرچاوی خەڵک ئێستایش پشتیووانی لە ڕێبازی سیاسی ئەو مرۆڤە تێکۆشەری کورد دەکەن و وەک ئەستێری پرشەنگدار لە مێژوودا دەدرەوشێتەوە و خەباتەکەی تابەدی هاتنی ئامانجە کانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی لە کوردستاندا درێژەی دەبێ. ئەو ڕێچکە فیکرییە نوێیە کە قاسملوو لە کوردستان دایهێناوە، بەردەوامی هەیە و هیچ کەندوکۆسپێک ناتوانێ پێشی ڕەورەوەی خەبات خەڵکی کوردستان لە پێناو ئامانجی سیاسیدا بگرێ

و کۆمەڵانی خەڵک بەرەو نائومێدی بەرێ.

قاسملوو شارەزای دەگمەنی لە پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسیە نێونەتەوەیەکاندا هەبوو و لەو ئاستەشدا کێشەی کوردی باش بەرەو پێشبرد و کاری چەندین ساڵەی کە پێشتر هەلومەرجی بۆ نەڕەخسێندرابوو، بە ڕێگای کوردتردا بەئاکام گەیاند و دۆستی زۆر ناوداری لەو پەیوەندیەدا بۆ کورد و کێشەڕەواکەی پەیداکردن. ئەو کەسایەتیانەی جیهان ئەو دۆستە بەنرخانەی کوردن کە ئێستاش بە پەرۆشەوە چاوەدێری بەسەر ڕەوشی سیاسی کوردستان دەکەن و لایەنگری چارەسەرکردنی ئاشتیانەی پرسی کورد دەکەن لە چێوار چێوەی ئەو وڵاتانەی کە خاکی کوردستانیان بەسەر خۆیاندا دابەشکردوە. لایەنگری و پشتیووانی دۆستەکانی دکتۆر قاسملوو لە گەلی کورد ئێستا هەتا سنووری سەربەخۆی کوردستان گەشەیکردوە.قاسملوو مرۆڤێکی بیرمەندی فەلسەفی و تێکۆشەرێکی ڕاستە قینەی ڕێگا و ڕێبازی خەباتی نەتەوەییبوو و چەمکە فیکریەکانی ئەعبیر بوون لەو شۆڕشەی کە لە کوردستان دەستی پێکرابوو لە پێناو ئەستاندنی مافی سیاسی کورددا.
لە دەستدانی ڕێبەرێکی ئەو تۆ، بێگوومان برینێکی گەلێک قوڵی خستە سەر جەستەی جووڵانەوەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. دەورو کاریگەری دکتۆر قاسملوو لەسەر شۆڕش ئەو هەلومەرجەی پێک هێنا کە بە شێوەی ئاکادیمی و زانستیانە "سیاسەتی نەوژەنکردنەوەی بزووتنەوەیی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەستپێکرد و هەموو هێما تەقلیدیەکانی ژیانی ڕێکخراوەی گۆڕی و دەرگایەکی نوێی بەروی کاری حیزبیدا کردەوە".

دکتۆر قاسملوو ئەو تێکۆشەری کوردە کە شیاوی هێمای ڕێبەرێکی نەتەوەیی و مۆدێرنی مێژووی سیاسی کوردستانە و بە هۆی بوونی زۆر تایبەتمەندی دیارو بەهێزی، وەک تێکۆشەری ماندونەناسی ڕێبازی ئازادی و سەربەستی کوردی بناسێنین و هەرلەو پەیوەندیەشدا پێشنیاری سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی ڕۆشنبری بە نێوی" قاسملووی هەمیشە لە ڕێبازدا زیندوو بکەینەوە و" وانە و باسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی بخرێنەوە بەرچاوی نەسڵی نوێ کە ئێستا بە وشیاریەکی زۆرترەوە بەشداری لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا لە کوردستان دەکەن.

کوردستان ئەو شوێنەبوو کە لە ئێراندا بە سەنگەری بەرگری و دیمۆکراسی سەرانسەری ناوبانگی ڕۆیشت و زۆر بەی نەتەوە بندەستەکانی ئێران چاوی هیوایان بڕیبۆوەسەر شۆڕشی خەڵکی کوردستان کە بەدژی سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران حدکا دەستی پێکردبوو و هەتا دەهات شەپۆلەکانی بەرفراوانتر و بەهێزتر دەردەکەوتن. حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەهۆی دانای و بیرمەندی ڕێبەرەکەیەوە(د.قاسملوو) توانی زۆر لێبڕاوانە بەرگری لە خاکی کوردستان بکا و گەلی کورد لە مەترسی لە نێوچوون بپارێزێت و کۆمەڵانی هەروای کوردستان بەرەوئامانجی گەورەی سیاسی لە دەوری بەرنامەی حیزب کۆبکاتەوە.

سەرچاوە
Serchawe

بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دکتۆر قاسملوویەوە دەناسرێتەوە.

وتاری: ٣

ئەگەر حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتی دکتۆر قاسملوو نەیتوانی شۆڕشی کوردستان بە ئاکامی خۆی بەگەیەنێت وەک ئەوەی گەلی کورد چاوەڕوانیاندەکر و خەونی هەمیشەیانبوو. بەڵام ئاکامی ئەو شۆڕشە لە کوردستان ئەوەبوو کە ئومێدی لای هەموو لایەک دورستکردەوە کە خەباتی ڕزگاریخوازی کورد تاوەدی هاتنی ئامانجەکان درێژەی دەبێ و مل بۆ ئاخوندەکان نەوی ناکرێ و گەلی کورد بەردەوام دەبێ لە شۆڕشکردن و بەربەرەکانی کردنی حکوومەتی ئاخوندی ئێران.

بێگوومان ئەو پەیامەیش کە خەڵکی کوردستان بەردەوامدەبێت لەسەر خەبات تا سەلماندنی سەرجەمی ماف و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی، بەگوێی ئاخوندەکان گەیشت و دڵنیابوون لە خۆڕاگەری گەلی کورد. دواجار بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە هێرشیانبۆسەرکوردستان دەستپێکرد و ژمارەیەکی زۆر لە زەحمەتکێشانی شارو لادێیان شەهید کرد و گوندی زۆریش سوتێندران یان کاولکران و خەڵکەکەیش بەزۆر بۆ شوێنی تر ڕایانکرد یان ڕاگوێزران.

خەڵکی کوردستان بە درێژایی مێژووی لە مێژینەی خۆی ڕۆڵەی زۆر بەنرخی پێشکەش بە بارەگای ڕزگاری کوردستان کردوە و خوێنی زۆری لێچۆڕاوەتەوە و هەر زامەیش بێگوومان قوڵیخۆی لەسەر جەستەی نیشتیمانی داگیرکراودا، بە جێهێشتووە و بۆماوەیەکی درێژ ئاسەواری نالەباری لە سەر پاشەڕۆژی خەبات دیاربووە.

بەڵام گەلی کورد هەرگیز دەست بەرداری مافی سیاسی نەبووە و بەخێرای خەبات لە ناوچەیەکی تری کوردستاندا بەدژی داگیرکەرانی سەری هەڵداوەتەوە و شەپۆلەکانی شۆڕش دوژمنی زۆر هەراسان و نیگەرانکردۆتەوە.

کاتێک باس لە" وشەی ڕێبەر" لە مێدای کوردیدا بەرگوێمان دەکەوێت، هەستێکی بەرزی نیشتیمانی و مێژووی سەرەتاپای جەستەمان دادەگرێ و دەپرسین ئاخۆ کام لەو تێکۆشەرانەی کورد دەگرێتەوە یان لەسەر ئەساسی چ پێوانە و میکانیزمێک ئەو نازناوە بۆ کەسایەتیەکی سیاسی و مێژووی کورد بەکاردەهێنرێ و ئەو کردارە چ ڕەنگدانەوەیەکی لە نێو خەڵکدا

لێدەکەوێتەوە و بەچ شێوەیەک هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ.

دکتۆر قاسملوو بە" ڕێبەری فەلسەفی و کرداری "کورد ناوبانگی بەهەموو کوردستاندا بڵاوبۆتەوە و کە بۆ گەل ژیا و لە پێناو خەڵکەکەییدا ژیانی پێشکەش بە ڕێگای ئازادی کوردستانکرد و ئێستا وەک ڕەمزی روناکبیری سیاسی و خەباتگێڕێکی دەگمەن لە مێژوودا سەیردەکرێ و کەمکەس هەیە گەورەی ئەو ڕێبەرەی نیشتیمانیەی هەست پێنەکردبێت و تاڕادەیەک ئاشنای کارو خەباتی نەبووبێت. ئێستاش زۆر کەسایەتی ناوداری دونیا هەن کە "بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دکتۆر قاسملوویەوە دەناسنەوە و شۆڕشکەیش بە بەرهەمی ئەو دەزانن". وەختێک باس لە گەشەکردنی شۆڕش دەکرێ و چاوبەدەسکەوتەکانی ئەو خەباتەدا دەگێڕی، بێگوومان کەسایەتی دکتۆر قاسملوو بەدرەوشاوەی دەکەوێتە بەرچاو و ئەو شۆڕشە بەهێز و بەربڵاوەمان دێتەوە بیر کە بەدژی حکوومەتی کۆماری بەناو ئیسلامی ئێران لە کوردستان ڕێکخراوە بۆ ئەوەی کێشەی کورد بەرەو چارەسەرکردن بەرێت و لەلایتریشەوە بەجیهانی بکرێت.

هێزی پێشمەرگەی دیمۆکڕات ئەوەندە بەربڵاو و بە هێز بەدژی سیاسەتی ڕێژیمی ناوەندی چالاکی سیاسی و نیزامی ئەنجامدەدا، زۆر جاران دەسەڵاتی تارانی دەهێنایە کوردستان بۆ ئەوەی لەسەر پرسی سیاسی کورد لە گەڵ نوێنەرانی کورد و حیزبی دیمۆکرات کە بەداینەمۆی ئەو شۆڕشە نوێیە ناسرابوو، گفتووگۆی سیاسی ئەنجامدەدرا بۆ ئەوەی ڕێگاچارەیەک بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکەبدۆزنەوە و پێش بەو شەڕەداسەپاوەبگرن کە ڕێژیمی ئاخوندی بە دژی گەلی کوردی ڕاگەیاندبوو. ئەو کات ڕێژیم کاتی بەفێڕۆدەدا و بەرنامەی پڕچەکردن و ڕێکسختنەوەی هێزەکانی کردبوو بەکرداری بنچینەی هەتا لە دواڕۆژدا بەگژی کورددیدا بکات و، کوردستان بگرێتەوە.

هەرچەندە دانیشتنەکان ئەو کات ئاکامێکی ئەوتۆیان لێنەکەوتەوە و ڕێژیم بەئاشکرا مەسەلەی نەتەوایەتی لە دەستووری وڵاتدا خەت بەسەردا هێنابوو. دکتۆر قاسملوو زۆرجار بەروونی لە بارەی وتووێژەوە دەیگووت: "کاتێک بەهێزی، دەتوانی لەو ڕێگایەوە دژمنەکەت ناچار بکەی گوێت لێبگرێ، ئەگەر داواکانیشت جێبەجێنەکات و هاوکات دەتوانی دەسەڵاتی مەرکەزی لە داواکانی خۆت ئاگادار بکەیەوە و تێیان بگەیەنی کە مافی تۆ چیە".

دکتۆر قاسملوو بەو شێوەیە شۆڕشی لە کوردستان دەستپێکردو، هەتا لە ژیاندامابوو ئەو خەباتە بە شکڵێکی زۆر دیار و چالاک دەچۆوەپێش و لە هەموو شارو ناوچەکانی کوردستان خەبات پەرەی ئەستاندبوو.

وشەی ڕێبەری نەتەوەی وەک تایبەتمەندییەکی بەرزی ژیانی شۆڕشگێڕانە، ئاوێتەی کەسایەتی دکتۆر قاسملووی نەمر بووە و

خەڵکی کوردستان زۆر بەشانازییەوە، بەشایستەی ڕێبەری نەتەوەی دادەنێن. دکتۆر قاسملوو ئەو کەسایەتیە نیشتیمانیە بوو کە ڕێڕەوی بزووتنەوەیەکی بەرینی سیاسی "ناسیۆنالیزمی مۆدێڕنی کوردی تێدا بەرجەستەکرد و هەنگاوەکانی بەوئاڕاستەیەدا خێراترکرد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا" و زۆر بە لێهاتووی ڕێبەری ئەو شۆڕشە نوێیەی کرد کە لەسەر دەستی ئەو سەری هەڵدابوو، بەدوای تێکچوونی حکوومەتی کوردستان و بڵاوەلێکردنی ڕێکخراوەکانی حیزب پاش داگیرکرانەوەی مەهاباد لە لایەن ئەرتەشی شای ئێرانەوە.

دکتۆر قاسملوو چەمکی "فرەنەتەوەی بوونی ئێرانی" هێنایە گۆڕێ!

وتاری: ٤

دکتۆر قاسملوو لە مێژووی سیاسی ئێراندا ئەو راستیەی بۆ هەموو لایەک سەلماند کە لە ئێراندا جگە لە نەتەوەی فەرمانڕەوای فارس پێنج نەتەوەی تر دەژین و زۆر ئازایانە و شۆڕشگێرانە چەمکی" فرەنەتەوەی بوونی ئێرانی" هێنایە گۆڕێ و میدیای ئەو سەردەمی وڵاتی بەخۆیەوە سەرقاڵکرد. ئەو فیکرە گەلێک تازە بوو و زۆر لایەنی ئێرانی تۆشی شۆک کردن و بەزەحمەت دەچوونەژێرباری ئەوەی کە بڵێین لە ئێراندا کورد و نەتەوەی تریش دەژین و دەبێ مافی سیاسی و نەتەوایەتیان پێبدرێ.

لەئێستادا گەلی کورد زۆر ئازایانە و بە شێوە و فۆرمی جیاجیا پشتیووانی لە خەباتی خۆیان لە کوردستان دەکەن و بەکردەوە داوای گۆڕانکاری لە نێو جومگەکانی دەسەڵات لە ڕێژیمی ئاخوندی ئێرانیان وەک پرسێکی گرینگ هێناوەتە گۆڕێ و بەو پەڕی ژیریەوە باس لە مافی سیاسی دەکەن و بەئاڕاستەی خەباتی پارلمانیدا پشتیووانی گۆڕانکاری نوێ دەکەن لە ئێراندا. کۆمەلانی خەڵکی کوردستان وەک ساڵانی ڕابردوو شۆڕشی کوردستان بەبارگرانی و قورسای، بەسەرشانی خۆیانەوە سەیر ناکەن و بەڵکو بە بەرهەمی زۆر گرینگی خۆیانی دادەنێن و هاوکاری و پشتیووانی لێدەکەن.

وشیاری سیاسی و نەتەوەی لە کورستاندا، مێژوویەکی زۆر کورتی هەیە و لە دوو دەیە تێپەر نابێت، خەڵکی کوردستان هیچ کاتێک بە ڕادەی ئێستا پشتیووانی خەباتیان لە پێناو ڕزگاری نەتەوەییدا نەبینراوە.

ئاستی خواستە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی کورد زۆر بەرزبۆتەوە و هەمووی خۆی لەوخاڵەدا دەبینێتەوە کە ئێرانی داهاتوو دەبێت هی هەموو لایەک و نەتەوەکانی وڵات بەگشتی بێ و بیئەوەی هیچ کام لە نەتەوەپێک هێنەرەکانی وڵات لە پرۆسەی سیاسی نوێدا هەست بە سیاسەتی پەراوێزخستن بەکەن. زەرەوەرتی ئێران ئەوەی دەخوازێت حکوومەتی پاش دارمانی ڕێژیمی ئێران لەسەر تەوافوق و هاوبەشی سیاسی بێ و حکوومەتێکی بنکەفراوانی نیشتیمانی دابمەزرێ و دەستووری وڵات مافی بەرانبەر بدات بە هەموو ئەو گەلانەی کە لە مێژساڵە لە سنوور و سەراوردە جوگرافیاکانیدا دەژین کە بە نیشتیمانیان ناسراوە و وڵاتی ئێرانیش پێکهاتەیەکی فرەنەتەی هەیەو ناکرێ ئەو مەسەلەیە لە بیر بکرێت.

نووسینی: محەممەد سلێمانی

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەی سیاسی و مێژوویە و ئەگەر بێت و نەتەوەیەک حاشالە چەمکی فرەنەتەوی وڵات بکات، بێگوومان ناتوانێت لەڕێگایەوە لایەنگری سەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵات بەدەست بخات، بەڵکوو وڵات بەرەو قەیرانی نوێ دەبات و هیچ لایەک ئەو جار ناتوانێ چاوپۆشی لەو مەسەلەیە بکا. لە ئێرانی فیدراڵ و دیمۆکراتیک دا هێزێک قبووڵ ناکرێت بە سیاسەتی هەڵاواردن و پەراوێزخستن بیهەوێت وڵات بەڕێوەبەرێت و "بە شعاری ئێمە هەموومان مسوڵمانین و ئێرانین یان لە ژێرناوی ئێمە لە پاشماوەی بابە گەورەی ئاریاین" بیروڕای گەلانی وڵات لەسەر مەسەلە ئەساسی و بنەڕەتیەکان بەلارێدابەرێت و کێشەی نەتەوایەتی پشتگوێ بخەرێتەوە.

چوونکی ئاستی وشیاری سیاسی کۆمەلانی میلیونی خەڵکی وڵات ئەو جارەیان ئەو دەرفەتە بە هیچ هێزو لایەنێک نادەت کە بەپێچەوانەی ئیرادەیان گەمەی سیاسی بە چارەنووسی هاووڵاتیان بکا و ویست و ئامانجی لایەنەکان لەبەرچاونەگرێت و حکوومەتی تاکرەوی فاشیستی کە نوێنەرایەتی کەمایەتیەکی زۆر بچووک لە ئێراندا بکا، حکوومەت دابمەزرێتەوە.

نەخشەی سیاسی و ئیداری ئێران دەبێت بە ئیشتیای گەلانی وڵات بێ، بۆ ئەوەی جارێکی تر دەستە و تاقمێکی دیکتاتۆر و پشکەوتووی سەدەکانی ناوەڕاست خۆیان بەسەر چارەنووسی گەلانی ئیراندا فەرزنەکەن و حکوومەتێکی دیمۆکراتیکی بنکەفراوانی نیشتیمانی دابمەزرێت کە هەموو ڕەنگەکان هەست بەبوونی سیاسی و کۆمەڵایەتیان بکەن لە حکوومەتی نوێ دا و مافە سیاسی و نەتەوایەتیەکان کە هەتا سنووری سەربەخۆی سیاسی بڕوات لە دەستووری ئێراندا وەک مافی سیاسی و نەتەوەی جێبگرێت.

دەستووری وڵات لەسەر بنەمای لێک تێگەیشتن و لەبەرچاوگرتنی مافی یەکتری دابڕێژرێ و دەسەڵاتی حوکمڕانی کە دەسەڵاتی فیدراڵ بڕیاری لەسەر بدات، دەسەڵاتی هەرێمی بە بەشەکانی ئێران بدات کە نەتەوەی وەک کورد و ئازەری و عەرەب و بەلوچ و... تێدا دەژین.

ئەو بەرنامەی کە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر حکوومەتی پاشایەتیدا، دکتۆر قاسملوو وەک بیروباوەڕی سیاسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، پێداگری لەسەر دەکرد و زۆر لێبڕاوانە لە ئاستی ئیراندا تێدەکۆشا بۆ ئەوەی کۆدەنگی سیاسی و نیشتیمانی بەمەبەستی بەدی هێنانی بەدەست بێنی، بەڵام بە هۆی لاوازی و کزی هەستی نەتەوایەتی لە بەشەکانی تری وڵاتدا بێ نەتیجە بوو.

خاڵی جێگای سەرنج و گرینگی ئەو بەرنامەیە دابەشکردنی دەسەڵاتی ناوەند بەسەر ناوچە خودموخیاریەکاندا

سەرچاوە Serchawe

بوو(هەرێمەکان) و هەروەها سیستمی سیاسی و ئیداری بەجۆرێک ڕێکبخرێ کە مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەموو گەلانی تێدالەبەرچاوگیرابێ و لە روی جوگرافیەوە سنووری هەرێمە سیاسیەکان دیاری بکرێ.

بەڵام بەداخەوە زۆر دژوار بوو لە بەر هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فرە ڕەهەندی و ئیدئۆلۆژی فیکری سیاسی لە نێوان هێز و لایەنەکاندا، کاربۆخاڵی هاوبەش بکرێ و بەڵکوو هەرلایەنێکی سیاسی بەجۆرێک خۆی بە میعوەری چارەسەرکردنی کێشەکان دادەنا و بەرنامەی خۆی پێشیاوتربوو لەوەی تریان.

لە ڕەوشی ئەوسای ئێراندا، ڕێبەری گەورەی سیاسی و مێژووی کورد دکتۆر قاسملوو خەمی ئەوەی هەڵگرتبوو کە بەهەر ڕێگایەکی مومکیندابێ، بیروڕای هێزە سیاسیە سەرانسەری و کوردستانیەکان بۆ لای خاڵی هاوبەشی تیکۆشان و ڕاوەستان لە بەرانبەر ڕێژیمدا بە دەست بێنێ و بەهەماهەنگیەوە لە گەڵ حکوومەتی مەرکەزیدا وتوویژ دەست پێبکەن یان لە ئەگەری پەلاماردانەوەی ڕێژیمدا بەرگری لە دێمۆکڕاسی سیاسی و مافە نەتەوایەتیەکان بکرێ.

دکتۆر قاسملوو مەرجەکانی نەتەوەبوونی لە ئێراندا سەلماند!

وتاری: ٥

دکتۆر قاسملوو بە دانای خۆی توانی زۆر شارەزایانە بەرنامە و ستراتیژی سیاسی حیزب دابڕێژێ و فەزایەکی ئەوتۆی لە کوردستان پێک هێنا کە گەلی کورد بۆ جارێکتر نەکەوێتەوە ژێر تەوژموو و کاریگەری ئەو فیکرو ئیدۆلۆژیای سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە کە بەو هۆیەوە زیان بە دەسکەوتەکانی بگەیەنێت و لە جیاتی پارێزگاریکردنی لە مافی سیاسی خۆی، بەشێوەی تر بسوتێ و خەبات بکات.

بەڵام بە هۆی دابەش بوونی هێزەکان بەسەر بیرو ئیدئۆلۆژی جیاوازدا کە خۆیان لە دەستە چەپ و میللی و دێمۆکڕات و مەزهەبی دا دەبینیەوە زەمینەی لێک کۆبوونەوەیان نەڕەخسا و هەتا بۆ دژایەتی لە گەڵ حکوومەتی ناوەندیشدا لە گەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و بەتایبەت شەخسی دکتۆر قاسملوو ڕێکنەکەوتن و هەتا هێندێک لە حیزبەکان پشتیووانی سیاسەتی حکوومەتی تازەبەدەسەڵات گەیشتووی ئێرانیان دەکرد و ئەو بڕیارەیان بە هەڵبژاردنێکی گونجاو دەزانی.

حیزبی توودە یەکێک بوو لەو ڕێکخراوانەی خۆی بەلایەنگری خومێینی دادەناو بەدەلیلی ئەوەی ڕێژیمی ئێران شیعاری مەرگ بەر ئەمریکای بەرزکردۆتەوە و دژی بەرەی سەرمایەداری دەوەستێتەوە. ئەوان لایەنگری لە حکوومەتی نوێ دەکەن و ئامادەن بەرگری لە وڵات بکەن لە بەرانبەر ئەو مەترسیانەی روبەرووی ئێران بکرێتەوە، کە خومێینی و دارودەستەکەی بەخراپترین شێوە فەرمانی حوکمڕانی بەسەردا دەرکردبوو.

ڕووداوەکانی ئێران لە پاشان ئاکامەکەی بینرا و کۆمەڵیک بەدرەنگەوە لێی تێگەیشتن و، توودەیەکان لەبنەڕەتدا هەڵوێستیکی بەتەواوی نابەرپرسیارانەیان گرتبوویەوە بەر و پاشان لە هەڵویستی هەڵیان گەیشتن سەبارەت بە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئێران. کاتێک ڕێژیم لە ئێراندا جێ پێیخۆی قایمکرد و بەرەو بەهێزی هەنگاوەکانی دەچۆوەپێش، توانی بەباشی مشووری موخالیفانی و بەتایبەت توودەیەکان بخوات و بەڵای زۆر گەورەی بەسەرداهێنان کە تائێستایش لە ژێرفورسایەکەیدا نەیانتوانی پشتیان ڕاست بکەنەوە.

نووسینی: محەممەد سلێمانی

دیاره ئەو هێزه و دەستانەیش کە وەک حیزبی توودە بیریان دەکردەوە و لەو زاویەوە سەیری بارودۆخی وڵاتیان دەکرد، بە تێپەڕ بوونی زەمان بەسەر ڕووداوەکانی وڵاتدا، لە ڕاستی و دروستی هەڵسەنگاندن و هەڵوێستی سیاسی حیزب تێگەیشتن و دەرکیان بە تێڕوانین و خوێندنەوەی دروستی حدکا و لێکدانەوەی هەڵەیخۆیانکرد. کە تاڕادەیەک پشتیووانیان لە سیاسەتی حکوومەتی خومێنی کردبوو، وەک نموونە لێرەدا باسی حیزبی توودەی ئێران کراوە و ئەوەندەش کافییە وەک هێزێکی گەورەی ئێران و جێگای نیە بەدرێژی باسی ئەو بابەتەبکرێ.

حیزبی دێمۆکڕات پێیوابوو گەلانی ئێران ئەگەر لە نێوخۆیاندا یەکگرتوو و هاوبەشبن لە بڕیاردانی سیاسی لە پەیوەندی لە گەڵ بارودۆخی ئێراندا، لەلایەک لەڕووی هێزەوە پانتای گەوره و بەرینتر دەکەن بە شوێنی تێکۆشانی خۆیان و ئەوکات حکوومەتی ناوەندیش باشتر گوێ بۆ داواکاریەکان دەگرێت.

لەلایتریشەوە دەرفەتێکی باش دێتە پێش کە خۆیان لەسەر مەسەلە ئەساسیەکان بڕیاربدەن و چارەنووسی وڵات بەو دەستەیە نەسپێرن کە لە چاخی بەردیندا بیردەکەنە و بڕوایان بە ئێرانی فرەنەتەوەی و فرە ڕەنگی سیاسی نیە و بەردەوامن لەسەر سیاسەتی فاشیانەیان و مەسەلەی نەتەوایەتی گەلانی وڵات و ماف و ئازادیە سیاسی و نیشتیمانیەکنیان پاشتگوێ بخەن و بە هێندی وەرنەگرن.

ئەو کات ڕۆژانە بە بەردەوامی ئینکاری ئێرانی فرەنەتەوەییان دەکرد و کاربەدەستانی باڵای ڕێژیم لە کۆبوونە و خوتبەی هەینیاندا، بەڕوونی سیاسەتی خۆیان سەبارەت بە کیشەی نەتەوەی دەخستەڕو و دەیانگووت لە ئێراندا تەنیا" فارسەکان لە ڕووی پێک هاتەو و مێژوویەوە شانازی و مەرجەکانی نەتەوەبوونیان بەتەواوی تێدا هەیە".

بەقسەی دەسەڵاتدارانی ئێران، یانی کورد و ئازەری و تورکەمەن... ئەو ئەسڵەیان تێدا نیەو ناکرێ وەک نەتەوەی سەربەخۆ مامەلەیان لەگەڵدا بکرێ و بکرێنە هاوبەشی سیاسی لە بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی ئێراندا. بەداخەوە ئێستایش ئەو بیرە فاشیستیە لەلای زۆر لە هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی فارس زمنادا هەیە کە چاویان لە ئاستی کێشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا بنوقێن و ئەو مەسەلەیە نە سەلمێنن.

دکتۆر قاسملوو لە ڕەوشی ئەوکاتی وڵاتدا هەوڵی چڕوپڕی دەستپێکرد بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیە بۆ خەڵکی کوردستان و گەلانی تری وڵات ڕوونبکاتەوە کە بێجگە لە فارس پێنج نەتەوەی دیکە لە ئێرندا بوونیان هەیە وەک ئازەری و کورد و تورکەمەن و عەرەب و بەلوچ. خومێینی زۆر بەوە تورە و بێزاردەبوو کە حدکا و دکتۆر قاسملوو دەستیان بە تێکۆشانی

سەرچاوە Serchawe

سیاسی كردوە،بۆئەوەی بەرچاوروونی زۆربخەنە پێشچاو لەسەر ئەو مەسەلەیە(ئێرانی فرەنەتەوە) و لە نێو خەڵكدا ئەو فیكرە بڵاوكردۆتەوە. كاربەدەستانی تاران بە ناو هێنانی چەمكی فرەنەتەوەی ئێران زۆر تووڕەو بێزارن و هەتا ئێستاش باس لەو پرسە ناكەن و ئەگەر لایەنێک یان دەستەیەک باسی بكات بە توندی وڵامی پێدەدرێتەوە و حاشا لە پرسی نەتەوەی دەكەن.

بەڵام بەداخەوە زۆر كەس و هەتا هێزە چەپەكانیش كەوتنە ژێر كاریگەری سیاسەتی فریودەرانەی كاربەدەستانی تازەبەدەسەڵات گەیشتووی تاران و ئەوەندە زەحمەتی بیركردنەوە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسی وڵاتیان بە خۆیاننەدا هەتا لە نێوەرۆكە مەسەلەكەی تێبگەن و و بە سانای شوێنپێی رووداوەكان كەوتن و لەو نێوەدا سەری خۆیاشیان بێكڵاو مایەوە.

پاش تێپەڕبوونی كات هەموو ئەو هێزانە هەستیان بە هەڵوێستی هەڵەی سیاسی و ڕێكخراوەیانكرد و حیزبی دیمۆكراتی كوردستانی ئێران لەو تاقیكردنەوەیەشدا بە هۆی بیریاری قاسملوو سەربەرزدەكەت و حیزب بەدرێژای مێژووی دامەزراندنیەوە بە شكڵێكی زۆر شێلگیرانە لەسەر هەڵوێستی سیاسی و نەتەوەی خۆی كە حكوومەتێكی دیمۆكراتیک كە تێیدا ماف و ئازادیە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانی گەلی كورد لە ئێران دابین بكات، پشتیووانی لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕە نوێیەكانی وڵات دەكرد.

سیاسەتی حیزب زۆر روون وئاشكراو بەرچاوبوو لە بەرانبەر ڕێژیمی ئاخوندی ئێراندا و دكتۆر قاسملوو بە ڕاشكاوی ئەو پەیامە سیاسی و نیشتیمانیەی بڵاوكردبۆوە، وەک بیرو باوەڕی حیزب كە ئێمە كاتێک پشتیووانی لە رەوتی رووداو و ئاڵوگۆڕە بنەڕەتیەكانی وڵات دەكەین كە كورد بە مافی سیاسی و نەتەوەی گەیشتبێ و لە دەستووری وڵاتدا بەفەرمی مافی سیاسی كورد جێگیربكرێ و ئەو بابەتە سلمێنرابێت.

ئەگەر نا ئێمە هەڵوێستی سیاسی و نیشتیمانی خۆمان لە سەر ئەساسی بەرژەوەندی نەتەوەی دەبێت و تاوەدی هێنانی مافی سیاسی لە چوار چێوەی ئێراندا، خەبات دەكەین و بەردەوامیش لایەنگری ئاشتیانەی كێشەی سیاسی كوردین.

قاسملوو بە خێرای لە نیازخراپی حكوومەتی ناوەندی ئێران تێگەیشت كە دەسەڵاتدارانی تازەی ئێران بە هیچ شكڵێک باوەڕیان بەمەسەلەی نەتەوەی و دابینكردنی مافی سیاسی گەلانی ئێراندانیە و بەڵكوو بەرنامەی ئەوەیان هەیە تاكڕەوانە و بە حیزبی ئیسلامی وڵاتی گەورە و فرەنەتەوەی ئێران بەڕێوەبەرن و حیساب بۆ پێگە و نفوزی لایەنەكانی تری وڵات

نەکەن. بەداخەوە لە کۆتاییدا سەرانی ڕێژیم هەر ئەو بڕیارەیاندا و شەڕیان بەسەر گەلی کورد و گەلانی تر دا سەپاند کە تائەمڕۆیش ئەو خەباتە درێژەی هەیە لە کوردستاندا.

حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەدرێژای مێژووی ڕۆڵی گرینگی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا گێڕاوە و بەردەوام حیزب ڕایگەیاندوە کە ئەوان لایەنگری ئاشتیانەی چارەسەرکردنی مەسەلەی سیاسی کوردن لە چوار چێوەی ئێراندا و دکتۆر قاسملوو وەک سیاسیەکی دیار هەوڵیدەدا لە گەڵ حکوومەتی ناوەندی بە ڕێگای ئاشتیدا ئەو پرسە یەک لاییکاتەوە.

بەمەرجێک حکوومەتی مەرکەزی ئێران وێڕای گۆڕنکاری سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتی مافی سیاسی گەلی کورد دابین بکات و دەستوور وەک ناوەندێکی شەرعی مافی سیاسی هەموولایەکی تێدا ڕەنگبداتەوە و لەسەر بناخەی هاوبەشی سیاسی و ئیداری، پێک هاتنی گشتی بکرێ و دەسەڵاتی سیاسی لە مەرکەزدا کۆنەکرێتەوە و سەڵاحیەتی بەڕێوەبردنی وڵات دابەشبکرێ بەسەر هەرێمەکانی تردا.

سەرچاوە
Serchawe

دکتۆر قاسملوو بەکردەوە شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەهێزکرد.

وتاری: ٦

دیارە ڕێبەری نەتەوەی دکتۆر قاسملوو پاڵەپەستۆی باشی خستبوویەوە سەر ڕێژیمی خومێینی لە ڕێگای ئەو بزووتنەوە بەرین و بەربڵاوی کە هەموو کوردستانی گرتبۆوە و خومێینی نەیدەتوانی بە ڕێگای سیاسی و لێک تێگەیشتنەوە ئەو پرسە چارەسەربکا. هەربۆیە بەخێرای بڕیاری بەهێزەکانیدا پەلاماری کوردستان بدەن و و داگیری بکەنەوە و لە دەستی هێزی پێشمەرگەی دەربێنن. داگیرکردنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ ڕێژیمی ئەوسای خومێینی بەنرخێکی گرانتەواوبوو و چاوەڕوانی ئەوەنەبوون کە خەڵکی کوردستان بەو شێوە ئازایەتیەوە پارێزگاری لە خاکی خۆی دەکات. دکتۆر قاسملوو لە مەیدانی سیاسی و دیپلۆماسی دا تەنگی بە حکوومەتی ئاخوندی ئێران هەڵچنیبوو و سیمای ئەو ڕێژیمەی وەک خۆی بە بیروڕای گشتی دونیا ناساند کە ڕێژیمیکی دیکتاتۆرە کە هەموو پێوەر و بەهامرۆڤیەکانی پێشێلکردەو و نیزامێکی بەتەواوی ناتەبایە لە گەڵ روحی دێمۆکڕاسی سیاسی و حوکمڕانی ڕەها. خومێینی و هاوبیرانی لەسەر ئەوەی کۆک و یەک دەنگبووون کە دژایەتی فرە ڕەهەندی سیاسی و نەتەوەی لە ئێراندا بکەن و، پرسی نەتەوەی بە هێند وەرنەگرن و بەلایانەوە بابەتێکی نیو خۆی و زۆر پچووک و کەمڕەنگە لە ئێراندا تەماشای بکەن.

بەهۆی وشیاری سیاسی و خوێندنەوەی دروستی دکتۆر قاسملوو لەسەر هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران، بەخێرای لەو ڕاستیە گەیشت کە کاربەدەستانی ئێران لایەنی تاکتیکیان لە ناردنی وەفدی دانوسانکار بۆ کوردستان بەمەبەستی چارەسەرکردنی پرسی کورد دیاری کردوە و نیوبەنیوە دەنێرنەکوردستان بۆ ئەوەی کات بەفیڕۆبدەن و کات بەدەست بێنن بۆ ئەوەی خۆیان بەهێز بکەن ئەوجا پەلاماری کوردستان بدەنەوە. دیارە بەکردەوەش ڕێژیم هەر ئەو کارەیکردو شەڕی بەدژی کورد ڕاگەیاند. دواجاریش خومێینی بڕیاری جیهادی بە دژی گەلی کورد دەرکرد و خوێنی ڕۆڵەکانی کوردیان بە حەڵاڵ بۆ خۆیان دانا و لە ڕێگایەوە زیانی زۆر گەورەیان بە خەڵکی کوردستان گەیاند.

بەکردەوەش حیزب و ڕێبەری شەهید ئەو ڕیگای هەڵبژارد کە پارێزگاری بە شێوەیەکی مرۆڤدۆستانە لە خەڵک و نیشتیمانەکەی دەکات و بەهەق هێزی پێشمەرگە تا کۆتای خەباتی چەکداری، کوردستانی کەردە گۆڕستان بۆ نەیاران و دوژمنانی گەل و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئیران. دکتۆر قاسملوو زۆر وشیارانە تێڕوانینی خۆی لەسەر ڕێژیمی

تازەبەدەسەڵات گەیشتووی وڵات خستبوو پێش چاو و ئاسۆی چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی کورد و مەلەسە بنەڕەتیەکانی تری بەلێلی پێشبینی کردبوون و لەو بڕوایەدابوو کاربەدەستانی تاران نیازی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی قەیرانەکانی وڵاتیانیه.

ڕەنگە زۆر کەس ئەوە بپرسێت کە بۆچی ئێمە تیشکەمان خستۆتە سەر لاپەڕەکانی ژیانی گەورە پیاوی مێژووی نوێی گەلەکەمان د.قاسملوو. دیارە هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کە لە پێناو ڕزگاری کوردستاندا فیداکاریانکردوە و تێکۆشاون جێگای ڕێزو شکۆی بەرزن، چ ئەوانەی لە ژیانداماون یان گیانیخۆیان فیدای ئاوات و ئامانجی سیاسی گەلی کورد کردوە.

من بەشەخسی خۆم لەو بڕوایەدام کە ئێمە کەمان لەسەر ڕۆڵی دکتۆر قاسملوو گووتووە و نووسیوە و وەک تاکێک کە شانازی ئەوەم هەبووە لە ژێر ڕێبەری دکتۆر قاسملوو لە نێو حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران دا "فێری ئالف و بێی ژیانی سیاسی و تەشکیلاتی بم. کۆمەڵێک لە بیرو فیکری وەبیربخەینەوە.

قاسملوو بە هێمای خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی لە کوردستان ناوبانگی دەرکرد. دەبینین پاش ئاوابوونی ئەستێرەی گەشی تەمەنی، جووڵانەوەی سیاسی و نەتەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن وەک "هەتیوانی بەسەر هاتووە و کەس حیساب بۆ هێز و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناکا و ناخرێنە نێو حیسابات‌ی سیاسیەوە".

"بینیمان ئەو کۆبوونەوە و دانیشتنەنانەی سەبارەت بە گۆنگرەی نەتەوەی پێک دەهاتن لە کوردستان، چەندەیان حیساب بۆ ئەو هێزەسیاسیانەی ڕۆژهەڵات کراو وەک ئەوەی لە دابەشکردنی دەسەڵات و کۆرسیەکاندا، خێریان لە بەشی خۆیان پێ ببەخشن".

دکتۆر قاسملوو بەکردەوە شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەجۆرێکی ئەوتۆ بەهێزکردبوو، کەس نەبوو حیسابی لەسەر ناکا و بەهەوڵە سیاسی و دیپلۆماسیەکانیەوە تـوانی مەسەلەی کورد بە دونیا بناسێنێ و هێزە گەورە و بەنفوزەکانی گێتیش بە چاوی ڕێزەوە خوێندنەوەی بارودۆخی سیاسی کوردستان بکەن، کە حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بەڕێبەری دکتۆر قاسملوو کردبووی بە سەنگەری خۆڕاگری و دیمۆکڕاسیخوازی. دکتۆر قاسملوو بناخەی خەباتە سیاسی لە کوردستان لەسەر فیکری بەرژەوەندی نەتەوەیی داڕشت و گەلی کوردی بە مووستە هەقی بەڕێوەبردنی چارەنووسی سیاسی و بەشیاوی حوکمڕانی و ئیداری کوردستانی ناساند و لە ئاستی دەرەوەشدا ئەو بەرچاو ڕوونیەی دروستکرد کە ئێستا کێشەی سیاسی کورد پێناوەتە قۆناخێکی زۆر هەستیار وچارەنووسار.

ئەو زلهێزانەی تادوێنی بەهۆی بوونی سامانی سروشتی بەنرخ لە کوردستاندا و بەتایبەت شکبەردنی نەوت، کوردستانیان بەسەر قەڵەمڕەوی سیاسییاندابەش دەکرد، ئەمڕۆ پشتیووانی لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ بەندەرەکانی جیهانی و هەتا وەک ڕابردوو سەبارەت بە مەسەلەی کورد بیرناکەنەوە و ئەمڕۆ بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و بازرگانیان وائیجابدەکات پشتیووانی لە خواستی گەلی کورد بکەن. دیارە ئەو پشتیووانیە سیاسی و ئابوورییە بەتەواوی سنووری وڵاتانی نەبڕیوە کە کوردستانیان داگیر کردوە و ڕێژیمی ئاخوندی ئێران پاش ڕووداوەکانی ئەو دوایانەی عێراق بەتەواوی توشی سەخڵەتی بووە و نیگەرانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانن و بەئاشکراش ئەوەیان دەربڕیوە کە ئەوان نەیاری دەوڵەتی کوردی دەکەن لە ناوچەکەدا.

دەگووترێ دکتۆر قاسملوو بەبێ ئیزنی ڕێبەری وتووێژی ڕێکخستووە!

وتاری: ٧

بەداخەوە ئێستایش زۆر کەس هەیە ئارەزوو ناکەن، هەتا گوێ لەو باس و وتارەنە بگرن کە پەیوەندیان بە دکتۆر قاسملوو هەیە و یان نووسراوەکانی ئەو پیاوە بخوێننەوە. نازانم بۆچی هێندێک کەس کە ڕەنگە ژمارەیان یەکجار زۆر کەم بێت هەڵوێستێکی هاو شێوەیان هەبێ لە کوردستان و هەتا چاویان لێکۆڵینەوە زانستی و سیاسی و مێژوویەکانی نەبین و بەشتی سادە و بەسەرچوویان دابنێن. ئەو دەستەیە هەتا بۆیان بکرێ هەوڵدەدەن لە گەورەی ڕۆڵی دکتۆر قاسملوو کەمبکەنەوە و بڵێن کە ڕێبەرێکی کاریزمای سیاسی و شۆڕشگێری کورد نەبووە کە حیزبی دیمۆکرات پێدا هەڵدەدات.

دیارە ئەو کەسانەی بە چاوی ڕەخنەوە دەروانە خەباتی سیاسی حیزب و ژیان و تێکۆشانی دکتۆر قاسملوو، جێگای خۆییەتی سپاسیان بکرێ و لە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەکانیان ورد بینەوە.

بەڵام بەمەرجێک کە هەڵسەنگاندنەکە بێلایەنانە بێ و هەستی دەمارگیری پێوە دیار نەبێت و بە چاویلکەی ڕەشەوە سەیری ڕابردووی سیاسی هیچکام لە تێکۆشەرانی گەلی کورد نەکرێ.

ڕووداوەکان وەک خۆیان جووڵەیان پێبکرێ و کارێک نەکەین خۆمان شەرمەزاری مێژووی سیاسی ڕۆژهەلاتی کوردستان بکەین. تازە مەحاڵە لە کوردستان دکتۆر قاسملوو دروست بێتەوە و توانای ئەو ڕۆڵگێڕینەی هەبێ و بزووتنەوەی کورد گەشەپێبدات و کۆدەنگی نێونەتەوەی بۆ بەدەست بێنێت.

زۆر کەس بە چاوی ڕەخنەگرانەوە سەیری رەوتی دیالۆگی ڕێبەری و بەتایبەت دکتۆر قاسملوو لەگەڵ ڕێژیمی ئاخوندی ئێران دێنە گۆڕێ و لەو بڕوایەدان کە ئەو ئەزموونە سیاسی و مێژوویەی دکتۆر قاسملوو لە سەر جووڵانەوەی سیاسی کوردی هەبووە و، ئەو ئاشنایەتیەی لەسەر فرت و فێڵی دوژمنانی کورد بەدەستی هێنابوو، نەدەبوو بەو شێوە ساکاریەوە لەگەڵیاندا بکەوێتە گفتووگۆی سیاسی. بەشداری خۆی لە دانیشتنەکانی لە گەڵ وەفدی بەناو دانوسانکاری ڕێژیم، کاری دیپلۆمات تیرۆریستەکانی ڕێژیمی ئاخوندی ئیرانی ئاسانتر لەوەی کرد، کە کاربەدەستانی پشتی ئەو پیلان گێڕیە خۆشیان

چاوەڕوانی نەبوون.

بێگوومان ئەوە گلەی هەموو دڵسۆزانی حیزب و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو پەیوەنیەدا دەکرێ.

زۆر جار ئەوە بیستراوە کە گوایە دکتۆر قاسملوو بەبێ ئیزنی ڕێبەری ئەو وتووێژی ڕێکخستووە یان لەو پەیوەندیەدا سەرنج و بیروڕای ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بە هێند وەرنەگرتووە کاتیک ئەو باسە هاتۆتەگۆڕێ.

کەس بەوشتە باوەڕناکات کە دکتۆر قاسملووی دیمۆکڕات و دیمۆکڕاسیخواز، بیروڕای هاوڕێیانی لەبەر چاونەگرتبێت لەسەر مەسەلەیەکی ئەو تۆ گرینگ و هەستیار.

بەڵکوو ئەندامانی ڕێبەری ویناچێت لە سەر یەک خاڵ و نووختەش نەزەری مووخالیفیان لەوبارەوە هەبووبێت و، یان بە شکلێک نارەزایەتیان

نیشاندابێ و بە جێگای دکتۆر قاسملوو ئەندامێکی تری ڕێبەری لە جیاتی سکرتیرێ گشتی حیزب بۆ گفتوو گۆی سیاسی پێشنیارکرابێ لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی حدکاوە و د.قاسملوو بەتەنیا ڕەدی کردبێتەوە و پشتیکردبێتە ئیرادەی گشتیەوە. ئەو جار وتوویژ لە گەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئەسلێک بوو لە تێکۆشانی سیاسی حیزب بۆ گەیشتن بەمافی ڕەوای گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێراند.

کاتێک دوژمن لات لێدەکاتەوە و داوای وتوویژ دەکات، هۆکارێکنیە کە ڕەدبکرێتەوە، بەڵام حیزب دەبوو باشتر بیری لە مەسەلەی ئەمنیەتی کردبایەوە و لانی کەم دکتۆر قاسملوو خۆی لە وەڤدەکەدا نەبوایە.

ئەوەی ڕاستی بێت تا ئێستایش کەس دەنگی سەبارەت بە بەشداری دکتۆر قاسملوو لە وتوویژی ئاشتی لە گەڵ نوێنەرە تیرۆریستەکانی ڕێژیمی ئاخوندی لێوە ناهاتووە و کەس سەرەداوی ئەو باسە بۆ بیروڕای گشتی خەڵکی کوردستانی نەکردۆتەوە و ئەو بابەتە هەروا بەشاراوەی ماوەتەوە. بەڵام ئەوەی سەرنجی بژاردە و دڵسۆزانی بزووتنەوەی نیشتیمانی خەڵکی کوردستانی بە درێژای مێژووی شەهید کردنی ڕێبەری جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە لایخۆیدا ڕاکێشاوە. باسی هۆکار و بەدوادانەچوونی کەیسەکەیەتی؟، یان دەگووترێ بۆچی دکتۆر قاسملوو خۆی چوو بەشداری

کۆبوونەوە بکات لە گەڵ نوێنەرانی ڕێژیمدا، بێئەوەی داموودەزگای ئەمنیەتی ئوتریش لەو بارەوە ئاگاداربکرێنەوە و دڵنیایی ئەمنیەتی هەبێت؟.

ئەو کات کەمکەس هەبووە بەوێری ئەوەبکات قسە لە قسەی دکتۆر قاسملوو بکات، ئەویش بەوهۆیەوە نەبووە کە دیکتاتۆرانە هەڵسوکەوتی کردبێ و مەجالی ڕادەربڕین نەبووبێ.

بەڵکوو لەبەر ئەوەی کاتی وتوویژ و شیکردنەوەی مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، قاسملوو توانایەکی بێوێنەی ڕازیکردنی لایەنی بەرانبەری خۆی هەبووە و، هەتا ئەگەر ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبیش بوون، ئەو زۆر بەوردی دەچۆناخی مەسەلەکان و خەڵک بەباشی لێی تێدەگەیشتن و زمانی ڕازیکردنی گەڵێک پاراو و بەهێز لە زانست و سیاسەتبوو.

بەداخەوە ئەو کات ئەو کولتووره سیاسیه زاڵببوو بەسەر جوومگەکانی بڕیاردانی حیزبدا کە بوێری ڕادەربڕین زۆر لاوازبووە، "ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی وشیاری سیاسی و تەشکیلاتی ئەندامانی حیزب و ئەندامانی ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە".

بەئاشکرا دیارە کە جیاوازی وشیاری سیاسی گەڵێک زۆربووە لە نێوان ڕێبەری حیزب و دکتۆر قاسملووی نەمردا. کاتێکیش پرسی وتوویژ لە گەڵ ڕێژیم هاتۆتەگۆڕێ هەموو لایەک پشتیووانی هەڵوێستی سیاسی سکرتێریانکردوە و هیچ کەس نەبووە باسی مەترسی ئەو دانیشتنە لە گەڵ وەفدی دانووستانکاری کاربەدەستانی ڕێژیم بکات، بە شەخسی دکتۆر قاسملوویشەوە. چوونکی ئەو کات خوێندنەوە و تێڕوانینی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە شێوەیەکی تر لایەنی ڕێژیمی هەڵسەنگاندبوو و، هەنگاوی ئاشتانەی ڕێژیمی بەوجۆرە نەدەبینی کە ئامانجیان لە نێوبردنی دکتۆر قاسملوو بێ.

دیارە زۆر بەی سیاسیەکانی کوردستان و ئێران پێیان وابوو حکوومەتی ئێران پاش شەڕی ٨ ساڵەی لە گەڵ ئێراقدا و مردنی خومێینی، بەرنامەی هێوەرکردنی بارودۆخی سیاسی وڵاتیان هەبێ و لە شەڕو کاولکاری بێزاربوونە و دیان هەوێت ئاڵوگۆڕ بەسەر وڵاتدابێ و مافی سیاسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا بسەلمێنن.

بەداخەوە ئەوەی ڕێبەرانی نیزام لە پشتی پەردەدا خۆیان بۆ مەڵاسدابوو، پیلانی تیرۆری سیاسی لەنێوبردنی گرینگترین پیاوی مێژووی کوردستان قاسملوویان داڕشتبوو کە تێدا سەرکوتن و لە سەر ڕێگای خۆیان لایاندا و بە جۆرە گەورەترین زەربەیان بە حیزب و شۆڕشی خەڵکی کوردستان گەیاند.

سەرچاوە
Serchawe

دکتۆر قاسملووی به مرۆڤێکی پتەو و قایم له بڕیاردەرکردن ناسرابوو.

وتاری: ٨

ئەو کات دکتۆر قاسملوو ئەرکی گرینگی ڕێبەری حیزبی دیمۆکراتی لەسەرشان بوو و بەکردەوە شۆڕشی بەرەوگەشەکردن دەبردەپێش، کاربەدەستانی ئێران به گەورەترین مەترسی سیاسی و ئەمنی له سەر مانەوەی حکوومەتەکەیان دەزانی و هەربۆیە ئاخوندەکان دەستیان به جێبەجێکردنی تیرۆری سیاسی بەدژی موخالیفانیان له نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بەشێوەی بەربڵاو خستە دەستووری کاریان. بەو جۆرە کەسە گرینگ و مێژوویەکانیان کردە ئامانجی تیرۆرکردن. دکتۆر قاسملووش بێگوومان بەگرینگترین له مرۆڤە تێکۆشەر و هەڵەوکاتەشدا نیاری ڕێژیم له قەڵەمدەدرا له ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا.

زۆربەی هێزو لایەنە ڕەکەبەرەکانی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران لەسەر ئەوڕایە کۆکبوون و، دکتۆر قاسملوویان به کەسێکی پتەو و قایم له بڕیاردان و دیاریکردنی ستراتیژی و تاکتیکی بەرەنگاربوونەوە، بەدژی حکوومەتی ناوەندی تاران ناودەبرد و به هەستیاریەوە چاوەڕوانی هەنگاوەکانیان دەکرد.

بەڵام ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی بەڕێوەبردنی حیزب، پەیرەوی له چەمکی دیمۆکراسی کردوە و هەرگیز ڕێگای نەداوە دەستە و تاقمێک لەبەرژەوەندی تایبەتییاندا بزووتنەوەی سیاسی کورد بەرێچکەی ناروونیدا بەرن و هەڵویستی پێچەوانەیان هەبێ و سیاسەتی دژی کورد و بزووتنەوەی نیشتیمانی له نێو ڕیزەکانی حیزبدا بگرنەبەر.

چۆن بۆ هیندیەکان "ماتماگاندی" به هێمای ڕزگاری گەلی هیندوستان دەژمێردرێ و شوێنی بەرچاوی لەسەر مێژووی سیاسی و سەربەخۆی ئەو وڵاتە بەجێهێشتووە و هەروەها" نیلسۆن ماندیلایش" بەنموونەی کۆتای هێنان به سیاسەتی نژادپەرستی و دابینکردنی ژیانی شارستانی و جێگیرکردنی بناماکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئاشتی نیشتیمانی و دابینکردنی دیمۆکراسی سەیر دەکرێ و هەموو لایەک بەڕێزەوە ئاوڕ له مێژووی سیاسیان دەدەنەوە و وەک مرۆڤی بلیمەت و گرینگی وڵات دەناسرێن. کوردیش ئەو مرۆڤە جوامێر و گەورانەی زۆرن که مێژوو بەشانازیەوە ناوی تۆمارکردوون و قاسملووش یەکێکە لەو ڕێبەرانەی کوردە که ناونیشانی بەگەشاوی دەمێنێتەوە.

دکتۆر قاسملوو بەبڕوای زۆر بەی دانیشتووانی کوردستان هیچی لە ناودارانی گەورەی گێتی کەمتر نیە و ئەویش شایانی ڕێزی زۆر بەرزە و بێگوومان ئەو پیاوە مێژوویەکی گرینگ و پڕشەنگداری سیاسی لە ژیان و خەباتی خۆیدا تۆمارکردوە و خەڵکی کوردستان بە شکۆوە هەڵسەنگاندنی ژیانی سیاسی و چەمکە فیکریەکانی دەکەن و هزرەکانی بوونە بە هەوێنی خەباتێکی نوێ و درێژخایەن لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا.

ئەوەی لە نێوکورد دا تائێرە بە هەژاری ماوەتە بابەتی ڕێبەری نەتەوەییە لە نێو گەلی کورد دا." لەوپەیوەندییەدا وەک پێویست لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ئەو بابەتە نەکراوە و زۆر لایەنی ئەو مەسەلەیە لێکدانەوەی لەسەر ئەنجامنەدراوە لە کوردستاندا".

کورد لە داوێنی جوولانەوەی سیاسییەکەیدا زۆر ڕێبەری کارێزمای پێگەیاندوە کە بەگوێرەی قۆناخی سیاسی و کۆمەڵایەتی شۆڕش، شوێنیان لەسەر خەڵکی کوردستان داناوە وبەشێوەی گشتی وشیاری سیاسی و نەتەوەیی بەدوایخۆیدا هێناوە.

ئایا هەموو ئەو تێکۆشەرانەی خەباتیان کردوە و ئەرکی ڕێبەری شۆڕشیان لەسەر شان بووە، دەکرێ وەک ڕێبەری نەتەوەیی بناسرێن یان پێویستە ئەو باسە پێناسە بکرێت"؟ زۆر گرینگە ئێمەی کورد بەرلەهەر شتێک و بە شێوەی زانستی لەسەر وشەی ڕێبەر، لێکدانەوە ئەنجامبدەین و لە ئاکامی ئەو هەڵسەنگاندنەدا، بزانین بە چ کەسێک دەگوترێ ڕێبەر لە نێو کورددا.

لەوبارەوە هیچ میعیارو پێوانەیەک دیاری نەکراوە و "یاسایەکی زانستی نابینی کە هاوسەنگی ئەو مەسەلەیە لە سەر سیاسیەکانی کورد" بسەلمێنێت.

ڕێبەر بەو مرۆڤە سیاسی و تێکۆشەرە دەگۆترێت کە لە ئاستە جیا جیاکانی ژیان دا ڕۆڵی بینیووە و بەردەوام هەوڵیداوە ڕۆشبنیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە نێو چین و توێژەگەلیەکانی کۆمەڵگادا بلاو بکاتەوە بۆ ئەوەی بیروڕاو سەرنجیان بە لای خەباتدا ڕابکێشێ.

ئەوەی پەیوەندی بە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، دەبێت ڕێبەر شارەزی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری وڵاتەکەی بێ و زۆر بەرچاوروونانە بیروباوەڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی حیزبەکەی بلاوبکاتەوە و لە ئاستی تێگەیشتنی خەڵکەکەی تێبگات و ئامانجەکانی شۆڕش ڕەنگدانەوەی داخوازی گەل بێت و بەردەوام

سەرچاوە
Serchawe

هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندی پتەو بە هێزدابێت لە نێوان ڕێکخراوەی سیاسی و خەڵکدا.

دەمێکە گوێ بیسی وشەی ڕێبەر یان بەواتایەکی تر "ڕێبەری نەتەوەیی" یان ڕەمزی نەتەوین لە سەر کەسایەتیە وڵات پارێزو نیشتیمانپەروەرانی کورد کە هەر یەکەو لە قۆناخی میژووی دیاریکراودا خەباتی کردوە و ڕۆڵی گرینگی لە سەر بووژانەوە و بە هێزکردنی هەستی نەتەوایەتی لە نێو خەڵکی کوردستاندا بینیوە.

ئەوەی لە سەر کورد نووسراوە و بناخەی مێژووی لەسەر بیناکراوە لە مێژووی کۆندا، زۆر بەکەمی کورد لەسەرخۆی نووسیووە بەهۆی ستەمی سیاسی و هەژاری کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری گەلی کوردەوە.

ئەو دەست نووس و پەرتوکانەنەیش کە دۆستانی بێگانەی کورد یان دوژمنانی گەلی کورد تۆماریانکردوە، وەک بناخەی مێژووی و هێندێک جاریش وەک سەرچاوەی مێژووی ئاوڕیان لێدەدرێتەوە و کاریان پێدەکرێ لە کوردستاندا.

زۆر بەی مێژوونووسان تیشکیان خستۆتەسەر ئەو بابەتەی کە هەڵوێستی میرنشینێک یان سەرۆکی ڕاپەڕینێک ئەوەندەی خزمەتی بە داگیرکەرانی کورد گەیاندوە، بەداخەوە ئەو خزمەتەی بە کێشەی سیاسی کورد نەکردوە.

هەربۆیە ناکرێت هەموو "سەرچاوە مێژوویەکان بە ملکی نیشتیمانی دابنرێن و ئەو ڕووداوەکانەش کە ڕوویانداوە لەڕاستیەوە نیزیک بن و کورد بە ملکی خۆیان بزانێت".

زۆرجاران بەئاشکرا ڕووداوە سیاسی و مێژوویەکان بە قازانجی نەیارانی کورد شوێنراون و بەئانقەست نێوەرۆکی مەسەلەکان گۆڕدراوە بۆ ئەوەی سیمای کورد و ڕاپەڕینەکانی ناشیرین نیشانبدەن.

دیارە وەک هێز، هەموو لایەنێکی کورد مافی بێ ئەملاو ئەولاییەتی کە بە ئارەزوی ڕێکخراوەکەی وەسفی کەسی یەکەمیبکات و بەرزی بکاتە و بەرەولوتکەی بەرێت.

هەر وەک چۆن لە هەموو گۆشەو کەنارێکی گێتیدا زۆر کەس هەوڵیداوە و هەوڵدەدات ئەو ڕێگایە تاقیبکاتەوە و خۆی وەک مرۆڤێکی ناودار نیشانبدا، بەلام مێژوو نووسان ئەو ڕۆڵەیان پێڕەوا نەبینیووە و نەبووە بە ناوداری وڵاتەکەی.

نووسینی: محەممەد سلێمانی

بەداخەوە لە بارودۆخی ئێستادا دەبینین مێژووی سیاسی و ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەریکە دەخرێتە پەراوێز و هەتا حیساب بۆ حیزب و هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکانیشی ناکرێ. گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام لە شۆڕش و بەرخۆداندا پێشەنگ و داهێنەری بزووتنەوە و چەمکی نوێی ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەییبووە و ڕێبەرانی وەک و پێشەوا و دکتۆر قاسملوو توانیان فیکری سیاسی و نەتەوەیی بخەنە سەر ئەو ڕێچکە مۆدێرن و دیمۆکڕاتیکە کە کورد ئێستایش شانازی بەو داهێنانە دەکات و جەوهەری داخوازییە سیاسی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان بۆ ئەو سەردەمانە دەگەڕێنەوە.

هەرچەندە هەموو جووڵانەوەکان بەرین و گەورە نەبوون، بەڵام بێگوومان شوێنییان لەسەر ئاستی وشیاری سیاسی خەڵک هەبووە و گرینگیان هەیە و هەر بەگرینگیش لە مێژوودا دەمێننەوە و قسە لە سەر گەورەیی و بچووکی جووڵانەوەکە نیە، بەڵکو مەسەلەکە پەیوەندی بە بیریاری و فیکری ڕێبەرەی شۆڕشەکەوە هەیە.

هێندێک لە شۆڕشەکان لەرووی تەرکیبی کۆمەڵایەتیەوە کرچووکاڵییان لە رووی پێک هاتە و بەڕێوەبردنەوە پێوەدیاربووە و لەلایەن سەرۆک خێڵ یان ڕێبەرێکی سیاسی و ئاینییەوە سەرۆکایەتی کراون ژیانی ڕێکخراوەی لە کوردستان ئەوەندە، ڕێکخراو تۆکمە و ڕێکخراو نەکرابوو. پێش لە دایکبوونی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەسەر دەستی پێشەوا و کۆمەڵێک تێکۆشەرو ڕوناکبیری شاری مەهاباد لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی.

هەربۆیەش دکتۆر قاسملوو لە پێشەکی چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادیدا لەسەر حیزب و دامەزرانی بەزەرورەتێکی سیاسی و مێژووی دادەنێت و دەڵێت: دامەزراندنی حیزبی دیمۆکرات لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی بە سەرەتای نوختە گۆڕانێکی گرینگ و مێژووی لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەی ئەژمار دەکا و هەروەها لە درێژەی لێکدانەوەکەیدا دەڵێت: لە مێژوودا ئەوە یەکەمجارە خەڵکی کوردستان خاوەنی حیزبێکی مۆدێرن و پێشڕەوی سیاسی وەک حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دەبێ.
قاسملوو شوێنی دیار و قوڵی لەسەر خەڵک و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە جێهێشتووە و لە ماوەی تێکۆشانی سیاسیدا توانی پشتیووانی بەربڵاوی خەڵک بۆ لای خەباتی ئازادیخوازی ڕابکێشێ و بەو جۆرە وەرچەرخانی گەورەی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا پێک هێنا.

قاسملوو لە داهێنانی چەمکە فیکرییەکاندا زۆر چالاکبووە!

وتاری: ٩

مێژووی سیاسی گەلانی پێشکەتووی دونیا ئەو ڕێبەر و بیریارانەیان بەلاوە گرینگ و گەورەن کە هاوشێوەی دکتۆر قاسملوو لە قۆناخە جیا جیاکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا خزمەتی بەربڵاویان بە خاک و وڵاتەکەیانکردووە و توانا ڕۆشنبیریەکانیان تەرخانی ئەو ڕێچکە نەتەوەیە کردوە و هۆکار بوون بۆ وشیاری سیاسی.

لە مەیدانی داهێنانی چەمکە فیکرییەکاندا زۆر چالاکانە تێکۆشاون و هیچ هێزێک کە دژی بیری ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی وەستاونەتەوە، توانەی ئەوەیاننەبووە لە کردە سیاسی و ڕۆشنبیریەکانیان ساردیانبکەنەوە ولە ژێر فشاردا پشتیان پێبکەنە هزری نوێ کە باوەڕیان پێهێناوە،لە پێناو گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەروەها گۆڕینی بنماکانی بەڕێوەبرن و ڕیفۆرمی گشتگیردا.

بێگوومان دکتۆر قاسملوویش هەروەک ئەوان ژیا و لە پێناوی ئازادی گەلەکەییدا گیانی فیداکرد و بیرمەندێکی مەزن لە قۆناخێکی گرینگی مێژووی جووڵانەوەی گەلی کورد بە تەنیای سەری لە کوردستان هەڵدا و، بەو پەڕی سەداقەتەوە خەباتی کردو هەموو تواناکانی خۆی و حیزبی دیمۆکراتی خستبۆوەگڕ بۆئەوەی گەلەکەی بە ئامانجی سیاسی و نەتەوەیی بگەیەنێت. هەرلەوکاتەیشدا بە سەربەرزی ڕەوتی ژیانی سیاسی خۆی تێپەڕاند و ئێستایش بیروباوەڕەکانی وەک هێزێکی گەورە سێبەریان بەسەر هەلومەرجی سیاسی وڵاتدا ماوە و بووە بەنموونەی مرۆڤێکی ئاشتیخواز و دیمۆکرات لە ئاستی گێتیدا.

کاتێک مرۆڤ سەیری توێژینەوەی زانستی و مێژووی لە نێو گەلانی دونیادا دەکات کە لە بارەی بیرمەندان و ڕێبەرانی فیکری فەلسەفەی سیاسی لە قۆناخی ڕۆشنگەری و، لە دەورانی شۆڕشی ڕێنسانسدا لە سەری ئەنجامدراوە و هزرو فیکریان وەک خۆی و ئەو ڕۆڵە ڕۆشنبیریەی کەبویانە باسکراوە و بە خەیاڵ سیمای سیاسی لە هیچ کەسێک دروست نەکراوە و وەک خۆی لە مێژووی سیاسی وڵاتەکەیدا ڕەنگیداوەتەوە. ڕەنگە جارێ هێشتا زۆر زووبێ کورد کە لەسەر ئەو پێوەرە توێژینەوەی مێژووی ئەنجامبدات و لایەنی کۆمەڵایەتی و حزوری زەینی لەسەر ڕووداوەکان بە گوێرەی ئیمکان بکاتە هەوێنی

لێکۆڵینەوەکانی.

هەر لەوپەیوەندییەشدا باس لەو زەمانە دیرۆکیەکراوە کە ناوداران رۆڵیان بینیووە لە نێو گەل و ئەو شوێنەوارەی کە لە پاشخۆیان بەجێیان هێشتووە. لەسەردەمیکۆندا فیلیسوفان بەهۆی فیکرو باوەڕی قوڵیانەوە، دەسەڵاتی کلیسا و مسیحیەتیان بەتەواوی خستەبۆوە مەترسیەوە و ئەو بەرچاو روونیەیان لە لای خەڵک دورستکردبوو بەرێگای هەڵسەنگاندن و رەخنەگرتن لەسەر شێوەی ئیدارەکردن و دامەزراندنی نەوحێک سیستم کە هەموو کۆمەڵگا و دانیشتووانی وڵات مافیان تێدا رەچاو نەکرابوو.

بەشێک لە سەرکردە ناودارەکانی گێتی لە پێناو بیروباوەڕەکانیادا وەک "سووقەرات" ژەهرخۆرکران. بەڵام بۆپاراستنی گیانیخۆی هەرگیز ئامادەنەبوو، پشت بکاتە بیرو هزری فەلسەی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەی کە تێیدا پەیامی ریفۆرمی لەسەر شێوەی حوکمڕانی لە نێو لاوان و خوێندکارانی وڵاتەکەییدا(یۆنانی کۆن) دا بڵاودەکردەوە و بێگوومان کاریگەری باشی لەسەر رەوتی ژیان دەنا و رێۆشوێنی خەباتێکی مەدەنیانەی هێنا ئاراوە.

بەڵام لە کردەوە فیکریەکانی پەشیمان نەبوو و هەتا گیانی سپارد، پارێزگاری بیرکردنەوە و تێڕوانی خۆی لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی "یونانی کۆن"ی بە ئاڕاستەی گۆڕانکاریداکرد.

"رێبەری ڕاستە قینە دەبێت لە ژیانی سیاسی دا بە جۆرێک هەڵسوکەتی کردبێ، بە هۆی کردەوەیەکی سیاسی و بریارێکی ناشیاو دەسکەوتە فیکری و ئامانجەکانی خۆی نە کردبێتە پاشکۆی ڕووداوەکان و بەردەوام پاڵنەرو هێزی بزوێنەری خۆی نیشاندابێ".

ئەو سیفەتە بەرزە بەتەواوی ئاوێتەی ژیانی دکتۆر قاسملوو ببوو، ئەو مرۆڤە گەورەیە دژی هەلپەرستی و خۆبەزلزانین بوو لە نێو حیزب و رێکخراوە مەدەنیەکانی نیزیک لە حیزب. ئەو پێیوابوو گەورەی ئەو و ئەندامانی رێبەری حیزب، هەر بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە و لەرووی کەسایەتیەوە قەرزداری حیزبن. بەڕاستی دکتۆر قاسملوو بە فیکر و هزری شیاوی، حیزبی دیمۆکراتی گەشەپێدا و خستیە سەر رێچکەی دروستیخۆی و ئەو حیزبەی بە جۆرێکی ئەوتۆبەهێزکرد کەلە ماوەیەکی زۆرکورتدا،توانی شوێنی گرینگی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە سەر رووداوەکانی ئێران و کوردستان دابنێت.

دکتۆر قاسملوو نموونەی رێبەرێکی نیشتیمانی گەورە لە کوردستان بوو کە لە هەموو "ڕوویەکەوە خزمەتی بە دۆخی سیاسی

کورد دەکرد و هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە سەر بنەمای دروستی خۆی هەڵدەسەنگاند و، بەهەڵە فیکری کۆمەڵگای دانەڕشت و لە زۆر بواری جیا جیای ژیاندا، ڕێچکەی دروستی ژیانی شارستانی و سەردەمیانەی داهێنا و باوەڕی بەداد پەروەری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە تەواویەتی خۆیدا هەبوو و دژی هەموو جۆرە هەڵاواردنێکی فیکری و کۆمەڵایەتی دەوەستایەوە.

بەدرێژای ژیانی هەوڵیدەدا بەرنامەی سیاسی ئەوتۆ بێنێتە نێو دەسەڵاتی ولات کە هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی قازانجی پێبگات و هەروەها هەست بە هەبوون و پێگەی خۆیبکا و کەس نەخرێتە پەراوێزەوە و لایەنگری یەکرێزی گەلی کوردی بۆ ئازادی دەکرد.

دکتۆر قسملوو لەسەردەمی شۆڕش بەدژی ڕێژیمی ئێران، بڕاردە و ڕۆشنبیرانی ئازادیخوازی کوردی هاندەدا بۆ ئەوەی بایخی بارچاوتر بە وشیاری سیاسی و هزری نەتەوەیی لە کوردستان بدەن و ڕێوشوێنی گونجاو نیشانی خەڵک بدەن.

ڕێبەری نەتەوەی لە مێژووی سیاسی گەلاندا بە مرۆڤێک دەگوترێت کە خزمەتی سیاسی و نەتەتەوەیی بە وڵاتەکەی گەیاندبێت و هەرگیز پشتی لە خەڵکی وڵاتەکەی نەکردبێت و بەردەوام تێکۆشابێ بۆ ئەوەی گەلەکەی بە ئازادی بگەیەنێت و هەر لەو کاتەیشدا خەیانەتی سیاسی و نیشتیمانی لە سەر ژیانی تۆمارنەکرابێ و، بە هۆی کەمترخەمیەوە زیانی بەجووڵانەوەیە نەگەیاندبێ کە ئەرکی ڕێبەری لەسەر شانبووە.

لە ئێستادا بارودۆخی سیاسی دونیا و ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بەجۆرێکی ئەتۆ گۆڕانکاری بەخۆیەوەبینیوە کە لە بەرژەوەندی کێشەی سیاسی و نەتەوایەتی گەلی کورددایە و، کاتێک مەسعود بارزانی سەردانی وڵاتانی دەرەوەیی هەرێمی کوردستان دەکات وەک سەرۆکی دەوڵەتێکی سەربەخۆ مامەلەی لەگەڵدادەکرێ و لە ئاستی بەرزدا دیدارو گفتوگۆی سیاسی لە گەڵدا دەکرێ.

ڕیبەری نەتەوەی دەڵێت ماف نادرێ، دەبێت بیستێنی!

وتاری: ١٠

ئەو قۆناخە سیاسی و مێژوویە تەقلیدی و سوننتیە بەسەر چوو کە سۆڤێتیەکان لە هەشتاکاندا و لەسەردەمی دونیای دووجەمسەریداهەوڵیاندەدا بە شێوەیەک چاویان بە دکتۆر قاسملوو بکەوی و، وەک ڕێبەری کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە گەڵدا کۆببنەوە وتاوتوێی بارودۆخی سیاسی ئێران و کوردستان بکەن.

بەڵام دۆستە سۆڤێتیەکان پشتیووانی سەردانێکی تەواو نەهێنی و نەخشەبۆکێشراویان دەکرد و ڕازینەبوون لە گەڵ ڕێبەری گەورەترین هێزی سیاسی و نیشتیمانی کورد بەئاشکرا لە مسکۆداکۆببنەوە. ئەویش لەبەر ئەو پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و بازرگانیەی کە لە گەڵ حکوومەتی ئاخوندی ئێران لەسەر حیسابی گەلانی بندەستی وڵات دایانمەزراندبوو.

نەخشەی سۆڤیەت بۆ سەردانی سکرتێری گشتی حدکا بۆ مسکۆ ئەوەدەبێت کە سەردانی ئەو بەمەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی دێتە ئەو وڵاتە و لەپەراویزی ئەو نەخۆشکەوتنەیدا دیداری لە گەڵدا ڕێکبخەن.

بەڵام ڕێبەری نیشتیمانی کورد دکتۆر قاسملوو ئەو پێشنیارەی سۆڤێتیەکان ڕەد دەکاتەوە و دەڵێت ئەگەر ئێوە بەدزی بتانهەوێت لە گەڵ نوێنەری کورد دابنیشن وسەبارەت بە هێندێک پرسی گرینگ ئاڵوگۆڕی بیروراکەین، من لە گەڵ ئەو پێشنیارەدانیم و بەسەردانی فەرمی دێم و هەرگیز لە ژێرناوی چارەسەرکردنی نەخۆشیدا نامهەوێت سەردانی مسکۆ بکەم.

چوونکی باری تەندروستیم زۆر باشە و نیازم بە هیچ جۆرە چارەسەریکی تایبەتی خۆم نیە، جگە لە پرسی سیاسی و نەتەوایەتی گەلی کورد نەبێت.

ئەوە ئێوەن دەدتان هەوێت لە گەل کورد گفتووگۆ سەبارەت بەهەلومەرجی سیاسی ناوچە و ئێران ئەنجامبدەن، کەوابوو بۆ نابێ بە سەردانێکی فەرمی و ڕەسمی بێم بۆ وڵاتی ئێوە. خۆ ئێوە وڵاتی گەورە و بەهێزی دونیان و دەبێت نیگەرانیتان لەسەر چی بێ کە بتان هەوێت بە دزی سەردانی وڵاتەکەتان بکەین.

ئەو خاڵانە کە دەخرێنەوە بیر، بۆئەویە هەموومان لەو ڕاستیەبگەین حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بەدرێژای سنووری کوردستان هێزی پێشمەرگەی جێگیرکردبوو و وەک تاقانە هێزی سیاسی و بێ ڕاکەبەری کوردستان بەدژی ڕێژیم خەباتی دەکرد و مسکۆێش ئەو مەسەلەیەی دەزانی و ڕەنگە هەوڵیاندابێ لە ڕێگای حیزبەوە، حیزبی توودەی ئێران پیخباتەوە نێو وڵات و چاوپۆشی هەڵەی سیاسیەکەیان بکرێ کە پشتیووانی سیاسی حکوومەتی ئاخوندیاندەکرد.

دواتر ئەوانیش لە ئێراندا جێگایەک نەمابوو لێی بحاوێنەوە و بەناچاری وڵاتیان بەرەو مسکۆ بەجێهێشتبوو.

ئەو وڵاتانەیش کە بەدرێژای خەبات و دەست پێکردنەوەی شۆڕشی ئازادیخوازی کورد لە بەشەکانی کوردستان، هاوکاری کوردیان کردوە، ئەو چوار ولاتەن کە خاکی نیشتیمانی کوردیان بە زۆر خستۆتە سەر نەخشەی وڵاتەکەیان و بەوجۆرە کێشەی سیاسی و خەکی لە گەڵ ئەو وڵاتانەدا سەری هەڵداوە.

کورد بەردەوام هەر دوژمنەکەی وەک پشتی جبهەی شۆڕش بەکار هێناوە و ئەو وڵاتانەیش بەردەوام لە نێوخۆیاندا کێشەو ململانەی سیاسی و جوگرافایان لە گەڵ یەکتریدا هەبووە و ڕەکەبەری یەکتریان لەسەر زۆر مەسەلەی گرینگ کردوە و کوردیان وەک هێزێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان لە لای خۆیان پەناداوە و هاوکاری شۆڕشی خەڵکی کوردستانیان بەوڕادەیەکردوە کە نەبەن بەمەترسی لەسەر دەسەڵاتی وڵاتەکەیان.

وشیاری سیاسی و تێگەیشتنی سەرکردایەتی کورد لە هەرێمی کوردستان بەڕادەیەک چۆوەتە پێش کە کورد توانیویەتی هێندێکجار دژمنی خۆی بۆ قازانجی سیاسی و ئابووری کوردستان بەکاربێنێت و لە بەرژەوەندی کێشەی ڕەوای کورددا هەڵوێست وەربگرن و بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی کورد لە کایەی نێوان داگیرکەرانی کوردستاندا، ڕۆڵی ئەرینی خۆیان بگێڕن و بەهەستیاریەوە تاوتوێی هەلومەرجی گێتی بکەن.

نموونەکەیش لەسەر هەرێمی کوردستان و هەوڵی سەرۆکایەتی ئەو وڵاتە بەسە بۆ سەلماندنی ئەو چەند دێرەی سەرەوە. "پشتی جبهەی شۆڕشی کورد هەر دوژمنی خوێن و وڵاتیە کەی بوونە"، و بە هۆی بەش بەشکردنی خاکی کوردستان بەسەر چوار وڵاتی ئێران، تورکیە و و سوریە و ئێراق دا هێزی سیاسی و مرۆی کوردی لێک بڵاو کردوە و کورد کە یەک کێشەی سیاسی و نەتەوەیی هەیە. کەچی بە هۆی جوگرافیای سیاسی کوردستان،گەلی کورد بەدرێژای مێژووی سەرهەڵدانیەوە ڕوبەڕوی ئەو چوار وڵاتە بۆتەوە کە وڵاتی بەهێزو دیاری ناوچەکەبوونە و ڕۆڵی بەرچاویان لەسەر ئاستی دونیا و ناوچەکەدا گێڕاوە.

نووسینی: محەممەد سلێمانی

دکتۆر قاسملوو زۆر جار دەیگووت "ماف نادری، بەڵکوو دەبێ بە هێزی خۆت بیستێنی، کورد لە مافی خۆی زیاتر دوای شتێکی زیاتری نەکردووە کە مەترسی بخاتەسەر ماف و ئازادی خەڵکی تر." بەڵام دەسەڵاتی مەرکەزی تاران سەبارەت بە پرسی کورد نیازیان خراپە و هەتائێرەش حکوومەتی دیکتاتۆر و تیرۆریستی ئێران هەوڵنادات بە شێوەی ئاشتیانە هەنگاوی چارەسەرکردنی پرسی سیاسی کورد بە ڕێگای گفتوگۆی سیاسیدا بنێت و ئێستاش پەیڕەوی سیاسەتی ستەمکارانە و حاشاکردنە لە دابینکردنی مافی سیاسی گەلانی وڵات.

ئیستا لە ئاستی نێونەتەوەیشدا گۆڕانکاری زۆر بەرچاو لە بەرژەوەندی گەلانی بندەستی دونیادا هاتۆتە پێش و دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان وەک ڕابردوو ناتوانن حاشا لە بوونی ئەو نەتەوانە بکەن کە بوونی خۆی لە هەموو ڕوویەکەوە سەلماندوە و نەتەوەیەکی بەتەواوی جیاواز و سەربەخۆیە لە باری سیاسی و مێژووییەوە.

"زۆرمان بەرگوێکەوت و بیستمان کە کورد کێوەیە و خاکی نیەو دەبێ وەک میوانی خانەخوێ هەڵسووکەوت بکات و میوانیش یاسا و مافی سنووردارە لە چوار چێوەی خانەخوێدا".

ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین زۆر جیاوازە و ئەو وڵاتانەی کە پێیان شەرمبوو وشەی کوردی بەسەر زمانیاندا بێت، ئەمڕۆ بە شانازیەوە لە کۆڕو کۆبوونەوەی سیاسی و ئیداریدا لە گەڵ سەرکردایەتی سیاسی و سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا، بە شانازییەوە یەک دوو وشەی کوردی دەردەبڕن و قسەی پێدەکەن.

د. قاسملوو لە قۆناخە سەختەکانی خەباتدا ئەو بەر چاو روونیەی لە لادروست ببوو کە ئەو ڕۆژەدێت دوژمنانی کوردیش بیسەلمێنن کە کورد "نەتەوەیە و خاوەنی مێژوو و کولتوور و بەهانیشتیمانیەکانییەتی و گەلێکی تەواو جیاوازە لە تورک و عەرەب و فارس و ناکرێت هەتاسەر ئەو سیاسەتەیان درێژەپێبدەن و مافی سیاسی کورد پشتگوێ بخەن".

قاسملوو وەک ڕێبەریکی کارێزمای کورد نەخشی گەورە و گرینگی سیاسی و مێژووی گێڕاوە و سێبەری بوێری و خۆنەویستی کێشایە سەر هەلومەرجی خەبات و بە داهێنانی فیکری سیاسی تازە و دارشنەوەی سەرلەنوێی ژیانی سیاسی و ڕیکخراوەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران. ڕێچکەی شۆڕشێکی نوێی سیاسی داهێناو ڕزگاری نیشتیمانی وەک نەخشەڕەگایەکی شیاوخستە نێوبەرنامەی کارو خەباتی حیزبی دیمۆکرات.

ئامانجی ڕزگاری و سەربەستی کوردستان، بەیەکێک لە گەورەترین هیوای ژیانی دکتۆر قاسملوو دادەنرێ و ئەگەر

جووڵانەوەکەیشی نەگەیاندبێتە لوتکەی سەرکەوتن، بەڵام شۆڕش بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو لە کوردستان گەشەیکرد و خەڵکی کوردستان شانازی بە بەهانەتەوەی و نیشتیمانیەکانی خۆیانەوەدەکەن.

بێگوومان شۆڕشی خەڵکی کوردستان دەسکەوتی زۆری بەدەست هێناوە و هوشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاکامی ئەو خەباتەن کە لە کوردستان بەردەوامیان هەبووە و بۆ ساتێکیش بێت گەلی کورد لە شۆڕش و تێکۆشان دوور نەکەوتۆتەوە و لەباری سیاسییەوە ژیانی ڕێکخراوەی ئاڵوگۆڕی زۆری بەخۆیەوە بینیوە.

دکتۆر قاسملوو سەرچاوی سەربەخۆی سیاسی و تەشکیلاتی حیزبە.

وتاری: ١١

هزری دکتۆر قاسملوو حیزبی دیمۆکراتی پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان و بڵاوەلێکردنی تەشکیلاتی حدک ی بەتەواوی بووژاندەوە و خستیە سەر ڕێچکەی ڕاست و دروستی خۆی و بە دانانی بەرنامە و سیاسیەتی گونجاو توانی پشتیووانی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان بۆ لای حیزب ڕابکێشێتەوە.

لەلایتریشەوە توانی زۆر زانستیانە لەباری سیاسی و تەشکیلاتیەوە سەربەخۆی ڕێکخراوەی بۆ حیزب گەراندەوە و لە بەستراوەی تەشکیلاتی بەحیزبی توودە پاراستی و سیاسەتی حەکیمانەی کردە بەردی بناخەی پەیوەندیە دیپلۆماسیەکانی.

جووڵانەوەی سیاسی لە ئێران و کوردستاندا پێی نابووە قۆناخی گەش و پەرەگرتنی حدکا لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بۆوە بە جێگای سەرنجی دەرەوە و نێو خۆی کوردستان.

حیزبی دێمۆکرات بەهێزی جەماوەری و کاروهەڵسورانی کادر و پێشمەرگەکانی بە دژی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران و کاریگەری هێزی پێشمەرگە، چەند جارێک نوێنەرانی تارانی هێنایە سەر مێزی دیالۆگی سیاسی بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە لە سەر مەسەلە ئەساسی و بنەڕەتیەکان بە ڕێگا چارەیەک بگەن و گەلی کورد بەمافی خۆی بگەیەنێت.

دکتۆر قاسملوو وەک ڕیبەرێکی وشیارو تێکۆشەری کورد زۆر مایەی لە خۆی دانا بۆ ئەوەی گەلی کورد سەری بەرزبێت لە نێوگەلاندا و شۆڕشەکەی بەهێزتر دەربکەوێت بۆ ئەوەی بە باشترین شێوەی مومکین ئاوڕیلێبدرێتەوە.

ئەو تەنیا وەک سکرتیری گشتی حیزب، هاوکێشەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرژەوەندی کورددا نەگۆڕی، بەڵکوو بەسەردەمی سەرهەڵدانی بیری ئازادیخوازی و مافپەروەریش بە حیسابدێ. ئەو پیاوە گرینگەی مێژووی هاوچەرخی نوێی ئێران بە جۆرێک ڕێبەری شۆڕشی دەکرد کە ناسینێکی گونجاوی سیاسی و مێژووی لەسەر قۆناخەکانی خەبات هەبووە و ئەو جیهان بینیەی سەبارەت بە هەلومەرجی گێتی بوویەتی کەڵکی وەرگرتووە و "جووڵانەوەکەی بە جۆرێک ڕێکخستووە کە

بتوانێت پشتیووانی بەربڵاوی خەڵک بۆ لای شۆڕش ڕابکێشێت و هەرلەوکاتەیشدا شوناسێکی بەرچاوروونانە لەسەر ماف و ئازادیە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی خەڵک وەک بیروباوەڕی سیاسی لەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا بڵاو بکاتەوە "و تۆوی هیوا و سەربەرزی لە نێو خەڵکدا بچێنێت و بە ڕەشبینیەوە سەیری داهاتووی سیاسی خەباتی گەلی کوردی نەکردوە.
ئەو وەک مرۆڤێکی گرینگ، بەرچاوڕوونانە تیشکی خستۆتە سەر نێوەرۆکی ماف و ئازادییە دیمۆکڕاتیکەکانی خەڵک و بۆ ئەو مەبەستەش کۆدەنگی ئەو تۆ بەهێزی گەلی کوردی لە پشتبووە کە خەڵکی کوردستان متمانەی نیشتیمانیان لە سەر پرسە سیاسی و نەتەوەیەکان خستە سەرشان.

حیزبی دێمۆکرات لە کوردستان و ئێراندا ئەو هێزە گرینگە بوو کە نەخشەی گۆڕینی بناخەکانی حوکمڕانی وڵاتی داڕشتبوو و قاسملوو لە دەیەی یەکەمی پاش بەلاڕێدابرانی شۆڕشی گەلانی ئێران، لە ڕێبەریکردنی بزووتنەوەی نیشتیمانی کورددا مەترسی زۆری لە نێو حکوومەتی ناوەندی دروستکرد و کاربەدەستانی تاران بەنیگەرانیەوە سەیری ڕۆڵی دکتۆر قاسملوویان دەکرد.

لە مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەی گواستنەوەیەکی ئەزموونی لە سەر چەمکە فیکریەکانی دونیای پێشکەوتووی کردبێت و تێکەڵ کێشیکردبێ لە گەڵ قۆناخەکانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی وڵاتی خۆی، حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران، بە ڕێبەرایەتی گەورە پیاوی مێژووی نوێی گەلی کورد دکتۆر قاسملووی نەمر بووە.

ئەو توانی بەتەنیا لە مێژووی سیاسی ئێراندا، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەلاڕێدابرانی دەسکەوتەکانی شۆڕش بە هۆی کۆمەڵێک ئاخوندی پاشکەوتوو و کە ڕێشەی فیکریان بۆ سەدەکانی نێوەراست دەگەڕایەوە، ڕێبەری بزووتنەوەیەکی گەورەی سیاسی و نیشتیمانی بکا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات بەسەنگەری خۆڕاگری و دێمۆکڕاسخوازی و هەر لەوێشەوە بیروباوەڕی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بڵاو بکاتەوە و حیزب بکات بەهێزێکی ئەوەندە گەورەو بەهێز کە ڕێشەی حکوومەتی نیزامی ئاخوندەکان بخاتە مەترسیەوە.

قاسملوو توانی مێژووی کورد و ئەو خەباتەی کە ئەو دەستی پێکردبوو زۆر بە باشی بە دۆست و دوژمن بناسێنی و گەلی کورد بکا بە نموونەی گەلێکی ئاشتیخواز و دێمۆکڕات لە ئاستی جیهاندا.

ئەو کەس و هێزانەیش کە شارەزای هەلومەرجی سیاسی و مێژووی کوردستانن، زۆر باش لەو ڕاستیە تێگەیشتبوون کە لە هەموو قۆناخەکانی شۆڕشدا، حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران چەخماخەی جووڵانەوەی نوێی لێداوە و هەرئەویش بوو،

نووسینی: محەممەد سلێمانی

بە ڕێبەری دکتۆر قاسملوو، لە مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خەباتی خۆی لەسەر مەسەلەیی نەتەوایەتی چڕکردەوە.

بەدرێژایی خەباتی نەپساوەی گەلی کورد حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران تێکۆشاوە بناماکانی ژیانی نوێ لەسەر ئەساسی میکانیزمێک کە لە گەڵ هەلومەرجی کوردستان بگوونجێ ئاوێتەی خەبات بکات و مافی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی تێیدا بەزەقی ڕەنگبداتەوە و کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان لەبەر چاوبگرین.

دکتۆر قاسملوو زۆر بەجیدی تێدەکۆشا بۆ ئەوەی ڕیفۆرمی گشتی کە بناخەکانی ژیان بەهێز بکات لە کوردستان پیادەبکرێ و لەو ڕێگایەوە ئیرادەی خواستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی خەڵک بەداخوازیەکانیان پتەو تربکا. دیارە ئەو هەنگاوە گرینگەی بەرەوپێشەوە ناو لەسەر دەستی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران کە وەک هێزێکی چەپی میللی دێمۆکراتیک ناسراوە، میتۆدی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی لە ماوەی کورتی حوکمڕانی لە کوردستان دەستپێکرد و بنەمای ژێرخانێکی نوێی یەکسانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دارشت و حیزبی وەک پارێزگاری لە ماف و ئازادی خەڵکی کوردستان پێناسەکرد. ئەو دەمی هەموو هێزەکان وەک یەک لایەنگری چارەسەری کێشەی سیاسی و نەتەوایەتی کورد نەبوون لە کوردستان و بگرە هێندێکیان بە زۆر هۆکاری جیا جیا دژی مەسەلەکەیش دەوەستانەوە، لەبەر ئەوەی سەربەخۆی سیاسی و بڕیاردان لەسەر مەسەلە ئەساسیەکان کە بەقازانجی کورد دەشکایەوە بەدەستیخۆیان نەبوو و، بە هۆی بەستراوەیان بە هێزە چەپە سەرانسەریەکانی ئێرانەوە.

زۆر جار ناوناتۆری ناشیاویان لەسەر حدکا و ڕێبەرایەتیەکەی بڵاو دەکردەوە و لەو پەیوەندیەدا هێرشی تۆندیان دەکردە سەر حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەری شەهید دکتۆر قاسملوو، بەتایبەت کرابوو بە نووکی ئەو چەواشاکاریانە و دیان ویست لەو ڕێگایەوە بارودۆخی خۆیان بەرەو باشی بەرن و درز بخەنە نێو ماڵەگەورەکەی دیمۆکرات و جووڵانەوەی نیشتیمانی کورد.

زۆر بەڕاشکاوی و شانازیەوە دەتوانین بڵێین دکتۆر قاسملوو یەکێک لەو ڕێبەرانەی کوردە کە بەمانای وشە تایبەت مەندی ڕێبەری نەتەوەی هەڵگرتووە و بە کردەوە و هەڵوێستە سیاسیەکانی گەورەی و سیاسی بوونی خۆی بە هەموو لایەک سەلماندوە.

نووسینی: محەممەد سلێمانی

بەکورتی "دکتۆر قاسملوو وەک زانکۆی پڕلەزانست و شارستانیەتی نوێ توانی لە ڕێگای بیرکردنەوە و داڕشتنی بەرنامە و ستراتیژی درێژخایەن جەوهەری خەباتی سیاسی گەلی کورد بگۆڕێ و حیزبی دێمۆکرات بکا بە هێزێکی گەورەو و خاوەن بڕیاری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا".،

سەرچاوە
Serchawe

قاسملوو بزووتنەوەیەکی مۆدێڕنی خستە سەرپێ!

وتاری: ١٢

بەدوای دارمانی حکوومەتی پاشایەتی لە ئێران (ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی) و هاتنەکایەی گۆڕانکاری نوێ لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلانی وڵاتدا، خەڵکی کوردستان بەکردەوە داوای مافی سیاسی و نەتەوەیەتی خۆی هێناگۆڕێ و بۆ ئەو بەمەستەش گەلی کورد شوێن بڕیارو هەڵوێستە سیاسی و نیشتیمانیەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران کەوتن و گەورە پیاوی مێژووی نوێی گەلی کورد دکتۆر قاسملوو لەووەختەدا ڕۆڵی بەرچاوی گێراو بەرچاوروونی باش خرایە پێشچاوی گەلی کورد سەبارەت بە ئەرک سیاسی و نەتەوایەتیەکان. دکتۆر قاسملوو بەهۆی شارەزای سیاسی و ناسینی کەسایەتیە ئاینیە شیعەکانی ئێران و لەسەرەوەی هەمووی ئەوانەشدا خومێینی، بەو نەتیجەیە گەیشتبوو کە وڵات بەرەو بارگرژی دەڕوا و دەسەڵاتدارانی تاران مایەی چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و نەتەوایەتیەکانیان تێدا بەدی ناکرێ. هەر بۆیە گەلانی ئێران دەبێ ئەرکی گرینگی خۆیان لەو چوارچێوەیەدا بەڕێوەبەرن و بەگشتی گەلانی وڵات پشتیووانی لە سیستمی سیاسی و حوکمڕانی کە بناخەکانی لەسەر بنچینەکانی حکوومەتێکی دیمۆکراتیک دابمەزرێ لایەنگری بکەن و ڕێگا بەدارودەستەی خومێینی نەدرێ دەسکەوتە گەورەکانی شۆڕش لە بەرژەوەندی تاقمێک ئاخوند کە نوێنەرایەتی تەنیا یەک نەتەوە دەکات لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا باڵادەست بکرێن.

دکتۆر قاسملوو لەو بڕوایەدا بوولە ئێرانی تازەدا دەبێت سیستمێکی نوێی حوکمڕانی دابمەزرێ و بۆ ئەو مەبەستەش هەموو گەلانی وڵات پێویستە بەشداری پرۆسەی سیاسی و نووسینەوەی دەستوور بکەن و بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە ماف و ئازادیە دێمۆکڕاتیکەکانی نەتەوەکانی ئێران لە دەستووری وڵاتدا ڕەنگبداتەوە و بەو شێوەیە حکوومەتێکی بنکە فراوان لە سەر ئەساسی شەراکەتی هاوبەش بێتە ئاراوە. دیارە ئەو کات بە شکڵێکی گشتگیر ڕێکخراوە سیاسیەکان لە بەشەکانی تری ئێران کە نوێنەرایەتی ئیرادەی گەلیان لە پشت بێت بەتەواوی خۆی نەگرتبوو و ئامانجە سیاسی و نەتەوایەتیەکانیان وەک ئەمڕۆ ڕادیکاڵو تۆخ دەرنەکەوتبوو.

لە ڕەوشی سیاسی ئەوکاتی ئێراندا ئەو مرۆڤەی کە شیاوی پشتگیری و پێبەخشینی متمانەی سیاسی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانبوو دکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دیاری کراو گەلی کورد وەک

نوێنەری ڕاستەقینەی ناساندی.

ڕێژیمی ئێران و بەتایبەت خومێنی کە شارەزای هەڵوێستە سیاسی و نەتەوەیەکانی دکتۆر قاسملوو بووە حەزینەکردوە ڕووبەڕوو لە گەڵیدا بکەوێتە گفتوگۆی سیاسی و دڵنیابووە کە ئەو زۆر شارەزایانە دەتوانێت باسی ئەو مەسەلانەبکات کە پەیوەندیان بە کێشەی سیاسی گەلی کورد و گالانی تری وڵاتەوە هەیە و لە داهاتوودا ئێران بەرەو گۆڕانکاری قووڵ ڕێبەری و ڕینوێنی دەکات.

ڕێبەرانی ڕێژیم بەردەوام حاشیان لە چەمکی فرەنەتەوەی بوونی ئێران کردووە و هەتا ئێستایش ئەو ڕاستیە ناسەلمێنن و بەردەوام لای لەوە دەکەن کە لە واقعیەتە سیاسی و مێژوویەی ئێران تێبگەن و بابەتی فرەنەتەوی قبوول بکرێت.

ئێران ئەو ولاتەیە کە دکتۆر قاسملوو توانی بەهەوڵو خەباتی بەربلاوی خۆی لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا، پایەکانی بخاتە مەترسییەوە و بیروڕای خەڵکی وڵات لەسەر بەرنامەی دژی گەلییەکانی بۆ هەموو لایەک و گەلانی وڵات ڕوونبکاتەوە و فرەنەتەوەی بوونی ئێران بسەلمێنێ و هەموو لایەک لەسەر ئەو بابەتە وشیار بکاتەوە و یەکرێزی فیکری سەبارەت بەو مەسەلەیە بەدەسەت بێنێت.

ڕێژیمی تیرۆریست و پیاوکوژی ئێران مەترسی ئەوەیان لەلای دروست ببوو کە دکتۆر قاسملوو لە ڕێگای خەباتی بەربلاوییەوە پایەکانی حکوومەتی ئاخوندی خستۆتە مەترسی لە نێوبردن و هەربۆیەش پاش مەرگی "خومێینی" خوێنمژ پلانی شەهیدکردنی تێکۆشەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان لە دەرەوەی وڵات داڕشت و بەداخەوە تێشیدا سەرکەوتن و کەوتنە لێدانی سەری جوولانەوەی سیاسی کورد.

هەر چەندە ئەو تیرۆرکردنە بەنرخی ڕیسوای سیاسی و دیپڵۆماسی حکوومەتی ئاخوندی کۆتای پێهات و ئێستا ئێران ئەو وڵاتەیە کە بە ڕێژیمێکی ترسناک دەناسرێ لە ئاستی نێونەتەوەییدا و بەردەوام پشتیووانی لە سیاسەتی ئاژاوەگێڕێ و بارگرژی نێونەتەوەی دەکا.

ئەوەی بۆ هەموو لایەک ڕوون و ئاشکرایە خەڵکی کوردستان دکتۆر قاسملوویان وەک نوێنەرو ڕێبەری خۆیان دیاریکردبوو بۆ ئەوەی لە ئاستی ئێراندا نوێنەرایەتی کورد بکات بەمەبەستی چەسپاندنی داخوازە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی لە چوار چێوەی وڵاتدا.

ئەو لە ڕێگای دەنگدانی گشتیەوە شەرعیەتی پێدرا و بەشانازیەوە ڕێبەری خەباتی سیاسی گەلی کوردی گرتە ئەستۆ و پاشان دکتۆر قاسملوو بەهەق ڕۆڵی گرینگ و لە بیر نەکراوی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گێڕا و لە نێوخۆی حیزبدا هەرگیز ڕێگای ئەوەی نەدا هیچ کەس و دەستەیەک بەو ئامانجەیان بگەن کە حیزب لە سەر ڕێبازی سیاسی و نیشتیمانی خۆیدا بە لاڕێدابەرێ و ئەو بزووتنەوەیە بکرێت بە پاشکۆی هێز و لایەنی تر کە لە ئێران دا نفوزو پێگەی بەهێزیان هەبووە لەو سەردەمەدا.

نموونەکەیش دەکرێ ئاماژە بە پەیڕەوانی کۆنگرەی ٤ بکەن کە خۆیان کردبۆوە بە پاشکۆی حیزبی توودەی ئێران و بەو ئاوازە بە سەمادەکەوتن کە دەنگی لە مسکۆوە هاتبا. بەڵام حیزبی دیمۆکڕات بە هۆی بیرمەندی و لێوەشاوەی دکتۆر قاسملوو توانی ئەو ڕێگا سەختانەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەسەر کەوتووی بەرەولوتکەی سەرکەوتن ببڕێ. لەو قۆناخە سەخت و دژوارەی کوردستاندا،

ڕێبەرایەتی شۆڕشی خەڵکی کوردستانی بە ئەرکی گرینگ و نیشتیمانی دادەنا و بە سەربەرزیەوە شۆڕشی بەرەوپێشەوە ڕێبەری دەکرد.

تێکۆشانی بەردەوامی حیزبی دیمۆکرات لە نێو خەڵکی کوردستان، توانی پردی پتەوەی متمانەی سیاسی دروست بکا و گەلی کورد بەشێوەی گشتی پشتیووانی لە بەرنامەی سیاسی حیزب کە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی سیاسیان بوو بکەن بە هەوێنی دەست پێکی خەباتێکی نوێ. دکتۆر قاسملوو توانایەکی بێوێنەی هەڵسەنگاندن و خۆگنجاندنی سیاسی و ستراتیژی داڕشتن و دیاریکردنی بەرنامەی ڕووبەڕووبوونەوەی هەبوو و زۆر لێزان و شارەزایانە خوێندنەوەی میتۆد و میکانیزمی خەباتی دەکرد و نەیارانی بەباشی دەناسی.

خەباتی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران ڕووبەرێکی بەرینی بۆخۆی گرتبۆووە و ئێستاش ئەو شۆڕشە بەردەوامیهەیە و، کە تێدا زۆر شێلگیرانە جووڵانەوەیەکی مۆدێرنی نەتەوەیی ڕێبەری دەکا و گەلی کوردی وشیار کردەوە لەسەر ئاستی سیاسی ماف و ئازادییە دیمۆکڕاتیکەکانیان.

لەو سەردەمەدا حیزب و ڕێبەری حیزب بەتەنیا لە کوردستاندا جووڵانەوەی نەتەوەیان بەڕێوە دەبرد و بەداخەوە کۆمەڵە بەتەواوی پشتی لە مەسەلەی نەتەوایەتی کردبوو و زۆر "شەرمێونانە" باسی ئەو بابەتەی دەکرد و هەتا لەو پەیوەندیەدا ناکۆکی لەگەڵ حیزبی دیمۆکڕات پەرەپێدا و بەداخەوە شەڕی نێوخۆیشی لێکەوتەوە.

بەڵام ئێستا بە خۆشیەوە کۆمەڵەکان لە رووی نەتەوایەتیەوە بەو ڕێچکەیەدا دەڕۆن کە حیزبی دێمۆکرات ڕێبەریکردوە و ڕێچکە فیکریەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دارشتووە و فیکری نەتەوەی بە قۆناخی ئێستا گەیاندوە کە بیری سەربەخۆی لەلای زۆربەی ڕۆڵەکانی گەلی کورد سەری هەڵداوە.

دکتۆر قاسملوو لایەنگری ئاشتانەی پرسی کوردی کردوە.

وتاری: ١٣

دکتۆر قاسملووی وەک ڕێبەرە گەورە و ناودارەکانی دونیا خاوەنی داهێنان و داڕشتنی فیکری سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێ و بەرچاو بووە و هەتا لە مێژووی ئێرانیشدا وەک پیاوێکی بێ وێنە و دەگمەنی ژیر کە خاوەنی هەڵوێست و خوێندنەوەی سیاسی و مێژووی سەردەمیخۆی دەناسرێ و بە زانکۆی بزووتنەوەیەکی مۆدێڕنی نەتەوەی و دیمۆکڕاسیخوازی لە کوردستان دەژمێردرێ.

چەمکە فیکریەکانی بەدڵنیاییەوە کۆمەڵگای کوردستانی بەرەوگۆڕانکاری فراونبرد و، کاتێک باسی دیمۆکڕاسی و مافی سیاسی و ئازادیە دیمۆکڕاتیکەکان دێتە بەرباس و چاوبە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەگێڕێت، بە خێرای خەیاڵ و چاوەکان دەچنە سەر تێزە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی دکتۆر قاسملووی.

ئەو وەک ڕێبەرێکی بلیمەت زۆر فەلسەفیانە بناخە فیکرییەکانی چەمکی دیمۆکڕاسی و سۆسیالیزمی دیمۆکڕاتیکی هێناوەتە نێو کولتووری سیاسی کوردستان و شیکردنەوە وردی لەسەر کردوە و بەجۆرێکی ئەوتۆ ڕێکیخستۆتەوە کە لەگەڵ هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان بگونجێ. دکتۆر قاسملوو سۆسیالیزیمی وەک سیستمێکی دادپەروەری ئابووری و کۆمەڵایەتی بە شیاوترین چەمکی کۆمەڵایەتی و ئابووری دادەنا بۆ ئەوەی لە کوردستاندا لە ڕێگای جێگیرکردنیەوە یەکسانی باڵ بەسەر ژیانی خەڵکی کوردستاندا بکێشێ و لەو ڕێگایەوە کۆتایی بە شوێنەوارە نالەبارەکانی هەژاری و جیاوازی چینایەتی بێت.

لەو ساڵانەی دوایدا چەند کەسێک کە وێناچێت شارەزای تەوایان لەسەر فیکرو ڕێبازی دکتۆر قاسملوو هەبووبێت، زۆر ساوێلکانە و بێبنەما هێرشیان بۆ سەر خەتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی دەستپێکرد و هەوڵیاندا روخساری سۆسیالیزمی دیمۆکڕاتێک و داهێنانەکانی تری بشێوێن و ئالۆزی بیرورا لەو پەیوەندیەدا لە نێو ئەنداماو و دۆستانی حدکا دا پەرەپێبدەن.

ئەو پیاوە مەزنەی مێژوو ئاستی خواستە نەتەوایەتیەکانی زۆر قوڵو ڕادیکاڵانە هێنایە نێو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی

خەڵکی کوردستان پاش دارمانی حکوومەتی شاو باڵادەستبوونی ئاخوندەکان لە مێژووی سیاسی ئێراندا.

حیزب بە هیچ جۆرێک پشتینەکردە خواستە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد و مەرجی بۆ دیالۆگ و وتوویژ لە گەڵ حکوومەتی مەرکەزیدا، ئەوەبوو کە مافی سیاسی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا بسەلمێن و کورد وەک نەتەوە قبوڵبکرێ و هەر لەوکاتەشدا سنووروسەراوردە جوگرافیەکان دەست نیشان بکرێن. هەر لەسەرەتاوە دکتۆر قاسملوو شکڵی فیدراڵی بە باشترین ڕێگای چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی بۆ گەلانی ئێران پێشنیار دەکا، بەڵام بەهۆی لاوازی هەستی نەتەوەی و نەبوونی هێزی سیاسی کە شوێنیان لەسەر ڕووداوەکانی وڵات هەبێ و وەک نوێنەری نەتەوەکەیان بناسرێن، دروشمی ستراتیژی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران کە خۆی لە خودموختاریدا دۆزیەوە دیاری کرا.

سیاسەتی حدکا لە سەر بنچینەی بەرژەوەندی گشتیی نەتەوەی نراوە و دکتۆر قاسملوو بەڕاشکاوی داوای ماف و ئازادی تەواوی بۆ گەلی کورد لە گەڵ نوێنەرانی ڕێژیم و حیزب و ڕێکخراوەکانی تری ئێران دەهێنایە گۆڕ و شەرمێونانە ئەو داوای پێشکەش نەکردوە. دژی هەموو جۆرە هەڵاواردنێکی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی هەڵوێستی گرتووە و لایەنگری لە داخراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەکردوە و زۆر بە ڕوونی ئەو بابەتەی ڕەدکردۆتەوە و هەمیشە تێدەکۆشا ئازادیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە ئێران و کوردستاندا بەشێوەی بەربڵاو پەرەبستێنن.

قاسملوو باوەڕی بە یەکسانی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستان هەبوو هەتا لەو بڕوایەدا بوو کە حیزب کاتێک دەتوانێت بە هەموو ئامانجەکانی بگات کە بەرنامەی دادپەروەرانەی بۆ دانیشتووانی کوردستان هەبێ و مافی هەموو تاکێکی لەبارچاوبێت و لایەنگری مافی زەحمەتکێشان و کرێکارانی کوردستان بێ.

دکتۆر قاسملوو باوەڕی قوڵی بەمافی بەرابنەری ژن و پیاو لە خێزان و کۆمەڵدا هەبوو و لەسەر ئەو نەزەریەبوو کە، ژنان لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتیدا نابێت بە هیچ جۆرێک پشتگووێ بخرێن و ئەو دەرفەتەیان بۆ پێک بێ هەتا شان بەشانی پیاوان لە کوردستاندا بەشداری کارو تێکۆشانی سیاسی و ژیانی ڕێکخراوەی بکەن.

حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران وەک هێزێکی مۆدێرن و پێشکەوتنخواز لەسەر بنەمای دادپەروەری سیاسی و کۆمەڵایەتی دامەزراوە و، دژی هەڵاوارن و چەوسانەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤە و، بەچاوی یەکسانی سەیری پێک هاتەی کۆمەڵگای کوردستانی کردوە.

قاسملوو ئەو پیاوە گرینگەی مێژووی هاوچەرخی ئێران بوو کە توانی "چەمکی فرەنەتەوەی" بوونی ئێران بسەلمێنێ و بە خۆشیەوە ئەو بابەتە ئێستا بە شێوەیەکی گشتی لە نێو ئەدەبیاتی سیاسی گەلانی وڵاتدا ڕەنگیداوەتەوە و ئەو تێگەیشتنە نەتەوەیە بەربڵاوتر لە ساڵانی ڕابردوو خۆی دەرخستووە. دیارە ئێستاش زۆر لە شۆڤێنیستەئێرانیەکان دەماریان بە بیستنی وشەی ئێرانی فرەنەتەوەی دەگیردرێت کە دەگۆترێ: "ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و بێجگە لە نەتەوەی فەرمانڕەوای فارس، ئازەری و کورد..... هتد دەژین"

حیزبی دیمۆکرات لە سایەی هەڵوێستی سیاسی و بەشەردۆستانەی ڕێبەرەکەیدا بە خێرای لە کوردستان پەرەیگرت و بوو بەو هێزە گەورەو کاریگەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە چاوەڕوانی گۆڕینی نەخشەی سیاسی ئێرانی لێدەکرا. ئەو چ وەک سکرتێری گشتی حیزب و چ وەک سەرکردەیەکی سیاسی و دیمۆکرات و ڕێبەری جووڵانەوەی مێژووی نوێی گەلی کوردستان، ڕێگای بەکەسێک و دەستەیەک نەدا ئاستی پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی حیزب لە گەڵ حکوومەتی ئەوسای سەدام حوسێن دا، بەقازانجی خۆیان بەکاربێن و زیان بە بەرژەوەندی گشتیی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان بگەیەنێت و دۆستایەتی سیاسی و دیپلۆماسی لە سەر حیسابی برا کوردەکانی دابمەزرێنێت.

بەڵکوو کاتێک کاربەدەستانی باڵای ڕێژیمی بینیوە لە بەغدا، باسی لە هەڵوێستی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران کردوە و بەڕاشکاوی بە سەدام و حکوومەتی ئێراقی گووتبوو کە ئەوان نەتوانن بە ڕێگای توندو تیژیەوە بەسەر شۆڕشی خەڵکی کوردستاندا سەربکەون، پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد و حکوومەتی ناوەندی بە ڕێگای ئاشتیەوە ئەو کێشەیە لە نێوخۆیاندا چارەسەربکەن لەسەر ئەساسی ڕێزگرتن لە ئیرادەی سیاسی و نەتەوەی دوولایەنە.

بەڵکوو ئەوە ئێوەن دەتوانن بە ڕێگای ئاشتیەوە ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکەن و، لە ئاکامی ئەو بەرچاوروونیەدا بوو کە لە ساڵی ١٩٨٤ دا لە نێوان یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان و حکوومەتی ئێراقدا دیالۆگی ئاشتی دەستی پێکرا. دیارە ئەو کات بە هۆی هەلومەرجی سیاسی و ئاستی ئاڵۆزی پەیوەندیەکان هەنگاوەکانی ئاشتی بەرەو ستی ڕۆیشت و شەر هەڵگیرسایەوە لە کوردستاندا.

ئەو ڕێبەرێک بوو بە هەڵوێستەکانی خزمەتی بە پرسی کورد کردوە.

وتاری: ١٤

دکتۆر قاسملوو لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیدا هەڵویستێکی ئەوتۆی نەبووە کە زیانی بە جوڵانەوەی گەلی کورد گەیاندبێت و لە ڕەوتی خەباتدا هەرگیز پشتی نەکردۆتە شۆڕش و لەلایتریشەوە بەدڵی دوژمنانی کورد بڕیاری سیاسی دەرکردبێ و سەربەخۆی سیاسی و ڕێکخراوەی فیدای بەرژەوەندی کاتی خۆی و حیزبایەتی کردبێ و داخوازی سیاسی و نەتەوەی کوردی وەلانابێت و بە پێچەوانەوە بڕیاری سیاسی دابێ کە شوێنەواری نالەباری لێکەوتبێتەوە.

ئەگەر ئێستا بەراوردێک بکەین سەبارەت بە ئاستی پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماسی حیزب لە گەڵ لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و، دۆستە ئۆروپایەکاندا ڕەنگە باشتر ئەو ڕاستیەمان بۆ ئاشکرادبێ و ئەو میکانیزمەی کە بۆ کاروباری پەیوەندیەکانی حیزب دکتۆر قاسملوو کاری پێدەکرد، گاریگەری شوێندانەری هەبووە.

دکتۆر قاسملوو کە بە پیاوی گرینگ و سیاسی لە نێو بزووتنەوەی کورد ناسرابوو، بێگوومان دەوری ئەرێنی لە ئاستی پەیوەندیەکاندا گێراو ئەو بیانیانەی دڵیان بۆ پرسی سیاسی کورد لێیدەدا بە پەرۆشەوە ئامادەیان پێشاندەدا بۆ ئەوەی بناخەی دۆستایەتی سیاسی و دیپلۆماسی لە گەڵ دەبمەزرێنن و هاوکاری کورد بکەن. قاسملوو ئەو مرۆڤە تێکۆشەرەی کورد بوو کە چەند جارێک کەسایەتی بەرزی سیاسی نێونەتەوەی هێنانە کوردستان هەتا لە نیزێکەوە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان و شۆڕش ببینن. بەڵام ئێستا بەداخەوە ئەو ڕێچکەیە بەتەواوی بەرەو کاڵبوونەوە چووە و ئەوەش لە کاتێکدایە کە ڕەوشێکی لەبارتر لە ئاستی دەرەوەدا بۆ کورد هاتۆتە ئاراوە و ئەگەر حیزبی دێمۆکرات بەشی پەیوەندیە نێونەتەوەیەکانی کارو چالاک بکاتەوە و ئەزموونی ڕابردوو تاقی بکاتەوە، ئەو بوارەی بەرەو گەشەکردنی بەرچاوتر دڕوات.

دکتۆر قاسملوو خاوەنی کەسایەتیەکی بە هێزو پتەوی ڕۆشنبیری بوو، بەدڵەوە کوردستانی خۆشدەویست و بە چاوی جیاوازی سەیری بەشەکانی کوردستانی نەکردوە و، هەر کاتێک هەلێکی گونجاوی سیاسی بۆ ڕەخسابا چ لە ئاستی نێو خۆی وڵاتەکاندا و یان لە ئاستی دەرەوەدا، بە ئەرکی خۆی دەزانی هاوکاری و پشتیووانی پێشکەش بە جووڵانەوەی سیاسی ئەو

بەشەی کوردستان بکا، ئەگەر ئەو هاوکاری بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی و نەتەوایەتی کورد بە ڕێگای ئاشتیدابووبێت.

دکتۆر قاسملوو لەوبڕوایەدا بوو، چارەسەری کێشەی لە مێژینەی گەلی کورد، تەنیا بەڕێگای ئاشتی و لێکتێگەیشتن ئەنجامیدەبێ و ئەو ولاتانەیش کە خاکی کوردستانیان بە پێچەوانەی ئیرادەی گەلی ئێمە بەسەرخۆیاندا لکاندوە، هەنگاوێکی نامرۆڤانە و دژ بەهەموو ڕێساویاسایەکی نێونەتەوەیان بەدژی کورد ناوە، بێگوومان هەتا سەر ئەو سیاسەتە درێژەی نابێ و بەردەوامبوون لەسەری مەترسی لە سەر ئاسایشی ئەو ولاتانەش دروست دەکا.

قاسملوو کاتێک دەهاتە سەر چارەسەرکردنی پرسی سیاسی کورد و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ئەو چوار وڵاتەی نیشتیمانی کوردیان بەسەرخۆیاندابەشکردبوو بەوجۆرە باسی هێورکردنەوە و وتووێژی دەکرد و هەرگیز بەزمانی زبر قسەی نەدەکرد و بەنەزاکەتەوە باسی کێشەکانی دەکرد و دەیگووت: "ئەگەر ئەتۆ بێی و مافی کەسێکیتر پێشێل بکەی و تارادەی ئینکاری نەتەوەی بڕۆیە پیش لە سیاسەتی داگیرکردندا، بێگوومان زیانێکی گەورە بەئاشتی و پەیوەندیە دوو قۆڵیەکان دەگەیەنیت و ئومێدی پێکەوە دانیشتن بەرەولاوازی دەڕوات و باوەڕومتمانە لە نێوان گەلانی پێک هێنەری وڵاتانی وەک تورکیە و ئێران و سووریە و ئێراق نامێنێ و ڕقوقینە گەشەدەکات".

ئەو سیاسەتەی دوژمنانی کورد بە درێژای مێژوو لە بەرانبەر گەلی کورد پەیڕەویان لێکردوە، ئینکاری نەتەوەی کورد و لە نێوبردنی لەسەر خاکی خۆی بووە. دیارە بە هۆی سەرهەڵدان و بەرخۆدانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد ئەو ئاواتەیان بەدی ناهاتووە و نەیانتوانیوە بەسەر ئیرادەی خەڵکی کوردستاندا زاڵبن و بێ هیوای بکەن لە خەباتکردنی لە پێناو ئەستاندنی مافی سیاسیدا.

دکتۆر قاسملوو بەهۆی دانای و لێهاتووی لە دانیشتنی لە گەڵ کەسایەتی و هێزە دیمۆکراتیکەکاندا زۆر بە خێرای کاریتێکردوون و شوێنی بەرچاوی لەسەر داناون و بەجارێک چۆتەناودڵیان و زۆر بەکراوەی گوێیان بۆ تێڕوانینەکانی سەبارەت بە کێشەی سیاسی گەلی کورد گرتووە و مەسەلە کانیان لە سەر شۆڕشی خەڵکی کوردستان و بارودۆخی سیاسی ئێران بە هێند وەرگرتووە.

ئەو وەک سیاسیەکی لێزان زۆر زانستیانە باسی کێشەی ڕەوای گەلی کوردهێناوەتە گۆڕ و کاتێکیش تیشکی خستۆتەسەر ماف و ئازادیە دیمۆکراتیکەکانی خەڵکی کوردستان، بە ڕاشکاوی ڕایگەیاندوە کە گەلی کورد داوای مافی سیاسی خۆی دەکا و

وەرگرتنی ئەو مافەیش نابێت لەسەر حیسابی پێشێلکردنی مافی سیاسی نەتەوەیەکی تر بێ، بەڵکوو بە شێوەی سیاسی و یەکسان دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بەسەر هەرێمەکانی ئێران دابەشبکرێ.

دکتۆر قاسملوو سەرێک بوو لە نێوسەراندا دیاربوو و هەتا ئەو ناوبانگەی کەوتبوو سەرزاری کۆمەڵگای سیاسی ورۆشنبیری ئۆروپا و ئەمریکایش.

هەڵسەوکەتی زۆر نایەبوو و جێگای سەرنج و لیوەربوونەوەی دۆستان و نەیارانی حیزب بووە. کەمواهەبووە لە کاتی تەنگانێدا بشڵژێ و لە بڕیارداندا دەست و پێبخۆی بزربکات، بەڵکوو زۆر بەئارامی و هێمنی هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی سیاسی دونیا و ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و ئێران و کوردستانی کردوە و بەردەوامیش ڕاپرسی لە نێو ئۆرگانیە حیزبییەکاندا بەڕێوەبردوە وەک نەریتێکی جوانی شارستانی، بۆ ئەوەی تەشکیلاتی حیزب بە گشتی لە بڕیارداندا بەشداری پێبکات و بەرپرسیارەتیەکە بۆ هەموو لایەک بێ.

بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەو بابەتە بەتەواوی بەرەو کاڵبوونەوە چووە و وەک پێویست کاریگەری لە سەر ژیانی سیاسی ڕێکخراوەی نەماوە و هەتا ئەگەر ئەو ڕاپرسییەش ئەنجامبدرێ وەک پێویست کاری پێناکرێ. ئەو کاتەی کە شەری ماڵوێرانکەری ٨ ساڵەی نێوان ئێران و ئێراق کۆتای پێهات، دکتۆر قاسملوو وەک سەرکردەیەکی سیاسی لیزانی کورد زۆر بەشێوەیەکی سیاسیانە هەڵسەنگاندنی ئەو بارودۆخە سیاسیەی کردو لەو بڕوایەدابوو ئەو دوو وڵاتە بەو ئاسانیە و بە خێرای ناتوانن لە سەر هەموو مەسەلە ئەساسیەکان بگەنە نەتیجە هەتا کورد نیگەرانی دووبارەبوونەوەی مێژوو بێ و، ڕووداوی ڕێککەوتنی جەزایری لێبکەوێتەوە کە لە ساڵی ١٩٧٥ لە نێوان سەدام حوسێن و شای ئێراندا ڕوویدا و بۆ بزووتنەوەی سیاسی کورد لە کوردستانی ئێراق شکەستی گەورەی لێکەتەوە و شۆرش بڵاوەی پێکرا.

خەڵکی کورستان متمانەی ڕێبەری نەتەوەیان بە قاسملوودا!

وتاری: ١٥

دکتۆر قاسملوو لایەنگری ئاشتیانەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد دەکرد و ئاشتی پێ باشترین ڕێگای گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستانبوو. ئەو شەڕەیش کە لە کوردستان بەدژی حکوومەتی ئاخوندی هەڵگیرسا سۆچی حیزبی تێدانەبوو، شەڕێکی داسەپاوبوو کە خومێینی و دارودەستەکەی بەسەر گەلی کوردیاندا سەپاند و کۆردیش بۆ ئەوەی بەرگری لە مانەوەی خۆی خۆیبکات، حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بڕیاری خەباتی چەکداری بەدژی هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند. کاربەدەستانی تاران ئەو ڕاستەیان بۆ دەرکەوتبوو کە قاسملوو شەڕ بۆ شەڕ ناکات، بەڵکۆ ئەو شەڕی بەرگریە دەکا. هەڵویستی ئاشتیخوازانەی دکتۆر قاسملوو هانی کاربەدەستانی حکوومەتی تیرۆریستیدا کە پلانی لە نیوبردنی بۆ دابڕێژن.

یەکەم هۆکار ئەوەبوو کە دکتۆر قاسملوو حدکا بە جۆرێکی ئەتۆ بەهێز و کاریگەرکردوە و بناخەکانی حکوومەتی مەرکەزی لە ڕێشەوە لەق کردوە و ئەگەر چاری ڕەوشی خۆیان نەکەن، حیزبی دێمۆکرات گۆڕانکاری گەورە لە ئێراندا بەدوایخۆیدا دێنێ وئەوکات ناتوانن بەسەر شەپۆلی ڕووداوەکاندا زاڵبن و خۆیان ژێر دەکەون. هەر بۆیە بیریان لەوەی کردەوە بە هەر ڕێگایەکدابێ قاسملوو لەسەر ڕێگای خۆیان لابدەن و کۆتای بەو نیگەرانیەیان بهێنن کە لەسەر حکوومەتەکەیان دروست ببوو.

بەداخەوە بەوجۆرە گرینگترین پیاوی سەردەم کە بە جووڵەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەی لە کوردستان دەستی پێکردەبوو، ڕیشەی نیزامی ئاخوندی وەلەرزە خستبوو و، لە ڕێگای بەرفراوانکردنی جۆمجۆڵی سیاسی و تەشکیلاتی و نیزامی، پیاوانی ڕێژیمی ئاخوندی بە تەواوی تۆشی شڵژان و ترسکردبوون. ئامانجیان لە تیرۆکردنی سیاسی دکتۆر قاسملوو ئەوەبوو نیزامی ئاخوندی لە مەترسی نێوخۆی بپارێزن و لەو ڕێگایەوە ئێران بەرەو سەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرن.

چوونکی کاربەدەستانی تاران زۆر باش لە هێز و نفوزی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران ترسیان ڕێنیشتبوو و بەتایبەت ئەو ڕۆڵە گرینگەی دکتۆر قاسملوو لە مێژووی سیاسی ئێران و کوردستان لە شەستەکاندا لەبەرانبەر ڕێژیمی پیاوکۆژی

ئاخوندی ئێران دەیگێرا و زۆر ژیرانە و سەردەمەیانە ڕێبەری جووڵانەوەی کوردی بەئەستۆکرتبوو.

ڕۆڵی ئەو پیاوە گرینگەی مێژووی سیاسی ئێران و کوردستان کەم وێنە بوو و، ئێستایش شوێنەوارەکانی لەسەر خەبات ماون و ڕۆڵی بێوێنەی سێبەری کێشاوەتە سەر ڕووداوەکانی داهاتوو و، خەلکی کوردستان لەوڕاستیە گەیشتووە کە حیزبی دیمۆکرات تاکە هێزی سیاسی کوردە کە دەتوانێ چارەسەری دۆزی سیاسی گەلی کورد بکات لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا. لە کوردستان هەر شوێنێک بۆی دەچی و ڕوویتێدەکەیت، هەست بە بوونی ئەو پیاوە گەورەیەدەکەی و کەس نیە بە ناو هێنای شانازی نەکات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

دیارە دەستەیەکی پچووک هەن کە بەناو هێنانی دکتۆر قاسملوو ئاراوقارەیان لێدەبڕێ و حەساسیەتیان بە ناوەکەیشی هەیە و هیچ دوور نیە بەشێکیان هەتا ئێستایش لەسەر سفرەی ئەو مرۆڤە گەورەیە نانبخۆن و خۆیان لە شێبەری ڕێبازەکەیدا حاشاردابێت و بەنابەدڵیەوە خۆیان بەدرێژەدەری ڕێگاو ڕێبازی دابنێن. هەتا ئەو دەستەیەی کە نەیاری حیزبی دیمۆکرات و دکتۆر قاسملوو بوون لە ڕۆژی تیرۆرکردنەکەیدا، بە تەقەی خۆشی و شایکردن خۆشحاڵی خۆیان دەربڕیبوو و خەبەری تیرۆری سیاسی دکتۆر قاسملوو بەشێکیان پێی سەرمەست ببوون.

ئێستا تێکۆشەرانی حیزب و ڕێبوارانی بەئەمەگی دکتۆر قاسملوو لە هەموو کاتیک زیاتر پێویستیان بە یەکریزی و تەبای سیاسی و تەشکیلاتی نێو خۆی هەیە و ئەگەر خۆیان لە نیوخۆیاندا کوک و یەکدەنگ نەبن و خۆیان بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو سازو ئامادە نەکەن، خەریکە هێندێک هێز و ڕیکخراوی دەرەوەی سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبن بە جێگرەوەی هێزە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەلات و حیزبی دیمۆکرات. ناکۆکی و بیروڕای جیاواز دەمێکەبوونی خۆی سەلماندوە لە پەیوەندی سیاسی و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا و، هەرگیز ئەو بابەتە نابێت بەومانایە لێکبدرێتەوە کە گەلی کورد ئومێدی خۆی لەدەستبدات سەبارەت بەپرسی هاوکاری و تەبای نێوان هێزە سیاسیەکانی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا.

بەڵکوو ئەوە سروشتی سیاسی و کولتووری نوێی ڕیکخراوەیە لە کوردستان سەری هەڵداوە و هەر ئەو خوێندنەوەیەش ئەو هەلەی ڕەخساندوە و، ئیتر بەسە چیتر ناکرێ بە شێوەی سوننەتی بیر لە ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان و ژیانی ڕێکخراوەی بکرێتەوە و هەنگاوەکان پێویستە بە ئاڕاستەی نوێدا بهاوێژرێن و بەرچاو ڕوونی شیاوتر لە نێو خەڵکدا سەبارەت بە پرسی سیاسی کورد بڵاو بکرێتەوە. دکتۆر قاسملوو توانی لە سایەی ڕێبەری و ڕینوێنی بەرچاوڕووونەییدا، بزووتنەوەی نیشتیمانی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان سەرەڕایی ئەو بارۆزروفەی بەسەر کەش و هەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستاندا زاڵبوو، گەشەی بەرچاو بە خەباتی نەتەوایەتی بدات و کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لە دەوری ئامانجە سیاسی

و کۆمەڵایەتیەکانیان کە لە بەرنامەی سیاسی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێراندا بە روونی ڕەنگیدابۆوە کۆبکاتەوە.

پەیامی قاسملوو ئەوە بوو تێکۆشەرانی ئازادیخوازی کورد ئاشنا بکرێن لەسەر ستڕاتیژی سیاسی جووڵانەوە و گرینگی ئەو شۆڕشە نەتەوایەتیەی کە زۆر بە هێز دەرکەوتبوو وبەباشترین شێوەی مومکین شیبکرێتەوە بۆ کۆمەڵانی هەراوی کوردستان.

د.قاسملوو روحی سەربەخۆی سیاسی و ئابووری حیزب بوو!

وتاری: ١٦

قاسملوو سەربەخۆی سیاسی و ئابووری حیزبی بەتەواوی دابینکردبوو و زۆر جاران بە ڕاشکاوی لەسەر مەسەلەی هاوکاری و پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی لە گەڵ حکوومەتی ئێراق و دۆستەکانی تریدا دەیگووت: "ئێمە وەک حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ئامادەین دەست بەرداری دۆستایەتی بکەین لە گەڵ دۆستەکانمان، بەڵام هەرگیز سەربەخۆی بڕیاردانی سیاسی وەک هێزێکی دێمۆکرات و پێشکەوتنخواز فیدای دۆستایەتی ناکەین و وەک هیزێکی تەواو سەربەخۆ دەمێنیەوە و لەسەر ئەو ئەساسە دۆستایەتی دەکەین و پەرەی پێدەدەین".

بەهەق گەورە پیاوی مێژووی نوێی شۆڕشی کوردستان لە ڕێبەریکردنی جووڵانەوەی سیاسیدا، زۆر شارەزایانە و حەکیمانە خەباتی خەڵکی کوردستانی بەرەوپێشەوە ڕێبەری دەکرد و سادوسەودای لەسەر مەسەلە ئەساسیەکانی گەلی کوردی نەکردو تائاخرین هەناسەی ژیانی دەکۆکیکاری ڕاستەقینەی مافی سیاسی کورد لە مەیدانی خەباتدا مایەوە.

لە هەموو ئەو کاناڵانەی کە لە کوردستان بەر دەست دابوونە قاسملوو کەڵکی لێوەرگرتوە بۆ ئەوەی بتوانێ کۆدەنگی سیاسی و نەتەوەی بەدەست بێنێ و سەرەتایەکی نوێی لێک تێگەیشتن و یەکتری قبوڵکردن هێناکایەوە. حیزبی دیمۆکراتی وەک وەسیلەی ڕزگاری نەتەوەی گەشاندوە و هەروەها دکتۆر قاسملوو تێدەکۆشا وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە و بزووتنەوەی کوردستان لەسەر بنەمای پشتیووانیکردن لە ماف و ئازادی سیاسی بەرەوپێشەوە بچێ. دکتۆر قاسملوو لە کوردستان پشتیووانی هەموو ئەو هێزو کەسایەتیانەی کوردی دەکرد کە مایەی خزمەت بە نیشتیمانیان تێدابەدی دەکرا و ئامادەیان هەبوو بەشداری شۆڕش بکەن.

دکتۆر قاسملوو مەیدانی تێکۆشانی سیاسی کوردستانی بە پاوانی هێزێک یان لایەنێکی لاوەکی سەیرنەدەکرد و بەڵکوو پێیوابوو هەموو ڕۆڵەکانی کوردستان دەبێ ئەو شۆڕشەی بە ڕێبەرایەتی حیزب دەستی پێکردوە بە هی خۆیان بزانن و بەهاتنە نێو ڕێزی خەبات بەهێزو پتەوتری بکەن لە بەرانبەری ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندی ئێراندا.

نووسینی: محەممەد سلێمانی

دکتۆر قاسملوو باوەڕی بەیەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بە پلۆڕالیزمی سیاسی لە کوردستان هەبوو و فرە ڕەهەندی و فرە حیزبی بە بنچینەی بنەماکانی دیمۆکراسی سیاسی و کۆمەلایەتی لە کوردستان دادەنا و لایەنگری سەقامگریی ئەو فیکرە نوێەی دەکرد لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا.

لەوبڕوایەدابوو کە هەبوونی سیستمی چەند حیزبی لە کوردستاندا زەمینەی ئەوتۆ دەخوڵقێنێت کە دەسکەوتی گەورەی وەک گەشەکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدوایخۆیدا دێنێ و لە ڕێگای جیاوازی تێروانین و خوێندنەوەی جۆربەجۆر لە سەر شێوەی بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی هەرێمی کوردستان، قۆناخەکانی گەشەکردن خێراتر دەبڕێ و لەو وەختەدا بووژانەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەست پێدەکات و ئاستی دیپلۆماسی دەچێتە قۆناخی دیاریکراوی خۆی لەسەر ئەرزی واقعدا.

لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر حکوومەتی پاشایەتی و دواجار بەلاڕێدابردنی دەسکەوتەکانی ئەو ڕاپەرینە جەماوەریە بە هۆی کۆمەڵێک ئاخۆندی "فێندەمێنتالیزمی ئیدئۆلۆژی" مەزهەبیەوە، لە جیاتی حکوومەتێکی گەلی دیمۆکراتیک دەسەڵاتی حوکمڕانی شیعە بەسەر ڕووداوەکانی وڵاتدا سەرکەوت و شوێنەوارێک لە ئازادیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان نەما و هەموو ئومێدەکان ڕەوینەوە. قوناخێکی نوێ و دژوار لە ژیانی سیاسی گەلانی ئازادیخواز و جودابیرانی ئێران هاتەئاراوە و دەرکەوت کە ڕێژیمی ئاخوندی لەبارانیدا نیە هیچکام لە داخوازە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی نەتەوەکانی بندەستی وڵات لە چوار چێوەی ئێراندا بسەلمێنێ و خومێینی و دارودەستەکەی خۆیان بۆ هێرش و پەلاماردانی کوردستان ئامادەکرد و لە ئاکامدا شەڕێکی سەخت و خوێناویان بەسەر گەلی کورد دا سەپێنرا. ئەو کاتی دەورانی گوڵکردنی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دکتۆر قاسملوو لە نێو شۆڕشدابوو. لە ڕەوشی سیاسی ئەو وەختەدا چاوی هیوا و هومێدی کەوتبوو سەر حیزب و دکتۆر قاسملوو کە بتوانێت دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئێران بپارێزێ و ڕێگا بە تاقمێک مەلای توندئاژۆنەدرێ بە پێچەوانەی ئارەزووەکانی پێک هاتە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی وڵات، حوکمڕانی بگرنەدەست و کۆمەڵگای پێشکەتووی ئێران بڕوخێنن.

لەوسەردەمە سیاسیەدا چەپەکانی کوردستان بەداخەدوە وەک پێویست مەیلیان بەلایی مەسەلەی نەتەوایەتیدا نەبوو و هەتا زۆر جار خەڵکی کوردستان شاهیدی ئەوەدەبوون کە تەنگوچەڵەمەیشیان لە سەر ڕێگای شۆڕش دەنایەوە و بەتەواوی خۆیان بە ئیدۆلۆژی و بیروڕای تروەوە سەرقاڵ و سەرگەرمکردبوو و سەبارەت بە خەباتی نەتەوایەتی کە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەری بوو لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا،بەردەوام تانەو تەشەریان لە حیزب و دکتۆر قاسملوو دەگرت و بە پاشکەوتوو و خۆپەرستیان سەیردەکردن و داخوازە سیاسیەکانی خەڵکی کوردستانیان پێ شتی پووچ و بێ بنەمابوون.

دیارە بەهۆی بیرکردنەوە و خوێندنەوەی هەڵەیان سەبارەت بەحیزب و رووداوەکانی کە لە ئێراندا هاتبوونە پێش زیانی زۆریان بە خەباتی کوردایەتی و سەقامگیری و ئاسایشی نەتەوەی گەیاند و کاریگیان کرد کە شەڕ بکەوێتە نێوماڵی رۆڵەکانی کوردەوە، لە جیاتی هاوخەباتی و هەنگاوی هاوبەشی سیاسی و نیشتیمانی.

دکتۆر قاسملوو بەروونی تیشکی خستبوو سەر ئەو مەترسیانەی کە حکوومەتی مەرکەزی بەدژی گەلی کورد لە پشتی پەردەدا پیلانی لە نێو بردن و سەرکوتی شۆڕشی لە تاران دارشتبوو و هاوکات پەیامی قاسملووی ئەوەبوو خەڵکی کوردستان سەرەڕاوی جیاوازی سیاسی و دابەشبوونیان بەسەر لایەنەکاندا، حیزبەکان لە جیاتی دژایەتی نێوخۆی لە گەڵ یەکتریدا پەرەی پێبدەن، خەباتی ئێمە پێویستی بە یەکڕیزی سیاسی و کۆدەنگی نیشتیمانی هەیە بەمەبەستی رۆبەڕوبوونەوەی مەترسیەکانی حکوومەتی مەرکەزی.

بەدوای لێک بڵاوبوونی بەرەی سۆڤیەت و کۆتای شەڕی سارد و دامرکاندنەوەی ڕاگەیاندنی دونیای دووجەمسەری، هێزە سیاسی و سیاسیەکانی کوردستان کەوتنە دەرەوەی بازنەی ئەفکاری ڕابردوویان و بێبازاری دیکتاتۆری پرۆلیتاریە ئەو دەرفەتە فیکریەی لە کوردستان ڕخساند کە چەپەکان بە نابەدڵیەوە ئامانجی سیاسی خۆیان گۆڕی و بە لایی مەسەلەی نەتەوایەتیدا بایانداوەتەوە و بەسیاسەت و ستراتیژیەکانیادا چوونەوە وسیاسەتی خۆگونجاندنیان لەکوردستان پەیرەوکرد.

دیارە گەلی کورد بەدڵنیایەوە ستایشی ئەو هەڵوێستە سیاسیەی لیکردن و کە بەشێک لە رۆڵەکانی ئێستا وەک حدکا هەڵوێستی نەتەوەیان پەرەپێداوە و چیتر ناکەونەوە ژێر کاریگەری سیاسی و فیکری حیزبە تەقلیدی و سوننەتیەکانی (حیزبی کۆمۆنیست و توودە) ئێران وبە پێچەوانەی مەیلی دۆستەکانیان پشتیووانی بەدی هاتنی مافی سیاسی کورد دەکەن.

قاسملوو باوەڕی بەهێز و پشتیوانی خەڵکی کوردستان هەبوو.

وتاری: ١٧

دکتۆر قاسملوو لە گەرمەی شەری سارد و بێلوتفی وڵاتانی سۆسیالیستی سەبارەت بە کێشەی سیاسی و خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەرکی گرینگی ڕێبەریکردنی شۆڕشی لەسەرشانبووە و هەموو کاتێک پشتی بە هێزی لە بڕانەهاتووی خەڵک بوستبوو و کیسەی لە سەر هاوکاری و یارمەتی دەرەکی هەڵنەدرووبوو و بەڕاشکاوی ئەوەی دووپاتدەکردەوە و دەیگووت، "ئەگەر خۆت هێزت هەبێ و خەڵکی وڵاتەکەت لایەنگری لە خەباتەکەت بکەن، زلهێزەکانیش لات لێدەکەنەوە و ئامادەن پشتیووانی شۆڕشەکەت لێبکەن و هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندی دۆستانەنت لە گەڵ دەدەن". بەڵام ئەگەر وەک هێزێکی دیمۆکرات و پێشکەوتنخوازی کورد شوێنت بەسەر ڕووداوە سیاسیەکانی وڵاتدا نەما، هیچ لایەک ئاوڕت لێناداتەوە و پشتیووانی شۆڕشەکەت ناکەن.

لەوسەردەمە سیاسی و مێژوویەدا ڕووداوەکانی کورستان و ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەی بە شکڵێکی تر خۆی دەرخستبوو. چەپەکانی کوردستان ئەو هێزانەبوون کە "هەناسەیان لە سۆڤیەت" بەهۆی بەستراوەی سیاسی و فیکری وەردەگرت و هەروەها ئەو هێزانە بەهۆی کێشە و ململانەی نێوخۆیان بەمروری زەمان بەرەولاوزی چوون و بێگوومان ئەو نفوزوڕۆڵەیان بۆناگەڕێتەوە کە لە ڕابردوودابەدەستیان هێنابوو. ئەو مەسەلەیەش بێگوومان پەیوەندی بە شێوەی بیرکردنەوە و هەڵوێستی سیاسی و تێڕوانینە جیهانیەکانیان دەگەڕێتەوە. چوونکی لە باری فیکرو بیرکردنەوەیان تۆشی پاشەکشەی گەورە هاتوون لە ئێران و کوردستاندا. گەلانی وڵات وەک ڕابردوو بە جێگای باوەڕ و متمانەی خۆیان نابین و پشتیووانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریان لێناکەن. گەلی کورد زۆر ڕێبەری بوێرو تێکۆشەری لەداوێنی مێژوویدا لە دایک بوون و پەروەردە بوون و گەشەیان کردوە و پاشان ڕێبەری جووڵانەویان کردەوە. بەداخەوە هیچ کامیان ئەو دەرفەتەیان بۆ نەڕەخسا هەتا بتوانن کورد بە مافی سیاسی و نەتەوایەتی خۆی بگەیەنێت و لە گەڵ حکوومەتە داگیرکەرەکاندا بگەنە ئەنجامێک کە خێری بۆ کورد بەدواوەبێ. بۆ کورد بەداخەوە بارودۆخی سیاسی و نێونەتەوەی بە ئێستایشەوە بەهۆی دابەشکردنی وڵاتی کوردستان بە سەر چوار وڵاتی بەهێزی ناوچەکەدا بابەتی ڕزگاری و بەئاکام گەیاندنی جووڵانەوەی نیشتیمانی زۆر ئاستەم و دژوارترکردوە و کێشەی کورد بێگوومان بە هۆی ئەو دابەش بوونەیەوە زۆر ئاڵۆزترە لەوەی کە کێشەی نیشتیمانیت لە گەڵ وڵاتێکدا هەبێ.

نووسینی: محەممەد سلێمانی

کورد کە یەک نەتەوەی گەورەو خاوەن مێژووی سەدان ساڵەی خۆیەتی و بەدرێژای ژیانی ئادەمیزاد لەسەر ئەو سنوور وسەراوەردە جوگرافیانەدا ژیاوە و بەردەوام ژیان و گوزەرانی خۆی دابین کردوە و هەردەم بە گیان و ماڵ پارێزگاری ئەو سنوورانەی کردوە کە بە کوردستان و وڵاتی کوردان ناوبراوە لە مێژووی دوور و نیزیکی خۆیدا.

بەدوای روخانی رێژیمی عێراق و سەرهەڵدان و نارەزایەتی و هاتنە کایەی شۆڕشی بەهاری عەرەبی هێندێک روخساری سیاسی و نەتەوایەتی ناوچەی گۆڕیوە و ئومێدی نوێی بە گەلانی بندەستی دونیا لەگەڵ خۆییدا هێناوەتە ئاراوە. بەڵام هێشتا زۆری ماوە هەموو لایەک و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیرکردوە بگەنە ئەو ئەنجامەی کوردیش دەبێت مافی سیاسی خۆی وەربگرێت و خۆی بڕیاری سیاسی لە سەر چارەنووس و حوکمڕانی و وڵاتی خۆی بدات.

قۆناخی دوای ڕوخانی حکوومەتی شا و باڵادەستی ئاخوندەکان لە ئێراندا. کەشوهەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتی بەرەو هەڵدێر و شەڕی خوێناوی برد و گەلان بەگشتی کەوتنە ژێردەستی کۆنەپەرستی و لە هەموو ماف و ئازادیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێبەشکران. هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی رووی لە دارمانکرد و شەڕی لە گەڵ ئێراق و پەرەستاندنی شەڕ لە کوردستان وێڕای سەخت بوونی باری ژیان و گوزەرانی خەڵک، هەرلەوکاتەیشدا رێژەی بێکاری زۆر بەرزببۆوە و دەرسەدێکی زۆر کەم خاوەن کار لە ئێراندا، موچەی مانگانەی وەردەگرت.

ئەو کات حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران وێڕای بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی سیاسی و وشیاری نەتەوەیی لە نێو خەڵکدا و بەتایبەت لاوان ئەرکی دژواری شۆڕشی لە ئاستی بەرگریکردن و تۆکمەکردنی داخوازە سیاسیەکانی بزووتنەوەکەی بەتەواوی کەوتبوو سەرشان.

رەنگە ئێستا زۆر هێزو تاکی کۆمەڵگا بدۆزیەوە دژایەتی خۆیان لەو بارەوە نەشارنەوە و رۆڵی حیزب و رێبەرەکەی بە هێند وەرنەگرن و زۆرجار مەسەلەکان بەجۆرێک باس دەکرێن کە ئەو کەسانە بەرگریان لە خەڵکی کوردستان کردوە و ئازایانە پارێزگاری مافی گەل بوونە.

لەڕستیدا مێژووی رۆژهەڵاتی کوردستان بە هیچ هێزو کەسێک چۆنی بەقازانجی بێ بیگۆڕێ بێگوومان ناگۆڕدرێ و هێزی پێشڕەو لە داهاتوودا، کە گەل لە ئێستاوە بە رێبەری جووڵانەی دەست نیشانکردۆتەوە و ئەو ئەرکەی خراوەتەوە سەرشان و، خەڵکی کوردستانیش شوێن هەڵویستە کانی دەکەون، حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێرانە.

حیزبی دیمۆکرات بە ڕابردووی سیاسی خۆی لەو سێ دەیەی ڕابرووی شۆڕشدا، ئەوەی سەلماند کە پشتیووانی لە خەڵک و داخوازییەکانیا دەکات و بۆ چرکەساتێکیش بوویێت، هەڵوێستێکی ئەو تۆی نەبووە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بخاتەمەترسیەوە و لە جیاتی خەمخۆری گەلەکەی، بۆ خەڵکی شوێنیکی تر و ناوچەیەکی دووری وڵات بسوتێ و ئامانجی سیاسی گەلی بەلەوە گرینگ نەبوویێت. یان لە خەباتی نەتەوایەتیدا بەرەوناشێلگیری هەنگاوی نابێ و مەسەلەی کورد وەک کێشەیەکی لاوەکی سەیرکردبێ، بەڵکوو بە درێژای تێکۆشانی حیزب مۆکۆربووە لە سەر هەڵوێستە سیاسی و نیشتیمانیەکانی و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی لە پێش هەموو شتێکداناوە و وەک بیل بیلەی چاو پاراستوویەتی.

قاسملوو پێش هەرکەسێکی تر لە قەیرانی سۆڤیەت گەیشتبوو.

وتاری: ١٨

قاسملوو بەوەناسرابوو کە لایەنگری بڕیاری سیاسی و نیشتیمانی خەڵکی کوردستانە و بەردەوامیش پشتیووانی لە خەباتی گەلانی بندەستی دونیا کردوە و دۆستایەتی سیاسی حیزبی لەگەڵیاندا پاراستبوو و، بەڵام وەک شێوەی خەبات ئەو سیاسەتەی ڕەچاوکردوە کە گەلی کورد خۆی بڕیاری لەبارەوەبدا و هەڵوێستەکانی لەسەر ئەساسی ئەو دۆستایەتیە دانەڕشتووە کە لە بەرژەوەندی نەتەوەیدانەبووبێ و هەرگیز بڕیارێکی ئەوتۆی دەرنەکردوە کە بەهۆیەوە زیان بەدەسکەوتەکانی شۆڕش بگەیەنێت.

لە سێ دەیەی ڕابردوودا هێندێک هێزی سیاسی کورد بەجۆرێک بیریاندەکردەوە و سیاسەتیان دەکرد، کە خێر بەکرێکارانی شوێنێکی گەلێک دووری ئەو جیهانە بگەیەنن و بڕۆن لە کۆباو لهێستان بەرگری لە ستەمکاری حیزبی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتانە بکەن کە بە چ شێوەیەکی دڕدانە ڕۆڵە ئازادیخوازەکانیان قەڵاچوودەکردن. بەدەلیلی ئەوەی داوای ئازادی سیاسی و سەربەخۆی بڕیاردانی نیشتیمانی بوون لە وڵاتەکەیاندا.

دکتۆر قاسملوو خەباتی کومەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕێکخست بۆ ئەوەی بەشێوەی هاوبەش داوای مافی سیاسی لەگەڵ حکوومەتی ئاخوندیدا بێتە گۆڕێ و ژیرانە پشتیووانی لە هەنگاوی گۆڕانکاری سیاسی لە پێناو دابینکردن و ئەستاندنی مافی سیاسی گەلی کورد بکرێت.

دکتۆر قاسملوو لە ڕێگای بیرکردنە و سیاسەتی ورد و ژیرانەی کە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دایڕشتبوو توانی زۆر بەخێرای متمانەی خەڵکی کوردستان لە حیزبی پێشڕەویخۆیان بەدەست بێنێ، بۆ ئەوەی وەک نوێنەریان بڕیاری سیاسی و یەکلاکەرەوە لە پەیوەندی لەگەڵ کێشەی ئاشتی و چارەسەری مەسەلەی کورد لە ئێران بدات.

لەو وەختەدا کاری سیاسی و دیپلۆماسی وەک ئێستا زەمینەی بۆ نەڕەخسابوو لە ئاستی دەرەوەدا، لەگەڵ ئەوەیشدا قاسملووی نەمر زۆر لێبڕاوانە تێکۆشاوە هەتا جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان لە ئاستی نێونەتەوەی و نێوخۆیدا بەشێوەی

گشتی گەشە بکات و بناسرێ و بیروڕای هێزو کۆمەڵگا دیمۆکراتیکەکان بۆ لای مەسەلەی کورد ڕابکێشێ و ئاشنابکرێن بە خەباتی سیاسی کورد.

لە سەردەمی شەڕی سارد دا، "باڵادەستی و نایەکسانی سیاسی و کۆمەڵایەتی روخساری گێتی بە شکڵێکی تر پێشاندەدا و" هەتا ئەو گەلانەی کە بەهێزی دیمۆکرات و شۆڕشگێڕی وڵاتەکیان ناسرابوون و نوێنەرایەتی ئیرادەی گەلیان دەکرد بۆ ئەوەی کێشە سیاسی و نەتەوایەتیان لە چوار چێوەی وڵاتەکاندا چارەسەربکەن، کەوتبوونە نێو بەرداشی دەسەڵاتە مەرکەزی و بە هێزەکان و مافەکانیان بەتەواوی پێشێلکرابوون و وەک پێویست ئاوڕیان لێنەدەدرایەوە".

لەو قۆناخە سیاسی و تایبەتیەدا وەک پێویست گرینگی بە جووڵانەوە نیشتیمانیەکان و شۆڕشی گەلانی زۆرلێکراوەی دونیا نەدەدراو و زۆرجار بەئاشکارا جووڵانەوەیەکی نیشتیمانی فیدای قازانجە سیاسی و بەرژەوەندی بازرگانی هاوبەش دەکران و داگیرکەرانی کوردستانیش بەدەر لەو سیاسەتە نەبوون و لە گەڵ زلهێزەکان هەماهەنگیان پێک داهێنا لە سەر پشگوێ خستنی مافی سیاسی کورد و هێشتنەوەی بەژێردەستەی.

مێژووی سیاسی کوردستان پڕیەتی لەو رووداوە ترسناکانەی کە دوژمن بەسەردا تێپەڕاندووین و زوڵمی زۆر بەر کوردکەوتووە و هەتا زۆر جار لە گەڵ مەترسی لە نێوبردن و قەڵاچۆکردن بەرەوڕوبۆتەوە.

کورد بەدرێژای مێژوو زیانی مەزنی لەسەر خاکی خۆی بەرکەوتووە و ئەو وڵاتەنەش کە قازانجیان لە گەڵ دژمنانی کوردستاندا هەبووە مەسەلەی کوردیان ئەوەندەی بۆیان کرابێ پەراوێزخستووە.

قەیرانە سیاسی و ئابووری و نیزامیەکانی جیهانی ڕابردوو بەتەواوی لە بیر مرۆڤایەتی نەچۆبوویەوە کە ئەو ناکۆکیەیانە لە ئاستی جهیاندا سەرلەنوێ و لە شکڵ و فۆرمی جیاوازدا پاش خۆدارشتنەوەی، گەشەیکردوە و جەمسەرەکان دیسان بەدژی یەک هاتوونەتەوە نێو گەمەسیاسیەکانەوە و دونیای ئێستا بەسەر زۆر جەمسەری ناکۆک و دژبەیەک دابەشبووەتەوە.

لە ساڵی ١٩٦٢ کاتێک سۆڤیەت موشەکەکانی لە کوبا جێگرکردن و لولەی ئاگرەکەی ئاڕاستەی ئەمریکا کرد. ژیانی مرۆڤایەتی پێی نایە قۆناخێکی پڕمەترسی و، ئەو سەردەمە بەقەیرانی موشەکی لە مێژوودا ناسراو ئەو بابەتە بیروڕای مرۆڤایەتی بەگشتی و لە ئاستێکی بەرفراوان بەخۆیەوە سەرقاڵکرد.

ئەمریکا و سۆڤیەت بە ڕێککەوتنێکی کەمڕەنگ، خۆیان لە نیگەرانی دروستبوونی شەڕ هەڵگریسان پاراستوو و دونیا ئۆقرەیەی بۆ گەڕایەوە و نیگەرنیەکان بەکۆتاهاتن، بەڵام ناکۆکیەکان هەرمابوون.

لە جیهانی دووجەمسەری و ئاڵۆزی سیاسی و ناڕوونی هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیە کانی ئەو سەردەمەی مێژووی سیاسی مرۆڤایەتیدا، زۆر دیار نەبوو یان بەواتایەکی تر ناروون بوو پێشبینی بکرێت، کاملایەنی شەری سارد براوەیی ئەو هاوسەنگیە سیاسی وئابووریە دەبێت لە ئاستی دونیادا و دەبێ بە هێزی تاک جەمسەری، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ.

ئەوەی ئەو بالانسەی گۆڕی ژێری بڕیاری سیاسی و دانانی میکانیزمی ستراتیژی درێژخایەن و ئەو جیهان بینیەبوو کە پاشان ئاکامەکەی توانی شکڵی سیاسی دونیا لە بەژەوەندی وڵاتەکەیدا بگۆری، ئەو وشیاریە سیاسی و ئابووریەش بێگوومان بەر ئەمریکا کەوت و لایەنی تری ڕەکەبری بوو بە دۆڕاوی ئەو گەمەسیاسیە.

ئەو چەمکەی بەرەی ڕۆژئاوای گەیاندە لوتکەی سەرکەوتن لە مێژووی سیاسی و ئابووریدا لە بەرانبەر یەکیەتی سۆڤیەت دا، سیاسەتی درێژخایان و بەرنامەی پتەوەی ئەمریکایەکانبوو کە پێش وەخت نەخشەیان بۆ دانابوو.

سۆڤیەتەکان هەرگیز بیریان لەوەی نەکردەوە بە شێوەی گشتی و درێژخایەن روبەروی بەرەی ڕۆژئاوا ببنەوە و بەرنامەیەکی ئەوتۆ شیاو و گۆنجاو دابرێژن کە بتوانێت بەسەر گیروگرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتیکاندا زاڵیان بکات، بەڵکوو زۆر سەرمەستانە و لەخۆڕازیانە بارودۆخەکەیان لێکدەدایەوە و "بە تێگەیشتن لەوەزحی مەوجود پێشبینی رووداوەکانیان بەشێوەی ڕاستەقینە بۆنەکرا کە شەپۆلەکانی نەخشەی سیاسی گۆڕێ و ناوی سۆڤیەت بۆ هەمێشە چووە نێو مێژووە".

بەرەی ڕۆژئاوا کە پایەکانی حوکمڕانی و سیستمی سیاسی وڵاتی لە سەر ئابووری بەهێزو بنەماکانی دیمۆکڕاسی دامەزرابوو، گرووەکەی لە سۆڤیەت بردەوە و دوای ساڵی ١٩٩١ وەک تاکە زلهێزی دونیا لەسەر نەخشەی سیاسی دونیا دەرکەوت.

دکتۆر قاسملوو زۆر زوو هەستی بەوڕاستیەکرد کە کۆمۆنیستەکان ناتوانن لە ئاستی چاوەڕوانی گەلانی زۆرلێکراوی دونیادا بە ڕەچاوکردن و بەپەیرەویکردنی سیاسەتێک کە درێژەی پێدەدەن، توانای هاوکاری و پشتیووانی سیاسی و مرۆڤدۆستانەیانەی گەلانی بندەستیان هەبێ.

دکتۆر قاسملوو توانی بووی زۆر ژیرانە دۆستی ناودارو بەنفوز لە وڵاتانی ئۆرووپا و ئەمریکا کە شوێنی گرینگیان لە سەر

سیاسەتی وڵاتەکەیان هەبووە، بکات بە دۆست و لایەنگری خەباتی ڕەوایی گەلی کورد لە پێناو گەیشتنی بە مافی سیاسی و نەتەوایەتیدا.

قاسملوو دیپلۆمات کارێکی گرینگ و ناسراوی کوردبوو.

وتاری: ١٩

دکتۆر قاسملوو جێگای خۆی لە نێو دڵی زۆر بیریاری نێونەتەوەییداکردبوویەوە و ئەو دۆستانەی خۆیان بەلایگری چارەسەرکردنی پرسی سیاسی کورد دادەنێن، بەشێکیان سەرەتای ئاشنایەتی و دۆستایەتیان لە گەڵ شۆڕشی خەڵکی کوردستاندا، بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێننەوە کە دکتۆر قاسملوویان وەک دیپلۆماسێکی سەرکەوتوو لە نزیکەوە ناسیوە و بەردی بناخەی دۆستایەتی بەهێزیان لەگەڵی داناوە. بەدەلیلی ئەوەی قاسملوو پیرەوی ڕێبازێکی بەتەواوی دێمۆکراتیک و دادپەروەری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کردوە لە ئاستی دونیادا، قسەی تێدا نیە، دۆستەکانیشی ئەو هێزانە بوون کە ئەو پەیامە سیاسیەیان بەرزکردبۆوە و خۆیان بەلایەنگری زوڵملیکراوان دەزانی.

تێکۆشانی دکتۆر قاسملوو لە نێو ڕێکخراوەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا بەدڵنیایەوە کاریگەری لەسەر خوێندنەوە و تێڕوانی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە دانا و گرینگی و هەستیاری مەسەلەیی کورد وەک کێشەی گەلێکی گەورە، شوێنی خستە سەر سیاسەت و ستراتیژی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست و زۆر لە حیزبەکانی ئەندام لەو ڕێکخراوە جیهانیەدا، هەڵویستیان بەنیسبەت کورد گۆرانی بەسەرداهات.

ئەو زنجیرە کۆبوونەوانەیش کە لە کوردستان پێک هاتوون، بێگوومان بەرهەمی خەبات و ماندوبوونی دکتۆرقاسملووی ڕێبەرن پاش سەلماندنی پرسی کورد و، ڕێگای چوونە ناو ئەو ناوەندە جیهانیەی بەروی ڕێبەرانی کوردستاندا کردەوە.

دکتۆر قاسملوو بەر لە پێک هاتنی زەمینەی ڕیفۆرمی سیاسی و ئابووریەی کە پاشان ڕوخساری ئۆروپا و ئاسیای بەتەواوی گۆڕی و زۆر وڵاتی نوێ بەدوای دارمانی بلوکی سۆسیالیستیدا کەوتنە سەر نەخشەی سیاسی جیهانیەوە و پێشبینی ئەو بارودۆخەی کردبوو و لە کۆرتەباس دا بەوردی تیشکی خستبوویەوە سەر گیروگرفتی ولاتانی سۆسیالیستی.

قاسملوو پێیوابوو بلوکی سۆسیالیستی بەهۆی پەیڕەویکردنی لە سیاسەتی نموونەگەرایی و هەناردەکردنی شۆڕسی زۆرەملی بۆ نێو وڵاتانی تری جیهان و دەستگرتن بە هێما تەقلیدی و سوننەتیەکانی خەباتی سیاسی، ئەو ڕێگایە ناتوانێ بکاتەوە کە

ولاتەکەی لە قەیرانی گەورە بپارێزی و پیش بە شەپۆلی نارەزایەتی خەڵکی بگرێ.

دکتۆر قاسملوو دەمێک بوو هەڵسەنگاندن و تووێژینەوەی ئەو بارودۆخە سیاسیەی جیهانی نوێی کوردبوو و بە پێشکەش کردنی "کورتە باسێک" لە سەر سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک ئاماژەی بە قەیران و گیروگرفتی پیادەکردنی بنەماکانی ئەو بەرنامە کۆمەلایەتی و ئابووریەدابوو و بەوردی تیشکی خستبۆوە سەر پێوەر و چەمکە فیکریەکانی سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک لە ئاستی نێو خۆ و دەرەوەدا.

دکتۆر قاسملوو وێرایی رەخنە لە سیستەمی سیاسی و کۆمەلایەتی ولاتانی سۆسیالیستی، رێگای رزگاربوون لە قەیرانی مەوجودی خستبۆوە بەرچاوی کۆمەڵگای نێونەتەوەیەوە و بەجۆرێکی ئەوتۆ شیکردنەوەی لەسەرکردبوو کە هەموولایەک بەسانای لێی تێبگەن و وەک دەسکەوتێکی هاوبەشی دادپەروەری و یەکسانی کۆمەلایەتی زەمینەی پیادەکردنی بۆ برەخسێنن. هێنانە گۆر و بەپێشکەشکردنی باسێک لەسەر کورتەباس و سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک کە بە شێوەی زانستی تویژینەوەی لەسەر هەلومەرجی گێتی و پەیوەندیە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەکان ئەنجامدابوو و، هەر لەو پەیوەندیەشدا سیمای سیاسی و کۆمەلایەتی کوردستانی بەجۆرێکی ئەوتۆ زانستی هەڵسەنگاندبوو کەم کەس هەبوو لە کەش و هەوای سیاسی ئێران و کوردستان تێنگات.

دکتۆر قاسملوو بەرلەوەی هەنگاوی نوێ بەهاوێژێ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی لایەنە باش و خراپەکانی دەکرد و لە ژێر رووناکای خوێندنەوەی وردیدا مەسەلە سیاسی و تەشکیلاتیەکانی لە نێو حیزبدا دەهێناگۆر و پاش پەسند کردن وەک بریار کاریان لە ئۆرگانەحیزبەکاندا پێدەکرا. بۆچی قاسملوو باسێک لەسەر کورتەباسی هێنایە نێو حیزب و ئامانج لە هێنانەگۆریدا بیگوومان هۆکاری سیاسی و رێکراخوی هەبووە. کورتەباسێک لە سەرسۆسیالیزمی دێمۆکراتیک ئەو قازنجەیشی بۆ حیزب هەبوو کە لە رووی فیکریەوە سنووری بە نێوان ئەو کەسانەداکێشرا کە دێمۆکرات نەبوون و باوەریان بە چارەسەرکردنی پرسی کورد و مافی سیاسیەکەی نەهێنابوو و، لە نێو خەڵکدا وەک ئەندامی حیزب خۆیان دەردەخست و زۆر جار بە پێچەوانەی هەڵویستی سیاسی حیزب قسەوباسیان بلاو دەکردەوە.

بۆ ئەوەی لەو رێگایەوە زیان بەحیزب و جووڵانەوەی ئازادیخوازی کورد بگەیەنن، دیارە لە کۆتایشدا هەرئەوەیانکرد و کەوتنە سەنگری دژی بەرژەوەندی نیشتیمانی و کوردایەتیەوە. ئەو دەستەیە خۆیان بە پەیرەوانی گۆنگرەی ٤ی حیزب لە نێو خەڵکدا پێناسەدەکرد، بەلام لە روی سیاسی و فیکریەوە بەتەواوی کەوتبوونە ژێرکاریگەری حیزبی توودەی ئێران و ئەو حیزب بەئاشکرا بریارەکانی بۆ دەردەکردن هەتا جووڵانەوەی سیاسی کورد لەو رێگایەوە لاوازبکەن و ناکۆکی بخەنە نێو

بزووتنەوەی شۆڕش لە کوردستان.

کۆرتەباسێک لە سەر سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک بەهۆی هەژاری بیرکردنەوە و نزمی ئاستی وشیاری سیاسی و تەشکیلاتی ئەندامانی حیزب و کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لەو سەردەمەدا، جنجاڵی زۆری بەداویخۆیدا هێنا و موافق و موخالیفی پەیدابوون و بەداخەوە هەتا ئێستاش وەک پێویست لانی کەم لە نێوحیزبدا هەلومەرجی پیادەکردنی بۆ نەڕەخسا.

یەکێک لە قازانجەکانی پیادەکردنی "کۆرتەباس "لە نێو حیزبدا، لەرووی فیکریەوە توانی تەشکیلاتی سیاسی حدکا لەسەر ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆی موکورتربکا و سنووڕێکی لە نێوان ئەو کەسانەی حیزبین و بەنابەدڵی خۆیان لە ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزبدا شاردبۆوە و باوەڕی تەوایان بە ئامانجە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی شۆڕش نە هێنابوو لە ڕیزەکانی حیزب دوورخستەوە و کەوتنە جەمسەری دژایەتی کردنی حیزب.

لە ئاکامدا ئەو گرووپەی کە هەرلەسەرەتاوە حەزیان لە بەستراوەی سیاسی دەکرد و چاویان بە شێوەی مودیرییەت و ڕێبەری د.قاسملوو هەڵنەدەهات، دەبوو ڕیزی حیزب بە جێبێلن و بەرەو ئەو شوێنەبڕۆن کە سەرچاوەی هەناسە وەرگرتنیانبوو لە کوردستان.

لە نێو حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراندا، فیکرەکانی دکتۆر قاسملوو لە گەڵ ڕەخنەی زۆر بەرەو روو بۆوە و هەتا بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەریش کەوتبوونە ژێرکاریگەری ڕەوشی سیاسی و تەشکیلاتی و هەرجارەوبە جۆرێک بیروڕایان لەو پەیوەندیەدا دەردەبڕی.

لەڕاستیدا ئەو مەسەلەیەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئاستی کرچووکاڵی کۆمەڵگای کوردستان بە هێزو لایەنەکانیەوە لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا هەبوو و زۆر جار هاوڕێیانی حیزبیش لەو بارەوە تۆشی سەر لێشێواوی و دڵەڕاوکی دەهاتن و ئەگەر کەسانێک لە ئاستی ڕێبەریدا پشتیووانی ئەو ڕێبازەیانکردبا، دواجار پەشیمان دەبوونەوە و بەتەواوی بڕیاری خۆیان لەوبارەوە ساغ نەکردبۆوە و زۆر کەس بەهۆی خۆشەویستیان بۆ دکتۆر قاسملوو دەنگیان بەکورتەباس دابوو.

بێگوومان لەو قۆناخەدا توانای شیکردنەوە و تێگەیشتن لە چەمک و فیکری تازە زۆر دژوار بوو لە کوردستاندا و زانستی نوێ کە کۆمەڵگا و ژیانی ڕێکخراوەی لە هەژاری بیرکردنەوە و خوێندنەوە ڕزگار بکات بە سانای قبووڵبکرێت و لە گەڵ گیروگرفت بەرەورونەبێت.

د.قاسملوو تەشکیلاتی حیزبی لە بەستراوەی سیاسی ڕزگارکرد.

وتاری: ٢٠

دکتۆر قاسملوو لە قۆناخێکدا ئەو ئەرکە نیشتیمانیەی کەوتبوو سەر شان، کە بەداخەوە ئاستی وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵک وەک ئێستا بەرز نەبوو و، زۆر گیروگفت لە سەر ڕێگای پیادەکردنی بەرنامە و گەڵاڵەی نوێی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دروست دەبوون لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا.

سەرەڕای بوونی کەندوکۆسپی زۆر، بەخۆشیەوە خەباتی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتیی حدکا توانی روخساری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان بگۆڕێ و، حیزب لەڕێگای بڵاوکردنەوەی وشیاری سیاسی و نەتەوەیدا، توانی پشتیووانی خەڵکی کوردستان بۆ لای شۆڕش ڕابکێشێت.

بەرنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران کە ڕێبەری شەهید ڕۆڵی گرینگی بینیووە لە تەنزیم و نووسینەوەیدا، بە جۆرێکی ئەوتۆ ڕێکخرابوو کە بەشی هەرەزۆری داخوازی خەڵکی کوردستانی لە خۆی گرتووە.

دکتۆر قاسملوو ئامانجە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی بزووتنەوەی سیاسی کوردی بە شێوەیەکی تۆخ و پڕڕەنگ دارشتن و، ئەو لە هەموو سەرکردە سیاسیەکانی تری کوردستان زیاتر لە ویستی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان تێگەیشتبوو. قاسملوو بەمانای وشە ڕێبەر بوو و، خاوەنی کەسایەتیەکی زۆر بە هێز و بڕیاری سیاسی شوێندداربوو. ئەو لەزۆر بواری جیاوازدا خزمەتی بە حیزب و جووڵانەوەی کورد گەیاند و لە درێژەی خەباتدا توانی تەشکیلاتی حیزب لە بەستراوەی سیاسی ڕزگاربکات. ئەویش بە هاتنەدەری لە کۆمیسیۆنی" کاک" کە حیزبی توودە سەرپەرستیدەکرد.

لەو ساڵانەی دوایدا چەند کەسێک پەیدابوون کە پێشتر ئەندامی حیزب بوون و بەهێنندێک دەلیلی بێبنەما دژایەتی حیزب و بیروباوەڕی قاسملوویان دەست پێکرد و، زۆر بە توندی ڕەخنەیان لە دیمۆکراسی سیاسی و ڕێکخراوەی حیزب دەگرت و بە دزەکردنی بیرۆکەی حیزبی توودەیان ناودەبر و دیمۆکڕاسی نێو حیزبیان بە چەمکێکی سواو بێ کەڵک وەسفدەکرد.

کەچی پاش دابڕانێکی کورت خۆیان بڕیاری گەڕانەوەیان بۆ نێو تەشکیلاتی حیزب دا و کەسیش نەبوو ئەو پرسیارەیان لێبکات ئەی گلەی و ڕەخنەکانتان بە کوێ گەیشتن کە پێشتر ئاوێزانی میدیای کوردی کرابوون.

کۆمیسیۆنی"کاک" پێک هاتەیەکی ڕێکخراوەی و تەشکیلاتی لە نێوان فیرقەی دیمۆکڕاتی ئازەربایجان و حیزبی دیمۆکراتی کوردستان پاش بووژانەوەی تەشکیلاتی حیزب بەدوای تێکچوونی حکوومەتی کوردستان دامەزرا و هەردوولا لەو ڕێگایەوە سەرپەرشتی کاروباری سیاسی و ڕێکخراوەیان بەهاوکاری و ڕێنوێنی حیزبی توودە لە کوردستان و ئازەربایجان دەکرد و بەو جۆرە هەنگاوەکانی چالاک کردنەوەی تەشکیلاتیان دەستپێکردەوە.

بەڵام دکتۆر قاسملوو بەخێرای بڕیاری سەربەخۆی تەشکێلاتی حیزبیدا و بە فەرمی هاتنەدەری لەو کۆمیسیۆنە ڕاگەیاند. هەر ئەوەشبوو هۆی ئەوەی حیزب بە خێرای لە نێو خەڵکدا گەشەبکات وەک هێزێکی بەرین پانتایەکی گەورە لە مێژووی سیاسی ئێران و کوردستان بۆ خۆی بگرێ.

دکتۆر قاسملوو لە تەنگووچەڵەمەی ڕۆژگار نەدەترسا و زۆر ژیرانە ڕێگای درێژەدانی خەباتی کردۆتەوە و ئەو تەنگوچەڵەمەنەیش کە هاتوونەتە سەر ڕێی حیزب، زۆر ژیرانە بەسەریاندا سەرکەوتووە و حیزبی لەهەموو قۆناخەسەختەکانی تێکۆشانیدا بەسەربەرزی و ڕوسوور ڕێبەری کردوە.

چۆن گەلانی دونیا شانازی بە بیرمەیدانی خۆیان لە قۆناخە مێژوویە جیاوازەکاندا دەکەن، بێگوومان کوردیش قاسملووی هەیە کە وەک ڕێبەرێکی فیکری و فەلسەفی، کە خاوەنی داهێنانی کۆمەڵێک چەمکی سیاسی و کۆمەڵایەتیە شکۆی بەرز ڕابگیرێ و لە ژیانی پڕبەرهەمی، وانەی خەباتی سیاسی و تەشکیلاتی لێفێربین.

دکتۆر قاسملوو بە هۆی لێکدانەوە و توێژینەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیەوە ڕێگای تێکۆشانی ساناتر کرد و خەڵکی کوردستان بە وشیاری زیاترەوە هەتنەمەیدانی شۆڕش و ئەو پیاوە گەورە و گرینگەی مێژوو هیچی کەمتر نیە لە ناودارنی گێتی و بێگوومان سەرێکە لە نێوسەراندا.

بەدڵنیایەوە" ئەو روحی گەورەی شۆڕشی نوێ بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا". پاش دیارنەمانی ئەو ئەستێرە گەشەی خەبات، دەبینین جووڵانە و ژیانی حیزبایەتی بە چ قۆناخێکی نا تەندروست ژیان تێدەپەڕینێ و هێزە لاواز کانیش حیساب بۆ ئەو هێزە گەورەی مێژوو سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (حدکا) ناکەن و بێ ئەوەی کەس هەستی پێبکات، بەرنامەی

پەراوێزخستنی بۆ دادەنێن.

حیزبی دێمۆکرات لە سایەی بیریاری ڕێبەرانیدا بە شکڵێکی ئەوتۆ بەرچاو گەشەیکردوە، ناکرێ حیزب لە ئەگەری ئاڵۆگۆڕەسیاسیەکانداکە بەسەر ئێراندا بێن ڕۆڵ و نفوزی بە هێند وەرنگیرێ و لە بڕیاری سیاسیدا پشت ئاوبکرێ.

حیزبی دێمۆکرات هەڵقولاوی نێو شەپۆلە سیاسی و شۆڕشگێریەکانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و پێشتریش ئەو ڕاستیە بۆ هەموو لایەک سەلمێنراوە کاتێک کە خەڵکی کوردستان بە نوێنەری ئیرادەی خۆیان هەڵبژارد و پشتگیری خۆیان بۆ دەربڕی. کاتێک مرۆڤ شرۆڤەی ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە سەدەکانی نێوەڕاست دەکا و چاو بە مێژووی سەرهەڵدانی قۆناخە فیکریەکاندا دەگێڕێت، ئەو کات باشتر بیریاری قاسملوومان وەک ڕێبەری نەتەوەی بۆ دەردەکەوێت. ئەو لە هەموو ڕوویەکەوە "هاوسەنگی سیاسی بزووتنەوەی نیشتیمانی کوردی لە ئاستی دەرەوەدا بە بەرزی و دێمۆکڕاتیک بوون پاراستبوو". بەکەوتنی دکتۆر قاسملوو و، شەڕەفکەندی کەسنەبوو شۆڕشی کوردستان هەستێنێتەوە سەرپێیخۆی و بە هێز ڕایبگرێ و شەپۆلە فراوانەکانی شۆڕش بەرەوکزی بڕاوات".

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی ڕادیکاڵی فیکر و تێڕوانینی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیەوە، دیتمان بە چ شێوەیەک بۆتە ئامانجی ڕێژیمی تیرۆریستی ئاخوندی ئێران و دەستی ڕەشەکۆژی گەیاندە دیارترین سیمای سیاسی و تەشکیلاتی حیزب و تیرۆری سیاسی بەدژی ئاشتیخوازترین مرۆڤ ئەنجامدا بۆ ئەوەی پرسی سیاسی کورد پشتگووێ بخات و نیکۆڵی لێبکات و شۆڕش بەرەو لاوازی بەرێ و هیواکان بخینکێنن.

دکتۆر قاسملوو دژی هەلپەرستی و خۆبەزلزانین بوو لە نێو حیزبدا.

وتاری: ٢١

سیاسەتی ژیرانەی دکتۆر قاسملوو بەدرێژای خەبات ئەوە بوو کە رێوشوێنی گونجاو بۆ شۆڕشی خەڵکی کوردستان دابنێ و لە رێگای چەمکە فیکریەکانیەوە، ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرەو گۆرانکاری بەرێ. بە دڵنیایەوە رۆڵی گەورەی لەوبوارەداگێراو شوێنی قوڵی لە سەر هەستی شۆڕشگێڕانەی چین و تووێژە گەلیەکانی کۆمەڵگای کوردستان بەئاڕاستەی گەشەی سیاسی شۆڕش داهەبووە.

ئەو پیاوە گرینگەی شۆڕش سەرەڕای بیرمەندی و خاوەن هەڵوێستی روونی سەبارەت بەمەسەلەی کورد، دووربینی سیاسی و شەفاف لە هەڵوێست و بڕیاری گرینگدا سەرنجی سیاسیەکانی گێتی بۆ لای کێشەی کوردی ڕاکێشا بوو.

ئەو پیاوێکی ئەوەندە گەورە و گرینگ و دیاربوو، بەخێرای شوێنی لەسەر کەسی بەرانبەری دادەنا و زۆر وشیارانە هەموو لایەکی لەسەر شێوەی بڕیارە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی سەرسامکردبوو و کەس نەبوو بەسەرنجەوە هەڵوێستەکانی لەسەر وەزحی گشتی ئێران و دونیا لێک نەداتەوە و نەیکات بە بنمای فیکری خۆی.

زۆر مرۆڤی سیاسی و تێکۆشەری نێونەتەوەی لە رێگای ئاشنایەتیان لەگەڵ دکتۆر قاسملوودا پشتیوانی و لایەنگری پرسی کوردبوون و لەو رێگایەشدا زۆر لێبراو بوون وەک نموونە ئاماژە بە سەرۆک کۆماری فەڕانسە" فڕانسیومیران و هاوسەرکەی و بێرنادکۆشەنەر "شالیاری دەرەوەی پێشوی ئەو وڵاتە بدەین.

دکتۆر قاسملوو وەک سیاسیەکی بەهێزی کورد،زۆر بە ئاسانی لە کاتی دانیشتن و کۆبوونەوەدا شوێنی لەسەر کەسی بەرانبەری دادەناو سەرنج و تێڕاونینە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی لەسەر مەسەلە گرینگ و کێشە نێونەتەوەیەکان بە هێند وەردەگیرا و زۆر بەسەرنجەوە گوێرایەڵی باس و هەڵسەنگاندنە سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی دەبوون سەبارەت بە ڕەوشی سیاسی جیهانی و ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

سەرچاوە
Serchawe

نووسینی: محەممەد سلێمانی

هەر ئەویش بوو زۆر بەکراوەیی خەباتی سیاسی گەلی کوردی بە پێشکەوتنی زانستی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان دونیا لێکگرێداو گەشەکردنی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دونیا بە هێند وەردەگرت و وانەبووە، پرۆسەکی گەورە و مێژووی کە لە ئاستی گێتیدا ڕوویدا و کاریگەری لە سەر ژیانی خەڵک هەبێت، بەرچاونەگرێت و خۆی و خەباتەکەی لە جووڵەی نوێی سەردەم دابڕێت و لایەنی پەراوێزخستن هەڵبژێرێت.

ئەو بە پێچەوانەوە بەرەوگۆڕنکاری بنەڕەتی ڕێبەری بزووتنەوەی دەکرد و لایەنگری پەرەئەستاندی تیئۆری کۆمەڵایەتی و دادپەروەری لە کوردستان دەکرد و بنەما فیکریەکانی لەسەر ئەو ئەساسە دامەزراندبوون.

دکتۆر قاسملوو وەک مرۆڤێکی بیرمەند و سیاسیەکی تێکۆشەری کورد هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتی کورد و هەنگاوە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی تەرخانکرد.

ڕاستە ڕۆشنبیران و سیاسیەکان کە بەشداری شۆڕشیانکردبوو هاوسەردەمی دکتۆر قاسملوو بوون لە قۆناخەکانی سیاسی و خەباتدا، "بەڵام هەرگیز لە بارەیی ئە قڵ و فیکرییەوە وەک ئەو نەبوون و جیاوازی زەمەنی زۆر لە نێوانیادا هەبووە و مەودای بیرکردنەوەیان کرچوکاڵی پێوەدیاربوو و هەتا حیزبەکانیش لەو ئاستەدا نەبوون کە لە مەیدانی کورد دایەتی و ڕۆشنبیریدا لە گەڵیدا هاوسەنگبن".

ئەو دژی شەخس پەرستی و هەلپەرستیبوو، پێی خۆش نەبوو لە جیاتی حیزب ناوی ئەو لە شیعارەکاندا ڕەنگبداتەوە و هەتا خۆیشی لە ژیاندا بوو ڕێگای بە هیچ ئۆرگان و کەسێک نەدرا وێنەی لە شوێنی کارەکەیدا هەڵباوەسێ.

دکتۆر قاسملوو کولتوورێکی جوانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە پاشخۆی بەجێهێشت و ئێستایش ئەندامانی حیزب پابەندی ئەو پرینسیپە سیاسی و ئەخلاقیەن کە سکرتێری گشتی بناخەی بۆ داناوە و لە جیاتی فەردپەرستی، پەرەی بە نیشتیمانپەروەری لە نێو ڕیزەکانی حیزبداوە.

ئەورۆپیەکان قسەیەکی جوانیان هەیە کە دەڵێت: "پیاو ئەگەر خۆی گەورە بێ و کەسایەتی بەهێزی سیاسی و نەتەوەی هەبێت، هەرگیز پێویستی بە کەسایەتی کارتۆنی نابێ کە خەڵکی وڵاتەکەی بۆی دروست بکات".

وەختێک سەیری ڕووداوە مێژوویەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دەکرێت دەبینی ڕێژەی جیابوونەوە و ئینشعاب

سەرچاوە
Serchawe

گەیشتۆتە ٦ جۆری لێک ترازان و دوورکەوتنەوە لە ڕیزی تەشکیلاتی حیزب. کاتێک پیاو سەرنجی دەخاتە سەر هۆکاری جیابوونەوە لە حیزبی دێمۆکراتدا، بێگوومان کۆمەڵێک فاکت بەروونی بوونیان خۆیان دەردەخن، کە بۆچی ئەو ئیشعابانە لە قۆناخە جیاجیا کانی شۆڕش لە نێو حیزبدا بەخێرای ڕوویانداوە. دیارە ئەو باسە لێرەدا ناکرێتەوەو تەنیا هێندێک نموونە شیدەکەینەوە.

هیچکام لە دابڕانەکان لەسەر پرسە سیاسی و نەتەوەیەکان ڕوویاننەداوە و بە پێچەوانەی ئەو پروپاگەندانەی لەوبوارەدا بڵاو دەکرێنەوە و ئیدیعای ئەوە دەکرێت کە شیعاری ستراتیژی حیزب بەرەو کاڵبوونە چووە و هیوایەکیان بە پێکەوە سازان و کاری بەکۆمەڵ نیەلە نێو حیزبدا. دیارە ئەوە ناکرێ بەدەلیلی جیابوونەوە دابنرێ.

لە نێو حیزبدا دەستەیەکی تارادەیەک بە هیز هەبوو کە پەرەیان بەناکۆکی سیاسی و تەشکیلاتی لە گەڵ دکتۆر قاسملوو دەست پێکردبوو و، وجودی دکتۆر قاسملوویان لە نێو حیزبدا بۆ هەزمنەدەکرا و بەردەوام بەهانەیان پێدەگرت و بە دەلیلی بێبنەما و پوچ هەوڵی دوورخستنەوەیان لە حیزبدەدا. دیارە ئەو کارەشیان ئەنجامدا، بەڵام لە کۆتایدا ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دوا هەڵبژاردنیان ئەوەبوو کە حیزبی دێمۆکرات بێ وجودی دکتۆر قاسملوو هیچ مانایەکی نابێت و گەش ناکات و نابێت بەو هیزە سیاسیە کە نفوزی بۆ هەموو بەشەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات پەلبهاوێژێ.

قاسملوو بەخێرای توانی جێگای پێی بەتەواوی لە نێو حیزبدا قایمبکا و ئەو دەستەیەش کە بۆ دوودەیە دژیایەتیان لە گەڵ کرد، لە کۆتایدا هەرەسیان هێناو هێزی ئەوەیان نەبوو دکتۆر قاسملوو بێزاز بکەن بۆ ئەوەی پشت لە جووڵانەوەی کورد بکا.

دکتۆر قاسملوو هەرگیز بەو جیابوونەوانە دڵخۆشنەبووە و، ئەو لێکترازانانەی بە گەورەترین زیان بۆ سەر جووڵانەوەی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژماردو و بە پێچەوانەی ئەو ئیدیعا بێ بنەمایانەی کە لەو بارەوە تۆمارکراون.

سەرچاوە
Serchawe

له هەشتاکاندا بیرۆکەی کۆنگرەیی نەتەوەی هاتەئاراوە!

وتاری: ٢٢

له کوردستاندا زۆر جار باسی ئەوە دێتەگۆڕێ که گوایه دکتۆر قاسملوو پەیڕەوی له شێوه دێمۆکڕاسیەکی کلاسیک کردوه بۆ بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی حیزبی دێمۆکڕات و ئەو دێمۆکڕاسیەی که بناخەکانی ژیانی ڕێکخراوەی لەسەر بیناکراوە، دیمۆکڕاسیەکی بەتەواوی سواو و ناجێگره و زۆرتر مافی لایەنی زۆرینه تێدا ڕەچاو دەکرێ و کەمینه دەکا به کۆیلەی سیاسی و تەشکیلاتی.

دەستەیەکی ترش هەبوون له نێو حیزبدا بەدرێژای مێژووی سیاسی و تەشکیلاتیان، نەیانتوانیوه جێگای خۆیان له نێو ڕیزەکانی حیزبدا بپارێزن و بەردەوام سەرمەستی کورسی و دەسەڵاتخوازی خۆیانبوون و لێرولەوێ بەناڕونی هێرشیان دەکرده سەر ئیدەو فیکرەکانی دکتۆر قاسملوو و دێمۆکراسی نێوخۆی حیزب.

کاتێک چۆنەته کۆنگرەکانی حیزب و پاش کۆتای و ڕاگەیاندرانی ئەنجامه ڕەسمیەکان، کۆمەڵێک پەیدابوونه و به هێندێک دەلیلی روکەش ناڕەزایەتیخۆیان له دەرەنجامی کۆنگرەکان دەربڕیوه و ڕەخنەیان له سەر شێوەی پەیڕەوەیکردن له دێمۆکراسی نێو حیزب گرتووه و ئەو کاتەی که ئەندامانی حیزب متمانەیان وەک پێویست پێنەداونەوه بۆ ئاستی ڕێبەری که زۆرایەتی کۆمیتەی مەرکەزی بگۆڕن هەڵوێستی دابڕانیان گرتۆتەبەر و جیابوونەتەوە.

بەدوای کۆتای کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران ئۆپۆسیۆن له کۆمیتەی ناوەندی دا بۆ یەکەمجار له ژیانی سیاسی حیزبدا هاتەکایەوه و به شکڵێکی ئەرێنی بوونی خۆی سەلماند. بەڵام نەیتوانی ڕۆڵی خۆی وەک کەمینه بگێڕی و پاش ئەوەی ٢ ساڵ وەک کەمینەی ڕێبەری کاریانکرد، له بڕیارێکدا جیابوونەوەیخۆیان له حدکا ڕاگەیاند و له ژێرناوی حدک دەست بەکاربوون و بەوشێوەیه حیزبیان بەرەو جیابوونه برد. ئەوبڕیارەشیان له کاتێکدا ڕاگەیاند که بەئاشکرا خۆیان ئەوەیان دووپادەکردەوه "که ئۆپۆسیۆن هیچ ئومێدی به گۆڕینی زۆرایەتی کۆمیتەی ناوەندی حیزب نیه و ناکرێ بەو شێوەیه کاربکرێ".

نووسینی: محەممەد سلێمانی

لە نێو ئەو کەسانەدا کەسانێک هەبوون و هەن بە ئاشکرا هێرشیان دەکەردە سەر چەمکە فیکریەکانی دکتۆر قاسملوو، بەڵام زۆری نەکێشا ئەو توندئاژۆیانە بۆ جارێکی تر خۆیان خزاندەوە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکڕات و وەک ئەوەی نە بای هاتبێ و نەباران. زۆر لە دڵسۆزان و ڕۆشنبیرانی نێو ڕیزەکانی تەشکیلاتی لەسەر ئەو بڕوایەبوون کە ڕێبەری دەبوو پرسیاری ئەو تۆمەتانە ئاڕاستەی ئەو چەند کەسە بکات کە لە کاتی دابڕاندا بەناڕەوا و بێ بنەما بارانەی ڕەخنە و ڕەدکردنەوەی بیرو باوەڕی ڕێبەری گەورەی نیشتیمانی دکتۆر قاسملوویان لە ڕاگەیاندنەکاندا دەست پێکرد. کاتێک مرۆڤ بە ویژدانەوە سەیری دۆستانی جیابۆوە لە حیزب لە رووی پێک هاتەوە بکات، ئەو وەختی ڕەنگە جەوهەری مەسەلەکەی باشتر بۆ دەربکەوێت. ئەو دەستەیە بەسەر سێ فیکری بەتەواوی ناتەباو دژبەیەکدا، لێک کۆبوونەتەوە و ئەو خاڵەی کە ئەوانی لێک نزیک کردۆتەوە دژایەتی حیزب و لەسەرەوەی هەموویان ڕێبەری سیاسی و نەتەوەی کورد دکتۆر قاسملووی نەمرە.

دکتۆر قاسملوو یەکێک لەو سەرکردە سیاسیانەی کوردبوو کە زۆرباش لە ئەهمییەتی یەکیەتی سیاسی کوردان تێگەیشتبوو و، گرینگی هاوخەباتی و یەکڕیزی گەلی کوردی بەزامنی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی خەباتی سیاسی لە کوردستان دادەنا.

لە هەشتاکاندا بیرۆکەی کۆنگرەیی نەتەوەی کە لە دەرەوەیی بازنەی بڕیاری سیاسی حیزب و ڕێکخراوەکوردیەکانی بە مووناسب دەزانی و دڵی زۆر بەو کۆدەنگیە نەتەوەیەخۆشبوو کە کورد لەوڕێگایەوە لەدەوری یەک کۆببنەوە و هەنگاوە سیاسی و دیپلۆماسیەکانییان لە پەیوەندی لە گەڵ پرسی کورد دا یەکبخەن.

بەهۆی نالەباری پەیوەندییە سیاسی و ڕێکخراوەیەکانی کوردستان ،ئەو بابەتە بە هێندوەرنەگیراو هەر لە شوێنی خۆی وەک خەونێکی سیاسی کە یەکیەتی سیاسی کوردی دەستەبەردەکرد مایەوە.

ئێستایش بەداخەوە ئەو مەسەلەیە هەر وەک خۆی ماوەتەوە و لەبەر ململانێی سیاسی و پاوانخوازی چەند لایەنێکی کوردی نەتوانراوە کۆنگرەی نەتەوەی کە بیروڕای هەموو بەشەکانی کوردستانی تێدا ڕەنگبداتەوە پێک بێ و دەست بەکاری خۆی بکا.

هەر چەندە لەو ساڵانەی دوایدا زنجیرەیەک دانیشتن و کۆبوونەوە دروست بوون، بەڵام ئەو ئاکامەی لێنەکەوتەوە کە دکتۆر قاسملوو و خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی دەکرد.

سێ دەیە بەر لەئەمڕۆ دکتۆر قاسملوو وەک بە هێزترین کەسایەتی سیاسی و دیپلۆماسی کورد لە ئاستی سیاسی نێوخۆی

سەرچاوە
Serchawe

کوردستان و دەرەوەدا، زۆر هەوڵیدا بۆ ئەوەی دڵسۆزانی بێلایەنی کورد ئەو کۆنگرەیە پێک بێن و حیزبەکان لە پشتی پەردەوە هاوکاری و پشتیووانی ماددی و مەعنەوەی لێبکەن.

بەڵام ئەوکاتیش هێندێک هێزی سیاسی کوردستان پەیدابوون و، نەیاندەتوانی ناوەندێکی گەورەی ئەتۆ قبووڵبکەن کە لە دەرەوەی سنووری بڕیاری سیاسی ئەواندابێ و بڕیاری ئەوانی بەسەردا دیکتە نەکرێت.

دکتۆر قاسملوو ئەو ڕێبەرە گرینگەی کوردە، کە توانی لە ئێراندا ستەمکاری ئاخۆندەکان لە ڕەگ و ڕیشەوە لەق بکات و ئاسۆی بیرو باوەڕێکی نوێ لە کوردستان و سەرانسەری ئێراندا بکاتەوە و گەلانی وڵات هانبدات بە شێوەیەکی سەردەمیانە بەرەو ژیانێکی تازە هەنگاو هەڵبگرن و لە پێناو ئامانجی سیاسیدا ڕیزەکانیان ڕێکبخەن و تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە دژی ڕێژیمی ئاخوندی پەرەپێبدەن.

کاربەدەستانی تاران کە شۆڕشی بەهێزی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتی حیزب بەتەواوی سەرگەردان و سەخڵەتیکردبوون و نیگەرانی فیکر و باوەڕە سیاسی و داد‌پەروەریەکانی دکتۆر قاسملوو بوون، کە دەسەڵاتی سیاسیان بخاتەمەترسیەوە بە هۆی ئەو جووڵانەوەیەی کە لە کوردستان بڵێسەی ئەستاندبوو، بیریان لە تیرۆرکردنی کردەوە و بەداخەوە لە پیلانەکەیاندا سەرکەوتن.

بەڵام نەیانتوانی شۆڕشی خەڵکی کوردستان لە پێناو ئامانجە سیاسیەکانیدا لە نێوبەرن، ئەگەر شۆڕش لە کوردستان بەرەو لاوازیزیش چووبێ، بەڵام کۆتای نەهاتووە و خەباتی گەلی کورد تاوەدی هاتنی هەموو ئامانجە سیاسی و نیشتیمانیەکانی درێژەیدەبێ.

سەرچاوە
Serchawe

د.قاسملوو بەگرینگرین پیاوی مێژووی سیاسی هاوچەرخی ئێران ناویکردوە.

وتاری: ٢٣

گەلی کورد و گەلانی بندەستی تری ئێران دکتۆر قاسملوو بە گرینگترین پیاوی مێژووی هاوچەرخی سیاسی وڵات دادەنێن و ئێستا لە هەر کاتێک زیاتر نەتەوەکانی ئێران لە فیکرو ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی تێگەیشتوون و لە دەستدانی بە خەسارێکی گەورە بۆ سەر ئازادی و شۆڕشی دیمۆکراسیخوازی لە ئێران لەقەڵەمدەدەن.

ئەخلاقی سیاسی و شۆڕشگێری بە دیارترین لە کردارە سیاسی و تەشکیلاتیەکانی دکتۆر قاسملوو دادەنرێ لە نێو حیزبدا و هەروەها لە ماوەی ژیانیدا زۆر بەجیدی لەسەر ئەو مەسەلەی پێداگری دەکرد کە ئەخلاقی شۆڕشگێری ئاوێتەی کارو هەڵسوڕانی تێکۆشەرانی حیزب بکرێ.

وەختێک حیزبی دیمۆکرات کارەکەی لە نێوخەلکی کوردستاندایە و بەردەوام لە کوردستان خەریکی چالاکی سیاسی و تەشکیلاتی و نیزامین، ئەندامانی حیزب دەبێت نموونەی مرۆڤی داوێنپاک و ڕەوشت بەرزبن و لە نەریتە سواوە کۆمەڵایەتیەکان خۆیان بەدووربگرن و لەکاتی تەنگانەدا بڕیاری دروستی سیاسی و تەشکیلاتی بدەن و هەرگیز لەدەربڕینی بیروڕایخۆیان نیگەران نەبن و بەسەربەرزی ڕەخنە بگرن و پێشنیار بە حیزبە تێکۆشەرەکەیان بۆ درێژەدانی خەبات بدەن. کۆمەلانی هەراوی خەڵکی کوردستان حیزبی دیمۆکرات بە حیزبە تاقانە و بێ ڕەکەبەری خۆیان ناودێرکردوە و بەو شێوەیە مێژوو ڕەساڵەتێکی نوێی سیاسی خستۆتەوە سەر شانی تێکۆشەران و ڕێبوارانی ڕێگا و ڕێبازی دکتۆر قاسملووی نەمر.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە مەبەستمان حیزبی یەکگرتوویە، ئێستایش ئەو هێزە گەورە و بەنفوزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە پانتایەکی گەورەی سیاسی بۆ خۆی گرتووە و چارەسەرکردنی مەسەلەی سیاسی کورد بەستراوەتەوە بە ڕۆڵی ئەو حیزبە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان(حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران) دا.

کاتێک قاسملوو لە مەیدان دا نامێنێت، وەک پێویست لە نێو کۆنگرەی نەتەوەی دا هێز و نفوزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە گوێرەی ڕابردووی سیاسی و مێژووی چاوڕوان ناکرێ لە بەرچاو بگیرێ و پۆستی شیاوی خۆی وەربگرێ.

دیاره ئەو مەسەلەیە زۆرتر لایەنی کاتی دەبێ و بێگوومان ئەو بابەتە لە گەورەی حیزب کەمناکاتەوە و ئەگەر ئاڵوگۆڕێک بەسەر ئێراندا بێت، حیزبی دیمۆکرات ئەو جەریانە بەرچاوە دەبێ کە هەموو پرسە گرینگ و هەستیارەکان لەسەر دەستی ئەو چارەسەردەکرێن و ئەو کات قۆناخێکی تازە لە پەیوەندیە سیاسی و دیپلۆماسیەکان لە پەیوەندی لە گەڵ بەشەکانی تری کوردستاندا دەست پێدەکاتەوە.

کاتێک بزووتنەوەیی گەلی کورد کەوتبوو ژێر تەپ و تۆزی بیری چەپ گەرایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو مەسەلەیە خەڵکی بەجارێک نائومێدو هەراسانکردبوو، بەلام تێکۆشانی لێبڕاوانەیی حیزبی دیمۆکرات بەڕێبەری دکتۆر قاسملوو، توانی شوێنی دیارو بەرچاویان لە سەر گۆڕینی میتۆدی بیرکردنەوەیی چین و توێژەکانی خەڵک هەبێت و تارمەیی نائومێدیان لە سەر بڕەوێنەوە و کارەساتی سەرنەکەوتنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و هۆکارەکانی بەگوێرەیی ئیمکان روونبکەنەوە و بۆ جارێکی تر تۆی هیوا و ئومێد بە نێو خەڵکی کوردستاندا بڵاو بکەنەوە .

دکتۆر قاسملوو وەک سیاسیەکی گرینگی وڵات خەباتی خەڵکی کوردستانی بەبەشەکانی تری ئێران گرێدا و هەلومەرجی هاوخەباتی سیاسی لە نێوان گەلانی بندەستی ئێران پێک هێنا.

دیاره ئەو بابەتەش بۆ بیرکردنەوەی درێژخایەنی سیاسی دکتۆر قاسملوو دەگەڕێتەوە کە گەلی کورد بەتەنیا و بەبێ پشتیووانی گەلانی تری ئێران ناتوانیت نەخشەی سیاسی و ئیداری وڵات لە بەرژەوەندی کورددا بگۆڕێ، لەبەر ئەوەی" ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە" و لە ژیانی سیاسی و پارلمانیدا کورد نیازی بە کۆدەنگی و پشتیووانی لایەنەکانی تری نێو پرۆسەی سیاسی ئیران دەبێ.

دکتۆر قاسملوو لە زۆربواری گرینگی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا خەڵکی کوردستانی بەو تەرکیبە کۆمەڵایەتیەیی کە تێیدا دەژیا وشیارکردەوە و توانی لە دووریانی سیاسی دوریان بخاتەوە و بەرەو ئامانجیە شۆڕشگێڕیەکانیان ڕێنیشاندەری و بەرچاوروونی بخاتە بەر چاوی هەموو لایەک.

دکتۆر قاسملوو بەو شارەزای لەسەر ژیانی کەلانی پێشکەوتوو بەدەستی هێنابوو بەو ئەنجامەی گەیشتبوو کە لە ڕێگای بە پیادەکردنی ڕیفۆرم لە ڕۆژهەڵاتی وڵات، دەتوانێت یەکسانی و هاوسەنگی لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگادا ڕێکبخا و کە تێدا شوێنەوارێک لە ناعەدالەتی کۆمەلایەتی نەمێنێ.

نووسینی: محەممەد سلێمانی

دکتۆر قاسملوو بەگرینگیەوە ببەمەبەستی بووژانەوە و بەرەوپێشبردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان لە داهاتووی سیاسی هەرێمی کوردستاندا، بەرنامەی درێژخایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی داناوە و تێیدا ژیانێکی شیاو سەردەمیانە بۆ کۆمەڵانی خەڵک دابین بکرێت و ماف و ئازادیە دیمۆکڕاتیکەکانی هەموو چین و تووێژێکی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو بگیری بە بێ جیاوازی ئاینی و یتنیکی لە کوردستاندا.

سیاسەتی شەڕانگیزی ئاخونەکانی ئێران ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتی بەتەواوی بەرەوداڕمان برد و تەنانەت ئەو کات بەرنامەی بەناو ریفۆرم و چەکسازیش نەیتوانی دەوری لە ئاوەدانکردنەوە و بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری ئێراندا بگێڕێ و ئیمکانی حکوومەتیش بەوجۆرە نەبوو کە چارەسەری گیروگرفتی ژیان و گوزەرانی گەلانی وڵاتی پێبکرێت.

ڕێژەی بێکاری و بێ ئیمکاناتی ژیان، خەڵکی هەموو بەشەکانی ئێرانی بێزارکردبوو. ئاسەوارەکانی ٨ ساڵەی شەر، ماڵوێرانەیەکی گەورەی لە پاش خۆی بەجێ هێشتبوو و سەرەڕای لە نێوچوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوانی وڵات و سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە ژیانی لە خەڵک تاڵکردبوو.

پاش کۆتای هاتنی شەری نێوان دوو وڵاتی دراوسێ، قۆناخێکی تازە لەسیاسەتی حکوومەتی ناوەندی ئێران نەخشەی بۆ کێشرا، ئەوەیش پلانی تیرۆری سیاسی و ڕەشەکۆژی بەدوای مردنی خومێینی بە شێوەی بەرفراوان دەستپێیکرا و دەزگای موخابەراتی ڕێژیمی نیزامی ئێران لە دەرەوە و نێوخۆی وڵات دەستیکرد بە جێبەجێکردنی زنجیرەیەک پیلانی تیرۆری سیاسی بەدژی موخالیفانی.

ئەوەی بەلای چاوەدێرانی سیاسیەوە جێگای سەرنجە و فیکری ئەوانی بەخۆیەوە خریککردوە مەسەلەی لە نێوبردنی ڕێبەرانی کوردی ڕۆژهەلات بە پیلانی جۆربەجۆرەوەیە. هەروەک تائێرە بەدواداچوون لەسەر پرسەمێژوویەکان ئەنجامدراوە دەرکەوتووە ڕێبەرانی کوردی ڕۆژهەلات، کە لە قۆناخە جۆر بەجۆرەکانی خەباتدا ڕێبەری شۆڕشیانکردوە، هیچ کامیان بەمردنی سروشتی خۆیان ئەو دونیان بەجێنە هێشتووە، بەڵکوو بەردەوام بە پیلانی دوژمن لە نێوبراون و تێرۆرکرواون، نموونەیش سمکۆی شکاک، پێشەواقازی، دکتۆر قاسملوو و شەرەفکەندی دەبینرێن لە مێژوودا.

پاش تیرۆری سکرتێری گشتی حیزب دەرکەوت، ئەوجارەیان مێژووی سیاسی بەسەر کورددا دووبارەنابێتەوە و قوتابیانی ڕێگاو ڕێبازی دکتۆر قاسملوو ڕێگانادەن ئاڵای شەکاوەی شۆڕش بکەوێتە سەرزەوی و نەیارانی کورد بەئاواتیان بگەن و جووڵانەوەی کورد بۆ هەمیشە دابمرکێنەوە.

سەرچاوە
Serchawe

تێڕوانینی حیزب لە کۆنگرەی ٨ بەولاوە گۆڕانی بەخۆیەوە بینی.

وتاری: ٢٤

ئەو مرۆڤانەی بەدرێژای ژیانی سیاسی ڕێژیمی ئاخوندی لە نێوبراوەن، لە ڕێگا و کانالی جۆربەجۆرەوە، هەموویان ئازادیخوازانی ولاتبوونە و ئەو کەسانەبوون کە دوای مافی سیاسی و نیشتیمانی خۆیان لە چوارچێوەی ئێراندا بەرز کردۆتەوە.

کاربەدەستانی تاران لە جیاتی ئەوەی لەخەمی باشترکردنی ژیان و گوزەرانی گەلانی ولاتدابن و هەوڵبدەن بەرنامەی ڕیفۆرمی ئابووری و کۆمەلایەتی ئەنجامبدەن و بەرنامەی پەرەپێدان و بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری و کۆمەلایەتی ولات دابڕێژن و، تارمای ئاسەوارەخراپەکانی شەر بەسەر ئاسمانی ولاتدا ڕامالن، دەستیان بەتیرۆرکردن و ئیعدامی بەکۆمەڵی لاوانی گەلانی بندەستی ئێران کرد و بەوشێوەیە پەردەیان لەسەر سیاسەتی کۆمەڵکوژیخۆیان لادا.

ئەو سیاسەتەی ڕێژیم هیچی لە پیلانی جینۆساید و لە نێوبردنی قەومی نەتەوەی نیە و بگرە زۆر لەوەیش خراپترە.

حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران کاتێک کە شەری ٨ ساڵەی ئێران و ئێراق کۆتای پێهات، وەک هێزێکی دیمۆکرات و پێشکەوتنخواز ئەوەندە دیارو بەرچاوبوو کە زۆر لە ولاتانی بەهێز و بەنفوزی دونیا، لە نێویاندا ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵیاندەدا لە ئاستی بەرزدا بناخەی دۆستایەتی سیاسی و دیپلۆماسی لەگەل حیزب لە ڕێگای کەسایەتی و سیاسەتمەداری ناوداری کورد، دکتۆر قاسملوو لە گەڵ خەباتی ئازادیخوازانەی کورد دەمەزرێنن.

دیارە هەرلەو پەیوەندیەشدا و بەرلە تیرۆرکردنی سکرتێری گشتی حدکا دکتۆر قاسملوو، جارێک بەهۆی دۆستێکی نیزیکی خۆیەوە لە پاریس توانیبووی سەبارەت بەدۆستایەتی دوولایەنە لەگەڵ نێردراوی ئەمریکایەکان چاویان پێکدەکەوێت و ئەو زمینەیە دەرەخسیت کە دکتۆر قاسملوو سەردانی ئەمریکا بکات.

بارودۆخی سیاسی کوردستان ئەو کات بە جۆرێکبوو کە پەیوەندی دیپلۆماسی لە گەڵ ڕۆژئاوادا شتێکی چاوەڕانکراوبوو و زۆر

نووسینی: محەممەد سلێمانی

کەس پێشبینی ئەوەنەبوون ڕێبەرانی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا مەیلی ئەوەیان هەبێ دۆستایەتی ڕۆژئاوا بکەن. دکتۆر قاسملوو بەوە ناسرابوو کە بەردەوام لە ڕێگای داهێنانی چەمکە فیکریەکانیەوە بزووتنەوەی نیشتیمانی بەرەوگەشەکردنی ڕێبەری دەکرد و زۆر جار لە ڕێگای ریسکە سیاسیەکانیەوە کە دەیکردن بە خێرێ بەسەر حیزب و شۆڕشدا دەشکایەوە و قاسملوو لە کۆنگرەی ٨ی دا پاش هەڵسەنگاندنی وردی بارودۆخی سیاسی بەئاکامەی گەیشت کە حیزبی دیمۆکرات دەبێ خوێندنەوە و پێداچوونەوەی تازەی سەبارەت بەهەلومەرجی سیاسی نێونەتەوەی هەبێ و هەنگاوە سیاسی و دیپلۆماسیەکان لەسەر ئەو جیهان بینیە نوێە دابرێژرێن و بەخێرای سنوورەکانی لە پێناو دەسکەوتی گەورەی سیاسی و نەتەوەییدا ببرێ. کاتێک مرۆڤ خوێندنەوەی سیاسەتی حیزبە و ڕێکخراوە کوردستانیەکان دەکات سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی جیهان، بەو جۆرە نە تیجە وەردەگرین کە لە یەک شتدا هاوشێوەی ڕێژیمی ئێران شیعاری مەرگ بەر ئیپریالیزمی جیهانی و بەتایبەت ئیپریالیزمی ئەمریکا لە ئەدەبیاتی سیاسی حیزبەکانی نەیاری ڕێژیمدا ڕەنگی دابۆوە. بەڵام ورد بینی و دیقەتی سیاسی دکتۆر قاسملوو ئەو بابەتەی بەشێوەی دروستی خۆی گۆڕێ و لەو بڕوایەدابوو کە ناکرێ بە هەر دەلیلێک بی، خۆمان بە نەیاری ئەو بەرەیە بزانین.

دکتۆر قاسملوو پێیوابوو گەلی کورد دەبێت تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە دۆستەکانی بگۆرێ و بێگوومان سیاسەتێک دابرێژێ و پەیڕەوی لێبکات کە وڵامدەری قۆناخی سیاسی خەباتی ئەو سەردەمە تازەیە بێ.

دکتۆر قاسملوو زۆر بەقوڵی و مەسەلە کانی تاوتوێ دەکردن و هەرلەکاتەشدا زۆر لێهاتوانە پێشبینی بۆ ڕووداوەکان دەکرد. وەختێک شەری ئێران و ئێراق ڕاگیرا، حیزبی دیمۆکرات وێرای دەربڕینی خۆشحاڵی سەبارەت بەکۆتای هاتنی شەڕیماڵوێرانکەری ئەو دوو وڵاتە کە لەماوەی ئەو شەڕەدا هەردوولا زیانی گەورەی سیاسی و گیانی وئابووریان بەرکەوتبوو.

لە هێندێک بارەوە وەزعی ڕێژیمی ئێراق کەمێک باشتربوو و زۆر وڵاتی گەورەو خاوەن هێزی سیاسی و ئابووری لە ئاستی نێونەتەوەیدا بەدرێژای ئەو شەڕە پشتیوانیان لە حکوومەتی سەدام حوسێن دەکرد و لە ڕاستی دا هەموو ڕۆژئاوا بەشداری شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئیران و ئێراق لە ڕێگای نادیارەوە بوون و ئیمکاناتی باشیان دەدایە حکوومەتی ئێراق، بەئامانجی سەرکەوتنی ئێراق بەسەر ڕێژیمی خومێینی دا.

ئەو کات دکتۆر قاسملوو بە ورد بینی و دیقەتەوە ئاماژەی بە مەسەلەیەکی گرینگ و هەستیاردابوو کە تێیدا هاتووە بە کۆتای هاتنی شەڕ لە نێوان دوو وڵاتی دراوسێی کوردستاندا "وەک ئێران و ئێراق ئاشتی و هێمنی بە بێ ڕەچاوکردن و چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی کورد، ئارامی یەکجاری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سەقامگیر و جێگیر نابێ، بەڵکوو

نووسینی: محەممەد سلێمانی

کاتێک ئاشتی باڵ بەسەر ناوچەکەدا دەکێشێت کە پرسی سیاسی کورد وەک گەلێکی ٤٠ میلیونی بە ڕێگای ئاشتیدا لە چوار چێوەی ئەو ولاتانەی کوردیان بەسەرخۆیان دابەشکردوە چارەسەربکرێ ". ئەو لێکدانەوەیەی کە زیاتر لە دوودەیە بەسەریدا تێپەڕدەبێت، هێشتا بە هەلسەنگاندنێکی دروست کە لە گەڵ هەلومەرجی ئێستایش دەگونجێ لێک دەدرێتەوە و هەڵوێستێکی دیارو بەجێبووە لە باری سیاسی و دیپلۆماسیەوە.

ڕێبەرایەتی حدکا ئەو کات لەڕاستی دا خوێندنەوەیەکی ورد و ژیرانەی کردبوو. لێکدانەوەکەیش ڕۆڵی گەورە پیاوی مێژووی شۆڕشی نوێی خەڵکی کوردستانی" دکتۆر قاسملووی "پێوەدیاربوو و هەتا بۆیەکەمجار لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیدا، مەسەلەی ڕاپرسیکردن لە نیو تەشکیلاتی حیزب و ڕێکخراوەمەدنیەکان و دۆستان و دڵسۆزانی بزووتنەوەی نیشتیمانی هاتەگۆڕ و ئەو ڕاپرسیە لە نێوحیزبدا بەکردەوە لە بناری قەندیل و ناوچەسنووریەکانی تر دا بەرێوەچوو کە پەیوەندی بە ڕێککەوتنی ئاگربەسی ئاشتی ئێراق و ئێران هەبوو و لەوکاتەدا هەموو لایەک دەبوو بەوردی بیروڕایخۆیان بخنە روو کە حیزب دەبێ چیبکات، ئەگەر ئەو دوو ولاتە لەسەر هەموو مەسەلە ناکۆکەکان ڕێککەوتن. لە ئاکامی ئەو ڕاپرسیەدا ئەو دەرکەوت کە ئەندامانی حیزب لەسەر ئەوەی یەکدەنگبوون، کە دەبێ خەبات ئیدامەی پێبدرێ.

کۆتای هاتنی شەر لە نێوان دوو ولاتی ئێراق و ئێران کە بەشێکی گرینگ و ستراتیژی خاکی کوردستانیان داگیرکردوە، تارەدەیەک نائومیدی بەدوای خۆیدا هێنا و زۆر لایەن و سیاسی کورد بە نیگەرانیەوە دەیانڕوانیە ڕەوتی ڕووداوە سیاسیەکان.

ئەو وەختە دکتۆر قاسملوو سکرتیری گستی حیزب زۆر بەرچاوروونانە تیشکی خستبۆوە سەر روداوەکان و پاش لێکدانەوە و تاوتوێی ئەو مەسەلەیە بەڕاشکاوی گووتی: ئەو جار شۆڕشی گەلی کورد بە ڕێککەوتنی ئەو ولاتانەیش، جوولانەوەی کورد هەرگیز توشی هەرەس هێنان و بلاوە لێکردن نابێت و لە پێشوو بەهێزتر، بۆ گەئیشتن بەمافەڕەواکانی خەباتی سیاسی خۆی لە هەموو بەشەکانی کوردستان درێژەپێدەدات. دکتۆر قاسملوو ئەو مرۆڤە تێکۆشەری کوردە، کە ئێستا وانە و ڕێنوێنیە سیاسی و ڕێکخراوەیەکانی وەک ئەزموونێکی سیاسی و نیشتیمانی کاری پێدەکرێت و ئەو وشیاریە لە کوردستان دروستبووە کە حیزبەکان خۆیان لە گەڵ هەلومەرجەکاند بگوونجێن.

ئەمرۆ دەبینین کە بەشێکی بەرچاو لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان تێدە کۆشن ریفۆرمی گشتی چ لە پێک هاتەی رێبەری، یان بەرنامە و دا هاتووی سیاسیاندا، بکەنە میکانیزمی کار و تێکۆشانی ڕۆژانەیان. بۆئەوەی لە کاروانی گەشە کردن و بەرە و پێشچوون پاش نەکەون و شان بە شانی رەوتی روداو ئاڵوگۆڕە خێرایانەی کە بەسەر جیهانی

ئەمڕۆ دێن بەجێ نەمێنن و فاکترێکی بە هێزبن لە سەرخستنی پرۆسەی نەتەوەیدا و ئاسۆی بیرکردنەوەی نوێ بەرووباندا بکەنەوە و بەشێوەیەکی تازە خۆیان ئاویزانی کایەی سیاسی ئێران و کوردستان بکەن.

بەشێک لە هێزە سیاسیەکانی کوردستانیش پێش سێ دەیە لە مەوەبەر خوێندنەوە و تێڕوانینیان لە سەر کێشەی سیاسی و نەتەوایەتی کورد بە جۆرێکی تر و بە پێچەوانەی ئەو گۆتار و هەڵوێستانەی ئەمڕۆیان بوو و زۆرجاران بەئاشکرا و، لەو پەیوەندییدا گلەی و ڕەخنەیان ئاڕاستەی حیزب دەکرد و دروشمی ستراتیژی ئەو حیزبەیان قبوڵنەبوو.

لەبەرئەوەی نەبووە کە ئەوان داوای شتی زیاتر و بەرچاوتر بکەن بۆ گەلی کورد، بەڵکوو ئامانجی سیاسی و نەتەوەی لە هەر شکڵ و فۆرمێکدابا، ڕەدیانەکردەوە و لایەنگرییان لێنەدەکرد و بەشتی پوچ و پاشکەوتوویان سەیردەکرد. بەداخەوە چەپەکانی کوردستان لەو سەردەمەدا هەڵگری ئەو بیرو بۆچوونە سیاسیەبوون لە ئێراندا و لەو ڕێگایەوە زیانی زۆر گەورەیان بە زمانی یەکگرتووی سیاسی کورد و بەرەوپێشچوونی خەباتەکەیان گەیاند. بەردەوام هێرشی ناڕەوایان دەکردە سەر دکتۆر قاسملوو و بەوەتاوانباریان دەکرد کە ڕێبەری نەتەوەی لە ڕێبازی ئەسڵی مارکس ولینینیزم لایداوەو ئێستا خەباتێکی پاشکەوتوانە لە کوردستاندا ڕێبەری دەکات. بۆیەش ئەو خەباتەیان پێ دواکەوتبوو، چوونکی داوای مافی سیاسی کوردی دەکرد و شۆڕشەکەیش لەسەر ئەو میعوەرە دەسوڕایەوە.

سەیرە ئەو کات ئەوەندە نەیاری مەسەلەی کورد بوون و، بەشەرمەوە مەسەلەی کوردیان لەگەڵ هاوتا کۆمونیستەکانیاندا دەهێناگۆڕ، ئەوەش لەکاتێکدابوو کە خۆشیان بە کورد دەزانی و لە کوردستان بەولاوە شوێنێکتریان نەبوو لێی بحاوێنەوەو کەس داڵدەیان بدات.

بەڵام پاش تێپەڕبوونی ڕۆژگار و هەرەس هێنانی سیستمی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی سۆڤیەت لە ئاستی دونیادا، ئێستا بێ ئەوەی ڕەخنەیان لە ڕابردووی خۆیان گرتبێ، لە کوردستان تێکۆشانی نەتەوەی دەکەن و هەرواش خۆیان دەناسێنن.
ئەو دەستە و گرۆپانە کە لە مێژووی سیاسی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە دەلیلی تەرزی بیرکردنەوەیان هەرگیز ئەو پێگەیان بەدەست نەهێنا کە خۆیان شیعاریان لەسەردەدا و ئیدیعایان دەکرد. ئەو ڕێکخراوانە پاش بێ بازاری دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و هەرەس هێنانی وڵاتانی سۆسیالیستی بەناچاری ستراتیژی سیاسی و دونیا بینی خۆیان گۆڕی و خۆشبەختانە ئێستا ئەوانیش ئەو بیروڕا سیاسی و نەتەوەیە لە لای دروستبووە کە پێشتر حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان لەسەر سەرزەنشت دەکرد و داخوازە نەتەوایەتیەکانی کوردیان پێ شتی پاشکەوتوو و غەیرە مەنتقی بوون.

نووسینی: محەممەد سلێمانی

چەپەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە جۆرێکی ئەوتۆ هەڵوێستیان سەبارەت بە ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵات دەرگرت کە لەو ڕێگایەوە دڵی هاوڕێ چەپەکان لە خۆیان و ڕێکخراوەکانیان رازی بکەن و کارێکی وانەکن دۆستایەتیان تێک بدەن.

سیمای دێموکڕات و کادرێکی باشی حیزب لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی قاسملووی!

وتاری: ٢٥

دکتۆر قاسملوو بزووتنەوەیەکی میللی دێمۆکڕاتیکی مۆدێڕنی لە کوردستان و ئێراندا ڕێبەری دەکرد و زۆر بە شێوەیەکی ئاسای لە تەنیش هاوڕێ و تێکۆشەرانی حیزبدا لە چیاکانی کوردستان دەژیا و هەرگیز پشتی نەکردە ئامانجە نەتەوایەتیەکانی کورد.
ئەو مرۆڤێکی زۆر پشتکارو بەهەڵوێست و خاوەن لێکدانەوە و پێشبینی وردی ڕووداوە سیاسیەکانی دەکرد و لێک گرێدانی بزووتنەوەی نیشتیمانی بە دونیا دەرەوە بەخەمی زۆر گەورەی خۆی دەزانی کە بەکردەوەش ئەو کارەی ئەنجامدا.

دکتۆر قاسملوو "زۆرتر کەسێکی کرداری بوو لەوەی قەولوبەڵێنی بێبنەما و بێکرداربدات لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیدا".
بۆ حیزبیش لایەنگری ئەو کەسەی دەکرد و دەچووە دەڵیەوە کە بەکردەوە لە مەیدانی تێکۆشاندا بوونی خۆی سەلماندبا و هەروەها لەدەربڕینی بیروڕایخۆی ترسی نەبا و زۆر قاتعانە پارێزگاری لە هەوڵوێست و تێڕوانینی خۆی بکردایە لە نێو تەشکیلاتی حدکا دا.

د . قاسملووی چ وە ک سکرتێری گشتی حدکا و ڕێبەرێکی ئازادیخواز و نوێخواز لە زۆر بواری جیاجیا دا دێموکراسی بۆ ئەندامان، کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان شی کردۆتەوە و ڕیگا ڕاستەکانی نیشان دەدا و زۆر جار ئەوەی دوپات دەکردەوە کە "خراپترین دێمۆکراسیم پێ لە باشترین دیکتاتۆری باشترە". دکتۆر قاسملوو تێدەکۆشا ئەندامانی حیزب ئەوە باشبزانن کە شۆرشی ئێمە، لە ئێستا و لە داهاتووشدا، پەیوەندیەکی لێکدا نەپچڕاوی لە گەڵ سەر هەڵدانی بزووتنەوە یەکی بەرفراوانی سیاسی و پەرە گرتنی ڕەوتی دێموکڕاسی هەیە لە ناوچە ی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.
ئەندامانی دێموکڕات دەبێ نموونەی سیمای دێموکڕاتیک و کادرێکی باشی حیزبی بن کە دوو فیکری بە هێزبوون و پایەکانی ژیانی سیاسی و تەشکیلاتی تاکی لە نێو حیزبدا لەسەر دامەزرابوو و بەوشێوەیە لایەنی کرداری ئەندامانی حیزبی بەرەو چالاکی خێرا لە ڕەوتی خەبات دەبردەپێشەوە و بەهێزبوونی کرداری شۆڕشگێڕی وەک بنەمای سیاسی و تەشکیلاتی سەیردەکرا.

کادر و پێشمەرگەکانی حدکا کە ڕۆڵەی بە جەرگ و کوڕانی ڕۆژانی سەختی خەبات و تێکۆشانی سیاسین، دەبێ لە هەر شەرایەتێکی ناسک کە بۆ حیزبەکەیان دێتە پێش، خاوەن بڕیاری سیاسی و تە شکیلاتی خۆیانبن و بڕیارە سیاسی و تەشکیلاتی یەکانیان، بە لە بەرچاو گرتنی یەکییەتی و یەکپارچەی ڕیزەکانی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بدەن و ئەو مەسەلە گشتی و سیاسی یانەی کە پێوەندییان بە خەباتی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێرانەوە هەیە، فیدای هێندێک مەسەلەحەتی لاوەکی خۆیان نەکەن و وە فادار بە ڕێبازی حیزبەکەیان حدکا بمێنەوە و ڕێبازی شەهیدان درێژەبدەن.

دکتۆر قاسملوو باوەڕی بە ڕێبەرایەتی دەستە جەمعی و لە ئاستی بەڕێوەبردنیشدا مودیریەتی ڕەهاهەبوو، دژی هەلپەرستی و خۆ بە زلزانین بوو لە ناو تەشکیلاتی حیزبی دیموکڕاتدا. ئەو دەستە و کەسانەیش کە پێش ئەوەی بیر لە بەرژەوەندی گەل و دەسکەوتەکانی خەبات بۆ ئازادی بکەنەوە و، "بە دوای مەسڵەحەتی شەخسی خۆیان دەکەون،بە هۆی کۆمەڵێک پاساوی نامەسئولانەوە، مێژووی خەباتی ئێمە ئەوانە لە داوێنی خۆی دا مەحکووم دەکات و درز خستنە ناوڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزب لە لایەن هەر کەسێکەوە بێت ڕێگای پێنادرێ و سەرەڕۆی سیاسی و تەشکیلاتی لە کەس قبوڵ ناکرێ و هەموولایەک دەبێ پەیڕەوی یاساگشتیەکانی حیزب بکەن".

دکتۆر قاسملوو بۆ جارێک لە جاران، بە هێزی چەک و فشار هێنان، نەزەر و بۆچوونەکانی خۆی بە سەر ئەندامانی حیزبدا، نەسەپاند و وەک کەسایەتییەکی دیمۆکڕات و مرۆڤ دۆست ڕێزی لە بیرو باوەری جیا دەگرت و هەمیشە لە کۆڕە و کۆبوونەوە سیاسی و تەشکیلاتی یەکانی حیزب دا، بەلایەنگری لە دیمۆکڕاسی و فولتر کردنەوەی بنەماکانی دیمۆکڕاسی لە نێو ڕیزەکانی حیزب دا، تێدەکۆشا و دژی ناعەدالاتی و نابەرانبەری سیاسی و تەشکیلاتی بوو.

دکتۆر قاسملوو بە هەق لە بوارەکانی سیاسی، دیپلۆماسی و تەشکیلاتی دا مامۆستایەکی شارەزا و بێ وێنە بوو و لە هەمان کاتدا، هەر پێشنیارێکی سیاسی و تەشکیلاتی هەبوایە، پێشتر تاو و توێی هەموو لایەنە باش و خراپەکانی دەکرد کە تا چ ڕادەیەک لە خزمەت گەشە کردن و پێشکەوتنی کاری حیزبی دایە. ئەو جا گەلاڵەی دەکرد و پێشکەش بە کۆمیتەی ناوەندی یان دەفتەری سیاسی دەکردو دەخرایە دەنگدان تا بە زۆربەی دەنگی ئەندامانی بەشدار پەسند بکرێ یان ڕەت بکرێتەوە. کاتێک زۆرایەتی ئەو گەلاڵەی پەسند دەکرد، وەک بڕیارلە ئۆرگانە حیزبییەکاندا جێ بە جێ دەکرا. زۆر جاریش هەبووە هاوڕێیانی حیزبی بە کردەوە دژی نەزەرەکانی د.قاسملوو ڕاوەستاون و لە ئاکامدا بۆچوونەکانی ڕەت کراونەتەوە، بە بێ ئەوەی مەسەلەیەکی ئەوتۆ ڕوبدات کە زیان بە پرستیژی سیاسی حیزب بگەیەنێ. ئەو وەک ڕێبەرێکی لێوەشاوە و دیپلۆمات کارێکی سەرکەوتوو زۆر بە سەرنجەوە ئاڵو گۆڕو ڕووداوە سیاسی یەکانی لێکدەدایەوە و کاریگەری هەر گۆڕانێکی

له سەر خەباتی گەلەکەی زۆر بە ژیریەوە، دەخوێندەوە و بەرنامەی شیاوی بۆ دادەنا و هەرگیز حدکا ی نەکردە پاشکۆی روداوە سیاسی یەکان و زۆر بەسەربەرزی و شانازیەوە ڕێبەرایەتی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێرانی کرد لە هەموو قۆناخە سەخت و دژوارە کانی شۆڕشدا.

شەهیدی نەمرمان پێی وا بوو لە نێو حیزب دا، کەسێک یان کەسانێک، پەیڕەوی نێوخۆ لە بەرچاو ناگرن و پێشێلی بکەن، دەبێ بە جۆرێک بەرخوردی تەشکیلاتیان پێ بکرێ. کەس بە هۆی هەبوونی بیروباوەڕی جیاواز لە ناو تەشکیلاتی حیزب دا سزای بۆ دیاری نەدەکرا. کاتێک لە بەرنامەی حیزبدا ئاماژە بەوەدراوە کە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە باری تەرکیبی کۆمەڵایەتیەوە لە هەموو چین و تووێژێکی کۆمەڵایەتی کوردستان پێک هاتووە، زۆر ئاساییبوو کە خەڵکی جیاواز بە بیروباوەڕی جۆر بەجۆرەوە بێنە ناو ڕیزی تەشکیلاتی حیزب. ئەو مەسەلەی هەموویان لە دەوری یەک کۆکردبۆوە، بیروباوەڕی سیاسی و نەتەوایەتی بوو.

بە باوەڕی دکتۆر قاسملووی ئەندامانی حیزبی دیموکڕات، لە بەرزترین پلەی تەشکیلاتی‌یەوە بگرە تا نزمترین پلە، خاوەنی کەسایەتی سیاسی وحقوقی تایبەت بە خۆیانن و دەبێ ڕێز لە هەر ئەندامێکی حیزبی بگیرێ و سەرنج و تێ بینی یەکانیان لە پێوەندی لە گەڵ مەسەلە سیاسی و تەشکیلاتی یەکانی حیزب دا بە هێند وەربگیرێت و مافی هیچ کام لە ئەندامانی حیزب پێشێل بکرێ.

دکتۆر قاسملوو گەلێک پەرتووک و نامیلکەی نایاب و بە پێزی، لە پاش خۆی بە جێ هێشتوون کە بیگوومان شوێنی بەرچاویان لەسەر ئاستی وشیاری سیاسی و تەشکیلاتی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب هەیە و تێیدا، بە وردی تیشکی خستۆتە سەر جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کوردستان.

هەرلەوکاتەیشدا هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانەی رووداو و گۆڕانکاریە سیاسی‌یەکانی دونیا و ناوچەی کردووە و چۆنیەتی خۆ گونجاندن لە گەڵ رەوتە جیهانی‌یەکانی بۆ ئەندامانی حیزب روون کردۆتەوە و ئەو ڕێگای نیشانداون کە دەبێ چیبکەن بۆ ئەوەی لە مافی سیاسی خۆیان نزیکبکەونەوە. زەمینە لە بارەکانی خەباتی گەلی کوردی لە ئاستی نێونەتەوەیی دا بە دروستی لێکداوەتە و هەڵسەنگاندنی بابەتیانەی لەبارەوە ئەنجامداوە و کارئاسانی خستۆتەسەرئەو باس و تەوەرانەی پەیوەندیدار بە جیهانی گۆڕانکاریەکان. ڕاستە بە کردەوە ڕێبەری کوردەکانی کوردستانی رۆژهەڵات بوو، بەڵام هەمیشە پەیوەندی‌یەکی گەرم و گوڕی لە گەڵ شۆڕشی پارچەکانی تری کوردستاندا هەبووە و بە پەرۆشی چارەسەری کێشەی هەر کام لە پارچەکانی ئەو نیشتیمانە دا بووە.

لە سەر مەسەلە سیاسییەکان، لە نێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و ئێرانییەکان دا جێگای تایبەتی هەبوو، وەک خەباتگێڕێکی ماندوو نەناسی ڕێگای ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلە ژێردەستەکەی ناسرابوو. ئەو نەمرە وەزنەیەکی قورس بوو لە 'معادلات'ی سیاسی لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا.

بە شێوەیەکی گشتی نەزەر و بۆچوونەکانی لە پەیوەندی لە گەڵ گۆڕانکارییەکانی دونیا و ناوچەکە و بە تایبەتی لە سەر هەلومەرجی نێوخۆیی کوردستان و ئێران جێگای سەرنجی هەموو لایەک بوو. دۆستە خاریجییەکان، د.قاسملوویان بە شیاوی هەموو جۆرە پشتیوانی لێ کردنێکی سیاسی و دیپلۆماسی دەزانی و لە هەموو ڕوویەکەوە حیسابیان لە سەر کار و خەباتی بە کردەوەی ئەو نەمرە دەکرد و ببۆوە بە سە مبوولی مافخوازی و دیمۆکراسیخوازی نەتەوە کەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. پەیوەندی توندوتۆڵی لە گەڵ شۆڕشی گەلانی بندەستی دونیادا هەبۆوە و حیزبی دیمۆکراتی بە هاوخەباتی ئەوان زانیووە و بە ئاشکرا پشتیووانی و لایەنگری چارەسەرکردنی پرسەکەیان بە ڕێگای ئاشتیدابووە.

وەک مرۆڤێکی سیاسی و تەشکیلاتی، بە پەرۆشی جێگیر کردنی دسیپلینی ئاگاهانە و شۆڕشگێڕانە بوو لە نێو ریزەکانی حیزبی دیموکڕاتدا و، هەروەها پرنسیپ و ئوسولە تەشکیلاتییەکانی کرد بە پێداویستییەکی گرینگ لە جەرەیانی کار و تێکۆشانی ڕۆژانەی کاری حیزبدا.

دکتۆر قاسملوو ئەزموونێکی زۆرباشی لە بواری سیاسی و تە شکیلاتیدا. بەدەست هێنابوو و کاتێک بوو بە کەسی یەکەم لە حیزبی دیموکڕاتدا، توانی بەرنامەیەکی روونی سیاسی و تەشکیلاتی بۆ حیزب دابنێ و بەم جۆرە کۆتایی هێنا بە پەرشوبڵاوی کاروتێکۆشانی ڕێکخراوەی.
ئەو لە بارەی سەربەخۆیی بڕیاردانیشەوە، زۆر لێزانانە بنچینەکانی ئەو پەیوەندییە سیاسیەی دیاری کردبوو لە گەڵ دۆستەکانیدا. دەبێ ئەوەش بڵێین کە لەو سەردەمە سیاسیەدا "کورد "دۆستەکانی زۆرکەمتربوون لە دوژمنەکانی" و وەک ئەمڕۆ سۆزیان بەلای پرسی کوردیدا نەبوو.

دکتۆر قاسملوو باوەڕێکی قووڵی بە یەکسانی ژن و پیاو لە نێو کۆمەڵگا و خێزاندا هەبوو و ئەو مەسەلەیە وەک ماددەیەکی گرینگ لە بەرنامەی حیزبدا ڕەنگیدابوەوە. لایەنگری شێلگیری خەباتی ژنان بوو لە پێناو دابین کردنی مافەکانیان دا. هەروەها لەو باوەڕە دا بوو کە ژنان دەبێ چالاکانەتر لە سالانی پێشوو لە نێو ڕیزی شۆڕشدا بەشداری خەبات بکەن.

ژنانی تێکۆشەری کوردستان وێڕای خەبات بە دژی ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامی، تێبکۆشن لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی دا خۆیان نیشان بدەن و جووڵانەوەکەیان لە گەڵ رەوتی رووداوەکان

بەرەو پێش بەرن و زۆر ژیرانە هەڵس و کەوت لەگەڵ ئەو مەسەلانەدا بکەن کە پەیوەندی راستە و خۆیان بە خەبات و چارەنووسی ئەوانیشدا هەیە.

ئەو مرۆڤە بلیمەتە دڵی بەوە خۆش بوو کە لاوانی کورد، لە کوردستانی ئێران، رۆژ بە رۆژ زیاتر دێنە نێو ریزی شۆڕش و بەم جۆرە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پتەوتر و بە هێزتر دەکەن. ئەو نەزەری وا بوو کە هاتنی لاوان بەم رێژە بەرچاوە، لە هەلو مەرجی سەختی خەبات لە پێناو وەدی هێنانی ئامانجە بەرز و لە مێژینەکانی گەلی کورد. وێڕای بەردەوامی زەبرو زەنگی رێژیمی دیکتاتۆری ئێران بەدژ ی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان، نیشانەی هەستی گەل دۆستی و نیشتیمانپەروەری لاوانی کورد دەگەیەنێت، لەم بارودۆخە دا.

د.قاسملوو نەزەری لەسەر لاوان ئەوە بوو کە، لاوان لە باری سیاسی و وشیاری نەتەوایەتیەوە لە جاران باشتر بەرچاویان روونە و پشتیووانی لە ئازادی و دابینکردنی ماسی فی گەلە دەکەن و هەروەها لاوان دەبێ وەک مەشخەڵی نوێی خەباتەکەیان سەیریان بکرێ و لە گشت بارێکەوە ئۆرگانە حیزبەکان هاوکارییان بکەین و ئیمکاناتی ئامووزشی، تەفریحی و وەرزشی شیاویان وەک پێویست بۆ دابین بکرێ. دکتۆر قاسملوو هەمیشە و لە نزیکەوە ئاگای لە کار و هەڵسووڕانی ئۆرگانی یەکیەتی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو.

بایخی زۆری بەلاوانی شۆڕشگێڕدەداو بە هیوای دوارۆژی خەباتی رولەگەشەی گەلی کوردی سەیردەکردن و نێوە بە نێوە لە گەڵیاندا کۆدەبۆوە و وێڕای دەربڕینی هەستی خۆشحاڵی لە دیتنی لاوانی دیمۆکرات، هانیدەدان زۆر زانستیانە بەشداری کاروچالاکیەکانی رێکخراوەکەیان بکەن و لە دوارۆژدا بەکردەوە وشیاری خۆیان بەرنەسەر و ئاوێتەی تێکۆشانی سیاسی لە نێو ریزی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبیدا بکەن. د.قاسملوو لەوبڕوایەدابوو لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی پەروەردە بکرێن، فێری ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە بکرێن و مێژووی جووڵانەوەی کورد و مێژووی حیزب و بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی دیموکرات و هەروەها گەلاڵە و پەیڕەوی نێو خۆی یەکێتی لاوان دەبێت زۆر بەباشی تێبگەن و شارەزای هەلومەرجی سیاسی و رێکخراوەی بکرێن. بەکورتی فێری ژیانی سیاسی و رێکخراوەی بە شێوەیەکی زۆر سەردەمیانە بکرێن و هانی ئەوەبدرێن لە ئاستی جووڵانەوەی کورد دا هەست بە ئەرکی گرینگ و بەرپرسایەتی بکەن.

ئەم ٢٥ وتارە لە بیرەوەری ٢٥ ساڵەی شەهیدکردنی گەورە پیاوی مێژووی نوێی گەلی کورد دکتۆر قاسملوو دا نووسراون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە - رێکەوتی: ٨ی جوولای ٢٠١٤

ئەم وتارانە بۆ ٣٧ ساڵەی شەهید بوونی د، قاسملوو نووسراون:

ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە بەجیهانیی کردنی کێشەی کوردو بێلوتفی زۆرمان!

وتاری: ٢٦

مێژووی نوێی شۆڕشی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، شاهیدی ڕۆڵی بەرچاو و بوێرانەی دوکتور قاسملووی نەمرە لە نێو ئینترناسیوڵ سۆسیالیستو ئامانج لە هەوڵدان بۆ چوونە نێو ڕێکخراوەیەکی ئەتۆ لە ئاستی دەرەوەدا بەجیهانی کردنی کێشەی سیاسیو نەتەوایەتی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بوو.

دوکتور قاسملوو ئەگەر ڕێژیمی ئاخوندیو مرۆڤ کوژەکانی بە پیلانی تیرۆریستی شەهیدیان نەکردبایە، بێگومان ئەو نەخشە ڕێگای کە وەک ئامانجی گرینگی کاری دیپلۆماسی خستبوویە دەستووری کاری سیاسی لە ئاستی نێونەتەوەیدا، بەمەبەستی گەیاندنی کێشەی کورد بۆ نێو ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان تێدەکۆشاو دەستی بە هەنگاونان کردبوو لە ڕێگای دۆستەکانییەوە.

هەوڵەکانیشی هەر بەو ئاڕاستەیەدا لەنێو ڕێکخراوی ئینترناسیوڵ سۆسیالیستدا زۆرتر چڕ کرد بۆوە، هەتا لە ڕێگای دۆستە ئوروپاییەکانیدا کە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە جیهانییەن، کێشەی سیاسی کورد بگەیەنێتە نێو کۆڕی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو لەو مینبەرە جیهانیەوە باس لە مێژووی سیاسیو نەتەوایەتی بزووتنەوەی نیشتمانی گەلی کوردو ئامانجە سیاسیەکانی بکات. ئەو کارەساتە گەورەیەی کە بەسەر گەلی کوردو وڵاتی کوردستان داتووە، وەک دابەشکردنو بەزۆر لەکاندنی خاکی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی بەهێزی ناوچەکەدا، یەکێک لەو باسە گرینگانەی دوکتور قاسملوو بووە لەنێو کۆڕو کۆمەڵە پێشکەوینخوازو لایەنگرانی سەقامگیرکردنی دیمۆکڕاسی.

پێکهاتنی کۆمیتەی تایبەت بە کورد لە نێو ڕێکخراوی ئینترناسیول سۆسیالیست لەساڵی ٢٠١٣ی زاینییدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە دوکتور قاسملوو بۆ یەکەمجار لە مێژووی سیاسیی کورد دا دەرگای ڕێکخراوەیەکی ئەوتۆی بەسەردا کرایەوە،

بەڵام زۆر گرینگە بزانین ڕۆڵی ئەو کۆمیتەیە چیەو ئامانجی سەرکیان چی دەبێت لە پاش مەرگی ڕێبەرو گەورە پیاوی مێژووی سەردەمی نوێی جووڵانەوەی ماف ویستی گەلی کوردستان. ئەگەر بێتو ئەو ستراتیژییە سیاسیو دیپلۆماسییەی کە دوکتور قاسملوو دایڕشتبوو پێش لە مەرگی نابەوەختی خۆی، دەسکەوتێکی گەورە دەبێ بۆ کورد کە هەوڵەکانیان بەو ئاڕاستەیەدا چڕ بکەنەوە کە کێشەی کورد بگاتە سەر مێزی کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیەکان بەشێوەی گشتی کە هەلومەرجەکێکی زێڕینی لە ئاستی دەرەوەدا بۆ ڕەخساوە.

وەفدی نوێنەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران کە بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوون، دەبوو پێشنیاری ئەوەیان کردبا کە ناوی ئەو کۆمیتەی کە تایبەت بە کورد پێکهاتووە لە هێزە سیاسییە کوردستانییەکان بەناوی" شەهید دوکتور قاسملوو "نێودێر کرابا، وەک ڕێزو وەفایەک بۆ هەوڵو خەباتی بێوچانی لەنێو ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست دا.

ئەو سەرکەوتنە سیاسیەی کە ئێستا بەدەستی کوردو هێزەسیاسییەکانی دێت، ئاکامی ئەو بەرچاو روونیە سیاسیو مێژووییە کە دوکتور قاسملوو لەنێو ئەندامانو لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوە جیهانییەدا پێکیهێنابوو. بەرلە ڕووداوە سیاسیو ئیدارییەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی کە بەرهەمی ڕیفۆرمی سیاسیو ئابووری لە پێش ساڵی ١٩٨٩ی زایینیدا لە ئورووپا بەشێوەیەکی بەرچاو رویانداو جەوهەری تێڕوانینو پێوەرە سیاسیو پەیوەندییە جیهانییەکان کەوتنە ژێر تەوژمی ئەو گۆڕانکارییەوە.

دوکتور قاسملوو بەهۆی بیرمەندی، دووربینیی سیاسیو دیمۆکرات بوونی، دۆستی گرینگی لە ئاستی دەرەوەدا بەمەبەستی پشتیوانیو لایەنگری کردن لە مەسەلەی کورد پەیدا کرد بووو زۆر بە هاسانی لە کاتی دانیشتنو کۆبوونەوەدا شوێنی لەسەردادەنانو سەرنجو تێڕاونینە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی گەورە پیاوی مێژووی نوێی گەلی کورد دوکتور قاسملوو لەسەر مەسەلە گرینگو کێشە نێونەتەوەیەکانبە هێند وەردەگیراو زۆر بەسەرنجەوە گوێڕایەڵی باسو هەڵسەنگاندنە سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی دەبوون.

دیارە بەهۆی پێکهاتەی سروشتی سیاسیو ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوەیە بووە کە دوکتور قاسملوو هەوڵیداوە بۆ ئەوەی لە نێویان دا شوێنی خۆی بکاتەوە هەتا پرسی کورد بەرەو پێشەوە بباو زەمینەی ئەوە دروست بکات بۆ ئەوەی پرسی ڕەوای کورد بگەیەنێتە سەر مێزی ئەو وڵاتە گەورەو بەنفوزانەی دونیا کە شوێنو جێگای پەنجەیان بەسەر مەسەلە هەستیارو هاوکێشە سیاسیەکاندا لە جیهاندا هەبوو.

نووسینی: محەممەد سلێمانی

دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکرات، وێڕایی ڕێبەریی کردنی جووڵانەوەی نیشتمانیی خەڵکی کوردستان لە نێوخۆی وڵات، لە بەرانبەر سیاسەتی سەرکوتو دیکتاتۆرانەی ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران، لە گەرمەی شەری ساردو بێلوتفی وڵاتانی سۆسیالیستی سەبارەت بە کێشەی سیاسیو خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. لەو قۆناخە سەختەی کاری سیاسیو دیپلۆماسیدا، قاسملووی نەمر زۆر لێبڕاوانە تێکۆشا بۆ ئەوەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان لە ئاستی دەرەوەدا گەشەی پێبداو بیروڕای هێزو کۆمەڵگا دیمۆکراتیکەکان بۆ لای مەسەلەی کورد ڕابکێشێ. دیارە لەو کاتەدا ئەوەندە ئاسان نەبوو کە بە هەموو ئامانجەکانی بگات لە کارو خەباتی دیپلۆماسی سیاسی، بەهۆی ئەو هەلومەرجە نالەبارەی کە زاڵبوو بەسەر پەیوەندیی وڵاتاندا، چونکە لە گەرمەی جیهانی دوو جەمسەریو ئاڵۆزیی سیاسیو ناڕوونیی هاوکێشە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەدا زۆر دیار نەبوو کە کام لایەنی شەری سارد براوەیی ئەو هاوسەنگە سیاسیو ئابوورییە دەبێ لە ئاستی دونیادا، بەڵام سەرەڕای ئەو بارودۆخە کە بەسەر هەلومەرجی گیتیدا زاڵببوو، توانیبووی زۆر ژیرانە دۆستی ناودارو بەنفووز لە وڵاتانی ئوروپاو ئەمریکا کە شوینی گرینگیان لەسەر سیاسەتی وڵاتەکەیان هەبوو، بکات بە دۆستو لایەنگری خەباتی ڕەوایی گەلی کورد لەپێناو گەیشتنی بە مافی سیاسیو نەتەوایەتی خۆیدا.

خەباتو تێکۆشانی دوکتور قاسملوو لە نێو ڕێکخراوەی ئینترناسیونال سۆسیالیستدا وەک ڕێبەرێکی دیمۆکراتو پێشکەوتنخواز کاریگەری لەسەر خوێندنەوەو تێروانی ئەو ڕێکخراوەیە داناو گرینگیو هەستیاریی مەسەلەی کورد وەک کێشەی گەلێکی گەورە، شوێنی خستە سەر سیاسەتو هەڵویستی ئینترناسیول سۆسیالیست سەبارەت بە جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کورد. ئەو زنجیرە کۆبوونەوانەش کە لە کوردستان پێکهاتوون بەرهەمی خەباتو ماندوو بوونی دوکتور قاسملووی ڕێبەرن.

بەدوای ئاڵوگۆڕە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی ئوروپا کە لە هەشتاکاندا زەمینەی سەرهەڵدانو گەشەکردنی بە شێوەیەکی بەربڵاو لەنێو وڵاتانی سۆسیالیستیدا بەئارامی زەمینەی بۆ دروست ببوو.هەر لەو پەیوەندییەدا دەرکەوتنی خاڵی لاوزی سیاسیو ئابووریی وڵاتانی سۆسیالیستی لەو قۆناخەی خەبات دا، بێگومان زەمینەی گەشەکردنی بیری ئازادیو سەربەستیی گەلانی جیهان زەمینەی گونجاوتری بۆ ڕەخسا. دوکتور قاسملوو بەر لە سەرهەڵدانی ئەو ڕیفۆرمە سیاسیو ئابوورییەی کە پاشان ڕوخساری سیاسی ئوروپاو ئاسیای بەتەواوی گۆڕیو زۆر وڵاتی نوێ بەدوای دارمانی بلۆکی سۆسیالیستیدا کەوتنە سەر نەخشەی سیاسیی جیهانەوە پێشبینی ئەو قۆناخە سیاسییەی کردە بوو.

دوکتور قاسملوو دەمێک بوو هەڵسەنگاندنو تووێژینەوەی ئەو بارودۆخە سیاسیەی جیهانی کوردبوو و بە پێشکەش کردنی "کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک" هەموو پێوەرو چەمکە فیکرییەکانی بە شێوەیەکی سەردەمیانە وێڕایی

نووسینی: محەممەد سلێمانی

ڕەخنە لە سیستەمی سیاسیو کۆمەڵایەتیی وڵاتانی سۆسیالیستی، ڕێگای ڕزگاربوون لە قەیرانی خستبوو بەرچاوی کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە.

هیوا خوازین ئەو کۆمیتەی کە تایبەت بە کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان پێکهاتووە لەنێو ڕێکخراوی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا ئەو دەورو ڕۆڵە مێژوویی نەتەوەییە بگێڕی کە دوکتور قاسملوو لە هەشتاکاندا نەخشە ڕێگای بۆ داڕشتبوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیاڕەنگ - ڕێکەوتی: ١٧ی ئەپریلی ٢٠١٣

دکتۆر قاسملوو سیمایەکی کاریگەر و تێکۆشەری سیاسی و دیپلۆماتکارێکی بەئەزموونی نەتەوەی بوو!

وتاری: ٢٧

٢٧ ساڵ لەمەوبەر، ڕێژیمی تیرۆریستی ئاخوندی ئێران لە ڤییەن پایتەختی وڵاتی ئوتریشدا، دیارترین و کاریگەرترین تێکۆشەری سیاسی و دیپلۆماتکاری بەئەزموون و نەتەوەی، دکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر مێزی وتووێژی ئاشتی بە دەستی پیاوکوژەکانی شەهید دەکا و بەوجۆرە بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیانی گەورەی پێدەگات. بەداخەوە بە هۆی تێوەگلانی حکوومەتی ئوتریش و دامووەدزگائەمنیەکانی ئەو وڵاتە، بکرەکانی ئەو کردارە نامرۆڤانەیە بە سلامەتی ڕادەستی تاران دەکرێنەوە و خەباتی گەلێکی بندەست و ستملێکراوی وەک کورد، فیدای کۆمەڵێک دەسکەوتی پچووکی ئابووری و بازرگانی دەکرێت و لەوێدا حیساب بۆ مافی سیاسی و نەتەوەی مرۆڤەکان لە بەرچاوناگیرێت. لەو ڕۆژەوە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو ساڵێک بە ئازار و نارەحاتیەوە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەر یاد دەکاتەوە و پەیمان و بەڵێن لە گەڵ روح و ڕێبازی پڕ لە شانازی و بنەما دێمۆکراتیکەکانی خەباتی دکتۆر قاسملوو نوێ دەکەنەوە کە هەتا بەدی هاتنی ئاواتەکانی تێکۆشان و بەرخۆدان لە کوردستان بەدژی ڕێژیمی نیزامی ئاخوندی درێژەی دەبێت. بێگوومان دەستپێکردنەوەی بزووتنەوەی چەکداری لە هەلومەرجی ئێستای خەباتدا، جێ بەجێکردنی یەکێک لە تاکتیکە کورتخایەنەکانی ئەو شێوە شۆڕش و تێکۆشانە بەرین و گشتگیریە کە ڕێبەری چاونەترس و ناوداری گەلی کورد قاسملوو بەدژی حکوومەتی ئاخوندی ڕایگەیاندبوو و وەک وەسیلەیەک بۆ گەیشتن بە سەر مێزی وتووێژی ئاشتی. دیارە کاتێک ناوەندی بڕیاردانی سیاسی و ئەمنی وڵاتێک هەوڵدەدات بە ڕێگای سەرکووت و لەنێوبردندا، دەنگی ئازادیخوازی نەتەوەیەک کپ بکات، باشترین بژاردەی ڕووبەڕووبوونەوە بۆ گەشە پێدان و بردنە پێشەوەی بەرخۆدانی نەتەوەی، تێکۆشانی سیاسی و چەکداریە هەتا ناوەند ناچاربکرێ، بێت لەگەڵدا کۆبێتەوە و گوێ بۆ داواکاریەکانت بگرێ. ڕێژیمی ئاخوندی هەتا ئەو جێگای دەرەتانی هەبێت و فشاری نێوخۆ و دەرەوەی لەسەر نەبێت، ئاوڕ لە مەسەلەی کورد و کێشەی فرەنەتەوەی بوون لە وڵاتدا ناداتەوە و هەوڵدەدات ئەو واقعیەتە سیاسی و فرەنەتەوەی و فرە ڕەنگی لە وڵاتدا بشارنەوە و وەک خۆیان دەیان هەوێت حوکمڕانی بەسەر ئیرادەی گەلانی ئێراندا بکەن. حیزبی دێمۆکڕات بنەمافیکری و نەتەوەیەکانی لەسەر ئەساس و پێوەرە دێمۆکراسیەکان دامەزراوە و هەرگیز لە خەباتی خۆیدا، کەیفی بە پێکدادانی چەکداری و توندوتیژی نەهاتووە و ناچارکراوە کە بۆ مانەوەی خۆی و پاراستنی پیرۆزیەکانی نەتەوەی کورد، چەک بگرێتە

دەست. ئێستایش کە تێکۆشانی چەکداری دەستپێکراوەتەوە و کادر و پێشمەرگەکانی حدکا لە نێوخەڵکدا کاری سیاسی و تەشکیلاتی ئەنجامدەدەن و لە زۆر شار و ناوچەی کوردستان لە گەڵ سپای پاسداران توشی شەڕ هاتوون و زیانی زۆر گەورەشیان بەڕێژیم گەیاندوە، بەدڵنیایەوە هیچ لایەک و لانیکەم حیزب و خەڵکی کوردستان خوازیاری ئەو پێکدادانە نیزامیە نین و، ئەوە کاربەدەستانی تارانن کە گەلی کوردیان ناچارکردوە بۆ جارێکی دیکە لە مێژووی سیاسیدا، پەنا بەرێتەوە بەر خەباتی چەکداری. چوونکی ڕێژیم هەوڵنادات بێت بە ڕێگای تردا پرسی نەتەوەی کورد لە ئێراندا چارەسەربکات و ئارامی و ئاسایش بۆ گەلانی بندەستی وڵات بگێڕێتەوە. حکوومەتی ئاخوندی کاتێک دکتۆر قاسملوویان وەک کاریگەرترین نەیاری خۆیان لە دەرەوەی وڵات لە نێوبرد، پێیانوابوو، ئیدی تازە شۆڕشی خەڵکی کوردستان بڵاوەی پێدەکرێ و بزووتنەوەی سیاسی بەتەواوی پەکیدەکەوێت. بەڵام مێژووی سیاسی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەلماندی کە قوتابیانی ڕێگا و ڕێبازی قاسملوو بە شێوەیەک پەروەردەکراون کە بەرگەی سەختی و ڕۆژە ڕەش و تاریکەکانی قۆناخە جۆربەجۆرەکانی خەبات بگرن و لەکات و جێگای پێویستدا بڕیاری نوێ و چارەنووسسازبدەن و مەیدان تێکۆشان چۆل نەکەن و هەوڵی بەرەوپێشبردنی خەبات بدەن.

سەرچاوە ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٦

سەرچاوە
Serchawe

دکتۆر قاسملوو روحی ناسیۆنالیزمی مۆدێڕن و دیمۆکراتێکی کورده!

وتاری: ٢٨

٢٨ ساڵ لەمەوە بەر، دەسەڵاتی ئاخوندی بێمانای ئێران دیارترین مرۆڤی هاوچەرخی مێژووی سیاسی وڵاتی، واتە دکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێ لە گەڵ عەبدوڵا قادری ئازەر بەرپرسی پەیوەنییە نێونەتەوەیەکانی حیزب بە پیلانێکی تیرۆریستی لە سەر مێزی وتووێژی ئاشتی لە ڤیەن شەهیدکردن. ڕێژیمی ئاخوندی ئێران بەرپرسی زۆر بەی ئەو تیرۆرە سیاسیانەیە کە لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتدا ئەنجامدراون و بەرنامەی زۆربەی تیرۆرەکان لە ناوندی بڕیاردانی تاراندا دەرچوون و ئێستا دەسەڵاتی خۆسەپێنێ ئێران بکوژی هەموو قەتڵە سیاسیەکانە کە مرۆڤی زۆر گەورەی تێدا بۆتە قوربانی سیاسەتی دەپلۆسێنەرانەی ئاخوندەکان. دکتۆر قاسملوو بەروحی شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناسیۆنالیزمی مۆدرن و دیمۆکراتیکی کورد ناسرابوو و، هەرلەوکاتەشدا ڕێبەری بزووتنەوەیەکی بەرینی سیاسی و جەماوەری بەدژی حکوومەتی ناوەندی تاران لە کوردستان دەکرد و، توانیبووی نیگەرانی و دڵەڕاوکەی زۆر بخاتە نێو دڵی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران . ئەو نیزامەی کە پێک هاتەی فەلسەفەی لەسەر دژایەتی ئازادی و مافی سیاسی نەتەوەکانی وڵات دامەزرابوو و، بێزاری و هەوڵو خەباتی سیاسی و چەکداری لە زۆر بەی بەشەکانی وڵات بۆ مەبەستی خۆپاراستن و بەرگریکردن لە بەرانبەر ڕێژیمی ئاخوندیدا بە شێوەی دیار و بەربڵاو بەدوایخۆیا هینا و توانی خەونی دەسەڵاتی تاران بە خێرای لە گۆڕبنێت. بەڵام هەلومەرجی شۆڕش و بەرخۆدانی نیشتیمانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر دیارتر و بەرچاوتر خۆی دەنواند و هەربۆیەش حکوومەتی نیزامی ئاخوندی ئێران بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕا هەتا بتوانێت بە پیلانێک خەباتی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەری حدکا و ڕۆڵی گەورە پیاوی مێژووی هاوچەرخی سیاسی ئێران و کوردستان دکتۆر قاسملوو لە نێوبەرێ بۆ ئەوەی ئەگەر نەشتوانن بڵاوە بە خەباتی کورد بکەن، بەڵام بەرەو لاوازی و ستی بەرن. ئەوەی گرینگ و جێگای شانازی و تێرامانە ئەوەیە کە قوتابیانی ڕێبەرانی شەهید توانیویانە ڕەوڕەوەی شۆڕش بەرەوپێشبەرن و ئیدامە بە شێوەکانی خەبات لە کوردستان بدەن. خەباتی قاسملوو بۆ وەدی هێنانی مافی سیاسی و نیشتیمانی گەلی کورد لە چوارچێوەی وڵاتی فرەنەتەوەیی ئێراندابوو و، بنەمافکریەکانی تێکۆشانی ڕێکخراوەی قاسملوو بەتەواوی دیمۆکراتیک و ئاشتیخوازانەبوون. ئەو هەوڵیدەدا بە ڕێگای سەقامگیرکردنی

دیمۆکراسیدا مافی سیاسی هەموولایەک و یەک لەوان گەلی کورد پارێزراوبێت و کەس دەست ڕێژی نەکاتە سەر هۆیەتی نەتەوەی لایەکەی تر. ئەو سیاسەت و بیرکردنەوە فراوان و مرۆڤ دۆستیە لە گەڵ ژیانی سیاسی و پاشکەوتوانەی ئاخەندەکان بەتەواوی دژ بەیەکبوون و، هەر بۆیەش بە هەموو شێوەیەک دژایەتیان دەکرد و بەدژی دەوەستانەوە و هەوڵیاندەددە لە بەینی بەرن. قاسملوو زۆر بە هێمنی بەرنامە و گەلاڵەی سیاسی و نەتەوەی بەمەبەستی چارەسەرکردنی پرسی سیاسی و نیشتیمانی کورد لە گەڵ کاربەدەستانی تاراندا هێناوبوویەوە گۆڕێ و لە زۆر بەی دیدار و چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنی و رادیۆ و ڕۆژنامەکاندا چ لە سەر ئاستی ناخۆ و دەرەوەدا ئەو پەیامەی ڕاگەیاندبوو کە " ئێمە دەمان هەوێت لە چوار چێوەی ئێران دا مافی سیاسی و نەتەوەی گەلی کورد دابین بکرێ و دیمۆکراسیش جێگربکرێ و هەموو بەشەکانی وڵات و جومگە سەرەکیەکانی حکوومەت بگرێتەوە". کاتێک کاربەدەستانی تاران تۆزێک جێگای پێیخۆیان قایمکرد لە تاران و چەند شار و ناوچەی دەورووبەری، دژایەتی مافەڕەواکانی کوردیان بە ئاشکرا ڕاگەیاند و هەتا فتوایی ٢٨ی گەلاوێژی لێکەوتەوە و کوشتن و بڕینی کوردیان بە خەزا و عەلازانی. حیزبی دیمۆکرات و ڕێبەری گەورەی شۆڕشی کوردستان زۆر ژیرانە توانی بەهاوکاری و دڵ گەرمی پێک هاتەی حیزب و کادر و پێشمەرگەکانی، پێشبەو پیلانەی دوژمن بگرێ و حدکا هەر لەسەرەتاوە رایگەیاند کە ڕێگای چارەسەرکردنی پرسی کورد و گەلانی دیکەی وڵات دەکرێ بە ڕێگای ئاشتی و دوور لە توندوتیژی چارەسەربکرێت. بەڵام کاربەدەستانی تاران ئەو بەرنامەیان بەڕێوەبرد کە خۆیان دایاننابوو ئەویش دوور لە ئاشتی و پێکەوە ژیانی فرەی لە وڵاتدا. دژایەتی سەرانی حکوومەت بۆ حیزب و شەخسی دکتۆر قاسملوو شتێکی نامۆ و سەیر نەبوو، چوونکی بیر و هزری ئازادیخوازی و دیمۆکراتیکی قاسملوو بەتەواوی ئەوانی توشی" شۆک و فەتای سیاسی و نزای" خۆیانکردبوو و بەروویەکەی دیکەیدا باشترە بڵێین نێوەرۆکی داخوازی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد لە گەڵ ویست و ئامانجی کۆنەپەرستانەی حکوومەتی ئاخوندەکانی ئێران نەدەگونجاو هەر دەبوو دژایەتی هەتا سەرئێسقانی لێبکرێ. ڕێژیم هەموو ڕێگاکانی بەدژی گەلی کورد و بزووتنەوەکەی تاقیکردوە و نەیتوانی پێشی رەوتی خەباتی بەربڵاوی کورد بگرێ و، گەلی کورد بەشێوەی بەرچاو پشتگیری ئەو خەباتەیاندەکرد کە قاسملوو لە کوردستان ڕێبەری دەکرد. کاتێک لە تاران پیلانی ئەو تیرووۆرکردنەیان دانا، زۆر باش دەیانزانی کە دکتۆر قاسملوو و حیزبەکەی گەورەترین مەترسین بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئاخوندەکان و ئەو دەسەڵاتەی کە بەزۆر خۆی بەسەر ئیرادەی گەلانی وڵاتدا فەرزکردەوە. ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە کاتێکدا ئەو یادە بەرزو و مێژوویە ڕێزدەگرن هەتا بە وردی و جەوهەریانە دێراسە و خوێندنەوەی چەمکە سیاسی و فیکرییەکانی دکتۆر قاسملوو لە دڵ و هەستیاندا بە زیندووی ڕابگرن و لە پەند و ئامۆژگاریەکانی وانەی خەبات و بەرخۆدان فێربن. ڕۆڵەکانی

نووسینی: محەممەد سلێمانی

دێمۆکرات لازمە بە ڕاسپاردە و بیری دکتۆر قاسملوو کە چەسپاندنی دێمۆکراسی و یەکگرتووی ڕێکخراوەی لە سەر بنەمای دێمۆکراتیک و بەر بڵاوی کرداری بوو، پەیڕەوی لێبکەن و هەموو لایەک بۆ بە هێزترکردنی و گەشەی خەباتی سیاسی و نەتەوەی هەوڵ و هەنگاوەکانیان یەکبخەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠١٧

سەرچاوە
Serchawe

سڵاو لە ڕێبازی پڕ لە شانازی دکتۆر قاسملووی ڕێبەر.

وتاری: ٢٩

ڕێبازێک کە جگە لە بە هێزکردنی هەستی نەتەوەیی و یەکیەتی سیاسی شتێکیر نەبووە و نابێت و بەدرێژایی مێژووی سیاسی حیزبی دێمۆکڕات وەک هێزێکی کاریگەر لە مەیداندابووە و خەباتی بەدژی سەرسەخت ترین ڕژێمەکانی ناوچەکە کردوە.

حکوومەتی ئاخوندی لە ماوەی تەمەنی خۆیدا، هەوڵیداوە بە ڕێگای تیرۆری سیاسی و نهێنیدا دژبەرانی لەسەر ڕێگایان لابدات. کەوابوو دەسەڵاتێکی داخراو و نادێمۆکراتیکی وەک ڕێژیمی تاران، ناتوانێت سەقامگیری سیاسی و ئاسایش و ئارامی گەلانی وڵات بپارێزێت.

ڕێبەری گەورەمان زۆر دەمێک بوو خەونی بەو ڕۆژەوە دەبینی کە گەلی کورد لە سەر ئاستی بەرزی بڕیاردنی سیاسی و نەتەوەیدا، خۆی لە نێو ناوەندێکی سیاسی ئەوتۆدا بدۆزێتەوە و بۆ مەبەستی بڕیاردانی سیاسی و نەتەوەیی.

شەپۆلی یادکردنەوەی دکتۆر قاسملوو، سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران لە برۆکسێل، دەنگدانەوەیەکی زۆر گەورەی لەسەر ئاستی دەرەوە و نێوخۆیدا بەدوایخۆیدا هێناو و بە هەزاران لە کوردانی تاراوگەی لەو ڕۆژە مێژوویەدا بەشداربوون.

ئەوانیشی بە بە هۆی کارو باری ژیانی تاراوگە نیشینیەوە، دەرفەتی بەشداربوونیان بۆ ڕەنەخساوە، بە ڕێگایتردا پەیمانی خۆیان لە گەڵ دکتۆر قاسملوو و حیزبەکەیدا نوێ کردۆتەوە.

هەر لە خۆوە نەووە کە دکتۆر قاسملوو دەی فەرموو: حیزبی دێمۆکڕات ،حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازنی کوردستانە. ئەو قسەیە بەکردەوە و لە مەیدانی کرداریدا خۆی سەلماندووە. پێگەی سیاسی حێزب ناکرێت لە گەڵ هیچکام لە هێزەکانی تری کوردستاندا، بەیەکەوە بەراورد بکرێ.

نووسینی: محەممەد سلێمانی

هەربۆیەش ساڵانە بە میلیۆنان لە خەڵکی کوردستان بە شێوەیی جۆبەجۆر و بە گوێرەی دەرفەت و ئیمکانی خۆیان ڕێز لە شکۆی بەرزی گەورە پیاوی مێژووی هاوچەخی گەلەکەمان دەگرن.

ڕێبازی سیاسی و نەتەوەیی دکتۆر قاسملوو بۆ هەر یەک لە قۆناغەکانی تێکۆشان دەگوونجێ و ڕێبەری ئێستای حیزب زۆر بە ژیری و سەردەمیانە ئەو ڕێبازە فراوان و دیمۆکراتیکە درێژە پێدەدەن.
لە تاراوگەوە بڕیاری سیاسی لە سەر چارەنووسی سیاسی و نەتەوەی درا. خۆشەویستی دکتۆر قاسملوو ناکۆکیەکانی زۆربەی لایەنەکانی بنەبڕکرد و لە سەر ئاستی زۆر بەرزی سیاسیدا، گەورە ڕێبەرانی کورد باوەشیان بەیەکدا کرد و پەیمانیان لە گەڵ ئامانجەکانی دلتۆر قاسملوو و حیزبەکەی نوێکردوە.

هاوخەباتی و یەکیەتی سیاسی تەنیا ڕێگای ڕزگاری و کۆدەنگی نەتەوەیە کە لە سایەیدا کورد دەرفەتی بە ئاکام گەیشتنی بۆ دەڕەخسێت.

دکتۆر قاسملوو وەک ڕێبەرێکی گەورەو نەتەوەیی، توانی زۆربەی هێزە تێکۆشەر و ئازایخوازەکانی هەر چوار بەشی کوردستان لە بڕۆکسێل بەیەک بگەیەنێتەوە.
خەباتی قاسملوو، درێژەی ئەو بزووتنەوە سیاسی و جەماوەرییەیە کە بەردی بناغەیەکی ئاکادیمی و زانستی بۆ داناوە و هەر بەوجۆرەش، بە جەوهەری فەلسەفەی شۆڕشی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەمێنێتەوە.

حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران شانازی بە خۆی دەکات کە خاوەنی ئەندام و لایەنگر و دڵسۆزی ئەوتۆیە کە هەر هەموو وەختێکدا هەر یەکە و بەجۆرێک لە مەیدانی خەباتی سیاسی و نەتەوەیدا، پشتووانی خۆیان بۆ ئەو ڕێبازە ڕاگەیاندۆتەوە کە دکتۆر قاسملووی مەزن گیانی بەنرخی لە پێناودا بەخشیووە.

سڵاو لە دکتۆر قاسملووی هەمیشە لە ڕێبازدا زیندوو بێت.

هەربەو بۆنەشەوە، وێڕایی دانەواندنی سەری ڕێز و وەفام لەبەردەم بارەگای نەمری قاسملوویدا، پەیمان و بەڵێن لە گەڵ ڕێبازەکەی تازە دەکەمەوە کە هەر دەم وەفارێکی ڕاستەقینەی شکۆی خەباتەکەی بم.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١١ی جوونی ٢٠١٩

سەرچاوە Serchawe

دکتۆر قاسملووی مەزن لەو پەڕی بەهێزیدا، وڵامی "لەبەیەک"ی ئاشتی بە خۆمێنی دایەوە!

وتاری: ٣٠

ئەو لە بێ هێزی و بێدەسەڵاتی ڕێگایی ئاشتی هەڵنەبژرادوە و لەلاوازیدا داوایی سازش و سازانی نەکردووە.

دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی خۆڕاگر و زمانزان و سیاسەتوان و دیپلۆماتکارێکی سیاسی سەرکەتوو و نێودەوڵەتی نەتەوەیی کورد هەر بە مەزنی و ڕێبەرە تاقانەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەمێنێتەوە.

د. قاسملووی مەزن هێزێکی گەورە و کاریگەری وەک حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەدژی حکوومەتی خومێنی و بەدی هێنانی ماف و ئازادییە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد بە باشترین شێوەی سەردەمیانە ڕێبەری دەکردو زۆر ڕاستگۆیانە پێشڕەوی ئەو خەباتەی کردووە.

ڕێبەرێکی خۆڕاگر و بەبڕشتی سیاسی و نەتەوەیی و مرۆڤێکی هەڵکەوتووی مەیدانی تێکۆشانی سیاسی گەلی کورد بوو. ئەو وەختی لە میتینگێک کە لە شاری مەهاباد بۆی پێک دێت لە پاش شکەستی هێزەچەکدارەکانی ڕێژیم و کۆتایی شەری سێ مانگە دا کە، بە قۆناخێکی درەوشاویی بەرخۆدانی نەتەوەیی تەماشادەکرێ لە مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

لەو شەڕەدا هێزی پێشمەرگە توانی لە هەموو بەرەکاندا شکەست بە هێزە چەکدارەکانی سەر بە حکوومەت بێنێ و حیزب و ڕێکخراوەکان بۆ جارێکی تر دەرفەتی گەڕانەوەی نێو شارەکانیان بۆ پێک دێتەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا و لە نێو ئاپۆڕایی خەڵکی خۆڕاگری شارەدا بە ڕاشکاوی و وەک نەریتێکی سیاسی و دیپلۆماسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دەڵێت: " لازمە لەبەیەک بەو پەیامەی خومێنی بڵێین کە تێیدا ڕایگەیاندوە ئامادەن بە ڕێگای ئاشتیدا مافی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە چوار چێوەی حکوومەتی نوێدا بە سەلمێنن و کۆتایی بەو شەڕە بێنن لە ئێران و کوردستاندا."

سەرچاوە
Serchawe

کاتێک کورد بەرگری دەکرد، ئەو خۆڕاگرییە بۆ ئەوە نەبووە درێژە بەشەر بدەن، بەڵکوو لەو ڕێگایەوە هەوڵیداوە فشار بخەنە سەر ڕێژیم هەتا بە دەم ویست و داخوازەکانیان بێت و ئاوڕێک لە جووڵانەوەی سیاسی کورد بدرێتەوە.

دکتۆر قاسملوو لە بەرامبەر دژمنی داگیرکەردا، دوولایەنی خەباتی سیاسی و چەکداری پێکەوە بەرێوەدەبرد و بەترس و بێدەسەڵاتیەوە داوای حکوومەتی قبووڵ نەکردوە.

ئەو کەسانەی کە بۆ خۆدزینەوەیان لە بەرخۆدانی نەتەوەیی پەنا دەبەنەوە بەر قسە و گوتاری سیاسی ئەو سەردەمی ڕێبەری گەورەمان، بێگوومان هیلاکی سیاسی و کۆمەڵایەتیان بەتەواوی دەردەخات کە چەندە بە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان نامۆن و هەرواش دەمێننەوە.

ئەو پەیامەی دکتۆر قاسملوو کە لە ژێر ناوی " لەبەیەک" دا وەک هەڵوێستی سیاسی حیزب سەبارەت بە پەیامی ئاشتیخوازانە بڵاو کرایەوە شتێک نیە ئەمرۆ بە شەرمێونی شەنوکەوبکرێ و بە لێکۆڵینەوە و تیشک خستەنسەری خۆمان بدزینەوە.

ئەو بابەتەش یەکێکی ترە لە شانازییەکانی حیزب وەک هێزێکی تێکۆشەر، کە لە کاتی تەنگانێدا زۆر بوێرانە بەرگری لە خەڵک و پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی کوردستانکردووە و وەختی ئاشتیش سەنگەری خۆڕاگری گوازتەوە بۆ سەر مێزی ئاشتی. ئەو ڕووداوە و هەڵوێستی لەو جۆرە و لە قۆناخی ئەو سای شەڕ و ئاشتیدا لە گەڵ ڕێژیمی خومێنی دا، ڕوانینێکی هەتا بڵێی دروست و بە جێیە و ناکرێ لێکدانەوەی هەڵەی لەسەر ئەنجام بدرێت.

پاشان هەموو هێزەکان پێشوازیان لەو پەیامەی خومێنی کرد و کەس نەبوو دژی بێت و لۆمەی لایەنێکی تری لەسەر بکات..

پاش سالانێک کە بە سەر ڕووداوە سیاسیەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان تێدەپەڕێت، هەر جار ناجارێک ئەو باسە دێتەوە گۆڕێ و کەسانێکی هەژارفیکر و بێدەرەتان، وەک تان و تەشەرێکی سیاسی، ئەو قسەی دکتۆر قاسملوو وەبیر دێنەوە، بۆ شاردنەوەی شکەستی سیاسی و نائومێدیان بە خەباتی سیاسی گەلی کورد.

کاتێک خومێنی نەیتوانی بە سانایی دەست بەسەر شارەکاندا بگرێ و هەموو کوردستان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بە هۆی خۆڕاگری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بووە. لەو کاتەدا خومێنی بەناچاری و بەدوایی شکەستی سیاسی و نیزامیدا،

سەرچاوە
Serchawe

بەناچاری پەیامی ئاشتی بڵاو کردەوە و لەوێدا ڕایگەیاند کە ئامادەیە مافی کورد لە شکڵی خودموختاریدا بسەلمێنێت و بۆ ئەو مەبەستەش دەیهەوێت لە گەڵ وەفدی نوێنەرایەتی کورد وتوویژی ئاشتی ئەنجامبدات و کۆتایی بە بارگرژی و شەڕ و ئاڵۆزیە نێوخۆیەکان بێت و وڵات بەرەو قۆناخی ئاشتی و ئاسایش بەرێت.

دیارە بە هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕانە بە خەیاڵیخۆیان دەیان هەوێت و زۆریشیان مەبەستە سیاسەتی دکتۆر قاسملوو و حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بە ئامانج بگرن و بەو لۆمەکردنە، بەڵێن کە حدکا ڕوانینێکی شلوێ و ئالۆزی لە هەمبەر دۆخی سیاسی ئێران و کوردستاندا گرتۆتەبەر.

ئەو لێدوان و باس و بیروڕا دەربڕینە بەگشتی پەیوەندی بە قۆناخێکی بەتەواوی دیاریکراوی سیاسی و مێژووی ئەو(ئێران و کوردستان) ئەو دەمیدا هەیە و بە پێچەوانە ڕوانین و چەواشاکردنی ڕووداوەکان، بەدڵنیایە هەرزەکاری و کرچووکاڵی سیاسی هەر کەس و لایەنێک دەگەیەنێت.

بەشێکیان زۆر بە ژیری و لە ژێر بیرو خوێندنەوەیەکدا ئەو کارە دەکەن کە لە ڕابرووشدا دژایەتی حیزب و شەخسی دکتۆر قاسملوویان کردوە و بەو کارەیان بۆ جارێکی تر ئەو هەڵوێستەیان نوێ کردووە. هێندێکیشیان بێ ئەوەی بەتەواوی شارەزایی ڕووداوەکان بن و بەر چاویان ڕوون بێت، خۆیان لەو باسەوە گلاندوە و ئەویش لە ژێرکاریەگەری دونیای مەجازیدا هێندێک نووکە قەڵەم لێدەدەن.

دیارە زۆر گرینگە مرۆڤ پابەندی بیروڕایی خۆی بێت و هەرگیز بە لاری نەڕواتە بەرەوە و پێچەوانەی هەڵویستە سیاسی و نیشتیمانیەکانی نەوەستێتەوە! ئەو فاکتە بکەرەکانی نێو ڕووداوە سیاسی و مێژوویەکانی ئەو سەردەمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێک هەڵداوێرێت و هەرکەسە بە کەرداری خۆی دادوەری لەسەر دەکرێت و ئەو وشیاریەش لە نێو گەل دابەتەواوی هەستی پێدەکرێت.

بارودۆخی ئەو دەمی پێمان خۆش بێت و یان بەدڵمان نەبێت، هەر ئەوەی دەخواست و گەلی کوردیش سەرەتا هەوڵیدەدا بەڕێگای ئاشتیدا لە چوار چێوەی حکوومەتی نوێدا بە مافەکانی بگات. ئەگەر بزووتنەوەی سیاسی کوردستان، بەو ڕێگایەدا بە خواست و ئامانجەکانی گەیشتبایە، دەسکەوتێکی گەورە و شتێکی زۆر باش دەبوو بۆ کۆی پرۆسەی سیاسی لە ئێراندا و خەڵکی کوردستان سوودمەندی گەورەی ئەو ئاشتیە دەبوو.

سەرچاوە
Serchawe

پاش ئەوەی خومێنی و ڕێژیمەکەی تۆزێک جێگای پێیان قایمکرد و دەستیان بەدەسەڵات گەیشت و هەستیان بە هێزی خۆیانکرد، لە زۆر بەی بەڵێنی و گفتەکانیان بە خەڵکی کوردستان کە درابوون، پاشگەزبوونە و ڕێگای توندو تیژی و ستەمیان بەدژی گەلی کورد و گەلانی تر گرتەبەر، کە بەداخەوە زیانی گەورەی بە خەڵکی کوردستان گەیاند.

دکتۆر قاسملوو وەک ڕێبەری هێزێکی گەورە و کاریگەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، پاش ئەوەی لە نیازی خومێنی و هاوبیرەکانی تێگەیشت و زانی لە ماهیەتی ئەو ڕێژیمە تازەیەدا شتێک بەناوی مافی سیاسی و نەتەوەیی بەدی ناکرێت، دواجار بەناچاری بڕیاری بەرگری و بەرخۆدانی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕاگەیاند و هەر لەوکاتەشدا بەروونی گووتی:" ڕێگای چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد و گەلانی دیکەی وڵات، تەنیا چارەسەری ئەو بارگرژییە، بە ئاشتی و وتووێژدا دەکرێت."

پێموایە لێدان و لۆمەکردنی سیاسیەکانی ئەو سەردەمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بەر ئەوەی هەوڵیانداوە بە گفتی خۆش و بەزمانێکی سەلیم و ئاشتی مافی کورد وەربگرن، لێکدانەوەیەکی بەتەواوی بێ بنەما و هەڵەیە. سیاسەتی ئەوکاتی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی ئەوەبووە کە لە گەڵ حکوومەتی ناوەندا، بە ڕێگای دیالۆگدا بە ئامانجەکانیان بگەن و نەهێڵن شەڕ ڕووبدات، چوونکی کورد زەرەمەندی یەکەم دەبێت و هەموو شتێک لە دەستدەدات و خاکەکەیشی لە ژێر دەستدا نامێنێ.

بەداخەوە سەرەڕایی سیاسەتی ژیرانەی حدکا و دکتۆر قسملوو کە پێش بە هەڵگیرسانی شەر بگیرێ، سەرئەنجام شەڕ دەستیپێکرد و زیانی زۆر وماڵوێرانی گەورەی لێکەوتەوە و کە لێکەوتەکانی ئەو شەڕە هەتا ئەمڕۆش لە کوردستان بەدژی گەلی کورد درێژەی هەیە.

بەڵام ئەگەر هاتابا لە جیاتی تێکچوونی پەیوەندییەکانی ناوەند و بزووتنەوەی کورد، ئاشتی جێگیرکرابا و مافی کورد بەدی هاتبایە، گەلی کورد سوودمەندی یەکەمی ئەو دۆخە دەبوو و وڵات بەرەو ئاقارێکی تر دەچوو.

حیزبی دێمۆکرات وەختی شەڕ، بەچاکی شەڕی کردوە و بەرگری لە خەڵکی کوردستان کردوە و کاتی ئاشتی هەر بەوجۆرە هەنگاوێک لە پێش هێزەکانی دیکەوەبووە و هەرگیز هەڵوێستێکی ئەو تۆی نەبووە کە سیاسەتی خۆی ڕەدبکاتەوە، چوونکی زیاتری بارقوورسایی شۆڕشەکەی لەسەر شانبووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

سەرچاوە
Serchawe

د. قاسملوو روحی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن و دیمۆکراتیکی کوردە

نووسینی: محەممەد سلێمانی

ئەگەر کەسێک بە چاویلکەی ڕەش بڕوانێتە ڕووداوەکانی پێش و ساڵێک پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٣٥٨ - ١٣٥٧)ی هەتاوی، بێگوومان نامۆی خۆی سەبارەت بە ژینگە و سروشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەخات.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

گەڕانەوە بۆ بنەمافیکری و ئەخلاقیەکانی ڕێبەری مێژووی هاوچەرخی شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،

شەهید دکتۆر قاسملوو زەروورەتێکی گرینگ و مێژوویە!

وتاری: ٣١

ڕێنوێنی و ئامۆژگارییە سیاسی و تەشکیلاتیەکان کە ڕەنگدانەوەی هزری قاسملوون، لازمە بۆ جارێکیتریش دارشتنەوەیان بۆبکرێ و بەسادەی و خۆخەڵەتاندن و لە ژێر دروشمی گۆڕانکاری کلاسیک و ناجەوهەریانەدا بە ڕێگایەکدا نەڕۆین کە بەرەو هەڵدێرمان ببات.

حیزبی دیمۆکرات لەسەر بنەمایەک دیزاینکراوە کە نەتیجەی ژیری و وشیاری فیکری دکتۆر قاسملوویە و ئەگەر بە وریایی ئەو ڕێڕەوە پەیڕەو نەکرێت، بێگوومان زەوی و ئاسمان لێمان تۆڕە دەبێت و رویان وەردەگێڕن!؟

ئێمە ڕانەهاتووین ئەگەر لەسەر خاڵێک یان بابەتێک پێکەوە هێندێک جیاوازی ڕوانین و لێکدانەوەمان هەبێت، بێین و بەروحییەکی هاوڕێیانە و لە ڕوانگەیەکی دیمۆکراتیکانە پێکەوە هەڵبکەین و بە دڵسۆزی و هەستی شۆڕشگێڕانە هاوکاری یەکدی بکەین و ناکۆکیەکان هەتا وەختی دێت(کۆنگرەی) بەلاوە بنێین.

جووڵانەوەی سیاسی کورد بەگشتی زۆر قۆناخی جۆر بەجۆری تێپەڕاندوە و کاتێک بە وردی دێراسەی کەموکورتیەکانی شۆڕشەکان دەکرێت، زۆربەی شکەستەکان وێکچوونیان لە گەڵ یەکتریدا هەیە، سەرەڕوایی قۆناخە سیاسی و ڕووداوە مێژوویەکان.

کاتێک ژینگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێو هێزێکی تێکۆشەری وەک حیزبی دیمۆکراتدا زەمینەی دروست بوونی بۆ دەرەخسێت کە هەموو لایەک بە سینگ فراوانی و لێک تێگەیشتن دەرگاداخراوەکانبە ڕووی یەکدیدا بکەنەوە و ئەرک و

نووسینی: محەممەد سلێمانی

بەرپرسیارەتی سیاسی و تەشکیلاتی بە مرۆڤ گەلێک بسپێردرێت کە لانیکەم شارەزایی سیاسەت و بەرنامە و ڕوانینی شتراتیژی نەتەوایەتی حیزبیان هەبێ.

بە هەر هۆکارێک حیزب بەرەو قۆناخی بە" شەخسنەکردن" ببرێت، بێگوومان زیانی گەورە بە هەڵسورانی سیاسی و جەماوەری دەگەیەنێ.

پرش و بڵاوی و لێکدوور کەوتنەوە و زوێربوون، هەموومان تێیدا زەرەرمەند دەبین و ئەگەر بە شوناسێکی نوێ و دونیا بینیەکی ئەمڕۆیی خوێندنەوەی بارودۆخی سیاسی و ڕێکخراوەی نەکەین و بە تانە و تەشەر لێکدان هیچ چارەسەرناکرێت.

سیاسەتی خۆپەراوێزخستن و یانیش پەیرەوکردنی پاوانخوازی ڕیکخراوەی زیانێکی قەرەبوونەکراو لێبەرهەمدێت و ئەگەر زۆر جەوهەریانە و بە ژیری چارەسەری گیروگرفتەکان نەکرێ،ڕەنگە بە چاوەڕوانیکردن، شتێک نەبێ لە دۆخی چەق بەستووی ڕزگارمان بکات.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢ی جوولای ٢٠١٩

سەرچاوە
Serchawe

سڵاو لە روحی گەورەی ڕێبەرمان، دکتۆرقاسملووی مەزن.

وتاری: ٣٢

مرۆڤێکی گەورە و ڕێبەرێکی دیار و کاریگەری نێو بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

بیروهزری سیاسی و شۆڕشگێری بۆتە سەرچاوەی خەباتێکی بەرینی سیاسی لەو بەشەی کوردستاندا و کاتێک کە سکرتێری حدکا و ڕێبەری شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەکرد، قسەی و ڕوانینی دیمۆکراتیک و مرۆڤ دۆستانەی وایکرد، سنووری پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و نێوخۆییدا فراوانتر بکات.

ڕێبەرێکی سیاسی و شۆڕگێری مەیدانی بەرخۆدانی خەباتی ڕەوای گەلەکەی بوو، بوێر و جەسوور بوو لە بڕیاردان و هەڵوێست گرتندا، لە هەموو قۆناخەکانی خەباتی سەخت و دژواردا، پشتی بەهێزو پشتیووانی کۆمەلانی هەراوی خەڵکی کوردستان ئەبەست.

بەجۆرێک لە نێودڵی گەلەیدا جێگای کردبوویەوە، هێشتاش بە شەهیدبوونی و چەند دەیە تێ پەڕبوون بەسەر ئەو رووداوە دڵ هەژێنەدا، لە بیرو هەستی خەڵکدا بەزیندووی ماوتەوە و خەڵکی کوردستان وەفادارن بە ڕێگا و ڕێبازی نەتەوەیی.

دکتۆر قاسملوو بێگوومان هەردەم بەسەرچاوەی بیرکردنەوەی شیاو و ڕاسگۆیانە دەمێنێتەوە و پەیوەندییە کی فرە بەهێزی لە نێوان حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروستکردووە.

ئەگەر تۆزێک بەوردی بڕوانیە تواناو هێزی داهێنەرانەی سیاسی و کاراترکردنی هەنگاوەکانی خەباتی سیاسی، مرۆڤ بەخۆی نیە دووچار تاسان ئەبێت لە ئاستی گەورەی و جوامێریدا و هەمووکاتێک خەمی بەهێزبوونی خەباتی سیاسی بەشەکانی کوردستانی لەبەر بوو.

بەهێزبوون و گەشەکردنی خەباتی بەشەکانی بەسەرکەوتنی گشتی دەزانی و دژی خۆخۆری و شەڕەدندووکەی نێوخۆی بوو،

نووسینی: محەممەد سلێمانی

بەڵام زۆر بوێرانەو زانستیانە بەرگری لەهزر و بیرکردنەوەکانی دەکرد.

ڕوانینی ورد و ژیرانەی وایکرد باڵانسی پشتیووانی و لایەنگری گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پشتیووانی لە حدکا بگۆڕێ و ئەوکات زۆرینەی گەل خۆیان بە بەشێک لە حیزب دەزانی و بەخۆشیەوە ئەو هاوکاری و یەک دڵیە تا ئێرەش بەردەوامە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی جوونی ٢٠٢١

سەرچاوە
Serchawe

ڕێبەرێک کە هەردەم لە لوتکا و بە پێشەنگی بزووتنەوەی سیاسی و شۆڕشگێری کوردستان دەمێنێتەوە.

وتاری: ٣٣

ڕێبەرم، وانە و هزری سیاسی و نەتەوەیت تا لوتکەی سەرکەوتنی یەکجاری چرای پڕشەنگداری ڕێگای خەبات و تێکۆشانی سیاسیمانن.

بەکردەووە سەلماندی کە ڕێبەرێکی خاکەڕایی و تێکۆشەری کوردە و هەرگیز لە ڕەوتی خەباتی دا بەفیتی داگیرکەرانی کوردستان نە جوولایەوە و ئەو تایبەت مەندیە هێندەی تر پرستیژ و متمانەی دکتۆر قاسملووی لە لای گەلدا بردەسەرێ.

ئەو خاوەنی بڕوانامەی بەرزبوو، ڕێبەرێکی خێڵەکی و عەشایری نەبووە، لە ڕاستی نزمێکی نوویێ بە خەباتی سیاسی و تەشکیلاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی سیاسی کورد بەگشتی بەخشی.

مرۆڤێکی خاوەن بیرو هزری ڕزگاری و شارەزایەکی زۆر باش و بێوێنەی لەسەر خەباتی ڕزگاریخوازی گەلان لە سەر ئاستی گێتیدا هەبوو و باوەڕێکی قووڵ و ڕیشەی بەئازادی و ژینگەی فرەڕەهەندی لە کوردستاندا هەبوو.

قوورسوو قایم خەباتی دەکرد و هەرگیز خەباتی گەلی ڕۆژهەڵاتی نەکردە پاشکۆی بەغدا و تاران و بێگوومان ئەوەش شانازیەکی تری ڕێبەرمە.

دکتۆر قاسملوو مرۆڤێکی سیاسی و نەتەوەیی بوو، بە یەک چاو سەیری خەباتی بەشەکانی تری کوردستانی دەکرد و بۆسەرکەوتنی خەباتی بە شەکانی تر زۆر لێبڕاوانە هەوڵیدەدا و زۆر جار بە هۆی هەڵوێستە نەتەوو‌ییەکانی، دووچاری دوورکەوتنەوە بووە لە عێراق.

بەڵام حیزبەکەی کارێکی نەکرد کە ئەمڕۆ ئارەقەی شەرم بسترین، هەرچەندە هێندێک کەسی لاواز و بێ هزر هەوڵیانداوە،

نووسینی: محەممەد سلێمانی

ڕاپەڕە زێڕین و پڕشەنگدارەکانی دکتۆر قاسملووی شلوێ بکەن، بەڵام گەلی کورد بەگشتی ڕێز و وەفای زۆریان بۆ ئەو ڕێبەرو هەڵوێستەکانی هەیە و هەر بۆیەش هەر دەم لە لوتکەی دا دەمێنێتەوە گەلی کورد شانازی پێوە دەکات.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی مای ٢٠٢١

دکتۆر قاسملوو ئەخلاقی سیاسی و شۆڕشگێڕی هێنایە نێو بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کوردستان و دژی هەلپەرستی و خۆبەزلزانی و مرۆڤی زمان فەلسەفی و بێکردار بوو لە نێو خەباتدا.

وتاری: ٣٤

هەرگیز بەچاوی کەم سەیری دەوروبەری نەکردووە و کەسێکی خاکەڕایی و کۆمەڵاتی بوو و لەدانیشتن و گفتوو گۆی ڕووبەڕوودا زۆر بەخێرایی دەچوویە نێو دڵان و هەربەو جۆرەش شوێنی لەسەر بەرامبەرک دادەنا و ئەگەر نەیکردبا بە حیزبیش، دەیکردە دۆستێکی باشی گەل و حیزبەکەی.

بەڕاستی ئەو تەنیا ڕێبەرێک بوو کە خۆی هۆکاری بەهێزبوونی شۆڕشی کوردستان بوو، شارەزایی تەواوی بەسەرسیاسەتی نێودەوڵەتیدا هەبوو و لەباری دیپلۆماسیەوە مرڤێکی کاریگەر و تێکۆشەری ئەو مەیدانەش بوو.

باوەڕی قووڵی بە دیمۆکراسی و فرەڕەهەندی سیاسی و فیکری بوو و بێگوومان لە کوددستان ببوو بە نموونەی خەباتگێڕێکی بێ هاوتا و هەربۆیەش ڕێژیمی کۆنەپەرست و تیرۆریستی ئاخوندی پیلانی تێرۆرکردنی بۆ دانا.

ڕوانینی فیکری کاریگەری هێنایە نێو حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و تەشکیلاتی و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری کادر و پێشمەرگەکانی حدکا بەزامنی بەهێزتربوونی حیزب و خەباتی ڕەوایی سیاسی گەلی کوردی دەزانی و زۆر بەجددی کاری لەسەر کرد.

کاتێک چاو بە وێژگە گرینگ و جەهەریەکانی ڕێبەری گەورەماندا ئەگێڕین، ئەوکات زیاتر هەست بە گەورەی و کاری گەریەکانی لەسەر ڕەوتی خە باتی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین.

پەیامە سیاسی و مێژوویەکانی بەگشتی بوونەتە هەوێنی ئەو بزووتنەوە فراوا ەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە گەلی کورد بەشانازیەوە یادی ئەو ڕێبەرەیان ڕێزدەگرن و بە بیرو هزری پەیوەست دەبن.

نووسینی: محەممەد سلێمانی

قاسملوو بۆتە سەرچاوەیی مەشخەڵانی خەباتی سەرلەنوێ هەڵگریسانەوەی لە ڕێژ دروشمی ڕاساندا، بەڵی دکتۆر قاسملوو کاتێک باسی لە ئاشتی و زمانی ئاشتی لە گەڵ تاران دەکرد، بەڵام بەهێز بوو، زیانی زۆر گەورەی لە کوردستان بەدوژمن دەگەیاند تا ڕێژیمی ئێران بزانێ کورد بەجددی خەبات بۆ ئازادی و مافی خۆی دەکات.

ڕێبەری گەورەمان هیوای لەسەر پشتیووانی خەڵکی کوردستان لە خەبات هەڵچنی بوو، دەیزانی ناوەندی بڕیاری سیاسی ئۆروپا و ئەمریکا جگە لەبەرژەوەندیان، کارێک ناکەن خێر بە جووڵانەوەی کورد بگەیەنین.

قاسملوو باوەڕی بە ڕەهەندە سیاسی و فەلسەفیەکان و بنەما سیاسی و دیمۆکراتیکەکان هەبوو، ڕیزی بۆ کەمایەتی نێو حیزب دادەنا و بە زۆر و هێز جەوگەری ڕوانینەکانی بەسەر پێک هاتەی حدکا دا دیکتە نەدەکرد.

بێگومان شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کورد بەگشتی ڕێبەرێکی ئەوتۆی لەدەستدا کە هەنگاوی گەورەی لە پێناوی ڕزگاری وڵاتدا دەست پێکردبوون.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی جوولای ٢٠٢٢

دکتۆر قاسملوو نموونەی ڕێبەرێکی بوێر لە هەڵوێسگرتن و بڕیاردانی سیاسی، سەرچاوەی بیرو هزری فرەهەندی سیاسی و جیهان بینی نوێ بوو.

وتاری: ٣٥

ڕێبەری مەزن و دیار و کاریگەری نێو بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ئەخلاقی سیاسی و شۆڕشگێڕی هێنایە نێو خەباتی سیاسی گەلی کور و دژی هەلپەرستی و خۆبەزلزانی و مرۆڤی زمان فەلسەفی و بێکردار بوو لە نێو خەباتی سیاسیدا.

هەرگیز بەچاوی کەم سەیری شۆڕشی بەشەکانی کوردستان و دەوروبەری خۆی لە نێو ژینگەی فراوانی سیاسی نەدەکرد و کەسێکی خاکەڕایی و کۆمەڵاتی بوو و لەدانیشتن و گفتوو گۆی ڕووبەڕوودا زۆر بەخێرایی دەچۆوە نێو دڵان و هەربەو جۆرەش شوێنی لەسەر بەرامبەری خۆی دادەنا و ئەگەر نەیکردبا بە حیزبیش، دەیکردە دۆستێکی باشی گەل و حیزبەکەی.

دکتۆر قاسملوو ڕێبەرێکی سیاسی و زمانزان و فیلسوفی بەزافیرزگاریخوازی گەلی کورد و دیپلۆماتکارێکی بێ هاوتای نێو جووڵانەوەی سیاسی کوردستان بوو.

شەهید قاسملووی نەمر تەنیا ڕێبەرێک بوو کە خۆی هۆکاری بەهێزبوونی شۆڕشی کوردستان بوو و حیزبی بەسەر کەندکۆسپەکاندا سەرخست و توانی گیانێکی تازە بە بەر شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکات.

شارەزایی تەواوی بەسەرسیاسەتی نێودەوڵەتیدا هەبوو و لەباری دیپلۆماسیەوە مرڤێکی کاریگەر و ناسراوی ئەو مەیدانە بوو دۆستی فرەی بۆ پشتیووانی لە خەباتی گەلی کورد پەیداکردبوون و هانی گشت دۆستەکانی دەدا لەسەر ئاستی بەرزی نێودەوڵەتی هەوڵبدەن پشتگیری پرسی سیاسی کورد بکەن و کۆدەنگی جیهانی بە پشتیووانی لەقەزیەی کورد پێک بێنن.

باوەڕی قووڵی بە دیمۆکراسی و فرەڕەهەندی سیاسی و فیکری هەبوو و ڕوانینی فیکری کاریگەری هێنایە نێو حیزب و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری سیاسی و تەشکیلاتی حدکا بەزامنی بەهێزتربوونی حیزب و خەباتی ڕەوایی سیاسی گەلی

کوردی دەزانی و زۆر بەجددی کاری لەسەر دەکرد.

کاتێک چاو بە وێزگە گرینگ و جەهەریەکانی ڕێبەری گەورەماندا ئەگێڕین، ئەوکات زیاتر هەست بە گەورەی و کاری گەریەکانی لەسەر ڕەوتی خەباتی سیاسی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکەین.

پەیامە سیاسی و مێژوویەکانی بەگشتی بوونەتە هەوێنی ئەو بزووتنەوە فراوانەی ڕۆژهەلاتی کوردستان، کە گەلی کورد بەشانازیەوە یادی ئەو ڕێبەرەیان ڕێزدەگرن و بە بیرو هزری پەیوەست دەبن و لە سالرۆژی تیرۆرکرانیدا وێڕای پەیمان نوێ کردنەوە لە گەل ڕێگا و ڕێبازی سیاسی، دژایەتی خۆیان لە گەل دەسەلاتی تاران ناشارنەوە.

قاسملوو بۆتە سەرچاوەیی مەشخەلانی خەباتی سەرلەنوێ هەلگریسانەوەی لە ڕێز دروشمی خەباتی شار و شاخ دا، بەلێ دکتۆر قاسملوو کاتێک باسی لە ئاشتی و زمانی ئاشتی لە گەل تاران دەکرد، فرە بەهێز بوو، زیانی زۆر گەورەی لە کوردستان بەدوژمن دەگەیاند تا ڕێژیمی ئێران بزانێ کورد بەجددی خەبات بۆ ئازادی و مافەکانی دەکا و تەسلیمی بڕیاری تاران نابێ.

ڕێبەری گەورەمان هیوای لەسەر پشتیووانی خەلکی کوردستان لە خەبات هەلچنی بوو، دەیزانی ناوەندی بڕیاری سیاسی ئۆروپا و ئەمریکا جگە لەبەرژەوەندیان، کارێک ناکەن خێر بە جوولانەوەی سیاسی کورد بگەیەنین.

قاسملوو باوەڕی بە ڕەهەندە سیاسی و فەلسەفیەکان و بنەما سیاسی و دیمۆکراتیکەکان هەبوو، ڕێزی بۆ کەمایەتی نێو حیزب دادەنا و بە زۆر و هێز جەوگەری ڕوانینەکانی بەسەر پێک هاتەی حدکا دا دیکتە نەدەکرد.

بێگوومان شۆڕشی ڕۆژهەلاتی کوردستان و کورد بەگشتی ڕێبەرێکی ئەوتۆی لەدەستدا کە هەنگاوی گەورەی لە پێناوی ڕزگاری ولاتدا دەست پێکردبوون.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠٢٤

سەرچاوە
Serchawe

١٢ دیمانە: بە بۆنەی ٢٠ساڵەی شەهید د. قاسملوو

ئامادە کردنی: محەممەد سولەیمانی

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە

د.قاسملوو لە ڕوانگە و بیری کاک بابا عەلی مێهرپەروەر

بە بۆنەی ٢٢ی پوشپەڕ، ٢٠ هەمین ساڵرۆژی شەهید کرانی د.قاسملوو و کاک عەبدولڵا قادری چەند پرسیارێکمان ئاراستەی هاوڕێی بەڕێز کاک بابا عەلی مێهرپەروەر کردووە و بەڕێزیان وڵامی پرسیارەکانی ماڵپەڕی خاکەلێوەی داوەتەوە و سەرنجی ئێوە خوێنەری بەڕێز بۆ دەقی پرسیارەکان و وڵامەکەی بەڕێز کاک بابا عەلی ڕادەکێشین.

پرسیار: بەڕێز و تێکۆشەر کاک بابا عەلی مێهرپەروەر، بەڕێزتان وەکوو کەسایەتی یەکی سیاسی و سەربەخۆ و ڕوناکبیرێکی نیشتمانپەروەر و ئازادی خواز، و شارەزا بە لاپەڕە زێڕینەکانی خەبات و تێکۆشانی ڕێبەری شەهیدمان د.عەبدولرەحمان قاسملوو. بە بۆنەی بیستەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری ٢٢ی پوشپەڕ لە ڤییەن، ئەم چەند پرسیارە ئاراستەی بەڕێزتان دەکەینەوە و تکایە بۆ خوێنەرانی ماڵپەڕی خاکەلێوە بدوێن و پێناسە و لێکدانەوەی ئێوەی بەڕێز، لە سەر کەسایەتی ڕێبەری گەورەی گەلی کورد شەهیدی هەرگیز نەمر د. قاسملووی زانا چیە و بە تایبەت هەڵسەنگاندنی بەڕێزتان لە بواری فیکری و فەلسەفە ومودێرنیەت و ڕوانگەکانی دکتۆری هەمیشە زیندوو، بە تایبەت لە دونیای دەرەوە چۆن پێناسە دەکەن. و هەر وەها چەند بەشێک لەو ئەزموونە شاراوانە کە لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و لە نزیکەوە کە یار و وەفاداری د. قاسملوو بوون بۆ خوێنەرانی بەڕێزی ماڵپەڕی خاکەلێوە بدوێن.؟

عەلی مێهرپەروەر: باس لە کەسایەتی بەرزی کاک دوکتور قاسملوو لەوەڵامێکی کورتی لەو بابەتەدا زۆر دژوارە. دوکتور قاسملوو مرۆڤێکی ڕووناکبیری شۆرشگێر بوو کە دەڵێین ڕووناکبیر بەو مانایە کە ئەو مرۆڤە لە پێشدا خاوەن زانیاریەکی زانستیی بەرزە لە بارەی کۆمەڵایەتیەوە بەتایبەت ئەو کۆمەڵگایەک کە بۆ خۆی تێیدا ژیاوە، گەورە بوە و کولتور

وفەهەنگەکەی دەناسێ، لەگەڵ دەرد و ئازارەکانی گەلی خۆی ئاشنایە و هەستی پێ دەکا. قاسملووش خاوەن پلەیەکی بەرزی زانستی لەبواری سیاسی وئابووری و کۆمەلایەتی بوو. ئەو کە هەستی بە خەم وئازاری گەلەکەی دە کرد، بەشوێن گونجاوترین ڕێگە چارەی سارێژکردنەوەی برین و خەمە کاندا دەگەرا. ئەو وەک رووناکبیرێک بەلێکدانەوی زانستی خوازیاری ئالۆوگۆری قوولی کۆمەلایەتی، سیاسی وئابووری لەژیانی گەلانی ئێران بەتایبەت گەلی کورددابوو. قاسملوو تەنیا وەک ئایدایەک باسی لەو ئالووگۆرانە نەدەکرد بەڵکوو بەکردەوەش وەک شۆرشگێرێکی مەیدانی خەباتیش قۆلی لی هەڵمالیبوو و چووبوە نێو گۆرەپانەکەوە. ئەو دەیزانی خەبات بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانج وداخوازانە لە ڕیژیمگەلێکی دیکتاتۆری پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا چەند پرکەند و کۆسپ و پڕ مەترسییە، بەو حاڵەش سلی لە مەترسیە کان نەدەکردەوە ولێبراوانە لە پێناو بیر وبوچوونەکەیدا تێ دەکۆشا.

قاسملوو هەم بانگەوازکەری دەردو ئازاری گەلی خۆی بوو هەم وەک شۆرشگێرێک چالاکی مەیدان بوو. ئەو لە لایەک داوای مافی نەتەوەیی و لە لایەک خوازیاری سەقامگیربوونی دیموکراسی و ئازادیە بنەرەتیە کان لەکوردستان وسەرتاسەری ولاتدا بوو.

دوکتور قاسملوو بڕوای بە جەماوەر وهێزی گەل بوو هەر بۆیە پێی وابوو کە ئەو خەڵکە بۆ ئەوەی بتوانن داخوازەکانیان گەلالە بکەن و لە دوو تویی بەرنامەکی مودێرن و پێشکەوتنخوازانەدا جێی بکەنەوە پێویست دەکا حیزب و ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان هەبێت چوونکووحیزب یان ڕێکخراو دەتوانی هێز وتوانای تاکەکان کۆ بکاتەوە ولەو هێزە بۆ بردنە پێشی ئامانجەکان کەڵک وەر بگرێت. ئەو بۆ تێکۆشانی سیاسی خۆی حیزبی دیموکراتی هەڵبژارد بوو ئەو حیزبەی کە لە تافی مێر منداڵیەوە لەریزی یەکیەتی لاوانەکەیدا تێکۆشانی هەبوو.

قاسملوو ئەگەر بڕوای بە کاری ڕێکخراوەیی هەبوو لەهەمانکاتدا بڕواشی بە کاری جەمعی وکاری بە کۆمەڵ هەبوو .دیارە کاری بەکۆمەڵ پیویستی بە وە هەیە کە مرۆڤ ڕێز بۆ بیر وبۆچوونی هاوڕێیان و هاوکارانی دابنێ، ڕاوێژیان لەگەل بکات وبڕیارەکانی رەنگدانەوەی کۆی بۆ چوونی هاورێیانی بێ کەوەها بڕیاریک دەبێتە ئاکامی بیری گشتی و هەموو ئەو لایەنانە کە بەشداری وەها بڕیارێک بوون ملکەچی دەبن وبە دڵەوە بەرێوەی دەبەن.

ڕێکخراوێکی سیاسی کە خاوەن بەرنامە و پیرە وێکی مودێرن وپێشکەوتنخوازانە بێت، بێگومان پێویستی بە بەرێوەبەریەک هەیە کە بنەماکانی بەرێوەبەریی"مدیریت"ی زانستی لەبەرچاوبگرێ. قاسملوو بۆ خۆی بەرێوەبەر یان مودیریکی لێزان وکارامە بوو. ئەو لە بەرێوەبەریدا لەسەر ئەو بڕوایەدا بوو کە بەرێوەبەر دەبی پێش لە هەموو شتێک شارەزاییەکی ڕێژەیی

نووسینی: محەممەد سلێمانی

"نسبی"لەسەر بنەماکانی بەڕێوەبەری هەبێت کە خۆی لەچەند بابەتی سەرەکیدا دەبینیتەوە. بۆنموونە وەک شارەزایی لەسەر ئەو ئەرکە کە بەڕێوەبەر پێی دەسپێردرێت، پێکهێنانی هاوئاهەنگی لە نێوان بەشە جۆراوجۆرەکان و هاوکارانیدا، شێلگیربوون لەسەر بڕێوە چوونی بڕیاراتەکان، ڕێزدانان بۆبیروڕاو بۆچوونی هاورێ و هاوکارانی، پکهێنانی هاوسەنگی لە نێوان دەسەلات وبەرپرسایەتیدا "صلاحیت ومسئولیت" و.... لەهەموو ئەو بوارانە دا کە یەکێک وەک قاسملوو هەم وەک دەرس ووانە بەهاورییانی دەوت وهەم لەمەیدانی کردەوەو لەحیزبدا بەڕێوەی دەبرد، دەبوایە بنەماکانی دیموکراسی لەبەرچاو بگیردرایە. ئەوە مەسەلەیەک بوو کە قاسملوو بەجیدی پێی لەسەر دادەگرت.

رووی تێکۆشانی قاسملووتەنیا لەنێو خۆی ولات و نێوخۆی حیزبەکە نەبوو بەڵکوو بایەخێکی زۆری بە پێوەندی دەرەوی حیزب دەدا لە چوارچێوە وسنوورێک کەکۆڵەکەکەی پرنسیپی سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزب بوو. لادان لەوپرنسیپە لەلای قاسملوو خەتی سوور بوو. قاسملوو لەبواری پێوەندی دەرەوەی ئەو حیزبەدا شارەزایی و لێهاتووییکی کەم وینەی هەبوو لەبەر ئەوەی ناوبراو هەم شارەزایی بەسەر چەندین زمانی گرینگی نیونەتەوییدا هەبوو هەم چوونکوو بۆ ماویەکی بەرچاو لەئورووپادا ژیابوو، بەباشی شارەزایی بەسەر فەرهەنگ و کولتوری ئورووپاییەکاندا هەبوو. ئەو دوو هۆکارە واتا زمانزانی و ئاشنایی بەسەر فەرهەگی رۆژئاوادایارمەتیان دەدا کە قاسملوو لە دیدارو چاوپێکەوتنەکانیدا لەگەل پارت و لایەنە سیاسی وفەهەنگیەکانی ئورووپا سەرکەوتوو بێ. دەتوانم بە دڵنیایە بڵێم کەم کەس توانیویە بەرادەی قاسملووله ناساندنی کێشەی گەلی کورد بە ئورووپاییە کان سەرکەوتوو بوو بێ.

قاسملوو لەو ناساندنانەدا نەیدەویست بابەتی نادروست و دوور لەڕاستی بە بیروڕای دەرەوە بناسێنێ و لەوپێوەندیەدا هەموو کات بڕوای بەوە هەبوو کە دەبێ لە سیاسەتدا ئەخلاق و پرنسیپە مرۆییکان بپارێزێ وڕێزیان بۆ دابنێ. هەرچەند بەداخەوە ئەو بڕوا قووڵەی کە ئەو بەئەخلاق و بنەمائەخلاقیەکان هەیبوو، بووبەپاشنەی ئاشیل بۆ قاسملوو و کۆماری ئیسلامی لەو ڕێگاوە دەرفەتی وە گیرهێنا و گورزی خۆی لەمەیدانی بەناو وتوووێژ و دیالوگدا کە قاسملوو بڕوایەکی قووڵی پێی بوو، بۆ چارەسەری کێشەکان وەشاند وخوێنیان بەناهەق ڕژاند وشەهیدیان کرد.

قاسملوو نە بۆ کەسێک وەک من کە خۆم بە قوتابیەکی بچووکی مەکتەبی قاسملوو دەزانم، بەڵکوو بۆ هەموو ڕێبوارانی ڕێی ئەوگەورە پیاوە، سەمبول وڕێنوێنە. ئەگەر بەڕاستی هەموو مان ڕێنوێنیەکانانیمان لەبەرچاو بوایە ئیستا وەزعیەتێکی زۆر باشتر لەوە کە ئیستاهەیە دەمان بوو.

نووسینی: محەممەد سلێمانی

برایم لاجانی: قاسملوو سەرمەشق و سەرچاوەی ئیلهامە بۆ خەبات لە پێناوی دێموکڕاسی دا.!

بەڕێز کاک برایم لاجانی پێمان خۆشە بیروڕایی بەڕێزتان وەک کادرێکی پێشووی ڕیبەری حیزب کە دەورەیەکی بەنرخ و بەرچاو لە تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتیت لە نیزیک ڕێبەری شەهید کاک د. قاسملوو تێپەڕ کردووەو و لە نیزێکەوە شارەزایی فکری سیاسی و تێڕوانینن و خوێندنەوەیی وردی لە پەیوەندی لەگەڵ هەل و مەرجی سیاسی ئەوکات و ئەو قۆناخەسەختەیی خەبات کە بزووتنەوەیی نیشتیمانی پێی دا تێپەڕ دەبوو و کاریگەری ڕوداوەکان لە سەر خەباتی ئازادیخوازانەیی گەلی کورد و هەوڵ و تێکۆشانی بێوەچانی سیاسی و دیپلۆماسی لە ئاستی نێونەتەوەیی دا بەمەبەستی ڕاکێشانی پشتیوانی وڵاتانی دێمۆکڕات و ئازادیخواز بۆ لای مەسەلەی ڕەوایی گەلی کوردستان، بۆ خوێنەرانی ماڵپەرە کەمان بدوێن و شیکردنەوەیەکی کورتی بیروباوەڕی ئەو نەمرە سەبارەت بە حیزب و بزووتنەوەیی نیشتیمانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مان بۆ تاوتوێ بکەن و پێناسەیەکی کورتی نێوەرۆکی ئەو دێمۆکڕاسیە بکەیت کە بەرهەمی خەباتی ئەو نەمرەیە لە نێوڕیزەکانی حیزب دا.

قاسملوو سەرمەشق و سەرچاوەی ئیلهامە بۆ خەبات لە پێناوی دێموکڕاسی دا.

(ئەگەر تادوێنێ د.قاسملوو شانازی دەکرد کە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، ئەمڕۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران شانازی دەکەن کە قاسملوویان لە ئامێزی خۆیان دا پەروەردە کردوە.)

یەکەم

بیست ساڵ بەسەر تیرۆرکرانی ڕێبەری گەورەی حیزب وگەلەکەمان، دوکتۆر قاسملوودا تێدەپەڕێ. مەبەستی کۆماری ئیسلامی لە ئەنجامدانی ئەو جنایەتە ئەوەبوو کە بۆ هەمیشە ئاگری خەبات بۆ ئازادی، دێموکڕاسی و مافەنەتەوایەتیە کان لە کوردستانی ئێراندا خەفەبکات. بەڵام ئێستا ئەوە چاک دەرکەوتووە کە ئەو ئامانجانەی کە قاسملوو خەباتی بۆ دەکردن و ژیان و گیانی لە پێناویاندا دانا، بوونەتە ئامانجی سیاسیی هەموو ڕۆڵەکانی گەلی کوردو سەرجەم ئازادیخوازانی وڵاتەکەمان.

نووسینی: محەممەد سلێمانی

ڕەوتی ڕووداوەکان لەو دوو دەیەی دواییدا و وەزعی ئێستای ئێران ئەوە دەردەخەن کە ئەوە کۆماری ئسلامی و ئیستبدادی مەزهەبی یە کە هیچ داهاتوویەکیان نیە و پاشەڕۆژ هی ئامانجە ئینسانیەکانی قاسملوویە.

ئەوەتا ئەمڕۆ ناوی قاسملوو بۆتە سەرمەشق و ئیلهام بەخشی خەبات بۆ هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی، دێموکراسی و عەدالەتی کۆمەلایەتی لە کوردستانی ئێراندا.

نەوەی نوێی نێو ڕیزەکانی حیزب و بزووتنەوە قاسملوو وەک مامۆستای مەدرەسەی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری تەماشادەکەن. لە دەرس و وانەکانی فێردەبن. هەڵوێست، وتەو نووسینەکانی دەکەنە دەسمایەی خۆیان بۆ چوونە پێش بە ڕێگای خەبات بۆ وەدەستهێنانی دێموکڕاسی دا.

دووهەم

لەحزەیەکی زۆر ناخۆش بوو کە هەواڵی شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملووم بیست. وەک ئەوەی کە ئاسمان بە سەر سەرم دا ڕووخێ وابوو. بۆ ئێمە کە لە هەل و مەرجێکی زۆر سەخت و دژواردا خەباتمان دەکرد. لە دەستدانی قاسملوو کە هەم مامۆستاو هەم ڕێبەر و هەم تەجەسومی ئیرادەی حیزب و گەلەکەمان بۆ خەبات و بەربەرەکانی و نوێنگەی هیواو ئاواتەکانی گەلە بندەستەکەمان بوو، زەبرێکی بەڕاستی قورس و بە ژان بوو.

بە بلاو بوونەوەی هەواڵی دڵتەزێنی شەهیدبوونی قاسملوو لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، یەکێک لە لە کادرەکانی ڕادیۆ واتە کاک سیامەک، وتووێژێکی کورتی سەبارەت بەو کارەساتە لە گەڵ پێکهێنام کە ڕۆژی دوایی لە ڕادیۆوە بلاو کرایەوە. حاڵەتێکی زۆر تایبەتی بوو، زۆرم وەبیر نەماوە کە چیم وت. ئاخر ئامادەگیشم نە بوو.

لەو قسانە تەنیا چەند ڕستە یەکم وەبیر ماون کە بریتین لە:

- بە شەهیدبوونی قاسملوو، جارێکی دی باوکم شەهیدکرایەوە. جارێکی دی هەموو شەهیدانی کوردستان لەمن شەهید کرانەوە.

- ئەگەر تادوێنێ د.قاسملوو شانازی دەکرد کە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، ئەمڕۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران شانازی دەکەن کە قاسملوویان لە ئامێزی خۆیان دا پەروەردە

کردوە.

پاش بڵاوبوونەوەی وتوێژەکە لە ڕادیۆ، کاک دوکتۆر شەرەفکەندی لە نێو جەمعێک لە کادر و پێشمەرگەکاندا وتی قسەکانی ئیبراهیم لە پێوەندی لە گەڵ شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوودا لە دڵەوە دەهاتنەدەر بۆیە بەڕاستی لە سەر دڵانیش دەنیشتن و کاریگەریان دادەنا. ئەو تەعبیرەی ئیبراهیم لە ڕۆڵی دووکتۆر قاسملووی کرد لە نێو حیزبدا بە ڕاستی واقیعیەتە. دوکتۆر قاسملوو هە میشه شانازی دەکرد کە ئەندامی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێرانە. بەڵام ئەوەتا ئێستا دەبینین کە هەموو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و سەرجەم ڕیزەکانی حیزب شانازی دەکەن کە قاسملوویان لە داوێنی خۆیاندا پێگەیاندوە.

سێیەم

لە پێوەندی لە گەڵ بیستەمین ساڵرۆژی شەهیدبوونی قاسملوودا، تەکیە لە سەر ئەوە دەکەم کە ئەو پێش هەر شتێک خەباتگێڕی ڕێگای دێموکڕاسی بوو. لە زۆر موناسەبەت دا دەی گوت کە بۆ ئێمە دێموکڕاسی لە سەروی هەموو شتێکەوەیە.

ئەو دەی گوت کە حیزبی ئێمە پێش هەرشتێک حیزبێکی دێموکڕاتە و بۆ دابین و دەستەبەرکردنی دێموکراسی خەبات دەکا. دابین بوونی دێموکڕاسی لە تاران، لە کوردستاندا بە شێوەی خودموختاری وەدیهاتنی مافەنەتەوایەتیەکان ڕەنگ دەداتەوە.

من ئەو قسەیەم لە خۆی بیستوە کە دەڵێ ئەگەر ئێمە، هێزە دێموکڕات و میللی و نیشتیمانی یەکانی ئێران لە وەختی خۆی دا پشتیوانیمان لە دەوڵەتی بەختیار کردبا، مەسیری شۆرشی ئێران بە ڕێگایەکی دیکەی جیا لەم ڕێگایەی ئێستادا دەڕۆیشت. بەختیار دەیتوانی ئازادی تێکۆشانی سیاسی و حیزبی و ئازادیە دێموکراتیەکان دەستەبەربکاو بەم جۆرە ئێران بەرە بەرە بەرەو دێموکراتیزەبوون دەڕۆیشت و ئاڵوگۆری دێموکراتیک دەستیان پێدەکرد و دیکتاتۆری پاشایەتی دەستەڵاتی لە دەست دەدا و بەم جۆرە شۆڕش لە ئامانجەکانی خۆی ڕۆژ بە ڕۆژ پتر نزیک دەبووەوە. قاسملوو ئەوەی بە گەورەترین هەڵەی سیاسی هێزە میللی و دێموکڕاتەکانی ئێران دەزانی.

دوکتۆر قاسملوو دەیگوت من ئەو دەم دەمویست ئەو مەسەلەیە لە دەفتەری سیاسی خۆماندا باسکەم. بەڵام بە داخەوە حیزبی تودە وەزعێکی خوڵقاندبوو کە ئێمە تەنانەت لە دەفتەری سیاسی حیزبیش دا نە مان دەتوانی ئەو مەسەلەیە بێنینە گۆڕێ.

د.میرۆ عەلیار: باس لە پەروەندەی تیرۆری د.قاسملوو دەکات

پرسیار: زۆر بەڕێز و تێکۆشەر کاک میرۆ عەلیار دەکرێت بۆ خوێنەرانی ماڵپەری خاکەلێوە بدوێن و بفەرموون بۆ وەگەڕخستنەوەیی ئەو پەروەندەیە واتە تیرۆرکردنی دکتۆر قسملوو لە وڵاتی ئوتریش، تا چ ڕادەیەک کارکراوە و ئەگەر لەوبوارەدا چالاکی و هەڵسوڕانێکی بەرفراوانبووە، بۆ چی تائێستاش ئەو مەسەلەیە هەروەک خۆی ماوەتەووە ئاکامێکی ئەو تۆ چاوەڕوانکراوی، کە لە ئاستی چاوەڕوانی خۆمان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی لێنەکەوتۆتەوە، ئەگەر بکرێت لەو پەیوەندیەدا تیشک بخەیە سەر لایەنە شاراوەکانی ئەو کەیسە سیاسیە و ئاماژەش بە گیروگرفتەکانی بەردەم وەگەڕ کەوتنەوەیی بۆ خوێنەران بکەن؟

د.میرۆ عەلیار: پێویستە سەرەتا ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە پەروەندەی تێروری د. قاسملووی مەزن دانەخراوە بەڵکوو ڕاگیراوە و دەتوانێ بهێندرێتەوە گۆڕێ.

هۆیەکەشی ئەوەیە کە بە پێچەوانەی بەعزە وڵاتێکی دیکە، قتڵ لە ئوتریش بە پێی یاسای ئەو ولاتە ساڵی بە سەر دانایە یانی "شامل مرور زمان" نابێ.

ئەوەی دەبێ وەگەڕ بکەوێتەوە و ئێمە داوای دەکەین ئەوەیە کە دەزگای قەزایی ئوتریش لێکۆڵینەوەکان لە سەر ئەو تێرورە دەست پێ بکاتەوە.

مەرجی وەگەڕخستنەوە و دەستپێکردنەوەی لێکۆڵینەوەکانیش بوون و دەرکەوتنی بەڵگەی نوێیە.

دیارە هەوڵ دراوە و تەنانەت شکایەت کراوە کە دەوڵەتی ئەوکاتی ئوتریش دوای جینایەتەکە لە ژێر فشاری کۆماری ئیسلامی ئێران دا و دەخالەت کردن لە کاری دەزگای قەزایی ولات، سەربەخۆیی ئەو دەزگایەی پێشێل کردوە و کۆسپی خستۆتە سەر ڕێگای لێکۆڵینەوەکان و داوای لێکۆڵینەوەی سەرلەنوێی لە سەر تێرورەکە کراوە.

بەڵام بەرپرسانی دەزگای قەزایی ئوتریش ئیدیعا دەکەن کە هەتا ئێستا نیشانە و بەگلەیەکی موستەنەدی ئەوتۆیان وەدەست

نەکەوتوە کە دەست پێکردنەوەی لێکۆڵینەوەکان پاساو بکا!

ئەو ئیدیعایە تەواو ڕاست نیە. هەموو لایەک دەزانێ کە دەوڵەت و دەزگای قەزایی ئوتریش هەر دوای تیرورەکە بەڵگەی پێویست و حاشاهەڵنەگریان دەست کەوت کە تەنیا کۆماری ئیسلامی بەرپرسی تیروری د. قاسملوو و هاوڕێیانیەتی، بەوحاڵەش تێروریستەکان کە کەوتبوونە دەست پۆلیسی ئوتریش، ئازادی کردن و بەڕێی ئێرانی کردنەوە.

بێجگەلەوەش، لە مانگی مای ٢٠٠٥ ژوورنالیستێکی ئێرانی ڕایکرد بۆ وڵاتێکی ڕۆژاوایی. بە گوێرەی هەواڵی ڕاگەیەنەرە گشتیەکان لە دەرەوە، ئەو هەوڵنێرە ئێرانیە کە بە شایەدە D ناوبانگی دەرکرد، زانیاری زۆر وردی لە سەر ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی تێروری وییەن پێ بوە و زانیارییەکانی ناوەتە ئیختیار دەزگا ئەمنییەتیەکانی ولاتانی رۆژاوا، یەک لەوان هی ئوتریش.

بەڵام وادیار بوو کە دەوڵەتی ئوتریش بە هۆی بەژەوەندی باشی ئابووری لەگەڵ ئێران، بە جیدی بە شوێن کارەکە دا نەچوو. یان بە شوێنی دا چوو بەڵام بیروڕای گشتی لەو زانیارییە تازانەی کە لە شایەدی D کەوتبوونە دەستی، ئاگادار نەکردەوە.

لەمەش بەولاوە، ئەگەر دەوڵەتی ئوتریش خوازیاری ڕوونکردنەوەی تێروری وییەن بایە هەر ساڵی ١٩٩٧ پاش ئاشکرابوونی حوکمە مێژووییەکەی دادگای میکونوس سەبارەت بە تێروری نەمر د. ساق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، هەنگاوی هەڵدێنایەوە. چون لە حوکمی دادگای میکونوس دا زۆر بە ڕوونی و بە بێ پێچ و پەنا بەرپرسایەتی تێروری د. قاسملوو و هاوڕێیانیشی خراوەتە ئەستۆی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی.

لە هەمووی جێگای سرنج تر ئەوەیە کە نوێنەرانی دەزگای قەزایی و پۆلیسی ئوتریش بۆخۆیان لە دادگای میکونوس دا ئامادە بوون و لە سەر تاوانبار بوونی کۆماری ئیسلامی شایەدییان دا!!!

بەوحاڵەش، ئوتریش ئامادە نیە، یان جارێ ئامادە نیە لێکۆڵینەوەکان دەست پێ بکاتەوە.

جەعفەر حامیدی: وڵامی پرسیارەکانی خاکەلێوە دەداتەوە

پرسیار: بەڕێز کاک جەعفەر حامیدی کەسایەتی سیاسی، رویی پرسیاری ئێمە وەک ماڵپەڕی خاکەلێوە لە ئێوە وەک کادرێکی هەڵسوری حدکا لە دەورانی ژیانی سیاسی و تەشکیلاتی کاک دکتۆر دا،سەبارەت بە پێناسەیی وردی مودیریەت لە روانگەی کاک د. قاملسووی هەمیشە لە رێباز دا زیندوو. ئایا کاک دکتۆر مودیریەتی وەک پرۆسەیەکی گشتی و عەمەلی سەیر دەکرد یان بە شێوەیەکیتر بڵێین بەسەر چاوەیی وشیاری سیاسی و تەشکیلاتی لە بەڕێوە بردنی حدکای دا، بەشێوەی دەستەجەمعی پێناسە دەکرد و هەر لەو کاتەش دا بە دەستە بەر و زامنی دەسەڵاتی هەموو ئەندامانی حیزبی بە بێ جیاوازی لە بەڕێوەبردنی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی دا لە قەڵەم دەدا؟

بەر لە وەڵام دانەوە داوای سەرکەوتن بۆ هەموو ڕێبوارانی ڕێگای پیرۆزی ڕەوانشاد دوکتور قاسملوو دەکەم!

بۆچوونی دوکتور قاسملوو لە سەر تەشکیلات دو مەبەستی ئەساسی وبنەرەتی لە خۆدەگرت:

یەکەم ئەوە کە بە تەشکیلات و پێکهێنانی تەشکیلات بتوانین خەڵک ڕێکبخەین. ڕێکخستنی خەڵک و چالاکانی سیاسی هاوبیروباوەڕ بەلای دوکتورەوە زۆر گرینگ بوو، چونکە رەوانشاد پێی وابوو بە بوونی تەشکیلاتی فەعال وکۆشاوە دەتوانین خێراتر مەبست وئاگاداریەکانی حیزب بە کۆمەلانی بەرینی گەل بگەینین. هەر وەها دوکتور لە سەر ئەم باوەڕەبوو، کەتەنیا بە بوونی تەشکیلاتێکی کۆشا واکتیف دەتوانین لە بۆچوونەکانی ئانداماان، لایەنگران و بە گشتی هەموو چین وتوێژە خەباتکارەکان تێبگەین و، بزانین چییان دەوێ وداواکانیان لە حیزب چی یە.

چوونکە لە زەمانی حەیاتی دوکتور دا دەبوو لە تەشکیلاتی نهێنی کەڵک وەربگرین وشێوەی ڕێکخستن ودابەشکردنی کارەتشکیلاتیەکانمان بە دوور لە چاوی دەستگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بایە: دوکتور داوای لێدەکردین؛ بە هەر ١٠٠٠ نەفەر لە خەڵکی شارێک یەک ئەندام تەشکیلات پەروەردەبکەین، بەم شێوەیە بە پێی بۆچوون ورێنوێنیەکانی دوکتور دەبوو لە شارێکی ٥٠٠٠ کەسی تەنیا تەشکیلاتێکی ٥٠ کەسی پێک بێنین. تازە لە ژێر رێنوێنی دوکتور دا پێویست بوو؛ لانی کەمی ئەو ٥٠ نەفەرەش یەکتر بناسن، واتە دەبوو، دو، دو؛ یان سێ، سێ؛ رێکبخرێن. تەنانەت رەوانشاد پێی دەگوتین کە دەتوانین لە یەک ئەندامیش وەک تەشکیلات کەلک وەربگرین. ئەو جۆرە ئەندامانەی ناو نابوو شەخسیەتی کلیلی. لە ژێر رێنوێنی دوکتوری نەمر دا لە شێوە رێکخستن وسازماندەیی: هێشوویی، ئەستوندەکی وزنجیرەیی کەڵک وەردەگیرا کە لێرەدا دەرەتانی

شیکردنەوەیان نیە.

بە بۆچوونی دوکتور؛ کاری تەشکیلاتی لایەنی ماڵیشی هەبوو. دوکتوری شەهید داوای لە بەرپرسانی سازماندەیی ورێکخستن ئەوە بوو کە دەبوو؛ کۆمەلانی خەڵک بە بەرینی لە خەبات دا بەشداری بکەن. بۆ ئەو مەبەستە ڕێنوێنی دەداینێ کە لە خەڵک یارمەتی ماڵی وەربگیرێ. ئەگەر هات ووارێکەوتبا کە ١٠٠٠٠٠ تمەن، لە دەکەس وەرگیرابا، ئەوە دوکتور پێی ناخۆش بوو؛ چوونکە بە پێی ڕێنوێنیەکانی بەرێزیان باشتر وابوو لە هەزار کەس ١٠٠٠٠٠ تمەن وەرگیرابا؛ دوکتور دەیفەرموو ئەو چەشنە یارمەتی وەرگرتنە قازانجی زۆرە لە لایەک خەلکەکەمان کە هەژاریشە فشاری ماڵی زۆری بۆنایە ولە لایەکی ترەوە خەسڵەتی کورد وایە کە ئەگەر تەنیا تمەنێکیش یارمەتی بدا، بە تەواوی خۆی بە بەشداری شۆڕش دەزانێ وئەوەش لە گەڵ ئامانی ئێمە یەکدەگرێتەوە.

دوویەم لەو جێیە دا کە باس لە تەشکیلات وسازماندەیی لە ناو دینامیزمی نێوخۆیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەهاتە گۆڕ، بۆ دوکتور قاسملوو دو ئامانجی سەرەکی دیکە زۆرگرینگ بوو؛ ئەویش ئامانجی قەوارە ودەسەڵات پێدان بە بەدەنەی حیزب و، دابەشکردنی کار بە پێی هەل ومەرج. حەول وتەقەلانی دوکتور، هێنانە دەری حیزبایەتی لە بیری کۆنی خزمخزمێنە وعەشیرە گەری بوو. ئامانجێکی دیکەی دوکتور قاسملوو ئەوەبوو کە هەموو ئۆرگان، بەرپرس و دەسەڵاتەکانی تێکڕای حیزب بە شێوەیەکی دێمۆکراتی هەڵبژێردرێن.

ئەوە بوو مەبەستی دوکتوری نەمر لە کاری تەشکیلاتی. بەلام بە گشتی دەتوانین بڵێین کە دوکتور نە حیزب ونەتەشکیلاتی بە ئامانج دادەنا، بۆ دوکتور ئامانج ئەو ڕیرەوو، ڕێبازە سیاسی یە بوو کە دەبوو ببێتە مایە ئازادی، ڕزگاری وبەختەوەری گەلەکەی، هەر بۆیە دوکتور پێی خۆش بوو لەحیزب وتەشکیلاتی ئاشکرا دا، کەس بێ سازماندەیی و ڕێکخراو نەمێنێتەوە ولە نێو کۆمەلانی خەڵکیش دا پێی وابوو باشترە ئێلیتێک ببێتە مۆتۆڕی وەگەڕ خەری جووڵانەوەو تەکانی گشتی کۆمەلانی بەرینی گەل.

پێناسەی کاک مراد قادری لە سەر کەسایەتی د.قاسملوو

پرسیار: زۆر بەڕێز کاک مراد قادری، تێکۆشەری دێرین و کەسایەتی سیاسی و چالاک، دەکرێت بۆ خوێنەرانی ماڵپەڕی خاکەلێوە بدوێن کە بەڕێزتان لە کەیەوە و چۆن شەهیدی ڕێبەر د.قاسملووت ناسی و پێناسەیەکی کورت لە سەر ژیان و ڕۆڵ و کەسایەتی ئەم نەمرە بکەن؟

مراد قادری: هەر چەند من لە بەهاری ساڵی ١٣٤٠ دا بوومە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ئەو کات کاک ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزب بوو، بەڵام ئەوکات گوێ بیستی نێوێک بە ناوی دکتور قاسملوو نەببووم. بەڵام کاتێک من ماموستای قوتابخانە لە شاری شنۆ بووم بە نهێنی کاری ڕەوشنبیریم لە گەڵ هێندک دوستی نێزک کە دلیان بۆ کوردایەتی لێدەدا دەکرد، دیارە ئەو شێوە خەباتەی کە دەمان کرد لە کاتی خوێ دا باسیدەکەم.

هەر ئەو کار و تێکۆشانە نهێنی ئێمە بوو بە هۆی ئەوە کە لە ساڵی ١٣٥٥ ئێمە کاک نەبی قادری ساز کەین و بینێرینە ئوروپا بۆ دیتنی یەکێک لە بەر پرسانی حدکا، کە بینیت و ڕێنوێنی لێوەرگرێت. ئەوە بوو بەهۆی ئەوە کە کاک نەبی تێکۆشەری ماندویی نەناس سەفەری ئوروپای کرد و گەراوە و پێی ڕاگەیاندین کە هاوڕێیەکی بەر پرسی دیوە، هەر ئەوەش بوو کە لە کۆتایی ساڵی ١٣٥٦ داکەسێک بەناوی کاک شەرێف هاتە شنۆیەو لە گەڵ ئێمە کە نەمان دەزانی کێیە، بۆ ماوەی ٥ کاتژمێر لە گەڵمان کۆبۆوە، کاتێک حیزب ئاشکرابوو بۆمان دەرکەوت کە کاک شەرێف دوکتۆر قاسملو بوو.

د. قاسملوو نمونەی مرۆڤێکی شۆڕشگێر و خاوەن ئەزموون بوو. هەر وەها ئەو بنەماو پرنسیپەکانی دێموکراسی و هێوەری و خۆراگری، هەر وەها میتۆدی دیالۆگی لە شێوەی خەباتدا ڕەچاو دەکرد. پراگماتیزم ومیانەڕەویی و تێگەیشتنی زانستی ئەو بە گشتی، نەک هەر بۆ نەتەوە ئەوەکەی خۆیی بەڵکوو لە بەرانبەر ڕۆژئاواشدا بە گشتی، ئەوی کردبووە کەسێکی تاقانە ئەو بە جوانی لە کاروباری سیاسیی جیهانو بایەخی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ سیاسەت زانان و هەواڵنێرو کەسانی هەڵکەوتەی ئورووپایی، تێدەگەیشتو هەر ئەو شێوە بیرکردنەوەیە ئەوی کردبووە کەسێکی واقیعبینو پراگماتیست کە ڕێبەرە کوردەکانی دیکە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە نەبوون. ئەو نەک هەر لە کوردستان بەڵکوو لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستیشدا کەسێکی دوارۆژبین و پێشکەوتوو بوو. ئەو لەو کاتەدا بە باشی لەوە تێگەیشتبوو کە مارکسیزم ـ لینینیزم یا توندڕەوی بۆ گەلەکەی ڕێگەیەکی شیاوو گونجاو نیە.

کوردستان بۆ ئەو لە سەرووی هەموو شتێکەوە بوو ئەو نوێنەری دیموکراسی، مۆدێڕنیتەو قەبووڵکردنی دژبەرانی ڕێژیمی تیۆکراتیکی کۆماری ئیسلامی بوو. ئەو سیاسەتزانێکی بە ئەزموون بووو بە جوانی لە هونەری دیپلۆماسیو دیالۆگ تێدەگەیشتو وەک پردێک وابوو بەرەو جیهانی ڕۆژئاوا.

ئەو هیچکات ئیزنی بە هیچ دەوڵەتێک نەدا وەک ڕێبەرانی دیکەی کورد بیکەنە داردەستی خۆیان. هەر وەها کاتێک لەگەڵ کادرەکانی حیزب بەتایبەتی بەشی پەیوەندیەکانداکۆ دەبۆوە داوای لێدەکردن کە شەخسییەتی سیاسی و نیشتمانی خۆیان بەپارێزن، ڕێگانەدەن بەهیچ شێوەیەک دوژمنانی گەلەکەمان بە قازانجی خۆیان کەڵکیان لێوەرگرن. بەڕاستی ئەو پێشەوایەکی زاناو بە ئەزموون بو کە وەک ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد دا دەدرەوشایەوە. ئەو هیچکات و بە هیچ شێوەیەک لایەنی تیرۆریزمی نەدەگرتو خۆیشی هیچکات بریاری بۆ تیرۆرو ڕفاندنو بارمەگرتنو بۆمب دانانەوە لە شارەکانی ئێراندا نەدەدا و لە ناو حیزبیشدا ڕێگای بەو کردەوە نالەبارانە نەدەدا، زۆر جار ئەو دەیفەرموو حیزبی ئێمە دەبێ ببێتە حیزبێکی مۆدێڕن، تا بتوانێ لە گەڵ ئاڵوگۆڕەکانی سەردەم خۆی ڕێکخا و لە دنیای پێشکەوتوو دا بناسرێ. هەر بۆیە هەموو کاتێک لە نوێکردنەوەی قەوارە و بەرنامەی حیزبدا دەوری سەرەکی دەگێرا.

دکتۆر هیچ کاتێک ڕێگەی نەدەدا بە بێ بەڵگە لێپرسینەوە لە کەس بکرێت، وە لە کاتی لێپرسینەوەشدا ئەو کەسەی کە بڕیاری لەسەر دەدرێت دەبا لەوێ بایە.

دکتۆر دژی کورد کوشتن بوو بۆ وێنە کاتێک پێشمەرگەکانی کۆمەلە لە سیسێرو نەستان لە لایەن پێشمەرگەکانی حیزب گەمارۆ درابوون، بەبێسیم بە دەفتەری سیاسییان ڕاگەیاند ڕێگامان بەدەن لێیان دەین و....، بەڵام کاک دۆکتۆر زۆر بەتوندی بە گژیان داهات وە پێیانی ڕاگەیاندن ئەگەر دەوروبەریان بەرنەدن من خۆم دەچمەسەنگەری کۆمەڵەکان تا لەوی لەگەڵ وان شەهید بم، دوابەداوای پەیامی کاک دکتۆر فەرماندەی هیزهێئەتێکی کۆمیتە هاتنە دەفتەر بە دکتۆریان ڕاگەیاند ئێستا کە ئێمە هەلمان بۆ هەڵکەوتوە دەتوانین باشترین زەربەیان لێدەین بۆ ڕێگرمان دەبن، بەڵام کاک دکتۆر زۆر هێمنانە قەناعەتی پێهێنان کە ئێمە نابێ وەکی وان بیرکەینەوە، ئەو کارە ناشایستەو دژی بەرژەوەندی نیشتمانییە، چونکە نەک هەر کۆمەڵە بەلکو هەموو حیزب و سازمان و ڕێکخراوێکی کوردی ئەگەر هەلەش بکا هەقی هەیە لە کوردستان خەبات بکات.

هەر کاتێک لە گەڵ پێشمەرگەکان کۆدەبۆوە ڕایدەگەیاند نام هەوێت پێشمەرگە تانگم بۆبشکێنێت ئەگەر دڵی میلەتەکەمان ڕانەگری.

لەسەختترین شەرایت قەت وەی بەرنەدەدا و دایم لەکۆبوونەوەکاندا بەکادرو پێشمەرگەکانی وردەدا وە دیوت هیچ کات مرۆڤی خەباتگیرو ئازادی خواز نابی بێ ورەو بێ هیوابێت.

زۆرجار لە لایەن کادرو پێشمەرگەکانی حیزب رەخنەی لێدەگیرا کە بۆچی بۆ پاراستنی خۆت پێشمەرگەی زۆر لەگەڵ خۆت ناگێری، بەڵام لەولاّمدا دەیکوت من ئیمانم بە میلّەتەکەم هەیە وە تالەناو نەتەوەی خۆم دابم دوژمن ناتوانێ زەفەرم پێ بەرێ، کە بەڕاستیش هەروابوو.

یەکێک لە خەسلەتە باشەکانی ئەو ئەوە بوو کە بەدڵێکی فەراوانەوە گوێ بیستی پێشنیارو رەخنەی نەتەوەکەی بوو، وە هەر وەها دژی فەردپەرستی بوو هەر ئەو شێوە هەڵسوکەوتە ئەوی کردبووە بە خۆشەویستی نەتەوەکەی، دکتۆر تەوای خسڵەتەکانی رێبەرایەتی کردنی سەر کردەیەکی ئازادیخوازی تێدا هەبوو، تازە پاش شەهیدبوونی ئەو کەسانەی کە ئەویان بە دیکتاتۆر فراکسیون ناو دەبرد، ئێستا تێگەیشتون کە رێبەرێکی زاناو بە توّاناو ماموستایەکی دێموکراسی و سیاسەتڤانێکی بە توانا کە بەرنامەی سیاسی و دێموکرتیکی ئەو لە خزمەتی ئامانجەکانی نەتەوەکەیان دوبوو لەدەست داوە.

د.قاسملوو له ڕوانگەی کاک ئەمیر ئەلیاسی یەوه

پرسیار: بەڕیز کاک ئەمیر ئەلیاسی رویی پرسیاری ئێمه له ئێوه وەک کادرێکی هەڵسوری حدکا، تکایه پێناسەی بەڕێزتان له سەر کەسایەتی بەرزی شەهید د.قاسملوو، و بیرەوەری یەکانت له ژیانی پێشمەرگایەتی دا، بۆ خوێنەرانی بەڕێزی ماڵپەڕی خاکەلێوه بدوێن و باسی چەند بیرەوەرێک بکەن.

ئەمیر ئەلیاسی: پیشەکی بەبۆنەی ۲۰ ساڵەی شەهید بوونی دکتۆر قاسملو ئەو مرۆڤه زانا و هەڵکەوتووەی کوردەوه بۆ جارێکی دیکه به داخ بوونی خۆم لەو رووداوه دڵتەزێنه رادەگەیەنم بابەت نووسین لەسەر ژیان و کەسایەتی دکتور قاسملوو کارێکی سووک و ئاسان نیه. بەتایبەت بۆ من که نووسەر نیم و لەنووسین دا کۆڵم. بێجگه لەوەش من لەشوێن و جێگای ژیانی دکتۆر قاسملو دوور بوومه و ئاگاداری هەلسوکەوتی و بەرخوردی رۆژانەی ژیانی ئەو ئەو مرۆڤه هەڵکەوتوەی گەلەکەمان نەبوومه.

بەڵام بەو حاڵەش سەرەڕای زانیاری کەمی من لەسەر ئەو ڕێبەرەزانایه هەوڵدەدەم روانگەی خۆم بەم شێوەی خوارەوەدەربرم. وەک هەمومان دەزانین دکتور قاسملوو له نیو زانایان و سیاسەت وانانی ئوروپا و له نیو کۆمەڵگای وڵاتانی پێشکەوتوو دا، وەک ئینسانێکی گرنگ و زاناو پێشکەوتوو چاوی لێدەکرا، تەنانەت بەقسەی خۆیان شتی لیوەفێر دەبوون و پاش شەهید بوونی زۆری بۆ بەداخ بوون. هەر بۆیه دەردەکەوی که گرنگی و رۆڵی دکتۆر له نێو کۆمەڵگای کوردا که له هەموو بارێکەوه له دواکەوتویدا ڕاگیراوه، چەندە پێوست و بەکەڵک بووه.

کەسایەتی بەرزی قاسملو بۆ خەڵک و گەلی ئێمه زۆر پێوست بوو. دابەزاندن و جێگیر کردنی فکر و هزری ئەو له نێو کۆمەڵگای دواکه وتوی کوردا دەیتوانی ئاڵوگۆڕی گرنگ له ریشه و بنچینەی ژیانی کۆمەلایەتی، سیاسی و کولتوریدا پێکبهێنێ و ڕێچکەشکێنێک بێ بۆ نەوەکانی داهاتوو. شەهید دکتور قاسملو ئەم هەوڵەی داو کاری بۆکرد. تا رادەیەکی هەرچەند کەمیش بێت، تێیدا سەرکەوتو بوو. بەجۆرێک کەنەسڵی دوای خۆی فکرەکەی بۆ درێژەدان بەژیان بەکار دەبەن و کەڵکی لێوەردەگرن.

له ژیانی پێشمەرگایەتیمدا ئەو شانازیەم بەنسیب بوو کەسێ جار لەنزیکەوەو، شەهید دکتور ببینم، ئەو سێ جارەش ئەم سێ شتەی لێ فێربووم.

یەکەم؛ ڕێزگرتن و بەگرنگ گرتنی راو بۆچوونی کەسی بەرانبەر، سەرەڕای هاوڕانەبوون لەگەڵی.

ئەمەم لەکاتێکدا بۆ دەرکەوت کەئێمە پێشمەرگەکانی هێزی داڵەهۆ لە بنکەی کانی مێوی نزیک بنکەی دەفتەری سیاسی حزبی دیمۆکرات کۆبوونەوەمان لەگەڵ شەهید دوکتۆر هەبوو. ئیمە وەک پێشمەرگەکان لەگەڵ رای و نەزەری کاک دوکتۆر لەسەر مەسەلەیەک کە ئێستاپێوست بەباسکردن ناکا، هاوڕا نەبووین. بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەئێمەی گوت، ئێوەنەزەرەکەتان پیرۆزە و من ڕێزی لێدەگرم. بەڵام ئێستا لەگەڵتان هاوڕا نیم، هیوادارم کەنەزەرەکەی ئێوەبەڕاست دەرچێ.

دوهەم: ڕێزگرتن لەکەسی بەرانبەر بێ لەبەرچاوگرتنی پلەو پایەو تەمەن.

ئەمەشم لەکاتێکدا بۆ دەرکەوت کە لە سکرتاریای حزب لە بناری قەندیل کاتێک چوومە نێو سکرتاریاوە بینیم شەهید دوکتۆر و کاک حەمەنەزیفی قادری دانیشتوون، سەرەڕای کەم تەمەن بوونی من لەو سەردەمەدا و وەک پێشمەرگەیەکی سادە، شەهید دوکتۆر لەبەر پێم هەستاو بەڕێزەوە بەخێرهاتنی کردم.

سێهەم؛ هەوڵدان بۆ تێگەیاندنی کەس یان کەسانی دەوروبەر بۆتێگەیشتن لەشتی نوێ و بەکەڵک.

ئەمەش لەکاتێکدا بۆ کە لە ساڵونی نان خواردنی بنکەی دەفتەری سیاسی لەقەندیل. کاتی نان خواردن بوو، بەڵام هێشتا خواردنمان وەرنەگەرتبوو کە شەهید دوکتۆر هاتەژوورەوە، هەموومان لە بەر پێی هەستان. یەکەک لە پێشمەرگەکان بە شەهید دوکتۆری وت، کاک دوکتۆر جنابت دانیشە من خواردنت بۆ وەردەگرم. دوکتۆر پێی وت، نەخێر کاکە! هەمومان بەریز و بێ جیاوازی بەنۆرە دەڕۆین نانی خۆمان وەردەگرین و دەگەڕێینەوە سەری میزی نان خواردن.

لەکۆتایدا ئەوەش بڵێم کە ڕێزو خۆشەویستی و گرنگی د.قاسملووی زانا لە میدانی خەبات بۆ رزگاری گەل و وڵاتەکەی لای من وای کرد کەدوای شەهید بوونی حەز بکەم کە ناوی یەکێک لە منداڵەکانم نێو بنێم زانا.

قەدەر وای کرد کە دروست لە ڕۆژی شەهید بوونی د. قاسملووی زانا، لە ١٣ - ٧ - ١٩٩١ زایینی واتە سێ ساڵ دوای شەهید بوونی دکتۆر، زانا لەدایک بوو. هەرچەند زانا لەرۆژێکی ناخۆش لەمێژووی نەتەوەکەماندا لەدایک بوو، بەڵام لەدایک بوونی زانا هەردەم قاسملوی زانا دەخاتەوە یاد و بیری زانا و هیوادارم زانا هەڵگری بیرو باوەڕی قاسملو بێت.

گەلاوێژ محەممەد: باسی ڕۆڵ و پشتیوانی د.قاسملوو لە خەباتی ژنان دەکات

پرسیار: هاوڕێی بەڕێز و چالاکی بواری ئافرەتان گەلاوێژ خانم، دەمان هەوێت لە پەیوەندی لەگەڵ هەڵسوڕانی یەکیەتی ژنانی دیمۆکرات لە دەورانی شەهید د. قاسملوو و ڕادەیی پشتیوانی حیزب لە یەکیەتی ژنان بۆ خوێنەرانمان بدوێن و تیشک بخەیە سەر ئەو مەسەلانەیی کە نموونەی هاوکاری و پشتیوانی ئەو کەسایەتیە سیاسیە ناوادرەیی گەلەکەمان لە بزووتنەوەیی یەکسانی، دادپەروەری، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە خەباتی ئیوە ژنانی مافخواز لە نێو ڕێزەکانی حدکا دا بووە. تکایە هاوکاری و کارئاسانیەکان بۆ کاری ڕێکخراوەیی ئێوە چۆن و تا چ ڕادەیەک بوو وئایا پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی خەباتی خۆتان لە ئاوێنەیی ڕێنوێنی و ئامۆژگاریەکانی کاک دکتۆر قاسملوو دا بە چشێوەیەک هەڵدەسەنگێنن؟

گەلاوێژ محەممەدی: سەرەتا دەمەوێ بەوە دەست پێ بکەم کە شەهیدی سەرکردە د. عەبدولرەحمانی قاسملوو وەک سەرەتایەکی دڵسۆزی بۆ ژنی کورد ئەوە بوو کە هاوشانی پیاوانی شۆرشگێر لە خەباتی نەتەوەیی و پێشمەرگایەتیدا هاو شانی پیاوان بەبێ جیاوازی لە سەنگەری خەبات و مقاوەمەتدا بەشدار بن.

کە ئەمە هاندەرێک بوو بۆ کچان و ژنانی خەباتگێڕ بۆ بەشدار بوونیان لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەهەمانکاتدا زۆرێک لە کچان و ژنانی کورد هاوبەشی خۆیان ڕاگەیاند و پۆل پۆل لە کچان و ژنانی کورد هاتنە مەیدان و لە دەوری ڕێکخراوی ژناندا کۆ بوونەوەو چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتیان لەشان کرد و سەدان کادرو پێشمەرگەی ژن لەم ڕێگایەدا گیانی خۆیان بەخت کردو لە هەمان کاتیشدا لە ریزەکانی حیزبی دیموکرات دا بەردەوام لە خەباتی چەکداریدا، ژنی کورد دەوری خۆیان پێدارەوە، کەلە ئێستاشدا ئێمەی ژنی کورد کە چی لە نێو خۆی حیزب و دەرەوەی وڵات هەمان ڕێچکەی خەباتمان گرتووە و شان بە شانی پیاوانی تێکۆشەر لە سەنگەری شۆرشگێریدا خۆمان دە بینینەوە.

شەهیدی ڕێبەرمان هەمیشە بڕوای تەواوی بە داد پەروەری و یەکسانی هەبووە بە بێ جیاوازی ڕەگەز کە ئەمە خۆی لە خۆیدا هاندانێک بوە بۆ ژنی کورد تا بتوانێ بە ئازادی لە دەربڕینی پرس و داواو داخوازیەکانیدا بێ سڵەمینەوە لە کلتورو داب و نەریتی دوا کەووتویی بڕیار بدات و کۆت و زنجیری کۆیلایەتی بپسێنێت و ئازادانە لە مەیدانی خەباتی چەکدارانەو لە نێو خانەوادەدا بتوانێ شەفافانە لەسەر ئەرک و مافەکانی قسە بکات و بۆ لە نێو بردنی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە

ڕێگای پێهەڵچنیون خۆ قوتار بکات و وەک مرۆڤێکی ئازاد خۆی بناسێنێ.

د. قاسملۆ پشتیوانێکی بەهێزی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بووە و هەر ئەو پشتیوانیەش وایکرد کەیەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەک ڕێکخراوێکی ئازدیخواز لە مەیدانی خەباتدا هێزو توانای خۆی تاقی بکاتەوەو ڕێکخراوێکی چالاکی وەک ئێستای ئەو ریکخراوەیە لێ بێتە بەرهەم کە لە دونیای ناوەو دەرەوەدا بناسرێت و لە هەمانکاتدا ژنی کورد لەم ڕێکخراوەیەدا ببێتە ئەندام لە ڕێکخراوی ئەنتەر ناسیونالّ و هتد.....

لە لایەکی ترەوە ڕێبەری گەلی کورد د. عەبدولرەحمانی قاسملوو هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە یان هانی ژنی کوردی بەم شێوەیە داوە کە ژنان دەبێ چالاک و چاو نەترسانە لە مەیدانی خەباتی شاخ و شاردا داکۆکی لە مافە ڕەواکانی خۆیان بکەن، کە هیوای بەدوا ڕۆژی ڕووناکی خەباتی کورد، ئەزمونی سیاسی، زانستی هەمە لایەنە سەرنج راکێش بوون. ڕەخنە گرتن و نوکتە وێژیە کەی شاهید هێنەرو توانای سەلماندنی بیرو بۆ چونەکانی زۆر بوون.

لە یەک وتەدا سیاسە تمەدارێکی شارەزا بوو، بە تایبەتمەندیی بەرزی مرۆڤێکی ئەم سەدەیەوە، کتێبەکەشی لە سەر کوردستان و کورد هێڵی سیاسی روونی ئەو نیشان دەدا، دەیگوت کورد لە یەکگرتویدا بەمافی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوری خۆی دەگات. هەروەها مەبادیئی د. قاسملوو لە چەند وتەیەکی دا ڕەنگیان دابویەوە دەیگوت دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی دەبێ دابەش بکرێ، وەرزێر دەبێ ببێتە خاوەنی بەرهەمی کارەکەی، داهاتی ووڵات بەشێوەیەکی عادیلانە بۆ هەموو گەلانی ئێران و بەسودی گشتی و قەرەبو کردنەوەی وە پاشکەوتویی ناوچە بێبەشکراوەکانی کوردستان، بلوچستان و لورستان و هد... وەگەر بکەوێ. هەروەها دەیگوت دژایەتی مافی یەک سانی ژن و پیاو نە شیاوی مرۆڤی ئەو سەردەمەیە، کورد دەبێ بریاردەری چارەنوسی خۆی بێ، چونکە بریندار ئێش و ئازاری خۆی لە هەمو کەس باشتر هەست پێدەکا و خۆی لە هەموکەس بۆخۆی دڵسۆزترە...

لەکۆتادا دەست خۆشی لە بەرێوەبەرانی ماڵپەرە جوانەکەی خاکەلێوە دەکەم و هیوای سەرکەوتن بۆ کارگێرانی ماڵپەڕەکە و برای بەرێزم کاک محەممەد سولەیمانی دەخوازم، کە ئەم زەحمەتەی وەئەستۆ گرتبوو.

سەرچاوە
Serchawe

چەکۆ رەحیمی: بەشداریی د.قاسملوو لە کلاسی دەورەکانی سیاسیدا، تەنیا بۆ بەشدارانی دەورە گرنگ نەبوو.

بەشداریی د.قاسملوو لە کلاسی دەورەکانی سیاسیدا، تەنیا بۆ بەشدارانی دەورە گرنگ نەبوو، بەڵکوو بۆ کارگێڕان و مامۆستایانی فێرگەش، گرنگ بوو

روانگەی دوکتور قاسملوو بۆ دامەزراندنی فێرگەی سیاسی . نیزامی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، نەزمو دیسیپلین لە هێزی پێشمەرگە و خەڵکی بوون و بە زمانی خەڵک قسەکردن چەند تەوەری ئەو تووێژەیە کە بە بۆنەی ٢٢ هەمین ساڵڤەگەڕی تیرۆری ئەو رێبەرەی مەزنەی گەلی کورد پێکمان هێناوە. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ بەڕێز کاک چەکۆ رەحیمی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتووێژمان کردووە.

پرسیار: بەڕێز کاک چەکۆ رەحیمی بەڕێزتان کاتێک بۆ یەکەمین جار فێرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دامەزرا، ئەرکی بەرپرسایەتیی ئەو فێرگەتان وەئەستۆ بوو. دەکرێ بفەرموون بۆچوونی کاک دوکتور قاسملوو لەسەر دامەزرانی ناوەندێکی فێرگاری بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان چۆن بوو؟

چەکۆ رەحیمی: قاسملوو پێی وا بوو، ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی، بەر لەوەی خەبات دەست پێ بکات، دەبێ حیزبەکەی بناسێ و بزانێ لە هەلومەرجی تایبەتیدا توانای بڕیاردان و شیکردنەوەی مەسایلی هەبێ. هەروەها پێی خۆش بوو ئەوەی دەیزانێ بە هاوڕێیانی بڵێتەوە، بە گشتی د.قاسملوو نەزەری وا بوو، کە مرۆڤ هەرچی زیاتر بزانێ، ئەوەندەش خۆڕاگرتر دەبێت.

د.قاسملوو بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی پێشمەرگەو ئەندامی حیزب، هەمیشە پێشقەدەم بووەو بەر لە دامەزراندنی فێرگەی سیاسی نیزامی، لە ساڵەکانی ١٣٥٨ و ١٣٥٩ و ١٣٦٠ چەند دەورەی پەروەردەیی سیاسی نیزامی بۆ پێشمەرگەکان دانرا. لە دامەزراندنی کۆمیسیۆنێک بە ناوی کۆمیسیۆنی پێشمەرگەو پاشان فێرگەی سیاسی نیزامی و دابینکردنی کەرەسەی فێرکاری و بەردەوام سەردانکردنی و بەشداریکردن لە وانەکانی سیاسیدا، هاندەرێک بووە.

پرسیار: دوکتور قاسملوو کە لە زانستگاکانی پاریس و پراگ وانەی ئابووریی سیاسی دەگوتەوە، زۆر جار وەکوو مامۆستای

سەرچاوە
Serchawe

نووسینی: محەممەد سلێمانی

فێرگە یان مامۆستا دەورە فێرکارییەکانی کادری سیاسی و نیزامی حیزب وانە گوتووەتەوە. بەڕێزتان وەکوو شایەت حاڵێک دەکرێ بفەرموون ڕۆحییەی قوتابییانی فێرگە یان دەورەکان لە کاتی وانەگوتنی دوکتور قاسملوودا چۆن بوو؟

چەکۆ ڕەحیمی: بەشداریی د.قاسملوو لە کلاسی دەورەکانی سیاسیدا، تەنیا بۆ بەشدارانی دەورە گرنگ نەبوو، بەڵکوو بۆ کارگێڕان و مامۆستایانی فێرگەش، گرنگ بوو، لەو کلاسانەدا هاوڕێیانی فێرگەش ئیزن دەدران بەشدار بن، بۆ خۆم بە بەردەوامی لە کلاسەکانی وەک گوێگرێک بەشداریم دەکرد، کلاسەکەی زۆرشیرین و سەرنجڕاکێش بوو، هەستت بە ماندووبوون نەدەکرد.

بەتایبەت بۆ بەشدارانی دەورەکە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە هاتبوون، هاندەرو جێی خۆشحالی پتریان بوو، شتێک کە زۆر سەرنجی بەشدارانی رادەکێشا، وەختناسی و تەنزیمی وانەکە بوو، سەری کات دەستی پێدەکرد و بە کۆتایی کات تەواو دەبوو، جلکی رێکوپێک و ردێنی تاشراو و جامانەو پشتێند هەمووی درس بوون بۆ ئەوانەی لە سەر کلاس بوون.

پرسیار: لە نووسراوەو وتارەکانی دوکتور قاسملوودا دەردەکەوێ کە ڕێبەری گەورەی گەلی کورد نەزمو دیسیپلینی بە یەکێک لە بنەماییترین کۆڵەکانی کاری ڕێکخراوەیی لەقەڵەم داوە. ئەگەر دەکرێ بفەرموون ئەو نەزمو دیسیپلینە لە چ هەنگاوگەلێک یان لە چ بڕیارگەلێکدا زیاتر بەرجەستە بوونەتەوە؟

چەکۆ ڕەحیمی: د.قاسملوو بەو زانایەی هەیبوو، خۆی بەدیسیپلینو بەنەزم و وەختناس بوو، ئەوانە تایبەتمەندییە گرنگەکانی مودیرێکی سەرکەوتوویە.

دکتور قاسملوو: داهێنەری سیمای دێموکرات بوو، کە ئەوەندە بە زمانێکی سادەو قابل دەرک نووسراوە کە بە ئاسانی لە بیرۆکەی ئەو ڕیبەرە بە نیسبەت دێموکراسیو نەزم، حالی دەبی. وەک ئاماژەم پێ کرد لە نەزەر د.قاسملوودا پێشمەرگە دەبێ: وختناس بێ، جلوبەرگی مورەتەبی هەبێ، لێوبەپێکەنین بێ، خۆبەزلزان نەبێ، قانع بێ و پاک و خاوێنی خۆیو ژینگەی بپارێزێ، بە بەردەوامی حەول بدات بۆ فێربوون، رەخنە بگری و پێشنیار بدا، بڕیاراتی حیزبی بەڕێوە بەرێ، بە پێی ئەساسنامەو ئاییننامەکان ئەرکی حیزبی ڕاپەڕێنێ - بە بەردەوامی لە بۆنەکانی حیزبیدا بەشداری بکا، لە هەر بڕیارێک حاڵی نابی پرسیار بکا ـ یان هاوڕێیان توجیە بکرێن، خۆی بە خزمەتکاری خەڵک بزانێ، بە زمانی سادە و خۆماڵی مەسایل بۆ خەڵک شیکاتەوە. چەندە باوەڕی بە مافی خۆی هەیە، ئەوەندەش باوەڕی بە مافی خەڵکی دیکە هەبێ، ڕاستگۆ بێت، درۆ نەکات، بە بەردەوامی هەر شتێکی بە دژی جووڵانەوە و حیزب دەبیسێ ڕاپورتی لێ بداتەوە.

نووسینی: محەممەد سلێمانی

پرسیار: بە زمانی خەڵک قسەکردنو دوان بە شێوەیەکی کە زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بگرێتەوەو لێی تێبگەن، بە یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرەبەرچاوو جیاوازەکان دوکتور قاسملوو دەژمێردرێ. ئامۆژگارییەکانی دوکتور قاسملوو بۆ پێشمەرگەکان لە پێناو بەکارهێنانی زمانی سادە و پاراو چی بوون؟

چەکۆ رەحیمی: یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی د.قاسملوو، سادەبێژەی ئەو رێبەرە بوو، ئامۆژگاری بۆ هاوڕێیانی حیزبیش ئەوە بوو، ئێمە وەک حیزبێکی پێشڕەو، بە زمانیکی سادە رێبازو بۆچونەکانی خۆمان بۆ خەڵک باس بکەین، نە ئەوەندە لە پێش بین کە خەڵک نەمان گاتێ و لێمان حاڵی نەبێ، نە ئەوەندە لە پاش بین کە خەڵکەکەمان قەبوڵمانی نەبێ. بە زمانێک قسە بۆ خەڵک بکەین، کە لێت تێ بگات و کاریگەری لە سەریان هەبێ. وەک پێشڕەویک بین، نە ئەوەندە لە پاش خەڵک بین و نە ئەوەندە لە پێش خەڵک کە لێک حاڵی نەبین.

سەرچاوە Serchawe

نووسینی: محەممەد سلێمانی

کەریم پەرویزی: لە بیری گۆڕینی ئامانجی دواڕۆژی حیزبدا بوون و ویستوویەتی کە "سوسیالیزمی مەوجوود" بگۆڕدرێ بۆ سوسیالیزمی دێموکراتیک

دوکتور قاسملووی نەمر هەر لە کۆنگرەی ٣ی حیزب کە لە ساڵی ١٣٥١دەگیرێ، لە بیری گۆڕینی ئامانجی دواڕۆژی حیزبدا بوونو ویستوویەتی کە "سوسیالیزمی مەوجوود" بگۆڕدرێ بۆ سوسیالیزمی دێموکراتیک روانگەی دوکتور قاسملوو بۆ بیرۆکەی چەپخوازانەو تێزی سۆسیالیزمی دێموکراتیکی ئەو رێبەرە مەزنەی گەلی کورد تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم وتووێژە پێک دەهێنن. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ بەڕێز کاک کەریم پەرویزی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتووێژێکمان پێک هێناوە کە سەرنجی خوێنەرانی بەڕێزی بۆ رادەکێشین.

پرسیار: لە ٢٢ هەمین ساڵڤەگەڕی شەهیدکرانی رێبەری مەزنی گەلی کوردو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور قاسملووی نەمردایین. یەکێک لەو فیکرییەتانەی کە دوکتور قاسملوو لە ماوەی ژیانی پڕبەرهەمی سیاسیی خۆیدا لەگەڵی رووبەڕوو بوو، فیکرییەتی چەپو سۆسیالیستی بوو. بە بڕوای بەڕێزتان ئەوە تیۆری سۆسیالیستی بوو کە بوو بە هۆی گرینگیدان و وردبوونەوەی دوکتور قاسملوو لە نادادپەوەرییە کۆمەڵایەتییەکان یان بە پێچەوانەوە بینینی نادادپەوەرییەکان و هەستکردن بە ئازارەکان بوون کە سەرنجی دوکتور قاسملوویان بۆ لای بیرۆکەی چەپ راکێشا؟

کەریم پەرویزی: رێبەری مەزن و مامۆستای نەمر، دوکتور قاسملو چەندین جارو بە شێوازی جیاواز، باسی لەوە کردووە کە دو جۆر هەڵوێست و روانین بەرامبەر بە کۆمەڵگاو رووداوە کۆمەڵایەتییەکانی هەیەو بیرمەندان و چالاکانی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ هەڵوێستیان و بیرکردنەوەیان بەرامبەر کۆمەڵگاو واقیعی کۆمەڵایەتیدا دوو دەستەن، دەستەیەک ئەو بیرمەندانەن کە بە بینینی واقیعی کۆمەڵگاو لەسەر ئەساس و بنەمای دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، تیئۆری دادەڕێژن بۆ باشترکردنی ژیانی کۆمەڵگاو دەستەیەکی دیکە ئەو جۆرە کەسانەن کە تیئۆرییەکیان هەڵبژاردووە و بە زۆرەملی دەیانەوێ کۆمەڵگای خۆیان بخەنە نێو ئەو چوارچێوەو بەو شێوازە و لەو چوارچێوەیەدا کۆمەڵگاکەیان هەڵسەنگێنن و لە راستیدا دەیانەوێ کۆمەڵگا بەو شێوە ببینن کە تیئۆرییەکەی ئەوان پێی خۆشە.

رێبەری شەهید، دوکتور قاسملو بەردەوام رەخنەی لە دەستەی دووەم دەگرت و بە روونی باسی لەوە دەکرد کە دەبێ واقیعی کۆمەڵگاکەی خۆت ببینی و تیئۆرییەک هەڵبژێری یان دابڕێژی کە لەسەر ئەساسی دۆخی کۆمەڵگاکەی تۆ، هاتبێتە ئاراوەو

چاو لە واقع و راستییەکان دانەپۆشی.

گەر چاوێک بە نووسراو و بابەتەکانی دوکتور قاسملووی نەمردا دەخشێنین بە روونی بۆمان دەردەکەوێ کە هەر لە تەمەنی لاوەتییەوە، لەگەڵ ئێش و ئازاری نەتەوەو گەلەکەیدا ئاشنا بووەو بەردەوام وەکوو بنکەیەک بۆ هاندان و وروژاندنی ئەندێشەی، لە نێو بیرکردنەوە و خولیاکانیدا ئەم ستەمە جۆربەجۆرە چەند قاتانە چین کە لە گەلەکەی دەکرێ و بەردەوام بیری لە دۆزینەوەی ڕێگا کردووە بۆ ئەوەی ئەو ئامرازانە کەم بکاتەوەو ڕێگایەک دەستنیشان بکا کە کۆتاییەکەی ژیانێکی مرۆڤی و باشتر بۆ گەلەکەی دەستەبەر بکا.

لە نێو کۆمەڵگاکەیدا بینیویە کە ئازادیو مافی سیاسی بە هیچ شێوازێک بوونی نیەو دەسەڵاتێکی ملهوڕ لەسەر کارە کە بە هەموو شێوازێک مافی سەرەتایی و سەرەکی پێشێل دەکاو ئازادی وشەیەکی قاچاخە کە تەنانەت بە ترس و لەرزەوە دەبێ لە ژوورە پشتەوەکانی ماڵدا بە تۆزقاڵێک خەیاڵی لێبکەیتەوە.

لە لایەکی دیکەوە دەبینێ کە نەتەوەیەک بە ناوی کوردو گەلەکەی بە ناوی کورد لە کوردستانی ئێران، کەرامەتی مرۆیی و پێناسەی نەتەوەیی بنپێ دەکرێ و بە هەموو شێوازێک سووکایەتی پێ دەکرێ و قارەمانە خەڵکییەکانی وەکوو سمکۆی شەهید، لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە چەتەو تاڵانچی ناو دەبرێ و دوکتور قاسملووش بیری لێ دەکاتەوە کە بۆ ئەم نەتەوەو ئەم گەلە نابێ وەکوو هەموو نەتەوەکانی دیکە خۆی بریار لەسەر چارەنووسی خۆی بداو بۆچی دەبێ ژێرستەم و ژێردەستە بێ؟

هاوکات لە نێو کۆمەڵگاکەشدا ئاستی جیاوازی ژیانی خەڵکەکەی دەبینێ و بە هەزاران جووتیار و وەرزێر و شوان و سەپانی رەش و رووت دەبینێ کە دەبێ بەیانی تا ئێوارە ئازار بکێشن و ئەوان بە سکی برسی، سەر بنێنەوە و ئاغاو دەرەبەگە کوردەکانیش دەرۆنە باکوو بە بارێک پەتاتەوە دەگەرێنەوەو وەک بڵێی مافی کوردیان سەندوە و بیرکردنەوە لەم واقعیەتە تاڵانەی کۆمەڵگایە کە بیرمەندو بلیمەتێکی گەورەی وەک دوکتور قاسملوو بە لای پێشکەوتووترین ئەندێشە و تیئۆرییەکانی کاتی خۆیدا دەکێشێ و لەوێدایە کە بیرۆکەی چەپ بە ڕێگەیەک بۆ کەمکردنەوەی ئازاری گەلەکەی دەدۆزێتەوە، بەڵام قەت بە شێوەی چەقبەستووو دۆگم ئەو بیرۆکەیە وەرناگرێ و هەر ئان و ساتێک کە واقیعێکی کۆمەڵگا دەبینێ، دەست لە ئەندێشەکان وەر دەداو رەخنەیان لێ دەگرێ و چاکسازییان تێدا دەکا.

گەورەترین جیاوازی دوکتور قاسملووی نەمر لەگەڵ زۆر چالاک و لایەنی سیاسی و بە ناو ڕێبەرانی سیاسی لە ئێران و

تەنانەت لە کوردستانیش لەوەدایە کە زۆرێک لەو کەسانە بەردەوام بانگەشەی تیئۆرییەکیان کردوە کە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگاو ناوچەدا نەهاتۆتەوە و رەنگە بە هەزاران کەسیان بۆ ئەو ئەندێشەیە هان دابێ و لەو رێگایەشدا بە سەدان کەس ئازاریان چەشتبێ و کەسانێکیش گیان لەسەر دانابێ، بەڵام دواتر ئەو جۆرە بەناو رێبەرانە دوای چەندین ساڵ ئاڵوگۆڕیان بە سەر تیئۆرییەکەیاندا هێناوەو بە بارێکی دیکەدا کەوتوون و قەتیش نەیانگوتووە کە هەڵەمان کردووەو داوای لێبووردنیان لەو هەزاران بنەماڵەیە نەکردووە کە لەسەر بیری لاری ئەوان، تووشی ئازار بوون و بگرە بەوپەڕی بێباکییەوە گوتویانە کە ئێمە ئەو کاتیش هەر لەسەر ئەو بڕوایەی ئێستامان بووین! کە ئەمە نیشانەدەری ناڕاستبوونیانە لەگەڵ پێڕەوانی خۆشیاندا، چوونکە یان ئەوکات بە شێوازێکی دیکە بیریان کردۆتەوەو لە دەربڕینیان شتی دیکەیان وتووەو خەڵکیان چەواشە کردووە یان ئێستا خەریکن لەگەڵ لایەنگرانیان راست ناکەن!

دوکتور قاسملووی نەمر لە تەمەنی لاوەتییەوە کە لەگەڵ ئەندێشەی چەپ ئاشنا دەبێ و دواتر کە لە زانستگادا و دوای تەواوکردنی زانستگاش بەردەوام لەگەڵ بیری چەپ و چالاکانی چەپ زۆرتر ئاشنا دەبێ زۆرتر بە وردی بیری لێ دەکاتەوە و بنەماکانی قبووڵ دەکاو رەخنە لە دەرکەوتەکانی دەگرێ و بەردەوام خۆی لە داهێناندا دەبێ تاکوو ئەندێشەیەک بێنێتە ئاراوە کە لەگەڵ کۆمەڵگای کوردستاندا بگونجێو رێگای درووست و راست بۆ رزگاری و ئازادی لە کوردستان دەستنیشان بکا.

پرسیار: دوکتور قاسملوو مارکسیستمی ئۆرتۆدۆکس و دوگمی رەت دەکردەوە، بۆچی؟

کەریم پەرویزی: مارکسیزم و ئەندێشەی مارکسیستی لە بنەڕەتدا بۆ گۆڕانکاری لە دۆخی کۆمەڵگاو هێنانە ئارای ژیانێکی باشتر، دارێژراو مارکس خۆی بەردەوام لە رەخنەگرتن لە بیرمەندانی پێش خۆی و تەنانەت بیرکردنەوە پێشووەکانی خۆیدا بووو لە راستیدا توخمی سەرەکیی ئەندێشەی مارکس بریتی بوو لە رەخنەی بەردەوام و ماتریالیزمی دیالکتیک کە بەردەوام لە پێشکەوتن و ئاڵوگۆڕدایەو چەقبەستوو نیەو ئوسوولەکانی مەنتقی ئەرستوویی کە ماددە بە شتێکی نەجووڵ و نەگۆڕ دادەنێ قبووڵ نەبووو دیاکتیکی گۆڕانی قبووڵ بوو بەڵام ئەندێشەکانی دوای مارکس و بەتایبەت مارکسیزمی رووسی، وەکوو بەفرەکانی سیبری چەقبەستوو بوونو دوگماتیزمی خورافاتییان بڵاو دەکردەوەو ئەندێشەی گۆڕانکاری و رەخنەگرانەی چەپیان بە لاڕێدا بردو کردیان بە ئایینێکی خورافاتی و دواکەوتوو.

لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئورووپای رۆژهەڵاتیشدا، لایەنە سیاسییەکانی دۆستی یەکیەتیی سۆڤییەت، دەرویش ئاسا دەیانڕوانییە بیرۆکەو کردەوەی مارکسیزمی رووسی و چەتریان بۆ بارانەکانی مۆسکۆ هەڵ دەکرد!

دوکتور قاسملووی نەمر تیۆرییەکی دەویست کە وەڵامدەری کۆمەڵگای کوردستان بێ و نەک ئایینێکی دیکە کە نوێژ بەرەو کرملین بکات! بۆیە بەردەوام رەخنەی لە سوسیالیزمی مەوجوود دەگرت و لە وانەگوتنەکانیداو لە بابەت و نووسراوەکانیدا دەڵێ کە ئێمە دەبێ دۆخی کۆمەڵگای خۆمان لە بەر چاو بێ و لە هیچ ئان و سات و قۆناخێکدا نابێ ئازادی و دێموکراسی پشتگوێ بخەین چوونکە دێموکراتبوون بۆ ئێمە پرەنسیپە. دێموکرات یانی ئازادبیرکردنەوەو سەربەخۆ بڕیاردان.

پرسیار: بەپێی بەڵگەکان دوکتور قاسملوو لە کۆنگرەی ٣ی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٥٢ەوە ویستوویەتی تێزی سۆسیالیزمی دێموکرات لە حیزبدا بەپەسند بگەیەنێ کە تا کۆنگرەی ٦ی حیزب واتە ١٠ ساڵ دواتر لەم کارەدا بە تەواوی سەرکەوتوو نەبووە. چ گۆڕانکاریگەلێک بوون بە بەستێنسازی پەسندکردنی سۆسیالیزمی دێموکرات لە کۆنگرەی ٦ی حیزبی دێموکراتدا؟

کەریم پەرویزی: دوکتور قاسملووی نەمر هەر لە کۆنگرەی ٣ی حیزب کە لە ساڵی ١٣٥١ دەگیرێ، لە بیری گۆڕینی ئامانجی دوارۆژی حیزبدا بوونو ویستوویەتی کە "سوسیالیزمی مەوجوود" بگۆڕدرێ بۆ سوسیالیزمی دێموکراتیک، بەڵام لە بەر هەلومەرجی سیاسیی ئەوکات و هەروەها پێکهاتەی حیزبەوە بۆی نەکراوە. دوکتور قاسملووی نەمر لە "مێژووی کورتی ڕێبەرایەتی حیزب"دا باس دەکا کە ئەو کات لە نێو حیزبدا دوو ڕەوت هەبوون کە یەکیان چەپی چەقبەستووو سەر بە حیزب توودە بووو ئەوی دیکەیان ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگ بووو ڕەوتی دێموکراتی ڕاستەقینە لاواز بوو، بۆیە ئەوانەی دەروێشی حیزبی توودە بوون، دەسکاریکردنی بیرکردنەوەیان پەیوەست بە سۆسیالیزمی رووسی و پروپاگەندە بۆکراو لە لایەن حیزبی توودەیان بە کوفرو گوناهی گەورە دەزانیو ڕەوتی ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگیش دۆخی کۆمەڵایەتی و کێشەی چینایەتی و ستەمی چینایەتییان بەلاوە گرینگ نەبووو بگرە لایەنگری چینی باڵادەستیش بوو بۆیە لەگەڵ ئەندێشەی سۆسیالیزمی دێموکراتیکدا نامۆ بوو.

هەتا کۆنگرەی ٦ی حیزب کە لە ساڵی ١٣٦٢دا گیرا، دەرەتانی ناوچەیی و نێوخۆی حیزب نەڕەخسابوو، بەڵام لەو کاتەداو لەبەر لاوازبوونی ڕەوتی چەپی چەقبەستوو کە لە کونگرەی چواری حیزب چوونە باوەشی حیزبی توودەو کۆماری ئیسلامی، هەروەها زیاتر دەرکەوتنی ڕاستییەکان کە یەکیەتیی سۆڤیەت پاڵپشتی کۆماری ئیسلامی دەکرد، دوکتور قاسملوو توانی ئەندێشەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک بە پەسند بگەیەنێ بەڵام بە گرفتێکی زۆرەوە چوونکە هێشتا دەروێشەکانی مۆسکۆ، لە نێو حیزبدا وەئاگا نەهاتبوونەوەو هێشتا هێزیان تێدا مابوو.

بەڵام یەک شتی دیکەی گرنگ نابێ لە بەر چاو نەگرین ئەویش ئەو خاڵە جێگای سەرنجەیە کە دوکتور قاسملووی نەمریش ئاماژەی پێ دەکاو لە "شیکردنەوەی کورتەباس"دا وەکوو لە گلەییەک لە هاوڕێیانی خۆی دەیهێنێتەوە کە گەر

تیۆریی سۆسیالیزمی دێموکراتیک کەسێک غەیرە کورد باسی بکردایە زۆر ئاسانتر قبووڵیان دەکردو رەنگە باشتر خۆیان لە سەر بە کوشتن بدایە!

پرسیار: لەگەڵ رووخانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو، زۆربەی ئەو حیزبانەی پێیەکیان لە نێو بیرۆکەی چەپدا بوو، تووشی قەیران و زۆرجار جیابوونەوەو دوورەبەرەکی بوون، کەچی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەپێچەوانەوە لەم بارەوە پتەوترو یەکڕیزتر بوو. ئێوە ئەم راستییە تا چەند بە قەرزای تێزی سۆسیالیزمی دێموکراتیکی دوکتور قاسملوو دەزانن؟

کەریم پەرویزی: بە رووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت کۆشکی خەیاڵیی تەواوی شوێنکەوتووە بیرتەسکەکانی مارکسیزمی رووسی، رووخاو لە راستیدا یەکیەتیی سۆڤیەت بە سەر ئەواندا رووخاو بۆیە تەواوی ئەو رێکخراوانەی کە بەناو چەپ بوون، بەڵام لە راستیدا دوگم و چەقبەستوو بوون، تووشی بوومەلەرزە بوون قەڵشیان تێکەوت و بیرۆکەکەیان رووخاو ئەمە بوو بە هۆی سەرلێشێواویی زۆرێک لەو جۆرە کەسانەو تەنانەت کەسانی ئاواشیان تێدا پەیدا بوو کە تووشی بادانەوەی سەیرو سەمەرە بوون و حاشا لەو دەکەن کە قەت رۆژێک لە رۆژان بەو شێوازە بیریان کردبێتەوە!

بەڵام لە نێو حیزبی دێموکراتدا چوونکە دوکتور قاسملووی نەمر مێعیاری بووو لەگەڵ رەخنەگرتن و بیرکردنەوەی ئازاد رای هێنا بوون و ئەو رەخنەگەلەی کە دوای رووخانی سۆڤیەت خەڵکی دیکە لە مارکسیزی رووسیان دەگرت، دوکتور قاسملوو، ساڵانێکی کۆنتر گرتبووونی و سۆسیالیزمی دێموکراتیکی وەکوو ئامانجی دوارۆژ پەسندکردبوو، رووخانی سۆڤیەت زەربەی لە بیرو باوەڕی حیزبی دێموکرات نەدا، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ئەو رووداوە راستی و دروستی ئەندێشەکانی دوکتور قاسملووی نەمری بەهەموو لایەک سەلماند.

پرسیار: پێتانوایە ئەوانەی خۆیان بە رێبواری رێبازی دوکتور قاسملوو دەزانن، چ ئەرکگەلێکیان لە پێناو بەکردەوەدەرهێنانی تێزی سۆسیالیزمی دێموکراتیک و گونجاندنی هەرچی زیاتری لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا لەسەرشانە؟

کەریم پەرویزی: سەبارەت بە گۆڕانکاری لە تیۆریی سۆسیالیزمی دێموکراتیکدا، پێم وایە هەروەک دوکتور قاسملووی نەمریش خۆی رەخنەی لە ئەندێشەی پێشوو گرتووەو هەوڵی داوە واقیعییەتی کۆمەڵگای کوردستان و ناوچە ببێنێ و تیۆرییەکی دارێژراو لەسەر ئەساسی واقیعی کوردستان بێنێتە ئاراوە، دەبێ بیرمەندانی دیکەش لەسەر هەمان رێبازو رێچکە بیر لەو شتانە بکەنەوەو دارشتنی تیۆری کاری کەسانی پسپۆڕی بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەو هاوکات ئەو کەسە دەبێ خۆی لە جەرگەی خەباتدا گەڵەکەیدا بووبێ و بەکورتی تۆزقاڵێک لە تایبەتمەندییەکانی دوکتور قاسملووی

تێدا بێ، کە ئەویش لانیکەم لەم دەورانەدا ئەستەمەو هەر نەتەوەیە رەنگە سەد ساڵی بوێ تاکوو بلیمەت و زاناو رێبەرێکی وەکوو دوکتور قاسملووی تێدا هەڵ بکەوێ.

بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان بە رێبواری رێبازی دوکتور قاسملووی نەمر دەزانن بە رای من ئەو پاراگرافە لە "کورتە باسێک لە سەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک" دەتوانێ رێنوێنیدەری باش بێ. دوکتور قاسملووی شەهید دەڵێ:

"نابێ لە بیرمان بچێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی سەرمایەیەکی گەورەیە، ئەویش هەر ئەو سیاسەتە سەربەخۆیەیە کە گرتوویەتە پێش. یەکێک لە رەمزەکانی سەرکەوتنی ئێمە هەتا ئێستا، هەر ئەم سیاسەتە سەربەخۆیە بووە. ئەو سیاسەتە چەوت بووبێ و راست بووبێ، دەسکردی خۆمان بووە. چوونکە پێمان وایە هیچکەس بە ئەندازەی خۆمان لە واقعییاتی کۆمەڵی کوردستان شارەزا نیەو هەر بۆیە هیچکەس لێوەشاوەیی بڕیاردانی نیە کە لە بارەی ئێمەدا بە بێ ئێمە بڕیار بدا، هەروەک ئێمەش ئەو حەقە بە خۆمان نادەین کە لەسەر وڵاتێکی دیکە بڕیار بدەین. نابێ قازانجی هیچ وڵاتێک و هیچ حیزبێکی دیکە، بۆ ئێمە ببێتە مێعیار. تەنیا مێعیار بۆ ئێمە، دەبێ قازانجی گەلانی ئێران و گەلی کورد بێ و بەس."

سەرچاوە
Serchawe

لوقمان مێهفەر: دکتور قاسملوو خەباتگێڕێکی سەرسەختی ڕێگای سەربەخۆیی ئێران بوو

بەڕێز لوقمان مێهفەر: دکتور قاسملوو خەباتگێڕێکی سەرسەختی ڕێگای سەربەخۆیی ئێران بوو

لە ٢٢هەمین ساڵڤەگەڕی شەهیدکرانی ڕێبەری ناوداری گەلی کورد، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە وییەنی پێتەختی وڵاتی ئۆتریش بە دەستی دیپلۆمات . تیرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ئەم وتوویژەمان لەسەر ڕوانگەو ئامۆژگارییەکانی دوکتور قاسملووی نەمر لە پێوەندی لەگەڵ ڕاستبێژی لە تەبلیغات و پێوەندیی نزیک لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک پێک هێناوە. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ بەڕێز کاک لوقمان مێهفەر،ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتوویژمان کردووە.

پرسیار: کاک دوکتور قاسملوو لەو کۆنفرانسانەی کە بۆ بەڕێوەبەرانی ئەوکاتی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران یان بۆ بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی کوردستان گرتوونی، هەمیشە جەختی لەسەر ڕاستبێژی و ڕاستگۆیی لە هەواڵ و وتارەکاندا کردووەتەوە. ئایا ئەم جەختە تەنیا بەستێنێکی پروفیشناڵ و حیرفەیی هەبووە یان بەگشتی لە خەڵکی بوون و ڕاستگۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سیاسەت و کردارەکانیدا سەرچاوەی گرتووە؟

لوقمان مێهفەر: دکتور قاسملووی نەمر بە دڵ بڕوای بە ڕاستبێژی و ڕاستگۆیی هەبوو. ئەو هەمیشە دووپاتی دەکردەوە ئەوەی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا دەنووسرێ و دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران یان ئەو هەواڵ و وتارو شرۆڤانەی لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێراندا بڵاو دەبنەوە دەبێ بەدیقەتەوە بنووسرێن و بە زمانێکی پاراو بڵاو بکرێنەوە، بۆ وریاکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک کە لەو هەلومەرجەدا تێیدا بڵاو دەبنەوە تەعبیر لە ڕەنگدانەوەی ڕاستییەک بکەن، کە پێویستە لەو قۆناغەدا شەقام لێی ئاگادار بێ بۆ ئەوەی ڕاوبۆچوونی خۆی لەسەر بداو هەڵوێستی بەجێ لە بەرامبەریدا بگرێ. هەر ڕۆژنامەی کوردستان کە زمانحاڵی حکوومەتی کۆماری کوردستان و بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووەو هەیە، لە ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩ هەتاویشەوە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، وەک یەکەم ڕادیۆی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراو ئەرکی گرینگی لە وریاکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەرچەچدانەوەی سیاسەتی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد بینیوە، ڕۆژنامەو ڕادیۆ هەتا ئێستا چەندین قۆناغی سەختیان لە خەباتی ڕەوای گەلەکەمانیان بڕیوە، لەو ماوەیەدا تووشی زۆر گرفتی سیاسی و تکنیکی ... بوونە، بەڵام لە تێکۆشانی بەردەوام ماندوو نەبوون، لە هەموو هەلومەرجێکدا سەربەخۆیی و ئۆسوول و پرنسیپەکانی ڕۆژنامەوان و ڕاگەیاندنیان پاراستووە، ئەمەش وای کردووە کە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و ڕۆژنامەی کوردستان گوێگرو خوێنەرێکی زۆری هەبێ.

سەرچاوە
Serchawe

دکتوور قاسملوو رێبەرایەتیی جوڵانەوەیەکی گەورەی ئازادیخوازی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکرد، لەگەڵ دوو ریژیمی پاشایەتی و ئاخوندی خەباتی کردووە. بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران، لەگەڵ هەموو هەوڵێکی ئاشتیخوازانەی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆماری ئیسلامی شەڕێکی نەخوازراوی بەسەر گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا سەپاند، کە هەتا هەنووکەش ئەم شەڕە نەبڕاوەتەوە. قاسملوو لەو قۆناغە سەخت و هەستیارەدا رێبەرایەتیکردنی ئەم خەباتە رەوایەی بە ئەستۆوە بوو. کۆماری ئیسلامی بۆ زەربەوەشاندن و لە ناوبردنی بزووتنەوەی کورد بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات خۆی لە هیچ کردەوەیەکی دژی ئینسانی نەدەبواردو نابوێرێ، جیا لەوەش تەبلیغاتێکی بێبنەمای ژەهراوی و پڕ لە خورافاتی بە دژی گەلی کورد و رێبەرایەتیی بزووتنەوەکەی دەست پێ کردبوو.

لەو قۆناغە هەستیارەدا کە کورد هەڕەشەی لەناوچوونی لێ دەکراو پێشتریش فتوای جیهاد بە دژی درابوو، دوکتور قاسملوو وەک رێبەرێکی بەتواناو رووناکبیرێکی بیرتیژ، رێگای نەدەدا رادیۆ و رۆژنامەی کوردستان کە دوو تریبۆنی زمانحاڵی حیزبی دێموکرات بوون، لە چوارچێوەی سنووری ئەخلاقی رۆژنامەوانی و راگەیاندن دەربچن. بەڵکوو ئەو لەسەر ئەوە پێداگر بوو کە تەبلیغاتی ئێمە دەبێ بە زمانێکی پاراوو ئەدەبیاتێکی پڕ لە نەزاکەتەوە ئەنجام بدرێن نەک هەر لەگەڵ خەڵک تەنانەت لە گەڵ دوژمنانیشمان دەبێ بەو زمانەوە بدوێین، بەڵام لە هەمان کاتدا راستییەکان وەک خۆیان باس بکەین و بە ئەمانەتەوە بیانگوێزینەوە بۆ خەڵک، ترسمان لەوە نەبێ کە بڵاوکردنەوەی راستییەکان لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کاتی بەرژەوەندیمان بخاتە مەترسییەوە، بەڵام لە دوارۆژدا راستییەکان روون دەبنەوە، ئەوەش بە قازانجی گشتی بزووتنەوەو حیزبەکەمان دەشکێتەوە، ئیعتبار و پرستیشی حیزب و جووڵانەوە زیاتر دەباتە سەرێ،لە خۆوە نیە کە زۆرجار سەرانو بەرپرسانی رێژیم لەسەر هێندێک پرس پشت بە رۆژنامەی کوردستان و رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دەبەستن، وەک دوو سەرچاوەی جێگرتوو و بڕوا پێکراو تەماشای دەکەن، بۆیە دەبێ هەوڵ بدەین ئەم ئەسڵە وەک خۆی بپارێزین. لە لایەکی دیکەشەوە بە تایبەتی رادیۆ کە بەشێوەیەکی خێرا بە بەر گوێچکەی خەڵکدا دێ، کەوابوو دەبێ بە زمانێکی وا بدوێین کە خەڵک لێ تێی بگەن و چێژی لێ وەرگرن.رادیۆ بۆ ئەوەیە کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لێی تێبگەن، بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە، بۆیە دەبێ بە زمانی خەڵکی قسە بکەین. رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بۆیە خۆشەویستە چونکە درۆ لە گەڵ خەڵک ناکا، بە زمانی ئەوانیش قسە دەکاو بە باشی لێی حاڵی دەبنو بە ئی خۆیانی دەزانن و گوێی لێ دەگرن. هەر بۆیە دەبێ ئەو متمانەیە لە نێوان رادیۆ و خەڵکدا پارێزراو بێ.

پرسیار: بە بڕوای بەڕێزتان ئەو هۆکارانە چین کە ئێستایشی لەگەڵدا بێ خوێنەری وتارەکانی دوکتور قاسملوو هەست بە نوێبوونو زیندووبوونی ئەو وتارانە دەکات، هەر دەڵێی تازە بە تازە نووسراون؟

لوقمان مێهفەر: دکتور قاسملوو نەک لەبەر ئەوە رێبەرێکی کوردو سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە

دوور لە هەموو عاتفەو تەعەسوب هەر وەک کەسایەتییە جیهانی و کوردستانیەکان دەڵێن قاسملوو کەسێکە بەر لە سەردەمی خۆی لە دایک بووە، ئەو سیاسەتڤانێکی کارامەو دیپلۆماتێکی بەتواناو شارەزا بە چەند زمانی بێگانە، رووناکبیرێکی بیرتیژو رێبەرێکی هەڵکەوتووی نەتەوەکەمان بوو. کەسێک کە خاوەنی ئەو تایبەتمەندیانە بێ، بێگومان دەزانێ چ دەنووسێ و چۆن لەگەڵ خوێنەرانی خۆی دەدوێ. ئەو لە هەر بوارێکدا شارەزاییەکی تایبەتی هەبوو. وتارەکانی بە شێوەیەکی زانستی و بە لێکدانەوەیەکی وردی سەردەمیانە نووسراون و رەچاوی رێوشوێنی رۆژنامەوانی و بارودۆخی نێونەتەوەیی و نێوخۆیی کردووە، هەڵسەنگاندنێکی هەلومەرجی زەمانی و مەکانی بە لەبەرچاوگرتنی ویست و داخوازی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا. پرسەکانی هێناوەتە گۆڕێ‌و جیا لەوە کە مەسەلەکانی رۆژی دەخستە روو، هەمیشە دوور لە هەستو هەڵچوون بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی لێکدەدایەوە. بە گیانێکی واقعبینانەو بیرکردنەوەیەکی عەقلانییەوە پێشبینی داهاتووی کردووە، بۆیە لەگەڵ هەرکام لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەرەوڕوو دەبووە، دەیزانی بە چ زمان و شێوازێک بیاندوێنێ و رێنوێنیان بکا. لە بیرمانە لە کاتی رێورەسمی بە خاکسپاردنی دکتوور قاسملوودا تۆماس هامێر بێرگ، سکرتێری گشتی کۆمیتەی سوئێدی پشتیوانی لە مافە ئینسانییەکانی نەتەوەی کورد گووتی: عەبدولڕەحمان تۆ بۆ ئێمە مامۆستا بووی هەرکات دەهاتی شتێکی تازەت بۆ ئێمە پێ بوو، ئێمە ئیلهاممان لێ وەر دەگرتی.

ئەوەی کە خوێنەر لە خوێندەوەی وتارەکانی قاسملوو وەرەز نابێ‌و چێژی لێ وەردەگرێ، دوو هۆکاری سەرەکین:

١- ئەوەیە وتارەکان بە ئەدەبیاتێکی پاراو، خاوێنو پڕنێوەرۆک نووسراون. بە هەر زمانێکیش نووسیبنی وتارەکان مانا و مەفهومی خۆیان گەیاندووە، خوێنەر لە خوێندنەوەی بێتاقەت نەبووە، بەڵکوو سوودی لێوەرگرتووە.

٢- وتارەکان بە شێوەیەکی زانستی و لە سەر بنەمای دەوڵەمەندبوونی زانیاری نووسراون، کە بە جوانی توانیویەتی هەموو کەلێن و کەلەبەرێکی بپشکنێ. سرووشتییە تێزێکی فکری یان وتارێکی لەو بابەتە تەعبیر لە هەڵسەنگاندن و رەنگدانەوەی مەسەلەیەک دەکا، کە پێشبینی درووستی بۆ کراوە،کاتێک بۆچوونەکان راستی و درووستی خۆیان سەلماند، شتێکی سرووشتی‌یە کە لێکدانەوەکە ژیرانە بووە، ئەوەش دەچێتە قاڵبی نوێ‌بوونەوەیەکی سەردەمیانە.

پرسیار: ئەو هۆکارانە چین کە دوکتور قاسملوویان کردبووە رێبەری هەموو چینو توێژەکانی کوردستان و لە ئورووپایشدا وەکوو مامۆستایەکی زانکۆو سیاسەتڤانێکی کارانە دەناسرا؟

لوقمان مێهفەر: کۆمەڵێک خاڵی گرینگ هەن کە دکتور قاسملوو یان لە ئاستی نێونەتەوەیی و بزووتنەوەی سەرانسەری ئێران و جووڵانەوەی رزگاریخوازی کورددا کردۆتە کەسایەتییەکی جیهانی، ئێرانی و کوردستانی کە بە کورتی ئاماژەیان پێ

دەکەم:

١- دکتور قاسملوو خەباتگێرێکی سەرسەختی رێگای سەربەخۆیی ئێران بوو. هەروا کە لە نێو حیزبدا بڕوایەکی پتەوی بە سەربەخۆیی حیزبەکەی هەبوو، سەربەخۆیی وڵاتەکەشی بە مەرجی یەکەمی پێشکەوتن وهەست بە کەسایەتیکردنی دانیشتوانی دەزانی. ئەو بە هەموو توانایەوە لە بەستراوەیی ئێران بە هەر دەسەڵاتێکی بێگانە بێزار بوو و خەباتی شێلگیری خۆی و حیزبەکەی لە دژی نفووز و دەسەڵاتی بێگانە لە ئێراندا بوو. دکتور قاسملوو سەربەخۆیی ئێرانی بە یەکەم ئامانجی هاوبەشی هەموو هێزە شۆرشگێڕو رەسەنەکانی وڵات و هۆیەکی گرینگی لێکنزیککردنەوە و یەکگرتنی ئۆپۆزیسیۆنی پێشکەوتنخوازی وڵات دەزانی. بۆیە دکتور قاسملوو ئەگەر بۆ حیزبو نەتەوەکەی رێبەرێکی لێوەشاوەو کارزان بوو، بۆ گەلانی ئێران و بزووتنەوەی سەرانسەری وڵاتەکەشی خەباتگێرێکی گەورە و رێنوێنیکەرێکی مەزن بوو. بێگومان هەر وەک خەڵکی کوردستان شانازی بە مامۆستاو رێبەرەکەیان دەکەن، گەلانی ئێرانیش شانازی بە کەسایەتییەکی وەک دکتوور قاسملوو دەکەن، بۆچوونەکانی ئەو لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەری ئێراندا دەکەنە رێنوێنی و رێنیشاندەری خۆیان.

٢- دکتوور قاسملوو بڕوایەکی زۆری بە پێکهێنانی تەشکیلاتی رێکوپێک هەبوو، سوور بوو لە سەر ئەوە کە هەموو توانای خۆمان لە کار بکەین کە ژێر بینایەکی پتەوی سیاسی و تەشکیلاتی درووست بکەین. هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری تێیدا بەشدار بن، زۆر راشکاوانە لە قۆناغی خەباتی شاخدا دەیفەرموو بە هەموو هێزو تواناماننەوە هەوڵ بدەین، لە رووناکبیرانی شارەکان نزیک ببینەوە. رووناکبیرانی بەتوانا، لێهاتوو و بەغیرەت بکێشنە ناوجەرگەی خەبات. لە لادێشدا پشتئەستوور بە هێزی هەراوی جوتیاران، هەژاران و چەوساوەکان بین. بەشێوەیەکی ئوسوولی و حەکیمانە کاری شارو لادێ لێک گرێ بدەین و توانایەکانی خۆمان و خەڵکی کوردستان یەک بخەین. هەوڵ بدەین گەلی کورد بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتییەکی قورس و قایمی مێژوویی کە لە داوڕۆژدا دەکەوێتە سەرشانی ئامادە بکەین.

٣- بە روونی لە باسی ئامانج و ستراتیژی حیزبدا دەڵێ: ئێمە ئانتی کۆمونیزم بە تەواوی رەت دەکەینەوە، مەحکومی دەکەین. نە بەستراوەیی، نە تەسلیم بوون نە دوژمنایەتی. لە زیادەڕەوی خۆمان دەپارێزین، چونکە زیادەڕەوی ئاکامێکی زۆر خراپی هەیە، لە جیاتی ئەوە دەبێ بە رێبازی مەنتیق و میانەڕەوی دا بڕۆین.

٤- دێموکراسی دروشمی ئەسڵی ئێمەیە. لە هاتنەدی و سەقامگیری پرۆسەی دێموکراسی دا گەلانی بندەست، کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ بە ماف و ئازادییەکانیان دەگەن. بۆیە دەفەرمووێ خراپترین

نووسینی: محەممەد سلێمانی

دێموکراسیم پێ لە باشترین دیکتاتۆری باشترە. ئەمڕۆ دەبینین شنەبای دێموکراسی چۆن هەڵی کردووەو کۆشکی دیکتاتۆرانیش چۆن یەک لە دوای یەک تووشی تێکڕمان و لەرزین هاتوون. چونکە لە دێموکراسیدا یەکسانیخوازی و دادپەروەری جێ بە دیکتاتۆری و چەوسێنەران چۆڵ دەکا.

پرسیار: خەڵکی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا لە ٢٢ی پووشپەڕدا بە مانگرتنی گشتی نیشانیان داوە کە وەفادارن بە رێبازی دوکتور قاسملوو. چ هۆکارگەلێک بوونەتە هۆی ئەوەی رێبوارانی ئەو رێبازە رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاترو زیاتر بن؟

لوقمان مێهفەر: رێبازی قاسملوو، رێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. ئەو حیزبە لە رۆژی لەدایکبوونیەوە سێ خاڵی سەرەکی وەک ئامانجی بنەڕەتیی خۆی دەستنیشان کردوون. لە پێناوی گەیشتن بەو ئامانجانەش خەباتێکی سەختو خوێناوی کردووە.

دکتوری نەمریش بە درێژایی تەمەنی حیزبایەتی لە هەر پلەو پایەکدا بووبێ زۆر شێلگیرانە بۆ گەشەکردنی حیزب و گەیشتن بەو سێ خاڵە تێکۆشاوە، کە بریتین لە:

١- خەبات بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی
٢- خەبات بۆ لابردنی ستەمی چینایەتی
٣- خەبات لە دژی ستەم و زۆرداری

هاتنەدی ئەو سێ خاڵە بە مانای دابینبوون و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستانە. جێی پێ خۆش بوون و رێزلێنانە، کە ئەمڕۆ تێکۆشەرانی حیزبی و رۆڵەکانی گەلی کوردو هەموو ئازادیخوازانی ئێران هەست بە دەورو رۆڵی گرینگ و کاریگەری شەهیدی نەمر دکتور قاسملوو لە خەباتی گەلی کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێراندا دەکەن. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە قاسملوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی نزیک بە بیست ساڵ رێبەری کرد، کە سەردەمێکی دەرەوشاوەیە لە مێژوویی حیزبی دێموکراتدا. بەڵام گەورەیی و خۆشەویستی قاسملوو لەوەدایە، کە دوای شەهیدبوونی خۆشی خەت و رێبازێکی دروستی سیاسی، تەشکیلاتێکی پتەو و پرستیژێکی بەرزی نێونەتەوەیی بۆ حیزب بەجێ هێشت. بۆیە هەموو ساڵێ لە ٢٢ی پووشپەڕدا ئیدی بۆ رۆڵەکانی دێموکرات و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆتە کلتوورێکی نەتەوەیی کە بە ئەرکێکی نەتەوەییو نیشتمانی خۆیانی دەزانن. هەموو ساڵێ لە ٢٢ی پووشپەڕدا بە داخستنی دووکان و بازاڕ، بە هەڵدانی ئاڵای شینی ئاسمانی، بڵاوکردنەوەی وێنەی رێبەرانی شەهید، خەباتێکی ئارام و

شارستانییانە لە چوارچێوەیەکی ئاشتیخوازانە دژی سیاسەت و هەڵوێستی ناجوامێرانەی کۆماری ئیسلامی کە لە پیلانێکی تیرۆریستی و لەسەر مێزی وتووێژ دکتور قاسملوو، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەگەڵ هاورێیانی تیرۆر کرد.

ئەو هەڵوێستەی خەڵکی کوردستان دوو مەبەستی سەرەکی دەپێکێ.

یەکەم: لەو رۆژە دا جارێکی دیکە پەیمانی وەفاداری لەگەڵ رێبەری شەهیدیان و حیزبەکەی نوێ دەکەنەوە، رێز لە فیداکاریی و زەحمەتی رێبەرە ناودارەکەیان دەگرن.

دووهەم: بەو هەڵوێستە شۆڕشگێرانەیە رێژیم مەحکووموو شەرمەزار دەکەن و پێی نیشان دەدەن کە ئێمە لە هەڕەشەو گرتن، ئەشکەنجەو ئێعدام باکمان نیە، گەلێکی مافزەوتکراوین، خوازیاری مافی نەتەوایەتی خۆمانین، هەر چەند زیاتر بمانکوژن و رێبەرانمان تیرۆر بکەن، بێباکتر لە مەرگ دەبین و چاوترسێن نابین و هەتا گەیشتن بە مافە بنەڕەتییەکانمان خەباتی رەوای خۆمان لە شکڵ و شێوازی تایبەتی و سەردەمیانە درێژە دەدەین. کە بێگومان سەرکەوتن هەر بۆ ئیرادەی گەل و تێشکان بۆ دیکتاتۆران و چەوسێنەرانی سەردەمە.

کاوه بەهرامی: دوکتور قاسملوو پێی وابوو پێویسته پێشمەرگه تا بۆی دەکرێ له کوشتنی جاشو پاسدارو هێزەکانی ڕێژیم

دوکتور قاسملوو پێی وابوو پێویسته پێشمەرگه تا بۆی دەکرێ له کوشتنی جاشو پاسدار و هێزەکانی ڕێژیم خۆی بپارێزێ لەبەر ئەوه دوژمنایەتی له نێو کورد و باقی گەلانی ئێران که ڕێژیم تێدەکۆشا پەرەی پێبدات و کەڵکی تەبلیغی پێوەرگرێ بەهێزتر نەبێ.

مانگرتنه گشتییەکانی ٢٢ی پووشپەڕ له چەند ساڵی ڕابردوو له کوردستاندا دەرخەری ئاستی خۆشەویستی ئەو ڕێبەره مەزنەی گەلی کورد له نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکدایه. به بۆنەی ٢٢هەمین ساڵڤەڕی شەهیدکرانی دوکتور قاسملووی نەمرەوه لەسەر ئەو پڕنسیپانەی که ڕێبەری ناوداری کورد له پێوەندی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا جەختی لەسەریان دەکردەوه، وتووێژێکمان لەگەڵ بەڕێز کاک کاوه بەهرامی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هێناوه.

پرسیار: کاتێک نووسراوەو وتارەکانی دوکتور قاسملووی نەمر دەیخوێنینەوه، بۆمان دەرکەوێ که له ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوه پێشمەرگه پێویسته کۆمەڵێک پرنسیپی تایبەتی له هەڵسوکەوتیدا لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک ڕەچاو بکات. بەڕێزتان وەکوو یەکێک لەو کەسانەی لەو سەردەمەدا هێندێ جار له نزیکەوه بیسەری وته بەنرخەکانی دوکتور قاسملوو بوون، دەکرێ بفەرموون که دوکتور قاسملوو لەم بارەوه زیاتر لەسەر چ خاڵگەلێک پێداگری دەکرد؟

کاوه بەهرامی: "ئەوەندەی دەگۆنجێ دەبێ بایەخ و ئیدەئاله ئینسانییەکان له تێکۆشان و کاروباری ڕۆژانەی بزووتنەوەدا ڕەنگ دانەوەیان هەبێ"، ((دوکتور قاسملووو ڕێبەری مودیرن و شۆڕشگێڕێکی دیموکرات، لاپەڕەی ١٦٧))، دوکتور قاسملووو کەسایەتییەکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆست بوو، هەموو ژیانی له پێناوی ئازادی، دێموکراسی و رزگاری گەلی کورد له کوردستانی ئێران تەرخان کرد.

دوکتور قاسملوو لەو بڕوایەدا بوو که ئێمه خەبات بۆ رزگاری له چەوسانەوه و باشترکردنی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین، خەبات دەکەین بۆ ئەوەی که باشتر بژین و گۆڕانکاری له سیستەمی سیاسیی ئێران پێک بێت، کەوابوو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هێزی پێشمەرگه دەبێ له هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی خۆیدا ئاوێنەی باڵانوێنی ئەو گۆڕانکارییانه بێت. خەڵک دەبێ له پێشمەرگه فێر بێت که چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ بەرانبەرەکەی بکات، چۆن ژیانێکی

سەردەمیانە لە کوردستان ڕێک بخەن کە هەموان بتوانن کەڵکی لێ وەرگرن.

ئەو پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئێمە شۆڕش بۆ ژیان دەکەین، نە بۆ مردن، کەوابو پێویستە ئێمە هەمیشە ئۆلگووی خەڵک بین و لەگەڵ ئەوە ڕێز بۆ دابو نەریتەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دابنێین، هەر لەو کاتەدا ئامووزشی داب و نەریت و فەرهەنگی سەردەم بدەین و لە شتە باشەکانی کەڵک وەرگرین.

دوکتور قاسملوو دژی ڕەش و ریش و فرمێسکرشتن بوو، ئەو هەرکات پێشمەرگەیەک شەهید دەبوو زۆر بە پەرۆش بوو، بەڵام دەیگوت ئێمە لە کاتی شەهیدبوونی شەهیدەکانمان ناگرین و ڕەش ناپۆشین، شەهید بۆ ئێمە ئامانج نیە بەڵکو رزگاری گەلەکەمان ئامانجە، دەبێ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەو پێوەندییە زۆرتر لە بواری زهنی ئامادە بکرێن و هاوکارمان بن تا لە سایەی خوێنی شەهیدان و ڕەنج و زەحمەتی تێکۆشەرانی کادرو پێشمەرگەو هاوکاری خەڵکی، کوردستان لە چنگ داگیرکەران رزگار بکەین.

پێشمەرگە دەبێ هەڵسوکەوتی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان خۆماڵی و لەسەر بنەمای خۆشەویستی و ئۆگری بە خەڵکو کوردستان بێ، پێشمەرگە هیچ کات بەبێ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ناتوانێ درێژە بە خەباتی خۆی بدات لەبەر ئەوە دوژمن بە هۆی هێزی نیزامی سەرتاسەری خاکی کوردستانی میلیتاریزە کردووە، تەنانەت لە فەقری ماڵی و فەرهەنگی خەڵکی کەڵکی وەرگرتووەو کۆمەڵێک خەڵکی بە پارە کریوە، پێشمەرگە دەبێ ئەوەندە سەرنجی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە شارو گوندەکان بۆ لای خۆی رابکێشێ تا بە بوونی ئەو هەمو هێزەی دوژمن زەرەری پێنەگات، ئەوەیش تەنیا بە هاوکاری و پاڵپشتی خەڵکی کوردستان مسۆگەر دەبێ.

لە راستیدا مانەوەی هێزی پێشمەرگە بەو تایبەتمەندییانەوە کە باس کرا بەشێک هاوکاریو تێکەڵاوی خەڵکو پێشمەرگە بوو، ژیانی رۆژانەی کادرو پێشمەرگەی ئێمە لەسەر سفرەی خەڵکی کوردستان دابین دەکراو هیچ کات پێشمەرگە لەلایەن حیزبەوە تەدارۆکات نەدەکرا، کەوابوو پێویستە بۆ پێشمەرگە هەڵسوکەوتی خۆی لەگەڵ خەڵکی کوردستان وا ڕێک بخات کە هەموو پێشمەرگەیەک کوڕو کچی هەمو دایکو بابی بنەماڵەکانی کوردستان بێ.

پرسیار: دەتوانین بڵێین ئەو پرنسیپ و شێوازی هەڵسووکەوتانە ئیمڕۆکە بوونەتە کولتوورێک لە حیزبی دێموکراتدا کە دەکرێ بەو پێیە پێشمەرگەی حیزب لە خەڵکی دیکە جوێ بکەیتەوە؟

سەرچاوە
Serchawe

کاوە بەهرامی: پێشمەرگە بەهیچ شێوەیەک لە خەڵکی کوردستان جیا ناکرێتەوە لەبەر ئەوە لە باری بنەماڵەو سۆزو عاتفە پێشمەرگە رۆڵەی ئەو گەلەیەو بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستان چەکی شەرەفی لەشان کردووە، هەموو ژیانی خۆی بۆ رزگاری کوردو کوردستان بەخت کردووە، تەنیا ئەوە، پێشمەرگە لە لایەنی دیکە جیا دەکاتەوە کۆمەڵێک پرەنسیپی حیزبی و نیزامین کە پێویستە بۆ باشتر بەڕێوەبردنی ئەرکی پێشمەرگانەیان و چۆنیەتی پابەند بوون بە نەزمو دیسیپلینی تایبەت بە حیزبی دێموکرات کە بۆ هەر شۆڕشگێڕێک بەتایبەت پێشمەرگە کە ئەرکی خەباتی چەکداری بەڕێوە دەبا رەچاو بکات. بۆ نمونە خەڵکی ئاسایی لە کوردستان چۆن هەڵسوکەوت بکەن، وەک تاک بۆ خۆیان ئازادن و لایەنەکانی دیکە لەسەر چ پێوەرێک پێوەندی و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵکدا هەبێ تایبەتمەندی ئەوانە، بەڵام پێشمەرگە وەک شۆڕشگێڕێکی بە پرەنسیپ کە لە چوارچێوەی بەرنامەو پێرەوی حیزبێکی سیاسیدا خۆی دەبینێتەوە پێویستە هەڵسوکەوتی خۆی لەو پێوەندییەدا رێک بخات کە لەگەڵ بۆچوون و یاسای حیزبەکە یەک بگرێ، واتە جگە لە جیاوازی لە چۆنیەتیی پابەندبوون بە رێساو یاسایەک کە لە لایەن حیزبەوە بۆ پێشمەرگە دیاری کراوە، جیاوازی دیکەیان نیەو پێشمەرگە لە خزمەت گەلدایە.

پرسیار: یەکێک دیکە لەو پرنسیپانەی دوکتور قاسملوو پێداگری لەسەر کردووە، شێوازی هەڵسوکەوتی هێزی پێشمەرگە لە کاتی شەڕدا بووە، بۆ نموونە هەڵسوکەوتی پێشمەرگە لەگەڵ دیلەکانی شەڕدا. دەکرێ لەم بارەوە ئەزموونی خۆتان باس بکەن؟

کاوە بەهرامی: یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی شەهیدی مەزن دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە تێدەکۆشا هاوکات لەگەڵ بەربەرەکانێ لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان و خەباتی چەکداری داسەپاو بەسەر گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کادرو پێشمەرگەی حیزب وا بار بێنێت کە هەڵسوکەوتی لە مەیدانەکانی شەڕدا لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەیی بگونجێ، یەکێک لەو یاسایانە رێزدانان بۆ دیلەکانی شەڕ بوو بۆ ئەوە زیان بە دیلەکانی شەڕ نەکەوێ. بۆ ئەو مەبەستە هەر لە سەرەتاکانی شەڕی داسەپاودا بیرۆکەی دامەزراندنی فێرگەی سیاسی نیزامی هێنایە بەر باس، ئامانجی بۆ ئەو دامەزراوە ئەوە بوو کە پێشمەرگە لە تاکتیکەکانی شەڕ بە باشی لەبواری علمی فێر بکرێ‌و هەم کۆمەڵێک پرەنسیپی پێوەندیدار بە مەسائیلی کۆمەڵایەتی واتە هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک لە فێرگەوە فێری پێشمەرگە بکرێ‌و هەم خەباتی چەکداری لە راستای یاسای نێونەتەوەیی لە بواری بەرخورد لەگەڵ دیلەکانی شەڕ تێبگەن، هەر بۆیە وانەیەک بە ناوی بەرخوردی پێشمەرگە لەگەڵ دیلەکانی شەڕ لە فێرگەی سیاسی نیزامیدا دانراوە، ئەوە بۆ خۆی یارمەتیدەری باش بوو بۆ هەڵسوکەوتی پێشمەرگە لەگەڵ دیلەکانی شەڕ، کاتێک هاورێیانی پێشمەرگە لە جەریانی شەڕی چەکداریدا کەس یا کەسانێکیان لە هێزە نیزامییەکانی دوژمنیان بە دیل دەگرت پێویست بوو بە شێوەی مرۆڤانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ‌و تەحویلی شوێنی پێوەندیدار بدرێن، ئەو ئامووزشو پێداگرتنە لەسەر پاراستنی دیلەکانی شەڕ پابەندبوونێکی بۆ هاورێیانی پێشمەرگە

دروست کردبوو کە لە ناخۆشترین هەل و مەرجەکاندا وەک شەهیدبوونی هاورێکانیان لە بەرەکانی شەڕو لە هەمان کاتدا بە دیلگیرانی ئەفرادی دوژمن سۆزو عاتفە بە سەریاندا زاڵ نەدەبوو کە بەرخوردی خراپ لەگەڵ دیلەکانی شەڕدا بکەن.

بیرەوەریی خۆم لە پێوەندی لەگەڵ ئازادکردنی دیلەکانی شەڕو شەهیدبوونی هاورێیانمان لە عەمەلیاتەکان زۆرە، بەڵام لە عەمەلیاتی دەستبەسەرداگیرانی مۆڵگەی دوژمن لە گوندێک بەناوی شەلماش (سەردەشت) ساڵی ٦٨ کە لە لایەن هێزی گیارەنگەوە دەستی بەسەردا گیراو چەند کەس لە ئەفرادی چەکداری رێژیم تێیدا بەدیل گیرانو پێشمەرگەیەک بە ناوی خالە حەمە سورەچۆمی ((محەممەد)) شەهید بوو، لەگەڵ ئەوە کوڕی خالە بەناوی کاک عەلی سوورەچۆمی یەکێک لە فەرماندەرەکانی ئێمە بوو کە بابی لەو عەمەلیاتەدا شەهید ببوو، بەلام پێشمەرگەکان زیانیان بە دیلەکانی شەڕ نەگەیاندو پاش ئامۆژگاری لە مەیدانی شەڕ ئازاد کران و بە چەندین نمونەی ئەوتۆ هەیە ئەو نموونەم بۆیە هێنایەوە زۆر جار لە شاشەی تلویزیون فیلمی ئەو عەمەلیاتە بڵاو دەبێتەوە رەنگە زۆر کەس پێی ئاشنا بێت کە بۆ خۆم لە نزیکەوە شاهید بووم.

بەرخۆردی پێشمەرگە لەگەڵ دیلەکانی شەڕ لە چوارچێوەی یاسای مافی دیلەکانی شەڕو واتە یاسای ژنێڤ بەرچاو گیراوە، لەو پێوەندییەدا ئامۆژگارییەکانی شەهید دوکتور قاسملوو بە باشی تۆشەی رێگای پێشمەرگە بوو.

پرسیار: ئەم هەڵسوکاتە کاریگەری لەسەر دیلەکانی شەڕ یان سەربازانی کۆماری ئیسلامی بۆ تێگەیشتنیان لە راستییەکان داناوە؟

کاوە بەهرامی: ئازادکردنی دیلەکانی شەڕ کاریگەریی زۆریان لەسەر هەڵسوکەوتی هێزەکانی رێژیم لە ناوچەکانی کوردستاندا دادەنا،

ئەگەر بچمە سەر قازانجی بەدیل گرتنو بەرژەوەندی ئازادکردنی دەبێ ئاماژە بەو خاڵانەی خوارەوە بکەم:

یەکەم بەدیل گرتن، پێشمەرگە لە دیلەکانی شەڕ زانیاری باشی لەسەر چۆنیەتی هێزەکانی رێژیم لە بواری چەندو چۆنی دوژمنەوە وەردەگرت، ئەوە بۆ خۆی لە چۆنیەتی تاکتیکەکانی ئێمە لە مەیدانی شەڕ شوێنەواری پوزیتیڤی بەدواوە بوو.

لە پێوەندی لەگەڵ ئازاد کردنیان پاش چەند فەقەرە ئازاد کردنی دیلەکانی شەڕ لە زۆربەی شەڕەکان هێزەکانی رێژیم لەگەڵ پێشمەرگە شەڕیان نەدەکرد بۆ ئەوە گیانی خۆیان لەدەست نەدەن، چون بۆیان دەرکەوت کە ئەگەر بە دیلی بگیرێن

سەرچاوە
Serchawe

لە لایان پێشمەرگەوە ئازاد دەکرێن. زۆر جار بە گرووپی چەندین کەس خۆیان تەسلیم دەکردو پاش روونکردنەوەیەک لە لایەن بەرپرسانی حیزبی ئازاد دەکران.

لە لایەکی دیکەوە ئەو ئازاد کردنە دەبووە هۆی ناسینی حیزبی دێموکرات لە لایەن گەلانی دیکەی ئێران کە زۆرجار رێژیم حیزبی دیموکراتی وەک هێزێکی مرۆڤکوژی جینایەتکار لە راگەیاندنەکانیدا لە قەڵەم دابوو، ئازادکردنی دیلەکانی شەڕ، باسکردن لەسەر داخوازەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و چۆنیەتی خەباتی ئێمە وەک مافێکی رەوا بۆ ئەوان بوو بە هۆی ئەوە ئەو جۆرە پرۆپاگەندانە پووچەڵکرانەوەو لە یەک تێگەیشتنی لە نێوان خەڵکی ئێران و خەڵکی کوردستانی ئێران زیاتر هاتە ئاراوە.

دوکتور قاسملوو پێی وابوو پێویستە پێشمەرگە تا بۆی دەکرێ لە کوشتنی جاش و پاسدار و هێزەکانی رێژیم خۆی بپارێزێ لەبەر ئەوە دوژمنایەتی لە نێو کورد و باقی گەلانی ئێران کە رێژیم تێدەکۆشا پەرەی پێبدات و کەڵکی تەبلیغی پێوەرگرێ بەهێزتر نەبێ، بۆیە بەردەوام باسی قازانجی بەدیل گرتنی لە سمینارە نیزامییەکان دەکردو بەحەق وابوو کە حیزبی ئێمە لەو پێوەندییەدا سەرکەوتوو بوو، ئەم شێوە هەڵسوکەوتە بووە هۆی ئەوە کە بیروڕای گشتی لە دەرەوەو لە ژوورەوە وەک هێزێکی شۆڕشگێڕ چاوی لە پێشمەرگە دەکرد.

پرسیار: زۆرجار دەگوترێ لە نێوان سیاسیبوون و نیزامیبووندا دژایەتی هەیە. بەڕێزتان بەرپرسی کۆمیسیۆنێکن لە ژێر ناوی سیاسی ـ نیزامیدا. بەپێی روانگەکانی دوکتور قاسملوو چۆن دەکرێ کەسێک هاوکات هەم سیاسی بێت و هەم نیزامی؟

کاوە بەهرامی: هەر مرۆڤێک دێتە ریزی حیزبی دیموکرات شانازی ئەندام بوونو یا پێشمەرگە بوون وەردەگری مرۆڤێکی سیاسییە. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکی سیاسییە و بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە هەموو شێوەکانی خەبات کەڵک وەردەگرێ، خەباتی چەکداریش یەکێک لە شێوەکانی خەباتە، کەوابوو پێشمەرگە مرۆڤێکی سیاسییەو ئەوەڵ مێشکی بە بیروباوەڕی سیاسی پەروەردە کراوەو بەو ئاکامە گەیشتووە کە بۆ رزگاری گەلەکەی دژی رێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی ئێران خەبات بکات، لەو پێوەندییەدا باڵی نیزامی حیزبی دیموکرات کۆمەڵە کادرو پێشمەرگەیەکی بە بیرو باوەڕی سیاسی رێبەری دەکات و سکرتێری حیزب و دەفتەری سیاسی لە سەرەوەی ئەو قەوارەدان کە سازمان دراوە، کەوابوو ئەگەر کەسێک بە فەرماندەری نیزامی دیاری دەکرێ لە شوێنێکی ئاکادیمی نیزامی پەروەردە نەکراوە، بەڵکوو پێشمەرگەیەو لە فێرگەی حیزبی پەروەردە کراوەو ئامووزشی دراوەو یا کادرێکی سیاسیە کە شارەزایی و لێهاتوویی خۆی لە مەیدانی عەمەڵو ئامووزشگاکانی حیزبدا لە خۆی نیشان داوەو وەک کادرێکی سیاسی نیزامی

سەرچاوە
Serchawe

ئەرکی خۆی بەڕێوە دەبا هەمو بەرپرسەکانی کومیتەکانی حیزبی چ لە رابردوو چ ئێستا لە مەیدانی خەباتی چەکداری بەرپرسی سیاسی و نیزامی بوون.

دیارە لە سەرەتای شۆڕشدا کۆمەڵێک ئەفسەری نیزامی و شۆڕشگێڕی ئەرتەشی ئێران "کوردەکان" هاتنە ریزی حیزبی دێموکرات، لەو سەردەمەدا لە بواری ئامووزش و راهێنان و فەرماندەهی دەوری بەرچاویان لە پێگەیاندنی ریزەکانی هێزی پێشمەرگە بوو، کومیسیۆنی پێشمەرگە بەجیا سازمان درابوو کە پاش ماوەیەک لەگەڵ کومیسیۆنی تەشکیلات کە ئەرکی رێکخستنی تەشکیلاتی بە ئەستۆوە بوو تێکەڵ کرایەوەو کومیسیۆنی سیاسی نیزامی پێکهات، بە پێی هەلومەرجی دژواری خەباتی چەکداری و باشتر بەرێوەبردنی ئەرکەکان لە بواری سیاسی و نیزامی و تەشکیلاتی کۆمەڵێک کادری سیاسی نێردرانە ئامووزشگای نیزامی و ئەرکی بەرپرسایەتی بەرێوە بردنی ناوچەکانی کوردستانیان بۆ درێژەدانی خەبات بە ئەستۆوە گرت.

کەوابوو زۆربەی کادرەکانی سیاسی لە هەل و مەرجی خەباتی توندوتیژی چەکداری کادری نیزامیش بوون، "هەموو پێشمەرگەیەک کادرو هەموو کادرێک پێشمەرگەیە"، دروشمێک بوو کە لە ناو حیزبی دێموکرات جێی کردۆتەوە و ئێستا زۆربەی بەرپرسانی حیزبی لە ئاستی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی کادری سیاسی نیزامین کە حیزبی ئێمە شانازی پێوە دەکا، لە مەیدانی پراکتیکدا ئەو لێهاتووییەیان لە خۆ نیشان داوە، بۆ حیزبی شۆڕشگێڕ کە خەباتی چەکداری وەک یەکێک لە تاکتیکەکان هەڵبژاردبێ کادری سیاسی نیزامی پێویستە.

دیمانە: پێناسەی بەڕێز مریەم عەلی پور لە سەر تیرۆر کرانی د.قاسملوو دەدوێت

پرسیار: بەڕیز خوشکە مریەم علیپوور، دەکرێت بۆ خوێنەرانی ماڵپەڕی خاکەلێوە بدوێن کە رووداوی تیرۆرکرانی گەورەپیاوی مێژووی نوێی گەلە کەمان د. قاسملوو لە سەر حیزبی دێمکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەیی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بەڕایی بەڕێزتان، چ شوێنێکی دانا و ئەو شوێندانانە بوو بە هۆی پەکخستنی خەباتی سیاسی و مافخوازی گەلەکەمان یا خێر ئاکامی پێچەوانەیی لێکەوتەوە؟

مریەم عەلی پور: بۆ وڵام دانەوە بەو پرسیارە "رووداوی تیرۆرکرانی گەورە پیاوی مێژووی نوێی گەلەکەمان دکتور قاسملوو لە سەر حیزب و گەل" پێویستیمان بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و دۆکومێنت هەیە هەم لە ناو حدکا و هەم لە ناو کۆمەڵگەی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستاندا. بە لەبەر دەست نەبوونم یان پێڕانەگەیشتنم بە سەرچاوەی راست لەهەمبەر ئەو پرسیارەدا ، هەربۆیە بەس پشت بە بۆچونەکانی خۆم دەبەستم.

پێویستە بەر لە وڵامی پرسیارەکەت چەند دێرێک لەسەر کەسایەتی ئەو تێکۆشەرەی ماندو نەناسی ناو بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلەکەمان باس بەکەم. هەر چەند باس کردن لە سەر ئەو مرۆڤە بەرزە، دەیان نوسراوە و کتێب هاتۆتە بەردیدی خوێنەران بەڵام بەڕای من ئێستاش زۆر گۆشەی شاراوەی هەر ماوە. زۆر کتێب و نوسراوەی خۆماڵی و بەیانی هەن کە لە سەر کەسایەتی دکتور قاسملوو نوسراون و هەروها وتراون، بەکورتی ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەم.

دکتور قاسملوو بە زانایی(زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی) توانی پردی دیالۆگ یا پەیوەندیەک لە نێوان نەتەوەی کورد و دونیای رۆژئاوادا دروست بکات کە زۆر جار لە ناو نوسراوەکان یا وتووێژەکانی کەسایەتی سیاسی و ناوداری رۆژئاوا دوکتور قاسملوو بە پەیامبەری ئاشتی و رێبەرێکی ئاکادمێکی و زانستی ناودەبەن.

دکتور قاسملوو لە شێوەی قسە کردن و بیرکردنەوەدا خوو و مۆراڵێکی بەرزو و تایبەتی هەبووە. بۆ هەر هەڵوێستێک عەقڵ و زانین و ویژدانی بە کار هێناوە و هەر بۆیەش لە مەیدانی کردەوەدا مرۆڤێکی دادپەروەر بووە. دکتور قاسملوو شێوەی بیر کردنەوەی فەلسەفی هەبووە و یەک راستی رەها و ئەبەدی لە لای ئەو نەبووە، پابەندی بیری تەک رەوی و کوێر کوێرانە نەبووە، بەڵکو لە رێگای بیرکردنەوە و هاوفکری کردن لە گەڵ کەسانی تر هەڵوێستی دروست و راستی گرتووە و ئەو بەدوای رێگادا نەگراوە بەڵکو رێگای پرسیوە.

سەرچاوە
Serchawe

دکتور قاسملوو کەسێک بوو زیرەک و شارەزا و هەر دەمیش هانی خەڵکانی تری دەدا بۆ خۆ پێ گەیاندن و ئەوەش جێگای مەترسی بوو بۆ رژێمی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی ئێران.

دکتور قاسملوو مرۆڤێکی ئاشتیخواز و دیموکرات بوو و باش دەیزانی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، رژیمێکی تیرۆریست پەروەرە و هیچ باوەڕی بە دیالۆگ و ئاشتی نییە. بەڵام هەردەم بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد و کوتایی هێنان بەو شەرە ماڵ وێرانکەرەی کە بە سەر کوردا سەپابوو و سەپاوە، بڕوای قوڵی بە رێگایەکی ئاشتی و دیموکراتیک هەبوو، هەر بۆیە بە داخەوە لەو رێگایەش گیانی شیرینی خۆی لە دەست دا.

ئەوانەی کە باسم کردن دڵۆپێکن لە دەریایەک لە سەر پێناسە کردنی دکتور قاسملوو. ئەگەر بێمە سەر وەڵامی پرسیارەکەت، بێ پاراستنی بەرژەوەندی تاکی و گرووپی و مباڵغەکردن بە بڕوای من تیرۆرکرانی دکتور قاسملوو بوو بە هۆی قەیرانی رێبەری لە ناو حیزبدا و ناهومێدیەک لە ناو بەدەنەی حیزب و هەروەها نائومێدیەکی زۆری کۆمەڵگەی کورد بەگشتی و رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی. بەڵام دکتور سەعید (سادق شەرەفکەندی) توانی بە هەوڵدان و تێکوشان و خۆماندوکردنێکی بێ سنوور لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵدا ئەو قەیرانە بە ئاستی نزمی خۆی بگەیەنێت. بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو راستیەیان باش بۆدەرکەوتبوو کە شەرەفکەندی بە حەق جێ نشینێکی لێوەشاوە و بە توانایە و دەتوانێ جێگای بەتاڵی دکتور قاسملوو پرکاتەوە هەر بۆیە دەستوری دارشتنی بەرنامە و پەلان بۆ تیرۆری ئەویش لە دەرەوەی وڵات لە لایەن دەسەڵاتدارانی رژیمی ترۆریستی ئێران دارێژرا. هەر چەند هەردووک تیرۆر، تیرۆرێکی دەوڵەتی بوون و لە ناو خاکی دەوڵەتانی دیکە و ئەویش لە ناو دەوڵەتەکانی دیموکراتیکی وەک ئوتریش و ئاڵمان روویدا. بەڵام جیاوازی ئەو تیرۆرە لە گەڵ تیرۆری دکتور قاسملو لە ئوتریش ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی ئێران ئەمجار زۆر بە پەلە و بێ لێکوڵینەویەکی دروست و زانستی لە سەر دەزگای قەزایی و کەم دەسەڵاتی و نەفوزی حکومەت لە ناو دەزگای قەزایی ئاڵمان و هەروەها هەست بە بەرپرسایەتی کردنی پۆلیسی ئاڵمان ئەو جەنایەتەی خۆی بەجێ گەیاند و ئەوەش بۆ رژیمی سەرەرۆی ئێران گران تەواوبوو و نەیتوانی وەک ئوتریش بە ئاسانی لە دەست دادپەروەری ڕابکات. هەموومان شاهیدی حوکم دانی مێژوویی دادگای میکۆنوس لە سەر بەکوژان و رێبەرایەتی یا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانین کە ئەو کات لە دەسەڵاتدابوون و ئێستاش ئەو حوکمە هەر بەردەوامە و نەگۆڕاوە.

دکتور قاسملوو رێبەری جوولانەوەیەکی بە هێزی جەماوەری بوو و دەتوانم بەڵێم زۆربەی هەرە زۆری جەماوەری رۆژهەڵاتی کوردستانی لەگەڵ کەوەتبوون هەر بۆیە ترۆرکرانی ئەو کاردانەوەیەکی نەرێنی(نگەتیڤ) لە سەر کۆمەڵگەی کوردی هەبووە. بەڵام دیتومانە و دەبیبینین کە هوشیاری ئەندامانی حیزب و ئەندمانی کۆمەڵگەی کوردی هەم لە ناو خۆ و هەم لە تاراوگەدا

نووسینی: محەممەد سلێمانی

کاریگریەکان بەرەو ئەرێنی (پۆزەتیڤ) رۆیشتوون و دەڕۆن. هەروەکو دیتومانە و دەیبینین کە رۆژی ١٣ی جولای (رۆژی ترۆری دکتور قاسملوو) ئێستا بۆتە رۆژی خۆپێشاندان، رۆژی بەرخۆدان رۆژی چەقلی چاوی دوژمنان، رۆژی یەکگرتنی نەتەوەی، رۆژی مانگرتن، رۆژی دژی کۆنەپەرەستان لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا.

ئەو کردەوە دزێوەی شەوپەرستانی کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی بۆچوونەکانیان دەرچوو کە وایان دەزانی بە تیرۆری دکتور قاسملوو حیزب و گەل تێکدەشکێت و بۆچونە چەپەڵەکانی خۆیان بە کردەوە لە کوردستاندا پیادە دەکەن. بەخۆشیەوە دەبینین قوتابیانی رێبازی قاسملوو هەروا بەردەوامن لە درێژەدان بە رێگای ئەو نەمرە و پوچەڵ کردنەوەی ئەو پرۆژانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ تواندنەوە یان کوتایی هێنان بە خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و گەلی کورد لەو بەشەدا دایاندەرێژێ.

هەر چەند بە داخەوە بۆ ماوەیەک بە هاوکاری نەیارانی حیزب، توانیان حیزبی دیموکرات کەم جمووجۆڵ(دی ئەکتیو یان پاسیو) بکەن و زۆر کەند و کۆسپ بخەنە سەر رێگای حیزب کە تا رادەیەکش کێشەساز بن بۆ حیزب بەڵام بە خۆشیەوە حیزب لە تێکۆشان بۆ وەدەست هێنانی ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەی کورد هەر بەردەوامە و کار و چالاکیەکانی هاوبیرانی قاسملوو رۆژ لەدوای رۆژ هەم لە ناو خۆی وڵات و هەم لە هەندەران بەر چاوە بۆ ناساندنی مافی رەوای گەلی کورد لە کوردستاندا.

کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێ ئەوە باش بزانێ هەر چەند بە تیرۆری رێبەرێکی گەورەی وەک دوکتور قاسملوو توانی زەربەیەکی گەورە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەدات بەڵام نەیتوانیوە و ناتوانێ خەباتی سیاسی و مافخوازی گەلەکەمان راوەستێنێ.

دەڵنیام نەسڵی لاوی ئێستامان دەتوانێ جێگای خاڵی ئەو نەمرە پڕکاتەوە وە هەروەها رێبەرایەتی دەتوانێ بە کەڵک وەرگرتن لە گروپێکی پسپور لە بوارە جیاجیاکاندا جێگای ئەو مرۆڤە کاریزمایە پڕکاتەوە.

یادی دکتور قاسملوو، کاک عەبدوڵای قادری ئازەر و فازڵ رەسوڵ بەرز و پیروز بێ و هیوادارم بیرو و باوەڕیان هەر زیندوو ڕابگیردرێ.

١٠ی جوولای ٢٠٠٩

نووسینی: محەممەد سلێمانی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەزبەری ٢٧٣٦ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٣٦ی زایینی



سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ محەممەد سلێمانی بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی